# خاڵ

گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیرییه
دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (١٣) تشرینی یەکەم
٢٠١٧

**خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر**
**تۆفیق کەریم**
**٠٧٥١١٤١٢٥٤٣ - ٠٧٧٠٠٦٣٧٦٦٤**
**tofeqkarem@yahoo.com**

**بەڕێوەبەری نووسین**
**عادل سدیق**

**بەڕێوەبەری هونەریی**
**ڕەوشت محەمەد**

**ڕاوێژکاری یاسایی**
**بەکر حەمەسدیق**

ڕاوێژکاران

**پ. د. موحسین عەبدولحەمید**
**پ.ی. د. عوسمان عەلی**
**پ.ی. د. عوسمان هەڵەبجەیی**
**پ.ی. د. ئیسماعیل بەرزنجی**
**پ.ی. سەلام ناوخۆش**
**م.ی ئیدریس سیوەیلی**

**وێنەی بەرگ کاری (ڕەجا محەمەد) تایبەت بە گۆڤاری خاڵ**

**سایتی گۆڤاری خاڵ:**
**www.xalkurd.com**

تیراژ: ١٥٠٠
نرخ: ١٥٠٠ دینار
چاپخانە: سەردەم



# لەم ژمارەیەدا

**تەوەر (ئایندەی کوردستان لە بەردوم ململانێی مەزهەبیدا)**


کاریگەری ڕەوتە ئاینییەکان لەسەر دابەشبوونی گوتاری نەتەوەیی ............................................. [ماجید خەلیل] ٥

کاریگەری ململانێی تایفیی لەسەر کوردستان ............................................................ [مەسعود عەبدولخالق] ١٦

کاریگەری هەستی مەزهەبگەرایی لەسەر ئەندێشەی مسوڵمانی کورد [د.سەلام عەبدولکەریم / بەرزانی مەلا تەها] ٢٦

کورد لە نێوان سوونە و شیعە چۆن مامەڵە بکات؟ ..................................................................... [زانا ڕۆستایی] ٣٨

بژاردەی کورد لە نێوان ململانێی مەزهەبیدا ........................................................................ [تۆفیق کەریم] ٤٢

ململانێ وەک میکانیزمی مانەوە پرسی سەربەخۆیی بەنمونە ...................................... [گفتوگۆ لەگەڵ عادل باخەوان] ٤٧

پەیوەندییەکانی ئۆپۆزسیۆنی کورد و شیعەی عێراقی ............................................................... [ فاروق محەمەد] ٥٤

کورد لە ململانێی عوسمانی سەفەویدا ........................................................................... [د. ئاراس محەمەد] ٥٨

کورد و بزووتنەوە بەرهەڵستکارەکانی شیعە ....................................................................... [د. زریان حاجی] ٦٦


**بابەتی گشتی**


بەدیعوززەمان سەعیدی کوردیی و ڕۆژنامەگەریی کوردی لە دوو بەڵگەی عوسمانیدا ...............[د. هێمن عومەر] ٨١

ناودارانی کورد لە نیزامییەی بەغدا .......................................................................................... [ یاسین تەها] ٨٦

کاریگەریی ئیسلام لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ........................................... [ د.عومەر عەبدولعەزیز] ٩١

تێڕوانینەکانی مەلای گەورە لە کلاوڕۆژنەی تەفسیرەکەیەوە ............................................. [قاسم عەلی عوسمان] ١٠٣

داوای لێخۆشبوون لە جەلاد گفتوگۆی هەڵەبجەییەکان لەگەڵ عەلی حەسەن مەجید ......................... [عادل صدیق] ١٠٩

باشترین هزرە مسوڵمانەکانی سەدەی بیست ................................................................ [بوخاری عەبدوڵڵا قەصری] ١١٩

ئەهلی سونە و جەماعەت ........................................................................................................ [ئیمداد تەها] ١٢٦

ململانێ یان پێکەوەژیان دواخاڵ ............................................................................................... [سەرنووسەر] ١٤٤




# تەوەری ژمارە

# ئایندەی کوردستان
# لە بەردەم ململانێی مەزهەبیدا

قەدەری کورد وایە چ وەک میللەت و چ وەک خاکەکەی کە تیایدا نیشتەجێیە، کەوتوونەتە ناو چەقی ململانێ هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان، زۆرجار لەسەر خاکی ئەم، بەڵکو لەسەر حسابی ئەم، ئەو ململانێیانە یەکلاکراونەتەوە.

ئەمڕۆش کە ململانێیەکی سەختی مەزهەبی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تەنیوە، دووبارە گەلی کورد و خاکی کوردستان کەوتووەتە ناوجەرگەیەوە لە دوو ڕووەوە، ڕوویەکیان خۆی سوننە مەزهەبە و بەشێك لەو جەمسەرە پێکدەهێنێت، ڕوویەکیشی هەڵکەوتە جوگرافییەکەیەتی کە ناوەندی ململانێی نیوان دوو مەزهەب و دوو نەتەوە و دوو جەمسەرە.

کەواتە لەم نێوانەدا بژاردەی کورد چی بێت؟ چۆن مامەڵە لەگەڵ جەمسەرەکاندا بکات؟ ئایا دەتوانێت بە سەلامەتی لەم ململانێیانە دەرچێت؟ ئەدی دەتوانێت بیانکاتە کارتێك بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی؟ مێژوو و لۆژیك چیمان پێدەڵێن؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە و زۆر پرسیاری هاوشێوەیانمان کردووە بە ناوەڕۆکی تەوەری ژمارە (١٣)ی گۆڤارەکەمان.

کۆمەڵێك نووسەر و توێژەری قاڵبوو لە بوارەکەدا هەریەکەیان لە گۆشەنیگای خۆیی و ئەنجامی توێژینەکەوە، دەیخەینە ڕوو.

بایەخی باسەکە بۆ ئەم ساتەوەختە کە بابەتی هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی یەکجاریی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە هەموومانی سەرقاڵ کردووە، مانا و مەدلوولی زیاتر دەردەکەوێت.

گۆڤاری خاڵ

# ڕێنماییەکان بۆ نوسەرانی خۆشەویشتی گۆڤاری خاڵ

یەکەم: لە ژمارە(١٣)ی ساڵی سێیەمی گۆڤاری(خاڵ)ەوە، گۆڤارەکەمان دەبێتە گۆڤارێکی زانستی بۆیە داوا لە نوسەران و توێژەرانی خۆشەویستی گۆڤارەکەمان دەکەین، کە پابەندی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە بن لە ناردنی بابەتەکانیاندا بۆ گۆڤارەکە:

١ـ ناونیشانەکان کورت و پوخت بن.
٢ ـ ناوەڕۆکی بابەتەکان دەبێت تەعبیر بێت لە ناونیشان و بە پێچەوانەشەوە.
٣ ـ نوسینەکان دەبێت زانستی و پوخت بێت و لە (٣٠٠٠) وشە زیاتر نەبێت.
٤ـ بە وردی ئاماژە بە سەرچاوەی زانیارییەکان بکرێت.
٥ـ ڕەچاوی خاڵبەندی بکەن.
٦ـ بابەتەکانیان بە فۆنتی کوردی(یونیکورد/Unikurd goran) بنوسن و ئەو وشە و دەستەواژە و ڕستە و سەرچاوانەشی کە عەرەبین بە فۆنتی(Ali K sahifa bold)بنوسن.
٧ـ نوسەران بەر لە ناردنی بابەتەکانیان هەڵەچنی زمانەوانی وردی بکەن.
٨ـ لەگەڵ ناردنی بابەتەکانیاندا، وێنەیەکی ڕوون و پرۆفایلێکی کورتی خۆیان بەوشێوەی کە لە ژمارەکانی پێشوودا ئاماژەی بۆ کراوە بنێرن بۆ گۆڤارەکەمان.

دووەم: هەر لە گۆڤارەکەدا ڕێگە دەدرێت بە بڵاوکردنەوەی: گفتوگۆی زانستی، خوێندنەوە بۆ ئەو کتێبانەی کە قورسایی زانستی و ڕۆشنبیرییان هەیە لەگەڵ کورتە و پوختەی ئەو کتێب و نامە ئەکادیمییانەی کە بە شێوازێکی زانستی نوسراون و دەکرێت خوێنەر لە ڕێگەی ئەو پوختەیەوە شارەزای ناوەڕۆکی ئەو نوسینانە ببێت.



# کاریگەری ڕەوتە ئایینییەکان لەسەر دابەشبوونی گوتاری نەتەوەیی



**ماجید خەلیل**

لەدایکبووی ١٩٨٠، هەورامان. ماستەر لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ/ زانکۆی سلێمانی ٢٠١٠. خاوەنی چواردە کتێبی نوسین وەرگێڕاوو ژمارەیەکی زۆر توێژینەوەی بڵاوکراوەیە

## دەسپێك:

سۆفیزم وەک ڕەوگەیەکی ڕیفۆرمخوازی ئایینی یان ئایینزاکانی کورد چ ڕۆڵێکیان لە جوڵانەوەی نەتەوەیی و یەکبوونی نەتەوەیی کورددا بینیوە؟ ئەم جوڵانەوە ئایینییانە چۆن تەماشا کراون و لەلایەن وڵاتانی هەرێمیی و نێونەتەوەییەوە لەمپەر بوون یان ئامرازی پەرتبوون و پەرتەوازەیی بوون؟ ڕەوگە سەرەکییەکانی کورد کامانە بوون و تا چەند توانیویانە لەنێو ژینگەی فیوداڵ و هۆزسالاری کورددا ببنە سەهەندی یەکبوون و برەو بەگوتاری نەتەوەیی بدەن. ئەم جوڵانەوە و جیاوگە ئاینییانە تا چەند لەنێو نەتەوە مسوڵمانەکانی دیدا شوێنیان لەسەر گردبوونەوەی هۆز و تیرەکان داناوە و بوونەتە لەمپەر لە بەردەم داگیرکەر و ئیمپریالیزمدا، ئەمە و چەندین پرسیاریی دی لەم توێژینەوە بەراوردکاریی و مێژوویی و شیکارییەدا وەڵامدراونەتەوە.

## تەوەرەی یەکەم:
## ڕیشەی ناسیۆنالیزم لە جیهانی ئیسلامیدا و دەستپێکی جەنگی ئایینزاکان لە مێژووی نوێدا:

لە سەردەمی مێژووی نوێی وڵاتانی ئیسلامیدا و بەتایبەتی لەکۆتایی سەدەی هەژدەوە، ئیدی بەکاوەخۆ گەڵاڵەی هزری ناسیۆنالیستیی و هۆشیاری نەتەوایەتی خزایە نێو وڵاتانی ئیسلامییەوە. هانس کون پێیوایە نەتەوایەتی هێزێکی دیاریکراو و کاریگەرە لە مێژووی نوێدا، ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەیەم و لە ئەوروپاوە سەرچاوەی گرتووە و لە سەدەی نۆزدەدا لەوێندەر بڵاوبوویەوە و لە سەدەی بیستەمیشدا بووە دیاردەیەکی جیهانی. نەتەوایەتی لەنێو دنیای ئیسلامدا و لەلای هەندێک لە نەتەوەکان بەتایبەتی نەتەوەی عەرەب ئاسان نییە لە تێکئاڵانی لە تەک پرسی ئایینیدا بەدووربیگرین.

بۆ نموونە میشێل ئەفلەق کە یەکێکە لە تیۆریستە بەرچاوەکانی بیری نەتەوایەتی عەرەب پێیوایە کە لەلایەکەوە نەتەوایەتی بریتییە لە دەمارگیریی و هەژموونخوازی، لەلایەکی تریشەوە پێچراوە لە ڕەگەزی ئایین و مێژوویی و پەیوەستبوون و لێکنەترازانی عەرەبی. عەبدولعەزیز دەرویش پێیوایە کە نەتەوایەتی دیاردەیەکە لە دیاردەکانی هۆشیاری عەرەبی، ئەمەیش دەرهاویشتەی چەند فاکتەرێکی جۆراوجۆر بوو کە گرنگترینیان بریتی بوو لە فاکتەری ئیسلامیی، چون عەرەبەکان هەستیان کرد کە ئەوان دارای ئیسلام و ڕیشەی ئیسلامن، بۆیە ڕیفۆرمی بنچینەیی لە کۆمەڵی ئیسلامیدا بەبێ یەکگرتنی عەربیی و ڕابوونی عەرەب نایەتەدی، دیارە هۆشیاریی عەرەبیش پشتبەستووە بە زیندوکردنەوەی زمان و ئەدەبی عەرەبی و تێگەیشتن لە ڕابردووی شکۆ و شانازییەکانی عەرەب. بەشێوەیەکی گشتی کۆڵەرانی عەرەب نەتەوایەتی عەرەب پەیوەست دەکەن بە بەئاگاهاتنەوەیەکی ڕۆحی ئایندارییەوە و قوتاربوونی ئەو ڕۆحە لە هەژموونی ناسیۆنالیزمی تورکگەرا کە لە کۆتاییەکانی عوسمانییەوە هاتە نێو قەڵەمڕەوی عوسمانی. بۆ نموونە د.یوسف شوەیری پێیوایە نەتەوایەتی عەرەبی لە ڕیفۆرمەکانی عوسمانی و نەزمەکانی ناسیۆنالیزمی خۆرئاواوە ڕاچڵەکی. لەلایەکی تریشەوە هێزی ئایینی و هەستی ئایینخوازی ڕۆڵی بینیوە لە نەشونماکردنی بیری نەتەوایەتی عەرەبیدا. بۆ نموونە لە کاردانەوەی هەژموونی کۆچی بە بەرنامە و ڕێکخراوی جووەکان بۆ فەڵەستین، بەتایبەتی ١٨٨٢-١٩٠٣ بە قۆناغی یەکەمی ئەو کۆچە دادەنێن.

لە کتێبی نەجیب عازوری (یقظة العرب) ١٩٠٥ دوو ڕووداوی گرنگ وەک دەستپێکی ململانێی نەتەوەیی دێتە باسکردن، ڕووداوی یەکەم لێشاوی کۆچی جووەکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی جوو لە فەڵەستین، ڕووداوی دووەمیش کاردانەوەی

نەتەوایەتی عەرەبی، لەم ململانێیەدا ڕەورەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی کەوتەگەڕ. پەیامی عەرەبی لێرەدا لەو سۆنگەیەوە هێزی درایەبەر کە بەهۆی ئیمپریالیزمەوە یەکێتی ئیسلامی لە مەترسیدان، هەربۆیە مەچەکی بەهێزی ناسیۆنالیزم لەو مەترسییەوە سەرچاوە دەگرێت، واتە ئایین دەبێتە پاڵنەرێک بۆ ڕابوونی نەتەوایەتی.

لە بەرامبەردا خۆرئاوا لە ستراتیژیی خۆیدا کاری کرد تا ئەو هەژموونە ئاینییە نەبێتە فاکتەری یەکبوونی نەتەوە مسوڵمانەکان، هەربۆیە جیاوازییە مەزهەبییەکانی قۆستەوە تا لە ڕووی یەکێتی نەتەوەییەوە هەم نەتەوە جیاوازەکانی دنیای ئیسلام بدات بەگژ یەکتریدا، هەمیش ئاینزاکان بکاتە فاکتەری ناکۆکی یەکبوونی نەتەوەیی.

خۆرئاوا لە پرۆژە ئیستیعمارییەکەیدا پێشینەیەکی هەیە لە گواستنەوەی ململانێی شیعە و سوننە لەنێوان دەوڵەتانی ئێران و عوسمانییەوە بۆ نێو کیانە سیاسییەکانی شیعە و سوننەی عەرەب. سەرچاوەکان ئاماژە بە گەشتی هەواڵگرێکی ئینگلیز دەکەن بەناوی مستەر هەنفەر (١٧٣٠ ١٧٣١) کە توانیویەتی چاوی بە (محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب) بکەوێت و دواتر یاداشتەکانی بڵاوکردووەتەوە کە چۆن بنەمای تیۆریی و ڕەگەزی نەیارێتیی شیعەی خزاندووەتە بەرنامەی کاری (محەمەد عەبدولوەهاب)ەوە. ئەو تیۆرە بەشێوەیەکی پراکتیکی لەنێو عەرەبەکاندا داینەمۆی شەڕی شیعە و سوننە بووە. بۆ نموونە وەهابیەکان لە ١٧٩٠ دا بوونە هەڕەشە بۆ سەر ئێراق و بانگەشەکارانیان دەهاتن هۆزە عەرەبیەکانیان لە مەترسییەکانی لادانی ئایینی و پەرستشی مەزارگە و شوێنە پیرۆزەکان ئاگادارکردەوە. بۆ نموونە ساڵی١٨٠١ وەهابییەکان کەربەلایان وێرانکرد و گۆڕی (ئیمام حسەین) و زۆرێک لە پێشەوا پێشینەکانی شیعەیان وێرانکرد.

دیارە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمیشەوە پێوەندیی بەهێزی سعودییە و وەهابییەکان بە ئاراستەیەک بوو کە لەگەڵ ئەجێندای بەریتانیادا یەکیدەگرتەوە. پێمانوایە بەریتانیا پێویستی بە بیری وەهابیزم هەبوو، هەم بۆ نەیاری ناسیۆنالیستی عەرەبی و لەمپەر لە بەردەم کیانێکی سیاسیی یەکگرتوو، هەمیش بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هێز و قەوارە سیاسییەکانی پێوەست بە شیعە، بەتایبەتی ئێران و شیعەکانی ئێراق.

بۆ نمونە لە نزیکترین کاردانەوەیان بۆئەوەی شیعەکانی باشووری عێراق نەتوانن بەهێزبن لە عێراقی عەرەبیدا، هێرشیانکردە سەر شارە شیعە نشینەکانی سەماوە و ناسریەو (٧٠٠) هاوڵاتی عەرەبی شیعەیان کوشت. دیارە ئەوە تەنها بەریتانیا نەبوو کە بۆ سەرکەوتنی لە پرۆژەی دابەشکردنی میراتی عوسمانییدا، بایەخی بە دووبەرەکی مەزهەبیی دەدا، بە هەمان شێوە فەڕەنساش ئەو سیاسەتەی گرتبوویەبەر. فەڕەنسییەکان پێش ڕێککەوتنی (سایکس بیکۆ) هەوڵیاندا سوود لە مەزهەبە ئاینییەکانی شام وەربگرن و لەوپێناوەشدا بایەخی فرەیان بە عەلەوییەکاندا و هەوڵیاندا وەک بەشێکی دانەبڕاو لە شیعە بیانناسێنن. لەم نێوەندەدا ئەفسەرانی فەڕەنسی (کاهون) و (ڕینەدوسو) لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە ئەرکی ناساندنی عەلەوییەکانیان وەک مەزهەبی شیعە خرابوویە ئەستۆ، تا لەو ڕەهەندەوە لە بەرامبەر عەرەبی سوننەدا کەڵکیان لێوەربگرێت.

لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا شیعەکان بەپێچەوانەی سوننەکانی عێراقەوە هاتن بەپیریی (فەتوای جیهاد)ی پیرۆزی عوسمانییەوە، ئەمەیش هۆیەکبوو تا بەریتانیا زێدەتر لە پرۆژەکەیدا پشت بەکەمینەی سوننی ببەستێ، کە ١٩٪ عێراقی پێکدەهێنا لەکاتێکدا شیعەکان ٥٥٪ دەبوون. عەرەبە سوننییەکان پیاوە ئاینییەکانیان لەکۆتایی ١٩١٥دا لە ماڵی ڕێبەری ڕۆحی قادرییەکان کە نەقیبی ئەشراف عەبدوڕەحمان گەیلانی بوو گردبوونەوە،

ئەوان بڕیاریاندا پشتیوانی خۆیان بۆ بەریتانیا دوپاتبکەنەوە.

دیارە ناکۆکییە مەزهەبییەکان بۆ نەتەوەکانی تریش بەتایبەتی نەتەوەی کورد ڕۆڵی کارای لە بەرێوەچوونی بەشێک لە پرۆژەی سایکس بیکۆ هەبوو.

## تەوەرەی دووەم:
## ڕۆڵی ڕێبازە تەسەوفیی و مەزهەبییەکان لە چێبوونی یەکبوونی نەتەوەیی و دەوڵەتدا نەتەوەی عەرەب بەنموونە:

ڕێبازە تەسەوفییەکانی نەتەوەی عەرەب ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەریان لە یەکبوونی هۆز و تیرە و دەوارنشینەکانی عەرەبیدا هەبووە و لەژێر سەهەند و سیمایەکی نەتەوەیی تۆکمە و تەبادا گردیانکردوونەتەوە و بوونەتە لەمپەر لە بەردەم سانایی هەژموونی ئیمپریالیزمدا. لەم میانەدا نموونەی ڕەگەگەلێکی ئایینی عەرەبی دەهێنینەوە و شرۆڤەی ڕۆڵ و پێگەیان دەکەین لە پێناو و پرۆسەی ڕابوونی نەتەوایەتی و چێبوونی دەوڵەتداریی عەرەبیدا. بۆ نموونە ڕێبازی سۆفیگەریی سنوسیی، وەک بانگەوازێک یان جوڵانەوەیەکی ئیسلامی شێوە سۆفیگەریی بوو. ئەم جوڵانەوەیە لە لیبیاوە دەرکەوت و باکووری ئەفریقای گرتەوە، هاوکات لە سودان و سۆماڵیشدا شوێنی خۆی دانا. جوڵانەوەکە وەک پرۆژەیەکی نوێخوازی لە سەدەی نۆزدەدا دەرکەوت، پاش ئەوەی هەستیان بە دواکەوتوویی مسوڵمانان کرد لە ئاستی ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا.

دامەزرێنەری ئەم جوڵانەوەیە شێخ محەمەد عەلی سنوسییە (١٧٨٧-١٨٥٩)، ئەو لە موستەغانمی جەزائیر لەدایکبووە و لەگەڵیّ لە ناوچە عەرەبییەکانی باکووری ئەفریقادا ژیانی خوێندنی خۆی درێژە پێداوە و دواتر لە شاری مەککەدا هەوەڵین بناغەی جوڵانەوەکەی خۆی دامەزراندووە. جوڵانەوەکەیان پشتاوپشت درێژەی کێشا و دیارترین کەسایەتییان کە توانی ڕەوگەکەیان بکاتە هەوێنی گردبوونەوەی هۆزە عەرەبییەکان لەسەر دەستی عومەر موختار بوو(١٨٥٦-١٩٣١)، کە ڕووبەڕووی داگیرکاری ئیتاڵیا بوویەوە بۆ ناوچەکە. ئەم جوڵانەوەیە هەڵهێنجراوێک بوو لە هزری پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەمبەل و ئیبن تەیمییە، غەزالی، محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب. ئەوان ڕەوگەیەکی شێوە سەلەفی و سۆفیگەریی دوور لە شیرک و هاواور و دادی خورافیات بوون. هاوکات کاری هەرەوەزیی و یەکبوون و نەزمی ناتوندوتیژیی بنەمای کاریان بوو، ئەم نەزمە بوویە هەوێنی نەمانی لێکدابڕان و کۆبوونەوەی سەدان هۆز و تیرە لەژێر یەک سەهەندی هزریی و سۆفیگەریدا، ئەو گردبوونەوەیە ئەوانی ڕامکردبوو بۆ کاری سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووری هاوبەش.

بانگەوازی سنوسی لە میسرەوە تا مەراکیش و بە پانتایی باکووری ئەفریقا بڵاوبوویەوە، بڵاوبوونەوەی ئەم بزووتنەوەیە لە دەستپێکی سەدەی بیستەمەوە جەختکردنەوەیەکی تەواوی یەکێتی وابەستەیی هۆزەکان لەپشتییەوە بوو، ئەم جوڵانەوەیە بوویە تەنها هەوێنێک بۆ کۆبوونەوە و یەک هەڵوێستی سیاسیی و بەرهەڵستکاری. سنوسییەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا گەورەترین لەمپەری بەردەم هەژموونی ئیمپریالیزم بوون، بۆنموونە ئەو ڕەوگە سۆفیگەرییە لە پاش داگیرکردنی میسر لەلایەن بەریتانیاوە تەنها لەمپەرێک بۆ داگیرکردنی باکووری ئەفریقا لە بەردەمیاندا بریتی بوو لە سنوسییەکان. هاوکات بەشێوازی جیا لە هەمبەر داگیرکاری ئیتاڵیا و ئەڵمانیا و فەڕەنسا بوونی خۆیان و وابەستەیی و یەکبوونی خۆیان لە ناوچەکەدا سەلماندووە. هاوکات لە سوداندا و لە کۆتایی سەدەی نۆزەدا بزووتنەوەی ئایینی محەمەد ئەحمەد مەهدی بەناوی جوڵانەوە یان شۆڕشی مەهدی دژی داگیرکەری

بەریتانیا برەوی سەند، ئەم جوڵانەوەیەش وەک رەوگەیەکی ئایینی بوویە بناغەی یەکبوونێکی هۆزایەتی و یەکهەڵوێستییەکی سیاسیی و هێزێکی سەربازیی و بناغەیەک بۆ گەڵاڵەبوونی هەست و سۆزێکی نەتەوایەتی دژ بە داگیرکاریی بەریتانیا و هەژموونی دێرینی تورکەکان. هەروەک وەهابییەکانیش وەک جوڵانەوەیەکی ئایینی رۆڵی بەرچاویان لەگەڵاڵەی یەکبوونی هۆزە عەرەبییەکانی نیمچە دورگە و چێبوونی دەوڵەتی سعودییەدا هەبوو.

پاش ئەوەی محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب وەدەرنراو لە زێدی خۆی دوورخرایەوە، چووە باوچەی دیرییە، فەرمانڕەوای ئەو شارە بریتی بوو لە بابی دامەزرێنەری دەوڵەتی سعودییە کە محەمەدی وری سعود بوو، دیارە ئەم پیاوە کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەی لەسەر بڵاوبوونەوە و برەوسەندنی هزری وەهابیزم هەبوو لە داهاتوودا. سەرەتا هەردووکیان لەسەر پێداگری هاوژینەکەی محەمەدی کوڕی سعود چاویان بەیەکتری کەوت بەپێی شێخ سیراجەدین هندریکس دوو فاکتەر بوونە پاڵنەری هاوپەیمانێتی ئەم دوو لایەنە و برەوی هەماهەنگی داهاتوویان. هۆیەکیان بابەتێکی محەمەد وەها بوو کە لەبارەی رەوشی (٦٠٠) ساڵی ڕابردووی مسوڵمانان نوسیبووی، فاکتەری دووەمیش بریتی بوو لە هاوسەرگیری نێوان محەمەد وەهاب و یەکێک لە خوشکەکانی ئین مەسعود، لەکۆتاییدا ئەو ئاکامە هاتەپێش کە کوڕی سعود باوەڕی تەواوی بە هزری وەهابیزم هێنا و هەموو ئەوانەی لە دەرێی ڕوانگەی ئەوان بوون بە بێباوەڕ و کافر لەقەڵەمدەدران، ئەم هەماهەنگییە بۆ داهاتووی هەردوولا بووە بەمایەی سوود و قازانجێکی چارەنووسساز. لەلایەکەوە بەرژەوەندییەکە لەوەدابوو کە محەمەد سعودی فەرمانڕەوای دریە تەنها دەسەڵاتی بەسەر هۆزەکەی خۆیدا دەشکاو لە دەرەوەی ناوچەکە و لەنێو هۆزەکانی تردا دەسەڵاتی نەبوو، ڕاستی ئەو رەوشەش لەوەدابوو کە خانەدانی سعود لەنێو کۆنفیدراسیۆنی هۆزەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوو، دووەمیشیان ئەوەبوو کە لە ڕووی پارە و پوڵەوە هەژاربوون و نەیاندەتوانی هەژموونی خۆیان لە دەرەوەی زێدی خۆیان بترازێنن، بۆ ئەم مەبەستە محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب خانەدانی سعودی لەوە دڵنیاکردەوە کە ئەو لە ڕێگەی کۆکردنەوەی زەکات ئەو تەگەرەیەی بەردەم هۆز و خانەوادەکەیان بۆ بڵاوبوونەوەی دەسەڵات و فەرمانڕەواییان بۆ تەختبکات. هاوکات وەهابییەکان زەمینەی جیهادیان بۆ سعودییەکان هێنایە پێش، جیهادیش بۆ ڕەوایەتی بوو بە توندوتیژی نەک تەنها دژ بە نامسوڵمانەکان، بەڵکو دژ بەوانەی کە بڕوایان بە وەهابیەت نەبوو، لەڕاستیدا محەمەد وەهاب زۆر پەرگیر و ڕادیکاڵانە پێداگری لەسەر هزر و هۆشی ئیسلامەتی دەکردەوە و بواری لە بەردەم ملنەدان بۆ باوەڕەکەی نەهێشتبوویەوە. هەربۆیە جیهاد بوو بە ئامرازێکی سوودبەخش بۆ هەردوو خانەدانی سعود و وەهابییەکان، چون چەکی جیهادییان لە دەرەوەی خۆیان بەکاردەهێنا.

### تەوەرەی سێیەم:
### ناکۆکیی ڕێبازە تەسەوفیی و مەزهەبییەکانی کورد و رۆڵی لە لێکترازانی خاکەکەیاندا:

لە سەرەتای سەدەی شازدەهەمەوە خەڵک و خاکی کوردستان لە نێوان دوو ئایدیۆلۆژیای مەزهەبی و سیاسیدا دابەش بوون. پاش جەنگی چاڵدێرانی ١٥١٤ و پەیماننامەی زەهاوی ١٦٣٩ لە نێوان هەردوولادا، ئیدی گورزێکی کوشندە بەر یەکێتی و یەکپارچەیی کوردستان و نەتەوەی کورد کەوت، کوردستان نەتەنها لە ڕووی بەڕێوەبەرایەتییەوە، بەڵکو لە ڕووی سیاسیی و مەزهەبیی و کلتووریی و کۆمەڵایەتییەوە دابەشکرا.

دیارە زۆربەی خەڵکی کورد مسوڵمانن و لەسەر مەزهەبی شافعین، بەمەیش لە هەریەک لە تورک و عەرەب جودا دەبنەوە کە سوننەی سەر بە مەزهەبی حەنەفیین، هاوکات لە تورکە ئازەرییەکانیش جودا دەبنەوە کە شیعەی سەر بە ڕێچکانی دوازدە ئیمامن. لەگەڵ ئەوەیشدا لە باکووری کوردستان کورد هەنە کە شیعەی دوازدە ئیمامی نیین، بەڵکو عەلەوین و بە زاراوەی زازایی دەدوێن، هەروەک چۆن لە کرماشان و خانەقینیش کوردی شیعە بوونیان هەیە، شیعەکانی خۆرئاوای کرماشان و کەرکوکیش دیسانەوە جیاوازن لە شیعەی دوازدە ئیمامی و ئەهلی هەقن.

ڕاستییەکەی چەمکی ناسیۆنالیزم درەنگتر لەناو کەمینە و نەتەوە مسوڵمانەکانی هەردوولادا سەریهەڵدا. هەریەک لە تورک و فارس لە پاش سەرهەڵدانی کلتوورە باڵا نامەزهەبییەکەیان کە جیاواز بوو لە کەلتووری باڵای نامەزهەبیی عەرەب، بەڵکو ئایینی وەک چەک بەکاردەهێنا، توانییان ببنە دوو هێزی سەربەخۆی ڕەوا، بۆیە ئەوەی ئەوان ڕەوایەتی ڕاستەقینەیان بۆ دەسەڵاتە سەربەخۆکەیان لێوە وەردەگرت، کەلتوورە مەزهەبییە عەرەبییەکە نەبوو، بەڵکو ئەو کەلتوورە نامەزهەبییە فارسیی و تورکییە بوو کە بەرامبەر کەلتوورە نامەزهەبییە عەرەبییەکە سەریهەڵدابوو.

لەبەرئەوە تەواوی بزووتنەوە کوردییەکانی نەتەوەی کوردی بندەستی عوسمانی و سەفەوی، تاوەکو جەنگی جیهانی یەکەم، هەرچەند بە جوڵانەوەی نیشتیمانی ناودەبرێن و تێکڕایان نیشاندەری ڕووخساری نەتەوەیبوون، بەڵام گەر لەو بزووتنەوانە ڕابمێنین بەتایبەت بزووتنەوە نەتەوەییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم، مەرجی بزووتنەوەی نەتەوەخوازیی تێر ناکەن، بەڵام جگە لە بزووتنەوە کوردییەکان هەموو بزووتنەوە نەتەوەخوازییەکانی تر یەک زمان و یەک شێوازی بڵاوکردنەوەی کلتووریی و یەک

## فەڕەنسییەکان پێش ڕێککەوتنی (سایکس بیکۆ) هەوڵیاندا سوود لە مەزهەبە ئاینییەکانی شام وەربگرن

نەزمی ئاینییان هەبوو.

بەتایبەتی بە کۆتاهاتنی دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکان، ئیدی بزاڤی نەتەوەخوازیی کورد پێی نایە قۆناغێکی نوێوە، لێرەوە توێژێکی کۆمەڵایەتیی نوێ کە شێخەکانی تەریقەت بوون، بوون بە ئاڵا هەڵگری بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و ئیدی جوڵانەوەی سیاسی و چەکداریی کورد، ڕێباز و ڕەوگە مەزهەبییەکانی کورد ئاڕاستەیان دەکرد.

ئەو ڕێبازە تەسەوفییانە لە دوو ڕێبازی جیاوازی سۆفیگەریدا (قادریی و نەقشبەندیی)، پلەوپایە و کەشف و کەراماتیان لەنێو خەڵکی کوردا ڕۆڵێکی مەزنیان بینی لە ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیدا، بەجۆرێک لە میر و سەرۆک هۆزەکان سەرکەوتوو تر بوون. دیارە مێژووی تەریقەتەکانی کورد لە پێش مێژووی سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدایە.

سەرەتا ڕێبازی قادریی لە کوردستاندا بڵاودەبێتەوە، ڕێبازەکە لەلایەن دوو سەید بەناوی عیساو موسا لە هەمەدانەوە دێنە خوارووی کوردستان ئاشنا دەبێت بە کوردە مسوڵمانەکان. لەڕاستیدا دامەزرێنەری ڕێبازەکە شێخ عەبدولقادری گەیلانییە(١٠٧٧ ١١٦٦)ز، ئەم ڕێبازە تاوەکو سەدەی نۆزدەهەم تەنها ڕێبازی

# سنوسییەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا گەورەترین لەمپەری بەردەم هەژموونی ئیمپریالیزم بوون

سۆفیزم بوو لە کوردستاندا. پێش پەیدابوونی تەریقەتی نەقشبەندی بەتایبەتی لەنێو میرنشینی باباندا تەریقەتی قادریی ببوویە مەزهەبی فەرمی میرنشینەکە.

سەبارەت بە نەقشبەندییەکانیش لە سەدەی نۆزدەهەمدا لەلایەن (خالید بەکداشی)یەوە هاتووەتە کوردستانەوە. ئەم شێخە بە رەچەڵەک کوردی باشووری کوردستانە، لەودەمەدا لە هیندستانەوە و لە ساڵی ١٨٠٩ دا رێ و رێبازی بانگەوازەکەی وەرگرتووە. ئیدی ئەو لەوێوە برەویدا بەلقێکی نوێ لە رێبازەکەدا، کە دواتر بە لقی خالیدی یاخۆ خالدییەی نەقشبەندیی ناسرا. بەگشتیی رەوگەی نەقشبەندیی لە باکووری قەوقازەوە تا ئەدەنوسیا زەبرێکی کاریگەر و وروژێنەر بوو بۆ رەوشی کۆلۆنیالیزم کە لەو دەڤەرانەدا دەگوزەرا. نەقشبەندییەکان مانای ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسییان لە بەرامبەر میریدا لەخۆدا دەدۆزییەوە.

ئەم رێبازە لەنێو کورددا بڵاودەبێتەوە وەک دیدێکی ئایینی تێکەڵ بە دیدێکی سیاسی دەبێت، ئەو دەم مەزهەبی سوننییەکان لەلایەن عوسمانییەکانەوە و شیعەکانیش لەلایەن قاجارەوە برەوی پێدەدرێت، وەلێ ئەم رێبازە تەسەوفییە لایەنگریی لە هیچکامیان ناکات، ئەوەبوو بەهاتنی مەولانا خالدی نەقشبەندی بۆ سلێمانی لەلایەن عەبدورەحمان پاشای بابان و سوڵتانی عوسمانیی و تەریقەتی قادرییەوە دژایەتی دەکرێت. تاوای لێهات هەڵوێستی سیاسییانەی ئەم رێبازە بوویە هەڵوێستێکی دژ بەستەم و لە سەرانسەری کوردستان بەتایبەت لە سلێمانی و سنە و هەورامان و نەهریی و بارزان و تەنانەت لە دەرەوەی سنوری کوردستانیش کاریگەری مەزن بەجێدەهێڵێت، بەجۆرێک رێبازەکە هەزاران مورید و ٣٤ خەلیفەی کورد و ٣٣ خەلیفەی سەر بەنەتەوەکانی تری دەبێت.

رۆڵی گەورەی شێخەکان لە بۆشایی دەسەڵاتی سیاسیی کورد و دوای سەرکوتی راپەرینە چەکدارییەکانی میرنشینەکان لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم، پاشماوەیەکی کەم لە راپەرینی بەرفراوانی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییەوە دەستپێدەکات، بەر لەو رابردووە هیچکام لە شێخەکان بە پلەی هەوەڵ سیاسیی نەبوون. ئیدی شێخەکان و رێبازە سۆفییەکان دێنە نێو ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی کورد، بەجۆرێک نێزیکەی هەموو سەرکردە سیاسییەکان یان شێخ بوون یان لانیکەم لە بنەماڵەی شێخەکانبوون. عوسمانییەکان کەڵکیان لە سۆزیی ئایینی کورد و کاریگەریی رێبازە ئایینییەکان لە کوردستاندا بە ئاراستەی بەرژەوەندیی خۆیان بینیی.

دیارترین نەزمێکی ئایینی کە عوسمانییەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم تاوەکو کۆتایی دەسەڵاتیان لە هەمبەر کورد بەکاریان هێنابێت بریتی بوو لە سیاسەتی دروستکردنی (سوارەی حەمیدی)یە لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦ ١٩٠٩)، سوڵتان ساڵی ١٨٩١ فەرمانیدا بە دامەزراندنی لەشکری حەمیدییە، ئەم چەکدارانە زۆرتر لەنێوچە سنورییەکانی رۆژهەڵاتی عوسمانی کە هاوتای سنوورەکانی رووسیابوون وەک

پاسەوانی سنوور پێکهێنرابوون. عوسمانییەکان لەم پرۆژەیەدا چەندین نیازیان هەبوو کە بە چەکی ئایینی دەکرا، پیاوە ئاینییەکانی کورد فەتوایان پێدەرکرا کە ئەرکی سەرشانیانە بچنە نێو یەکەکانی حەمیدییەوە، چوون ئەوە جیهادی پیرۆزە و هەوڵێکە بۆ پارێزگاریی لە ئیسلام و مسوڵمانان، لەم هەڵمەتەدا پیاوانی ڕێبازە سۆفیگەرییەکان ڕۆڵێکی مەزنیان گێڕا.

ڕووسیا مەبەستی بوو بە پشتیوانیکردنی ئەرمەنەکان، کە دیسان بە هۆکاری ئایینی دەهاتە پێشەوە خۆی بخزێنێتە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی عوسمانییەوە. دیارە ئەرمەنییەکانیش بندەستی ئێران و عوسمانی بوون و دروست لە پەیمانی زەهاوی ١٦٣٩دا ئەوانیش خاکەکەیان دابەشکرابوو. عوسمانییەکان ئەوەیان قۆستبوویەوە کە ڕووسیا پشتیوانی کریستیان و ئەرمەن دەکات و کورد وەک نەیار و ناحەز دەژمێرێت. بەمجۆرە سوارەی حەمیدییە چەند دەرهاویشتەیەکی خراپی بۆ کۆمەڵگەی کوردی و چارەنووسی کورد هەبوو. چونکە شوێنەواری لەسەر تاکی مسوڵمانی کورد بەجێهێشت و دڵسۆزییان بۆ خەلافەت لە بیرکردنەوەیاندا چاند، هەربۆیە لەو ماوە مێژووییەدا کۆسپی خستە بەردەم گەشەی بیری نەتەوەیی نا ئایینی لەناو کورددا. هەربۆیە زۆرترینی کورد وەک دڵسۆزی خەلافەت مانەوە لەکاتێکدا بیری نەتەوایەتی لەلای گەلانی تر درزی خستبووە نێوانیان لەگەڵ خەلافەتدا.

هاوکات عوسمانییەکان کوردیان لە ماوەی ٢١ ساڵدا (١٨٩٤ ـ ١٩١٥) بەکارهێنا بۆ دژایەتی ئەرمەن و کوشتاریی گەلی ئەرمەن، دیارە ئەوەش بەهۆکاری بزواندنی هەستی ئاینییەوە بوو، کە عوسمانییەکان توانیان درز بخەنە نێوان برایەتی کورد و ئەرمەنەکانەوە. بەمجۆرە بەردەوام عوسمانییەکان بە فاکتەری ئاینی هەوڵی کوشتنی هەستی نەتەوەیی و بەکارهێنانی کوردیان خستبووە بەرنامەوە بۆ بەرژەوەندیی پرۆژە داگیرکارییەکەیان.

لە کوردستاندا دوو تەریقەتی سۆفیگەریی ڕۆڵی مەزنیان لە ژیانی سیاسیدا دەگێڕا، تەریقەتی قادریی تا سەدەی نۆزدە تەنها ڕێبازی سۆفی بوو لە کوردستاندا. کە ئەوانیش ساداتی نەهری و بەرزنجییەکان بوون. سەرەتا شێخە فیوداڵەکانی تەریقەتی قادریی توێژێکی کۆمەڵایەتی دوورە پەرێزیان پێکهێنابوو. ژمارەیەکی کەم لە بنەماڵەی شێخەکان ئەرکی سەرکردایەتی ئایدیۆلۆژییان بۆ خۆیان پاوانکردبوو. خەلیفەی شێخەکانی قادریی نەدەبوون بەشێخ، نەقشبەندییەکان هاتن ئەم ستراکتۆرە بەستووەیان تواندەوە، تەنها لە کوردستاندا ٢٥ لە خەلیفەکانی مەولانا خالید بوون بە شێخ و پاش کۆچی دوایی مەولانا خالید سەرکردەی ئایدیۆلۆژی دەرکەوتن. بنچینەی ناکۆکییەکان لە نێوان ئەم دوو ڕێبازە هەر لە سەرەتای هاتنی نەقشبەندییەکانەوە بوو، چونکە تەریقەتی قادریی ببوونە بەشێک لە سستەمی دەسەڵاتدارێتی بابانەکان و پشگیریی میرەکان بوون. لە بەرامبەردا نەقشبەندییەکان وەک سستەمێکی بەرهەڵستکار هاتنە پێشەوە، بۆیە ئاسان نەبوو خەڵک ڕووی تێبکات. ئەمە وێڕای زوو بڵاوبوونەوەی ڕێبازەکەش بە کوردستاندا. ناکۆکی نێوان ئەم دوو ڕێبازە لەتمەی بەهێزی دایە شوێن و کاریگەرییان لە خەباتی نەتەوەیی کوردیدا. هەندێک جار ناکۆکییەکان دەبوویە هۆی دابەشکاریی و بەشێک لە شێخەکان بەرتیل و سەرانەیان وەردەگرت و دەبوونە هەواڵگری وڵاتی داگیرکەر. بۆ نموونە جێگری کونسوڵی ئینگلیز لە وان دەڵێت:» برێک لە شێخەکان هیچیان لە دز و جەردە کەمتر نییە«.

دیارە نەقشبەندییەکان ڕابەرایەتی گەلێک لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانیان کرد، بەڵام وەک ئەوەی کە سەرکردەی ئایدیۆلۆژیی زۆریان تێدا

هەڵدەکەوت نەیانتوانی لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە نەتەوەی کورد یەکبخەن. هەروەک چۆن ئایدیۆلۆژیای مەزهەبیی وەهابییەکان ڕۆڵی ئەو یەکبوونەی لە نیمچە دورگەی عەرەبیدا بینی. چونکە گەورەبوون و ڕێکخستنی میرنشینی سعودییە پەیوەندیی پتەوی بە ئایدیۆلۆژیای وەهابیزمەوە هەبوو. بەڵام ئایدیۆلۆژیای سۆفیزم لە کوردستان هەرگیز نەیتوانی ببێت بە تەنها سستەمێکی ئایدیۆلۆژیی و لە تریبالیزم لابدات. یاخۆ ڕێبازی (سنوسی) لەنێو خێڵە بەدووەکانی خۆرئاوای عەرەبی توانیویانە چوارچێوەیەکی ڕێکخراوەیی دابڕێژن و سنوری خێڵیان تێپەڕاند و خۆیان لەو پەرت پەرتییەی هۆزەکان پاراست. مارتین ڤان برۆنەسن ئەو ڕەوشە بەراورد دەکات بە ڕۆڵی ڕێبازە نەقشبەندییەکانی کوردستانەوە و پێیوایە نەیانتوانی شەڕی خێڵەکیی و لاوەکی وەلانێن و بۆ سەربەخۆیی نەتەوەکەیان یەکبگرن». بۆ نموونە گەر شۆڕشەکەی شێخ مەحمود لە باشووری کوردستان وەربگرین، دەبینین ناکۆکی ڕێبازە ئاینییەکان بەشێک لە شارە مەزنەکانی کوردستانی لێدوور خستەوە و نەیتوانی لە بەرامبەر خواستەکانی ئینگلیز بۆ لکاندنی قەڵەمڕەوەکەی بە عێراقی عەرەبییەوە خۆی ڕابگرێت. بۆ نموونە جافەکان کە گەورەترین هۆزی کوردیی بوون لە ڕووی تەریقەتی تەسەوفەوە وابەستە نەبوون و نین بە بەرزنجییەکانەوە. لەبەرئەوە پشتیوانیی شێخ مەحمودیان نەکرد. ئەگەر لاوازی پێگەی بەرزنجییەکان نەبووایە کە وەک ڕێبازی قادریی خامۆش ببوون، ئەوا ئەستەمبوو شۆڕشەکەی شێخ لاواز بکرایە. هاوکات شاری کەرکوکیش لەبەر ناکۆکی ڕەگە ئاینییەکەیان نەبوونە پشتیوانی شێخ مەحمود. بەگوێرەی ڕاپۆرتی ئەفسەری سیاسیی بەریتانیا ٨٠٪ی خەڵکی کەرکوک ئەوەیان دایە دواوە ناوچەکەیان بخرێتە ژێر دەسەڵاتی شێخ مەحمود، هەربۆیە کە شێخ ڕاپەڕی ژمارەیەکی کەم لەو شارە هاتنە ڕیزەکانی شۆڕشەوە. هۆکاری ئەوەیش بۆئەوە دەگەڕایەوە کە خەڵکی وابەستەبوون بە شێخەکانی تاڵەبانەوە، هەربۆیە لە کێشمەکێشی دەسەڵاتدا هەمیشە تاڵەبانییەکان مێملّی بەرزنجییەکان بوون. هەرکات بەرزنجییەکان دژ بە بەریتانیا بووبن، تاڵەبانییەکان پشتیوانییان لە بەریتانیا کردووە. دیارە لە بیستەکاندا شێخەکانی تاڵەبان لە تەواوی کفریی و کەرکوکدا پێگەی گەورەیان هەبوو.

هاوکات شێخەکانی بارزان بەتایبەتی شێخ ئەحمەدی بارزانی پشتیوانی بۆ شێخ مەحمود دەرنەبڕیی و بە بەکرێگیراوی بەریتانیای دەزانی. نەک تەنها لەنێو ڕێبازە سۆفیگەرییە سونییەکانی کورددا، بەڵکو لەنێو ڕێبازەکانی سوننە و شیعە و عەلەوییەکانیشدا فاکتەری دابەشبوون لەتمەی دایە ئایندەی کورد و پلانەکانی خۆرئاوایان بەسەرکەوتن گەیاند. بۆ نموونە عەلەوییەکان لە ناکۆکیدا بوون لەگەڵ کوردە سوننییەکان لە باکووری کوردستاندا. هۆکاری ئەوەیش بۆ سیاسەتی عوسمانییەکان دەگەڕایەوە، ئەوەبوو کە سوارەی حەمیدییە پێکهات، بۆ کوردە عەلەوییەکان نەبوو ببنە ئەندام لەنێویاندا. شەریف فورات لە کتێبەکەیدا ئاماژە بەوەدەدا کە عەشیرەتی (جوبران) ی سوننی مەزهەب، وەختێ لە کێشەدا بوون لەگەڵ هۆزی هورمیک، حکومەت لە تاوانەکانی یەکتریی خۆش دەبوو. بۆ نموونە پاش ئەوەی عەلەوییەکانی دێرسیم لەمیانی ڕاپەڕینی (کۆچگیری)دا لە ساڵانی (١٩١٩،١٩٢٠) بەهۆی بەشدارینەکردنی کوردە سوننییەکان سەرکەوتوو نەبوو، هەروەک چۆن عەلەوییەکانیش لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیراندا نەیاری ئەو شۆڕشە بوون. بەمپێیە دەکرێت بڵێین کە ناکۆکییە مەزهەبییەکان لە نێوان ڕەوگە و ڕێچکانی تەسەوفدا ڕۆڵی مەزنی گێڕا لەوەی پلانی دابەشکارییەکانی (سایکس بیکۆ) بۆ دابەشکردنی کوردستان بە ئامانجەکانی خۆی بگات.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


١- يحيى سليم ابو عودة: الدولة القومية العربية محاولات البناء والتحديات، الحوار المتمدن-العدد: ٣٣٠٠ - ٢٠١١ / ٣ / ٩ - ١٧: ٥٨/
http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=249829

٢- يحيى سليم ابو عودة: ن.م.

٣- الجاسوس البريطاني الذي أسس الوهابية - المسترهنفر/ http: //www.tariq-karbala.net/?id د٤٨٢

٤- كريم محمد حاتم الساعدي: الغزوات ألوهابيه على الأضرحة المقدسة في كربلا و والنجف خلال القرن التاسع عشر الميلادي/
http://www.alnoor.se/article.asp?id=257587

٥- د.على وردى: لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث،ج١، ص١٩٠.

٦- شادمان مەلا حەسەن: پەیوەندی شیعەو سونە لە نادر شاوە بۆ مالیکی، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ژ٦٥، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٢٨٧،٢٨٦.

٧- لیۆن کاهۆن ڕۆژهەڵاتناسێکی جولەکەی فەڕەنسییە و دانەری کتێبی (پێشەکییەک بۆ مێژووی ئاسیا)یە (د.نسيب ابوضرعم: دونمة المجازر، دونمة التقسيم/ http: //www.arabnationleague.com/a_web/one_sub.php?id د١٠.

٨- روا جمالعلى: العلويون والشيعة: تكفير مذهبي والتقا و سياسي/
http: //www.orient-news.net/ar/news_show/84246

٩- د. حسن علوى: الشيعةوالدولة القومية في العراق، مطبوعات CEDI ، ١٩٨٩، ص٣٧-٣٨.

١٠- ن.م، ل٥٣.

١١- إعداد الندوة العالمية للشباب الإسلامي: من طرق الصوفية : السنوسية/ http: //www.saaid.net/feraq/mthahb/٢٣.htm


١٢- د. على محمد محمد صلابى: الحركة السنوسية فى ليبيا، ج١، ط١، دارالبيارق، قاهرة، ١٩٩٩، ص١٢٠.
http://bou-r.talk4her.com/t1739313-topic
https://www.alrakoba.net/articles-action-show-id-5279814.htm

١٥- پەیماننامەی زەهاو کە بەپەیمانامەی ئاشتی یان موراد پاشا بەنێوبانگە، بەبنەمای تەواوی ڕێکەوتنەکانی دی دادەنرێ لەنێوانعوسمانی و ئێرانداو بەشێوەیەکی پراکتیکی تەواوی کوردستان لەنێوانیاندا دابەشکرا. (سوسن صبيح حمدان: اثر العلاقات الحدودية بين العراق وايران، مجلة ديالى، عدد(٤٦)، ٢٠١٠، ص٨٢)

١٦- د.جەعفەر عەلی: ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، چ٢، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، سلێمانی، ٢٠١٣،

ل ١٢٩،١٣٠.
١٧. جيرارد جالديان: الماساة الكردية، ت.عبد السلامنقشبندی، ط١، دار ئاراس، اربيل، ٢٠٠٧، ص٣٥،٣٦.
١٨. کۆمەڵەی خۆيبوون: قەتڵ و عامی کورد لە توركيا، و.نەجاتی عەبدوڵلا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٩،١٠.
١٩. د. عرفان مستەفا: بوونی نەتەوەيی کورد لە نێوان فەلسەفە و سۆسيۆ پۆلەتيكدا، چ١، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ٥٠١.
٢٠. كاميران عبد الصمد احمد الدوسكي: كردستان العثمانية فی النصف الاول من القرن التاسع عشر،ط١، دار سثيرز، دهوک،٢٠٠٢،ص١٤٩.
٢١. د.عرفان مستەفا: س،پ،ل٤٨٦.
٢٢. د.جەعفەر عەلی:س،پ،ل١٤١.
٢٣. جرجيس فتح الله : مبحثان علی هامش ثورة الشيخ عبيدالله النهری، ط٢، دار اراس، اربيل، ٢٠٠١، ص١٤٤،١٤٥.
٢٤. عەتا قەرەداخی :كاريگەريی كەلتووری ئەوان لەسەر كورد، چ١، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٤٧،١٤٨.
٢٥. مارتين ڤان برونەسن: ئاغا و شێخ و دەوڵەت، ب٢، و: كوردۆ عەلی، حەمدی، سلێمانی، ٢٠١١، ل١٣٣.
٢٦. جيرارد جالديان:م،س، ص٣٥،٣٦.
٢٧. محەمەد حەمەباقی: شێخ عوبەيدوڵلای نەهری ١٨٨٠ لە بەڵگەنامەی قاجاريدا، چ٢، هەولێر، ٢٠٠٠، ل٥٢،٥٣.
28 Svante E. Cornell & M. K. Kaya: The Naqshbandi-Khalidi Order and Political Islam in Turkey ,CurrentTrends in islamist ideology ,volume 19, Hudson Institute,2015,p 44.
٢٩. محەمەد حەمەباقی: س،پ، ل٥٣.
٣٠. ی.ئی.ڤاسيليەڤا: كوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات لە سەدەی حەڤدەهەمەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە (كورتەيەک لە مێژووی ميرنشينەكانی ئەردەڵان و بابان، و.ڕەشاد ميران، بڵاوكراوەكانی وەزارەتی ڕۆشنبيری، هەولێر، ١٩٩٧، ل ٢٣١_٢٣٣.
Maya Arakon:Kurds at the transition 31 from the ottoman empire to the Turkish republic, Turkish policy quarterly, volume 13, .number1, Istanbul, spring 2014,p140,141
Maya Arakon:op,cit ,p14432
٣٣. د.فاضل رسول: كردستان والسياسة سوفيتية فی شرق الاوسط، ت.غسان نعمان،م طبعة حمدی، ٢٠٠٨، ص١٣٩.
٣٤. ڕەسوڵ هاوار: س،پ، ل٤٢٦.
٣٥: د.عوسمان عەلی: چەند لێكۆڵينەوەيەک دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی كورد، و. كامەران جەمال بابان زادە، چاپخانەی دێكان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٤٥،٣٠٤.
٣٦. هـ س، ل١٩٤.
٣٧. وديع طعمة: المذبحة العثمانية بحق الارمن، ٢٠١٤، ص٦ /.http://www.altayaraldemokrati com/index.php
٣٨. جيراردجالديان: س،پ، ل٣٨.
٣٩. مارتين ڤان برونەسن: س. پ، ل١٤٤.
٤٠. د. جەعفەر عەلی: س.پ، ل١٤٢،١٤٣.
٤١. مارتين ڤان برونەسن: س.پ، ل٩٤،١١٧.
٤٢. جەعفەر عەلی: س، پ، ل١٤٣.
٤٣. مارتين ڤان برونەسن: س.پ، ل١١٨،١١٩.
٤٤. هـ س، ل١٤٨.
٤٥. د.عثمان علی: دراسات فی الحركة الكردية المعاصرة ١٨٣٣ ١٩٤٦، تفسير، اربيل،٢٠٠٣،.ص، ٢٨٨، مارتين ڤان برونەسن: س،پ، ل١٤٩،١٦٩.
٤٦. د. عثمان علی: ن.م، ص٢٨٩.
٤٧. محمد ڕەسوڵ هاوار: كورد و باكووری كوردستان لە سەرەتای مێژوو وە هەتا شەڕی جيهانی دووەم، بەرگی يەكەم، چاپخانەی خاک، سلێمانی،٢٠٠٠، ل ٣٩٨.
٤٨. هـس، ل٤٠٨.
٤٩. ڕۆبەرت ئۆڵسن: ڕاپەڕينی شێخ سەعيدی پيران، ل١٥٨.

# کاریگەری ململانێی تایفی لەسەر کوردستان





**مەسعود عەبدولخالق**

لە ساڵی ١٩٥٧ لە بناری قەرەچوغ لەدایکبوە. زانکۆی سلێمانی کۆلێژی زانست بەشی ماتماتیکی تەواو کردووە. لە ساڵی ٢٠٠٦ بڕوانامەی ماجستێری لە بواری فەلسەفەی زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی جیهانی بەریتانی تەواو کردووە. خاوەنی چواردە کتێب و چەندین توێژینەوەیە، خاوەن ئیمتیازی دەزگای ستاندەرە.

زۆر جار سەرهەڵدانی فرە مەزهەب و تایفە لە جیهانی ئیسلامی بە ناهەق دراوەتە پاڵ خەڵكی غەیرە عەرب، دەگوترێت: ئەوەی مەزهەبیەتی سوننە و شیعەی داهێنا (ابن سبأ)ی یەهودی بووە(١) .. یان ئەوانەی عەرەبییان نەزانیوە، هەتا جلوبەرگی عەجەم بە بیدعە هەژماركراوە(٢)، جاری وابووە ئەوەی عەربی نەزانیبێ لە مزگەوت دەركراوە(٣)، كەچی ئەو تیۆرانە راست نین وەك لە خوارووە زیاتر دەردەكەوێت، زۆربەی ئایین و ئایدۆلۆژیاكان لە دوای خاوەنەكانیان پارچە پارچە دەبن، مقەوەماتی مانەوەی ئایین و ئایدۆلۆژیا وەك عەشیرەت نیە، ڕوونتر بڵێین مقەوەمات و حوكمی ئەو كوتلە بەشەریانەی لەسەر بنچینەی فاكتەرە ستونیی و میراتییەكان دروست بوون ئینتیمایان سەلامەت ترە لەوانەی لەسەر بنچینەی فاكتەرە ئاسۆیی و عەقڵانیەتییەكان دروست بوون، بۆیە دەبینین زۆر بە دەگمەن عەشیرەت و نەتەوە ئینشقاق و پارچە پارچە بوونی تێدەكەوێت، تەنانەت لەنێو سستەمی عەشیرەتیش لەو ڕووەوە دوو دۆخی تر هەیە، ئەو عەشیرەتانەی لەسەر بنچینەی وابەستەی خوێن هەرەم و پێكهاتەیان دروست بووە تۆكمە ترە لەو عەشیرەتانەی لەسەر بنچینەی (زێد) و(دیرە) دروست بوون، هەر لەوەوە دەبینین عەشیرەتی عەرەبی تۆكمە ترە لە عەشیرەتی كوردی، چونكە یەكەم وابەستەی خوێن و ڕەچەڵەكە، دووەمیان زێد و نیشتمانە.

لە كۆی گشتی عەشیرەت لە حزب (بەنمونە) سەلامەت ترە لە ترازان، مەگەر بە گەورەبوون و پرۆسەی خەمڵینی مێژوویی بۆ عەشیرەت ڕوویدات، كەچی ئەو تاقم و كۆمەڵە و دەستانەی لەسەر بنچینەی فكریی و عەقیدە و ئایدۆلۆژیا و یاسایی دروست دەبن زۆر ناسكن، خێرا خێرا دوچاری ناكۆكیی و یاخی بوون و پارچە پارچە بوون دەبن، هۆكارە بنچینەییەكەی ئەوەیە لەباری یەكەم فاكتەری ستونی (میراتی) چەسپاوە، ناسنامەیە بۆ كۆمەڵگەی كلاسیكی، كەچی ئەوەی دووەم پێویستی بە پارێزگاری هەیە (التكن منكم امە) واتە پرۆسەیە هەردەم ئەركی دەوێ، عادەتەن لە دوای خاوەن ئایدۆلۆژیاكە (ڕێبەر) یان ئایینەكە(پێغەمبەر) ئەو بۆشاییە پڕ نابێتەوە و ناتوانن تەنزیر بۆ جووڵەی بكەن بەیەك ئاڕاستە، بەو جۆرە دوچاری جیاوازی و لێكجیابوونەوە و كێشەی تر دەبن، بەپێی (مەوسوعە الفرق والجماعات)، یەكەم تایفە لە مێژووی ئیسلام (السبأیە) سەریهەڵدا، ئینجا كێشەكانی حوكم و فیقە واتە لە ڕووی سیاسیی و فیقهیی و ڕەگەزی دابەش بوون، دەشگوترێ‌ت پیلانی یەهود و غەیرە دین لە پشت سەرهەڵدانی تایفییە لە كۆنەوە، بەڵام بەشێكی تر پێیانوایە سرووشتی مسوڵمانان و ئەو هەموو دابەشیەیان لە مێژوودا پێویستی بە پیلان نییە، شەڕ لە سەردەمی عوسمان دواتر لە سەردەمی عەلی دواتر لەگەڵ خەواریج دواتر لەگەڵ عائیشە، شەڕی قەرامیتە، كێشە و شەڕ لەبارەی خەلقی قورئان، لە نێوان تایفەكانی یەك مەزهەبیش: لە نێوان حەنبەلیی و شافیعیی لە بەغدا، تەنانەت حەنبەلییەكان لێ نەگەڕان (ابن طبری) لە گۆڕستانی مسوڵمانان بشاردرێتەوە، بە شەو شاردیانەوە(٤)، ململانێی مەزهەبی (لە ناوخۆی سوننە) گەیشتە ڕادەی جەزیە لەیەكتر وەرگرتن، هەندێ لە حەنەفیەكان لەوانە (الشیخ محمد بن موسی) ووتویەتی: دەسەڵاتم هەبێت جەزیە لە شافیعییەكان وەردەگرم(٥)، بەڵام كێشە هەرە گەورەكە كێشەی سوننی و شیعەیە.

## مەزهەب و تایفە ئایین نین:

زۆرجار ئایین ومەزهەب و تایفە تێكەڵكراوە، هەتا لە ئاستی بەرزیش، لە (الموسوعە العلوم الاجتماعیە) دەڵێت: جیاوازی لە نێوان میللەت و شەریعەت و ئایین نیە هەمووی هاوتان (مرادفن) (٦)، سەرەتای ئەو تێكەڵییە بووە خیلافی سوننە و

شیعە، بەشێک لە سوننە تەقدیسی سیرەی خولەفا و٣ قەرنەکە و فتوای ئیمامەکانی ئەوکات وەک ئایین دەکەن(٧)، لە هەمووان خراپتر ڕای (ابی الحسین الکرخی) دەڵێت: **(کل آیة تخالف قول أصحابنا فإنها تُحمل علی النسخ أو علی الترجیح، والأولی أن تُحمل علی التأویل من جهة التوفیق)**(٨)، لە سەرچاوەی تر دەرکەوتووە لە ئەسڵدا ئەو جۆرە بۆچونە لەلای سەلەفیەکی تر بەناوی (ابو حفص عمر بن احمد النسفی) هاتووە، ئەوە هەمان بۆچوونی برایانی شیعەیە بە جۆرەکەی خۆیان کە (١٢) ئیمامەکەی خۆیانی بە مەعسوم هەژمارکردووە، ئەوان دەڵێن ئیمام وەک پێغەمبەر وایە هەڵە ناکات(٩)، واتە ئەوانەش بە بەشێک لە ئایین هەژمار دەکەن.

ڕاستیەکەی جیاوازییەکی ئێجگار زۆر لە نێوان پەیام (قورئان وسوننە) لەگەڵ ڕای بەشەری هەیە، ڕای بەشەری (لە دوای پەیام) حەتمەن هەڵەی تێدایە با ئیجماعیش بێت، ڕێژە دەکرێت ڕاستی زۆر تێدا بێت، بەڵام ناکرێت هەڵەی تێدا نەبێت، مادام یاسای (کل انسان خطائون) هەبێت، ڕای ئیجماعی زانایان ناکرێت زەلالە بێت، بەڵام ناکرێت بگاتە ئاستی ڕاستی ڕەها (کە ئاستێکە تەنها بۆ پەیام دەشێت)، مادام ئایین بەتەواوی دابەزیوە(**الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ**) ئێمەی بەشەر ناتوانین زیاد و کەمی بۆ بکەین با ئیجماعیش بێت، تەنها دەتوانین تێگەیشتنی بۆ زیاد بکەین.

ئایین بریتییە لە پەیام کە لەلایەن خوداوە دابەزیوە، باقیەکەی تر ئایین نیە تێگەیشتنی ئاینییە، فقهی ئاینییە، یەکەمیان نەگۆڕ و موتڵەقە، دووەمیان ڕێژەییە و گۆڕاوە، ناوەڕۆکی (بێ دەستکاری بەشەری) هەموو ئاینەکان یەکە، هەمووشی ئیسلامە، ئاینی محەمەد و عیسا و موسا و زەردەشت و ئێزیدی و ... هەمووی ئیسلامە، لە ئادەمەوە هەتا محەمەد تەنها ئەوەیە، ئیبراهیم ناوی نا ئیسلام، ئیسلام ئایینە ئەوانەی بە پیر بانگەوازەکەی ئەچن جرجانی ناوی ناون ئەوانە ئومەتی ئەون(١٠)، ئەو وەسفانە بەشێوەیەکی تر لە (المعجم الشامل) هاتوون بەم شێوەیە: (ئاین دەدرێتە پاڵ خوا، ئومەت دەدرێتە پاڵ پێغەمبەر، مەزهەب دەدرێتە پاڵ کۆششکار، بەڵام شەریعەت دەدرێتە پاڵ خوا و پێغەمبەر)(١١)، کەواتە ئایین جیایە لەگەڵ (سیرەی سەحابە و خەلیفە و مەزهەب و تەفسیر و عەقیدە و فقه و مێژوو ..)، بەڵام جیا نییە لە سیرەی پێغەمبەران، واتە ئایین بریتییە لە پەیام، باقیەکەی تری ئایین نییە، بەڵکو تێگەیشتنە لە ئاین، مەزهەب و تایفە و فقه و عەقیدە و تەفسیر و فکری ئیسلامی ... هەمووی تێگەیشتنە لە ئایین نەک خودی ئایین، دەکرێت ئەو وا لە ئایین گەیشتبێت، دەکرێت ئێستا بە جۆرێکی تر، لە دواڕۆژیش بەو مەزهەب و فتوای ئەو ئیمامە لێپێچینەوەت لەگەڵ ناکرێت، بەڵکو ئەو مەزهەب و تایفانە مەزهەبی ئیسلامیش نین(وەک واناونراوە)، ڕاستی ئەوەیە ئەوە تێگەیشتنی ئیمامەکانە بۆ ئیسلام، ئەوەش کارێکی خراپ نیە هەر ئیمام و موفتیەک ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجێ کردووە لە سەردەمی خۆیان و بۆ لایەکی بچووکی ئاین، بە هەموو مەزهەب و فیکر و تەفسیر ناگاتە ٥٪ی ئایین، ئایین بریتییە لە هەموو بوونەوەر و گەردوون و سرووشت و جیهان و کۆمەڵگە و هێشتا زیاتر، کەچی مەزهەب و تەفسیر و فیکر و فەلسەفەکانمان دڵۆپێکە لە دەریای ئایین.

## کاریگەریان لەسەر جوڵانەوەی کورد:

لە سەرەتای دروستبوونی عێراق ناسنامەیەکی تایفیی و ڕەگەزی پێدرا، هەر لە کۆنگرەی قاهیرە ١٢ - ١٩٢١/٣/٢٤ کە عێراقی پێ دروستکرا، یەکێک لە پاساوەکانی بەرەی دژ بە کورد مس بیل، برسی کۆکس، ویڵسون، بەرامبەر گەلالەکەی چەرچڵ ئەوەبوو کە ئەگەر کوردستانی خواروو

نەخرێتە سەر عێراقی تازە ئەوا ناهاوسەنگیەکی فراوان لە نێوان سوننە و شیعە دروست دەبێت، پێداگری لەسەر ئەوە کرا کورد بخرێتە سەر عێراق تا سوننە تووشی کەمایەتی نەبن بەرامبەر شیعە، بەتایبەتی تازە شۆڕشی بیست کپکرابوویەوە، کە لەلایەن زانایانی شیعەوە سەرپەرشتی کرابوو، زانایانی ئایینی لە دژی دروستبوونی عێراق بەو جۆرە وەستان بۆیە مس بیل زانایانی ئایینی عێراق بە هەرە دوژمن پۆلێن دەکات(١٢)، بەتایبەتی شیعە، بۆیە مس بیل دەڵێ: من سوننیم(١٣)، زانایانی ئایینیش دەوڵەتی عێراقیان بە مورتەد و خیانەتکار لەقەڵەمداوە(١٤).

## عروبییەت مەترسیدارترە لە مەزهەبیەت:

ئەو ڕووداو و ناکۆکیانەی بەدی دەکرێت لە خواروو و ناوەڕاستی عێراق، بەدیمەن وادەردەکەون کە ئەوە کێشەیەکی مەزهەبیی و تایفیی بێت، کەچی بە شیکردنەوەیەکی سەرەتایی دەردەکەوێ تەواو دروست نیە، فاکتەری تری ڕەگەزیی و کێشەی ئیقلیمی لەگەڵە، بەڵام بەوجۆرە ململانێیە گوزارش دەکرێت، تائەوڕادەیە دەتوانین بڵێین ئەوە کێشەیەکی عەلمانییە بە زانایی خستوویانەتە نێو دوو مەزهەبی ئیسلامیی و ئەوانیش بە نەزانی بەرجەستەیان کردووە، ئەگینا لایەنی شیعە هەیە لە پاڵ سوننە و پێچەوانەش ئەوەی ناونراوە (سەحوە) لایەنگیری دەسەڵاتی شیعەیە، هەریەکە (تیار الخالصی) خودی سەرۆکی لیستی سوننەکان شیعەن لەپاڵ سوننەکانن، لەولاشەوە خۆ کورد (سوننە)یە، بەشێکیان بەسۆزتریشە لە بەشێکی ئەو عەرەبانەی بەناوی سوننەوە لەو ململانێیەن، کەچی لەو ململانێیە نییە، هەتا لەسەر ئاستی عەرەبیش شیعەی عێراق لەلایەن میسر و ئەزهەر یارمەتی دەدران دژ بە حکومەتی عێراقی سەردەمی عەبدولکەریم قاسم، بەوهۆیەوە ئەزهەر تۆماری کرد کە مەزهەبی جەعفەری یەک لە مەزهەبەکانی ئیسلامە(١٥)، لەگەڵ زۆر بەڵگەی تر، لە سەروو هەموویانەوە ئەو ناوچە و میللەت و لایەنە سیاسیانەی پێیان دەوترێت سوننە بریتین لە میللەتێکی سەربەخۆ وەکو باقی میللەتانی تر لە هەمەجۆر پێکهاتوون، تیایاندا هەیە ئیسلامیی و عەلمانیی و مولحید و باوەڕدار و ...، لای شیعەش بەهەمان شێوە، لەهەردوولاش توندڕەوی هەیە، بەگشتی ڕێسایەک هەیە دەڵێت: ئەگەر ململانێیەکی بەڕاستی شیعە و سوننە ببێت ئەوا زیاتر دەکەوێتە ئەستۆی شیعە، چونکە سوننە باوەڕی بە هەموو ئیمام و ڕێبازی شیعە هەیە کەچی شیعە باوەڕی بە ئیمامەکانی سوننە وەک پێویست نیە، بۆیە دەبوایە زۆر بەدەگمەن ئەو کێشەیە سەرهەڵبدات، هەرچی ئەو کێشەیەی ئێستای عێراق ناسنامە و فاکتەری تری لەگەڵ تێکەڵ بووە، بەشی هەرەزۆری ناوچەی سوننی زیاتر کاریگەرن بە ڕەوتی ناسیۆنالیزمی، یان ووردتر بەعس و دوای ئەویش تاڕادەیەک سەلەفیی و هەڵبەتە ئیسلامی میانڕەویشی لێیە، بەوشێوەیە کۆمەڵگەی ناوەڕاست کە ناوی نراوە (سوننە) پەیوەندییەکی وا فراوانی بە (اهل السنه والجماعه)ی مەزهەبی ئیسلامیەوە نیە، بگرە کۆمەڵگەیەکن لە زۆربەی کۆمەڵگە ئیسلامیەکانی تر دوورترن لەو (سوننە) یە بەحوکمی ئەوەی زیاتر تەیاری عەلمانی عروبی نەتەوەگەری زاڵە بەسەریاندا، ئیتر ئەوانە زیاتر لە خەمی عەرەبی عێراقیی و پارێزگاری لە نەخشەی سایکس-پیکۆ(١٩١٦) و بەلفۆرن(١٩١٧)، هەربۆیەش لە سەرەتای داڕووخانی سەدام چەندین خۆپیشاندانی جەماوەری لە ناوچە سوننییەکان کرا، داوایان دەکرد با هێزی کورد و شیعە نەیەتە ناو شارەکانیان با ئەمریکی بێن، سوننەی عێراق هێزیکی بێکەس نین، وڵاتانی عەربیی و ئیسرائیل و زۆربەی و وڵاتانی جیهان لەگەڵ ئەوانن.

## کاریگەری ئیجابی ناکۆکیەکانیان

**لەسەر کورد:**

لە سایکس پیکۆ و دروستبوونی عێراقەوە نەخشەیەکی کۆمەڵایەتیی و سیاسی(خنکێنەر بۆ سەر کورد) دروست ببوو لەژێر سایەی عروبی، کە تیایدا ٧٥٪ عەرەب و ٢٢٪ ی کورد و ئەویتریش کەمایەتی، لەو نەخشەیە سوننەی عەرەب کە ڕێژەیان لە دەوری ٢٣٪ یان شتێک زیاتر خۆیان شاردبۆوە لەنێو دوو هاوکێشەی ڕەگەزیی و تایفیی، کاتێک ڕەگەزی بوایە ئەوا وەک عەرەب زۆرایەتی بوون بەرامبەر کورد، کاتێک تایفیی و مەزهەبیش بوایە لەگەڵ کورد زۆرایەتی پیشان دەدرا بەرامبەر شیعە. لە هەردوو باریشدا بە سەرۆکایەتی سوننەی عەرەب کۆتایی دەهات، ئەوە بەردەوام بوو لەگەڵ بەردەوامبوونی ڕابوونی نەتەوەیی-عەلمانی عەرەبی، بەڵام لە دوای هەشتاکان و بەرپابوونی ڕابوونی ئیسلامیی و کشانەوەی ڕابوونی نەتەوەیی عەلمانی عروبی ئەو نەخشە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەی عێراق بەزەقی گۆڕا بۆ جۆرە ڕێژەیەکی دیکە، ٢٢٪ کورد، ٥٥٪ شیعە، ٣٪ کەمایەتی، ٢٣٪ سوننە(١٦)، یان وەک (موسوعە المعرفە)دابەشی کردوون: ٥٥٪شیعە ,١٩٪-سوننە، کورد٢١٪ ، ترکمان٢٪، پۆڵ بریمەر ڕێژەی سوننە لە عێراق بۆ ٢٠٪ دیاری دەکات، دەڵێت: کورد و شیعە بە هەردووکیان ٨٠٪ پێکدەهێنن(١٧)، ئاماری ساڵی ١٩٤٧ وەکو ئەوانەیە(١٨).

ئەو نەخشە کۆمەڵایەتییەی سەرەوە گۆڕا بۆ ئەو نەخشە نوێیە، تا سەدامیش مابوو کاریگەری تەواو نەگەیشتبووە ئاسۆ، لە دوای ئەو پرۆسەی دیموکراسییە ئەو کەمایەتیەی سوننییە دەرکەوت، ئیتر لەو واقیعە نوێیەی عێراق کە هەر لایەنی بەپێی ڕێژەی خۆی، ئەوا سوننە قایل نین، زۆر بەتوندی لە دژی جیابوونەوەی شیعەن لە عروبیەکە، دەیانەوێت وەک جاران شیعە لەگەڵیان بێ هەم بۆ سەرکوتکردنی کورد و هەم بۆ ناسنامەی عێراقی

**جیاوازییەکی ئێجگار زۆر لە نێوان پەیام (قورئان وسوننە) لەگەڵ ڕای بەشەری هەیە**

عروبیەکە، ئیتر ئەو دەستوەشاندنەیان لێیان بە کۆمەڵ کوشتنیان قایل نەبوون بە فیدراڵیان.. هەمووی ئەو کاردانەوەیە، لەڕاستیدا لایەنی سوننە هەر لە دوای سەدام جاری جەنگی لەگەڵ شیعە داوە، چونکە شیعە لە جیهانی ئیسلامی وەک تایفیی کەمینەن و ئینجا نەریتە کۆمەڵایەتییەکانیشیان هەندێ ڕۆمانسیی و خورافیاتی تیایە، بۆیە بەدرێژایی مێژوو تا ئەم ساتەش بەشێکی چەوساوە بوون، مەرجەکانی سوننە و وڵاتانی عەرەبیی و کەنداو ئەوەیە شیعە بگەڕێنەوە سەر عروبی عەلمانیەکە، وەک جاران پارمەتیدەری سوننە بن لەسەر ئەو بنچینەیە و ناسنامەی عروبی عێراقی بپارێزن. لە یاداشتەکانی (جیمی کارتەر)ی سەرۆکی ئەمریکی ڕوونتر دەردەکەوێت پێش سەرهەڵدانی بزوتنەوە ئیسلامییەکان (لە ساڵانی ١٩٧٧) عەرەبستانی سعودی ترسی لەو بزوتنەوانە هەبووە و لای سەرۆکی ئەمریکی باسی کردوون(١٩).

واتە سوننەی عەرەب کێشەی لەگەڵ شیعە نییە لەبەر ئینتیمای مەزهەبی، ئەوەتا تەیاری خالصی، لیستی ئەلعراقیە، تاڕادەیەک تەیاری سەدری، چونکە لایەنی عەلمانی عروبیەکەیان زاڵکردووە بەسەر ئیسلامییەکە ئەوا کەمتر کێشەیان هەیە، بە دیوێکی تردا: سوننەکان قەومین ئینجا مەزهەبی

## خودی عێراق هەڵەیە، مەینەتی کورد و پێناسی بزوتنەوەی کوردایەتیش لەو هەڵەیەوە سەرچاوە دەگرێت.

هەرچی شیعەیە مەزهەبیە ئینجا قەومی. وادیارە بە سرووشتی خۆی ئیسلامی لەگەڵ عروبی نایەتەوە، بۆیەش لە کۆنەوە هەر عەرەبێک ئەگەر تەواو ئیسلامیش بووبێ، واتە بنەمای (لافرق بین العربي والأعجمي الا بالتقوی)، (ان افضلكم عند الله اتقاكم)ی پەیڕەوکردبێ، ئەوە لەلای تەیاری عروبی ناوناتۆرەی لێنراوە، زاراوەی شعوبیەت لەوەوە سەریهەڵداوە. سەرنج بدە فەرهەنگەکان هەمووی باسی (شعوبیەت) دەکەن، دەڵێن بەو عەرەبانە وتراوە شعوبی کە عەرەبی بەسەر عەجەم فەزڵ نەکردووە، یان وەک د.محەمەد عەمارە دەڵێت: ئەوانەی ویستیان ئیسلام وەرگرن بێ عروبە(٢٠)، هەڵبەتە شیعە لە کۆنەوە و زیاتریش لە عێراق دووچاری ئەو ناووناتۆرانە بوونەوە، وەک شعوبی، هندی، سەفەوی، عەجەمی، ئێرانی، جا نەک شیعە هەر بزوتنەوەیەکی ئیسلامی ڕاستەقینە لەنێو عەرەب ناووناتۆرەی وای بۆ داتاشراوە.

بۆیە ئیخوان موسلیمین گەلێک جار لە ترسی ئەو ناوە و (لومە اللائم) بێهەڵوێستی بووە، نەیتوانیوە بەشداری شۆڕشی کورد بکا، یان هاریکاری بێ، تا ئەم ساتەش لە عێراق حیزبی ئیسلامی ئیخوان هەڵوێستەکانی بەرامبەر ئیسلامی شیعە لەو ترسەوە سەرچاوە دەگرێت، سەرچاوەی جیاوازیەکانیان ئەوەندە بنەمای ئیسلامی نییە ئەوەندەی بنەمای عەلمانی عروبیە، عەلمانیە شیعەکان کێشەیەکیان لەگەڵ عەلمانی سوننە نیە، بگرە لە هەمووان ڕێکترن، کەواتە ئەوەی گرفتە بوونی ئیسلامی شیعەکانە کە بە سرووشتی خۆی لە خزمەتی عروبی عێراقیی و سایکس-بیکۆ و بەلفۆڕ نیە، بەهەمان شێوە زۆربەی وڵاتانی عەرەب پابەندبوون بە شای ئێران تا عەلمانی بوو، کەچی لە دوای ١٩٧٩ و جاڕدانی ئیسلامی ئینجا ئەو زاراوانەی وەک ئەوە دەوڵەتی شیعەیە، شعوبیە، سەفەوییە، ئاریە.. سەردەمی (شا)ی ئێران سەنگەرێکی ئیسرائیل بوو، سەردەمی خومەینی تەواو پێچەوانە، هەشت ساڵ جەنگ لەگەڵ ئێران گوایە (بوابة الشرقية للأمة العربية ) بپارێزێ، کەچی کە هێرش کرایە سەر عێراق لە هەموو لایەک هاتنە ناو عێراق (ئوردن، کوەیت، سعودیە...هتد)، تاکە لایەک کە لێی دڵنیابوو (بوابة الشرقية) بوو، کەواتە ململانێیەکان لەکوێوە سەرچاوە دەگرێ؟

پوختەکەی ئەوەیە ململانێی ناوەڕاستی عێراق (سوننە) و خوارووی عێراقیش (شیعە) هەمووی مەزهەبی نیە، زیاتر خوردبوونەوەی ناکۆکی نێوان عەلمانی عروبی لەگەڵ ئاینییە، بەڵام ئەو سەردێرە بەکاردێت گوایە (ناکۆکی شیعە و سوننە)یە، واپێدەچێت عێراق بەرەو ئەزمونێک بچێت کە چۆن سوننی عەرەب ٨٠ ساڵ حوکمی کەمایەتی دیکتاتۆریان کرد ئاواش دەیان ساڵ شیعەش حوکمی دیکتاتۆری زۆرایەتی بکات، لە هەردوولاش تایفییەت بە ڕوونی بەرجەستە بووە کە عێراق دەوڵەتی تایفەیە.

### هەڵوێستییان بەرامبەر کورد:

لەسەرەوە دەرکەوت لایەنە سوننییەکان زیاتر کاریگەربوون بە تەیاری عروبی و بنەماکانی سایکس پیکۆ، بۆیە ئاساییە بەشێک بن لە مەینەتی کورد، یارمەتیدەری دەسەڵاتی عێراقی بوون لە دژی داخوازییە سرووشتییەکانی کوردستانی،

ئەوکاتەی کە عەلمانیی و تەیاری عروبی بەسەر شیعەکان زاڵبوو ئەوانیش هەڵویستیان خراپ بوو، ئەو بەشە ئیسلامییەی کە قەتیس مابۆوە لە (مەرجەعیەت) بەگشتی هەڵوێستیان بەرامبەر کورد باش بوو، هەوڵی (محەمەد تەقی شیرازی) لە بیستەکان، دواتر (محمد کاشف الغطاء) لە سییەکان، لە هەمووان نمونەیی تر هەڵوێستی موحسین ئەلحەکیم بۆیەش سەرکردە کوردەکان زیاتر هاوپەیمانیان لەگەڵ ئەوان هەبووە وەک: هاوپەیمانی شێخ مەحمود و ئایەتوڵڵا شیرازی سەرۆکی شۆڕشی بیست، دوای هاوپەیمانی بەکر سدقی کورد و ئایەتوڵڵا کاشف غیتا، دوای مەلا مستەفا لەگەڵ موحسین ئەلحەکیم، تادەگاتە هاوپەیمانی ئەو دواییەی بارزانی و تاڵەبانی لەگەڵ حیزب و سەرکردە شیعەکان، ئەوانە بەڵگەنامەن، زیاتر لەوەش موحسین ئەلحەکیم لە دوای هەڵمەتە ئەنفالییەکانی عەبدولسەلام عارف بۆ سەر کوردستان لە ١٩٦٣-١٩٦٤ کۆنگرەیەکی ئیسلامی ڕێکخست لە بەغدا زانایەکی زۆر ئامادە بوون لەوانە شیخی ئەزهەر بۆ ئەوەی بە فتوا کورد بەیاخی (مارق) هەژمار بکەن بەپێی ئایەتی: **(إِنَّمَا جَزَاو الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الَاَرْضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُواْ أَوْ يُصَلَّبُواْ أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم مِّنْ خِلافٍ أَوْ يُنفَوْا مِنَ الاَرْضِ ذَلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الاَخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ)**، لەوەوە لە ٥ی تەموزی ١٩٦٥ فتوا بەناوبانگەکەی موحسین ئەلحەکیم دەرچوو دژ بەو کۆنگرە و دژ بە شەڕی کورد، هەروەها عەلی سیستانی مەرجەعی شیعەی ئێستایان دووبارە لەبارەی کورد فتوای فیدراڵی هەیە(٢١)، یەکەم وەسیقەی(فتوایی) ئاینییە سەبارەت بە دۆزی کورد، بۆ عێراق لە دەستوور بەهێزترە.

بەوشێوەیە مەرجەعییەت و لایەنە ئیسلامییەکانی خوارووی لە چوارچێوەی دووربوون لە کاریگەری عروبی هەڵوێستیان تاڕادەیەک پۆزەتیڤ بووە، لە ئەنفالی ١٩٨٧.. دیسان حکومەتی بەعس نەیتوانی فتوا لە مەرجەعییەتی نەجەف وەرگرێت، نەیتوانی لە هیچ بزوتنەوەیەکی ئیسلامی سوننەش وەرگرێت (ئەوەی فتوای داوە وەک تاک داویەتی)، ئەوەش بە ڕوونی دەریدەخات کە دروستکردنی دەوڵەتی عێراق لەو پێکهاتانە هەڵەیەکی گەورە بووە، کەواتە نەک دەوڵەتی عێراقی یان حکومەت و دەستوور، بەڵکو خودی عێراق هەڵەیە، مەینەتی کورد و پێناسی بزوتنەوەی کوردایەتیش لەو هەڵەیەوە سەرچاوە دەگرێت.

کەواتە وردەکارییەکی زانستیی و سیاسی زۆر بەستاندەری دەوێت بۆ چارەکردنی ئەو هەڵەیە، بۆیە هەر تەبابییەکی هەردوو پێکهاتە لەسەر بنچینەی (عروبی ـ إثم) دەبێتە گورز بۆ ئاسایشی کورد، یان بەکورتی بێ چارەسەری دادگەریانە دۆزی کورد هەر تەباییەک لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقی مەرگی کوردە، پێچەوانەش بە پێچەوانەیە، هەر تەباییەکی کورد و شیعە دەبێتە کارەسات بۆ سوننە، ئەوەش ڕێڕەوێکی دەگمەنی (مارکیز دارجنستون)ە کە دەڵێت: بەیەکگەیشتنی دووبەرژەوەندی لە دژی سێیەم(٢٢)، ئەوەش زۆر وێرانکەر دەبێت و زەمینەیەکی بەئاژاوە و بێمتمانە دروست دەبێ، ئەو فاکتەرانەی پێکهاتەی شیعە و سوننە یەک دەخاتەوە بریتییە لە چەمکی عروبی نیشتیمانی، یاخود عەلمانی عروبی کە سرووشتێکی شۆڤێنی هەیە، بەپێچەوانەوەش هەر خودی فاکتەری ئاینیی لەگەڵ هەڵەی عێراق یەکناگرێتەوە(٢٣)، ئەدی بۆچی عاقڵمەندی کورد بە ایبەتی ئاینیەکانیان نەیانتوانیوە ستراتیژی ڕزگاریی و ئەو ڕاستییە پێکەوە ببەستنەوە؟ گرفتەکە لەوەدایە مونەزیری ئیسلامی بۆ (فیقهی ڕزگاری) لاوازە بەتایبەتی زانا و مونەزیری کورد.. ئەگینا ڕەنگە پێچەوانە بێت، فیقهی ڕزگاری کوردستان نابێ بۆ فیقهی مەزهەبەکان بگەڕێتەوە، چونکە ئەو کاتی کێشەی نەتەوەیی نەبووە، ئینجا ئەو فیقە کەم و کوڕی هەیە لە (نەسەب) بۆ غەیرە عەرەب،

زانای ئاینیی کورد و مونەزیری سیاسی دەتوانێ ڕاستەوخۆ فیقهی ڕزگاری کورد لە سەرچاوەی ئەسڵی وەرگرێت، هەرچی لەبارەی سیاسیشە لەو سەردەمە بەڵگەنامەی زانایانی ئاینیی و بزوتنەوە ئیسلامییەکان زۆر کەمە کە بتوانی شانازی پێوە بکەیت، ئەوەی هەشە وەک بەڵگەنامە زیاتر بۆ زانایانی شیعە دەگەڕێتەوە.

لەباری ئێستادا عێراقی تایفیانە لەوە بەرجەستە دەبێت کە هەرسێ پێکهاتەی عێراقی و تورکمان و مەسیحیش هەریەکە خۆی پێ مەزڵومە، بەڕوونی دەردەکەوێت دروستکردنی عێراق و دابەشی کوردستان چۆن گورز بووە لە کوردستان ئاواش لە شیعە، لە سوننەی ڕاستەقینەش، بەفراوان تر لە تەواوی میللەتانی ناوچەکە، سەرەڕای ئەوەش مانای ئەوە نیە هەموو شیعەیەک باش بووبێت و هەموو سوننیەکیش خراپ بووبێت، یان کوردی خراپ لە (سونەی چاک و شیعەی چاک) باشتر بێت، ئینجا پێویستە ئەوەش دووبارە ڕوون بکرێتەوە کە مەبەست لە عەرەبی سوننەی عەقیدە نیە، بەڵکو سوننەی کۆمەڵایەتییە، ئەگینا ئەو گورزانەی لە کوردستان دراوە لەسەر دەستی ئەو پێکهاتەیە لەلایەن ئیسلامی سوننە نەبووە، بەڵکو حیزبی عەلمانیی و ناسیونالیزمی بوون. نمونەی حیزبی بەعس، بەڵام بەشێ لە توێژەران پێیانوایە سەرەڕای ئەو هەڵوێستە ترسناکەی حیزبی بەعس بەرامبەر ئایین هەر سوننییەکان(وەک زۆرایەتی لایەنگیری بوون)، بەگشتی ئەو بەراوردانەی خوارەوە هەیە لە نێوان هەردوو تایفەی شیعە و سوننە سەبارەت بە کێشەی کورد:

١. هەمو ئەو پرۆسانەی دژ بە کورد کراون لە سەرەتای دابەشکردنی کوردستان و لکاندنی بە عێراق و لە سەردەمی یەکەم ڕاپەرینی شێخ مەحمودەوە هەتا ئەنفال و کیمیایی ئەوا ئەو گوزرانە لەلای سوننەی عەرەب هاتووە نەک شیعە.

٢. سوننەی عەرەب لە عێراق زیاتر نوێنەرایەتی سەرخانی سایکس پیکۆ و بۆچوونی جامیعەی عەرەبی و ڕەهەندی عەرەبی لە عێراق دەکا، کە تەیارێکی شۆڤینی و ڕەگەزپەرستە بەرامبەر کورد، کەچی شیعە کەمتر ئەو دریژکراوەی هەیە.

٣. لە دەوری سالانی بیست لەگەڵ (ا. محمد شیرازی) دوای ئەو لە سالانی ١٩٣٠ لەگەڵ (ا.محمد کاشف الغطاء)، دواتر لە چلەکان لەگەل (ا. محسن الحکیم)، دوای ئەوانە لەگەڵ محەمەد باقر ئەلسەدر و نەوەی ئال ئەلحەکیم، دوای ئەوانەش لە ٢٠٠٣ بەدواوە بۆ یەکەم جار ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی بەفتوایەک لاری نەبونی لە فیدراڵی دەربڕی، ئەو جۆرە پەیوەندییە کەمتر بووە لەگەڵ زانایانی ئاینیی سوننە، ئەوەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ سەلبیات و هەڵسوکەوتی هەراجخانەی عەلمانی کورد، کە گەلێ جار خۆیی و کورد تاوانبار دەکات بێ ئەوەی کارەکەشی ئەنجامدابێت یان لێی سودمەند بووبێت، بەشە گرنگەکەشی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ لای زانایانی سوننەی عەرەب، هەرچەندە ئەو زانایانە بەشدار نین لەو مەینەتیەی بەسەر کورددا هاتووە، بەڵکو هەڵوێستیان بەراورد ناکرێت لەگەڵ لایەنە عەلمانیی و ناسیونالیزمییە سونییەکانی عەرەب، بەڵام گلەییەکە لەچاو بانگەشەی ئیسلامییان خەست دەبێتەوە، بەکورتی هاوکێشەیەک هەیە هەموو لایەکی پێ لە قەپان دەدرێت، ئەویش ئەوەیە هەتا فکری عروبی نەفامی زاڵتر بێت بەسەر هەر لایەن و پێکهاتەیەک ئەوا هەڵویستی بەرامبەر کورد خراپترە پێچەوانەشی بەپێچەوانەوە.

### ئەزموونی ئێستا:

هێشتا ئەزمونەکە تەواو نەبووە بتوانین هەتا حوکمی کۆتایی بدەین، ئاخۆ بۆ کورد بەو ئەندازەیە ڕاستە سوننە دژی کوردە و شیعەش دۆست، ئەوە لە٨٠ ساڵی حوکمی سوننە ڕاست دەرچوو، ماوەتەوە ئەزمونی حوکمی شیعە ببینین لە دوای ٢٠٠٥ بزانین ئاخۆ هەڵوێستیان لەکاتی

بێدەسەڵاتی و بەدەسەڵاتی وەک یەکە، هەندێ ئاماژە دەری دەخات کە ئەوانیش (یان ووردتر ئەوەی ئێستایان دەسەڵاتدارە) چاوی لە زوڵمکردنە چاوی لە چارەسەری کێشە تایفیی و ڕەگەزی نییە.

دوای ئەوەی سوننە زوڵمێکی زۆری لە کورد و شیعە کرد لە ئێستادا شیعە زوڵم لە سوننە دەکات، دەردەکەوێت هەرلایەک دەسەڵاتی هەبێ بەنیازی تەبایی نین، بە گووتن بانگشەی برایەتی دەکەن و لەژێر ئەو دروشمە یەکتر قڕ دەکەن، ئەو دۆخە تاڕادەیەک کوردیش دەگرێتەوە سەرەڕای ئەوەی لێبوردن و تەبایی هەیە، بەڵام ئەو ماوە حوکمەی لە موسڵ و ناوچەکانی عەرەبی وەک پێویست نەبوو، دەسەڵاتی کوردیش لەو تاقیکردنەوە سەربەرزانە دەرنەچوو، زۆرجار زوڵمی کردووە، کەواتە هەرسێ لا بەهۆی زولمکردن و یەکتر بچووککردنەوە و بێهێزکردن بە زەمانەتی مانەوەی خۆی هەژمار دەکات. لەسەر ئەو بنچینەیە هیچ لایەک متمانەی بە هیچ لایەک نیە و ئاسایشی نەتەوەیی هەرسێ پێکهاتە جیایە لە یەکتر. یەک (گەل)نین، یەک هەڵوێستیش نین و نەبووین، لەوکاتەوە تا ئەم کاتە عێراق هەر لەسەر تایفیی و ڕەگەزی ڕۆیشتووە، یەک هەڵوێست نەبووین، هەرسێ پێکهاتە هەڵوێستیان لە یەک جیابووە، زۆربەی جار پێچەوانەش بووین، کە بەریتانیا لە ١٩١٤ هاتە فاو و شوعەیبە شیعە و کورد شەڕیان کرد سوننە کەوتنە ژێر ڕێنمایی شەریفی مەککە و هاریکاری بەریتانی کرد، بەهەمان نەخشە لە شۆڕشی ١٩١٩ و ١٩٢٠ دووبارەبوویەوە، لە پڕۆژەی یەکگرتنی عێراق لەگەڵ سوریا ئینجا میسر سوننە ڕازی بوو کورد و شیعە ناڕازی بوون، تا دەگاتە شەڕی ئێران سوننە لای سەدام بوو، شیعە لای تاران بوو کورد دژی بەغدا بوون، لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ شیعە و کورد ڕاپەڕین سوننە لای بەغدای گرت، هەردوو لا پێویستییان بە هێڵی ئەمانی (٣٦ و٣٤) بوو کەچی سوننە پێویستی پێی نەبوو، تا ئەم کاتەش لە هاتنی ئەمریکا لە ڕووداوەکانی ناوچەکە یەک هەڵوێست نین، ئەم جارەیان سوننەی دژە شیعە و کورد خۆشحاڵن، هەروا ئەو وەسفەی مەلیک فیسەڵ کردوونی و ووتیەتی :(في اعتقادي لا يوجد في العراق شعب عراقي بعد، بل توجد تكتلات بشرية خالية من اى شعور وطنى)(٢٤) ڕاستە و عێراق نابێتە دەوڵەتی هاوڵات،ی بەڵکو دەوڵەتیکی پێکهاتەیە.

لەسەر ئەو بنچینە هەرلایەک دەسەڵات بگرێتە دەست زۆر بەتوندی لەوانی تر دەدات، لە جیاتی برایەتی بنەمای مرۆڤایەتیی و ئاینیی (مثل المؤمنين...)، ڕێسای (مصائب القوم عندالقوم فوائد..) بەرجەستە دەبێت. بۆیە بۆ چارەی کێشەی عێراقی پێویستە دان بەوە بنێین کە عێراق خۆی کێشەیە نەک وەک پێشوو دەووترا (المشكله الكورديه)، دواتر (المشكله الشيعيه) ئێستاش (المشكله السنيه)، ڕاستییەکەی ئەوەیە عێراق خۆی کێشەیە خۆی لەسەر بنچینەی تایفیی دروستکراوە، چارەسەریشی بە گوفتی دیپلۆماسیی و دیمۆگۆجی نابێت، بلێی برایین و لە ژێرەوە ببیرییەوە، دەروازەی چارە بەوە دەستپێدەکات کە دەستووریانە دان بە واقیعی ڕاستەقینەی عێراق بهێنین کە بریتییە لە ٣ پێکهاتەی لێکجیا.

بەپێی بیریارانی نوێی کورد (هەندێ جار سوننەکانیش لەباری ئێستا وادەڵێن) دەبێ پڕۆژەیەکی وادابڕێژرێت بۆ چارەنووسی عێراق زۆر لامەکەزی بێت و هەم هەرێمەکانی فیدراڵیش تەنیا لەسەر بنچینەی کورد و عەرەب نەبێت، ئەوەیان دیسان زیندووکردنەوەی نەخشە کۆمەڵایەتییەکەیە کە کورد هەر زەرەری بووە لە دروستبوونی عێراقەوە لە ساڵی ١٩٢١، بۆیە عێراق بکرێتەوە سێ هەرێمی فیدراڵی نەک دوو هەرێم کە زیاتر لامەرکەزی دەبێت، کورد هەر لە سەنگەری پێشەوە نابێت لە هەموو ئەگەرێکدا، دان بەوە بنریت عێراق لە دوو ڕەگەز و دوو تایفەی تەواو لێکجیا پێکهاتووە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١. بۆ ئەو باسە بڕواننە (ابن قرناس –احسن القصص لة ص١١١ هةتا ص١٣٤)، بةلآم زياتر لة ص١٢٣.

٢ اقتضاء الصراط المستقيم، ج١، ص٤٠٠.

٣ معجـــم المناهي اللفظية، ص١٦-١٧.

٤ ابن اثير- الكامل فى التاريخ ج٨ص٩٨ .

بڕوانە: ١- بداية والنهاية ج١٢ ص١٨٧ ٢-عبر في خبر من غبر، ج٣، ص٥٢ ٣-شذرات الذهب، ج،٤، ص٢٢٤.

د سميع الدغيم – الموسوعة العلوم الاجتماعية والسياسية فى الفكر الاسلامى والعربى، ص٤٨٤-٤٨٥.

٥ بڕوانە: اهل السنة والجماعة (معالم انطلاقة الكبرى) ص١٦٧.

٦ د سميع الدغيم - الموسوعةالعلوم الاجتماعية والسياسية فى الفكر الاسلامى والعربى، ص٤٨٤-٤٨٥.

٧ بڕوانە: اهل السنة والجماعة (معالم انطلاقة الكبرى)، ص١٦٧.

٨ د محمد هندو – الكليات التشريعية واثرها فى الاجتهاد والفتوى، ص١٩٧ .

٩ بۆ زياتر بڕوانە: الشيخ محمد رضا المظفر- عقائد الامامية، ص٦٧.

١٠ تعريفات الجرجاني، ص٦٢.

١١ معجم الشامل، ص ٣٥٩.

١٢ العراق في رسائل مس بيل، ص٣٩.

١٣ كوتلوف لە كتێبى: الثورة العراقية ص٢١٣.

١٤ الثورة العراقية الكبرى، ص٣٦.

١٥ لاهوت والسياسة، ص٤٩.

١٦ لە زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان ئەگەر باسی سونەو کورد کرابێ ئەوە ووتویەتی کورد زیاتر بووە، بۆ ئەو مەبەستە با بەڵگەنامەیەکی بەریتانی بەکاربهێنین، چونکە لای سونیشیان گرتووە:

CO ٧٣٠/ ٢/١٦١ سكان كردستان: ينكر الكرد بكونهم اقلية في العراق لأن عدد السنة العرب ليس اكثر من الكرد ولكن اعتبارهم مع الشيعة فقط كعرب يعطي لهم الاكثرية. واذا اجريت احصاء دقيق ولم يحسب الكرد ضمن عرب السنة يكون عدد الكرد والعرب متساويا.فمثلا تم تجاهل عدد الكرد في لواء ديالى ذات الاغلبية الكردية والاقضية الكردية في كوت في الاحصاءات السابقة.

١٧ بول بريمر –عام قضية فى العراق، ص٧٦.

١٨Hanna Batatu- Princeton University Press, New Jersey, ١٩٧٨ - P٤٠

١٩ مذكرات جيمى كارتر – ت:شبيب بضون، ص١٣.

٢٠ معركة المصطلحات. ص٢١٣....

٢١ النصوص الصادرة عن السيد السيستانى فى المسألة العراقية، ص٢٨٠.

٢٢ - جان جاك ر□ؤسؤ-فى العقد الإجتماعى، ص٦٨.


٢٣ بۆ ئەو مەبەستەو زیاترزانیاری لەبارەی بەرپرسیاریەتی عەلمانی لەمەینەتی کورد بڕوانە: (ڕۆڵی عەلمانیەت لە دروستبوونی مەینەتی کورد).

٢٤حنابطاطو- العراق ج١، ص٤٤.

# کاریگەری

# هەستی مەزهەبگەرایی

# لەسەر ئەندێشەی مسوڵمانی کورد





**د.سەلام عەبدولکەریم عەبدوڵڵا**

لەدایکبووی١٩٧٩، ماستەر(٢٠٠٩) و دکتۆرا(٢٠١٤) لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ. خاوەنی (١٩) بەرهەمی چاپکراو و ژمارەیەکی زۆر وتار و لێکۆڵینەوەی زانستی بڵاوکراوەیە.



**بەرزانی مەلا تەها**

لەدایکبووی ١٩٨٢، سلێمانی. بەکالۆریۆس لە زانستە ئیسلامییەکان. خاوەنی زیاتر لە (٢٥) بەرهەمی چاپکراو و ژمارەیەکی زۆر وتار و لێکۆڵینەوەی بڵاوکراوەیە.

## سەردەق:

ئەگەرچی لە رابردووشدا کۆمەڵگەی کوردی ئێمە و پانتایی ئاینداریی و ئیسلامیی لەژێر کاراییی و هەژموونی جۆرێک لە ململانێی مەزهەبگەرایی سوونە و شیعەدا بووە، بەهۆی رووداو و پێشهاتە سیاسییەکان و تەرکیزی زیاتری گوتاری ئیسلامیی و زوومیی لەسەر رووداو و گۆڕانکارییە سیاسییەکان، ئەوا پێشبینی دەکرێت دوای کۆتایهاتنی داعش لە رووی سەربازیی و چەکدارییەوە، ئەم پانتایی و زەمینەیە دیسان بکەوێتە ژێر ئەو کارلێکە مەزهەبییەوە، چونکە لەلایەک سروشتی پێکهاتەی عێراق جگەلەوەی مەزهەبگەراییە، هاوکات تادێت کاریگەرییە مەزهەبگەراییەکانی شیعەگەرایی و سوونەگەرایی وڵاتانی دراوسێ و دەوروبەریش تۆختر دەبنەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی بەگشتی لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و بەدیاریکراویش لە دوای داگیرکاریی ساڵی ٢٠٠٣ ەوە لەلایەن ناوەند و مەرجەعیەت و هێزە سیاسییە شیعەگەراکانەوە هەوڵی کاڵکردنەوەی سیما و خەسڵەتە گشتییەکانی سوونەگەرایی لە عێراقدا دەدرێت، لەسەر ئاستی جوگرافیای پارێزگا و شارەکان و دیموگرافیا و رواڵەت و هێما ئاینییە سوونییەکان.

لەخۆڕا نییە لە ماوەیەکی زەمەنی کەمدا دیارترین شارە سوونییەکانی عێراق لە نمونەی موسڵ و سامەڕا لەگەڵ خاکدا یەکسان کرانەوە! بۆیە جگە لە شارەکانی هەرێمی کوردستان ئەوەندەی تێبینی دەکرێت شارێکی سوونەگەرایی بەوشێوەیە لە عێراقدا نەماوەتەوە و یەکپارچە جگە لەوەی وێران کراون، هێز و میلیشیا و مەرجەعەکانی شیعە رێگە نادەن دانیشتوانە سوونەکانی وەک پێشوو لە شوێنی خۆیاندا جێگیرببنەوە و وەک جاران درێژە بەژیان بدەن، واتە ئێستا ئێمە لە عێراق لە بەردەم هەژمونێکی گەورە و خێرایی فراوانخوازیی شیعەگەراییدان، کە دوور نییە شارەکانی کوردستانیش لە داهاتوودا بگرێتەوە. هەروەک بێگومان بەردەوام لەلایەن ناوەند و کەسایەتی و بانگخواز و سیاسییە سوونەکانیشەوە لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە و جیهانی ئیسلامیی و کوردستانیش دنەی هەستی سوونەگەرایی دژ بە شیعەگەرایی دەدرێت و بمانەوێ و نەمانەوێ کایەی دینداریی و کۆمەڵگەی ئاینداری کوردیی کەوتۆتە ژێر جۆرێک لەو ململانێیە مەزهەبگەراییەوە، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئاخۆ پێویست دەکات ئێمەش ببین بە بەشێک لەو ململانێ مەزهەبگەراییە، کە رەگ و ریشەیەکی قوڵتری هەیە؟ ئایا ئێمە چۆن بتوانین بابەتیانە لەو ململانێ مەزهەبیانە بروانین بێئەوەی بکەوینە ژێر کاراییی و هەژموونی هیچ یەکێکیانەوە؟ هەروەک ئایا لە رووی ئایینیەوە پێویستە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەین؟ ئایا پێویست دەکات لەم بابەتەدا روانگەی ئایینیی و نەتەوەیی ئاوێتە بکەین و لە رێگەیەوە ململانێ مەزهەبییەکە شرۆڤە بکەین؟

## عێراق..
## چاوگی دەسپێکی ململانێی مەزهەبگەرایی:

بەوپێیەی ئێمە تائێستا وەک کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا دەژین، گرنگە ئاماژە بەهەندێ زانیاریی دەربارەی سەرهەڵدان و گرفتەکانی دیاردەی مەزهەبگەرایی بدەین. بۆیە لەڕوانگەی مێژووییەوە، سەبارەت بە عێراق، هەمیشە فاکتەری مەزهەبگەرایی بە هێزەوە لە مێژووی هاوچەرخی ئەم وڵاتەدا خۆی نمایش کردووە، چونکە بەدرێژایی ئەم مێژووە تا ساڵی ٢٠٠٣و رووخانی رژێمە توتالیتێرە بەعسییەکەی سەدام شیعەکان بێئامان لێیاندراوە و ژێرپێ نراون، بەتایبەت لە قۆناغی بەعسییەکاندا، کە پتر مۆرکێکی مەزهەبگەرایی سوننەی پێوەدیاربوو بەشێوەیەکی توندیش کاری بۆ پەراوێزخستن و سڕینەوەی شوناسی شیعەکان دەکرد، لە پاڵ نینۆککردنی مەرجیعە ئایینییەکانی شیعە و قارسکردنی رۆڵی حەوزەی زانستیی و

دامەزراوەی ئایینییەکانیان. لە بەرامبەر ئەم زەبر و زەنگەی دەسەڵاتی بەعسیی سوننەی عێراقدا، شیعەکان بۆ پاراستنی شوناسی مەزهەبییان کەوتنە پێکهێنانی پارت و ڕێکخستنی سیاسیی بە ئامانجی بەگژداچوونەوەی دەسەڵاتە سوننە سالارەکەی بەغدا. هەر لە قۆناغی حوکمڕانیی بەعسییەکانیشدا شانبەشانی شیعەکان، کوردی عێراق هاوشێوەی ئەوان کەوتە بەر هێرش و پەلاماری بەعسییەکان، ئەمەش زەمینەیەکی لەباری بۆ کاری هاوبەش لە نێوان ڕێکخراوە سیاسیی و چەکدارییە شیعەکان و کوردە سوننەکاندا دروستکرد و هەردوو گرووپە ئێتنییەکە لە چەوساندنەوەدا هاوبەشبوون. ئیدی لە ئەدەبیاتی سیاسیی ڕەوتە شیعەگەراکانی عێراقیشدا، کێشەی کورد ڕەنگیدایەوە، بەنمونە لە ئەدەبیاتی سیاسیی (حیزبی دەعوەی ئیسلامیی و ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی شیعە)دا و بڕوایان بە بەشداریی سیاسیی کورد هەبوو لە دەوڵەتی عێراقیدا لە پاڵ پێشنیارکردنی بیرۆکەی فیدراڵیزم وەک چارەسەر بۆ کێشەی کورد لە عێراقدا. تەنانەت لە کۆتایی شەستەکاندا دەسەڵات لە عێراقدا دەیخواست لە ڕێگەی شیعەکانەوە ڕەوایەتیی بدات بە سەرکوتکردنی کورد، بەڵام وەختێکیش حکومەتی عێراق لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا جەنگی دژ بە کورد بەرپاکرد، هەوڵیدا لە ڕێگەی فەتوای مەزنە زانایانی شیعەوە ڕەوایەتیی شەڕکردن لەگەڵیاندا بەوەی مورتەدن بەدەستبهێنێت، زانایانی شیعە دژ بەم هەنگاوەی حکومەتی عێراق وەستانەوە، تەنانەت (سەید موحسین ئەلحەکیم) لە ١٩٦٥/٦/١٧دا فەتوایەکی بەناوبانگی دەرکرد و تێیدا شەڕی دژ بە کوردی حەرامکرد، هەروەها کۆمەڵێک لە زانایانی بەغدا و کازمیەی شیعە بروسکەیان ئاراستەی بەرپرسانی دەوڵەت کردووە، داوایانکردووە شەڕی دژ بە کورد ڕابگرێت. بەڵام لەو قۆناغەی سەرکوتکردنی کورددا هیچ بەیاننامە و نوسراوەیەکی ڕەوتە

سوننەگەراکان بەتایبەت گەورەترین جوڵانەوەی ئیسلامیی بزاڤگەریی لەژێر ناوی ئیخوان موسلیمیندا بەدی ناکەین، کە ئەوکات لە چالاکیدا بوون. لەکاتێکدا کورد لە عێراقدا ڕیشەی مەزهەبییان سوننە و شافیعی مەزهەبن، هەروەها بەدرێژایی سەرکوتکاریی بەعسییەکانیش لە عێراقدا هیچ جۆرە نارەزایەتیی و خۆپیشاندانێکی ڕەوتە مەزهەبییە سوننەگەراکان لە جیهانی عەرەبیدا بەدی ناکەین، کە پاڵپشتی بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و بەدەستهێنانی مافەکانی.

هەڵبەتە، یەکێک لەو گرفتە ڕیشەییانەی، کە لەناو ڕوانین و ئەندێشەی تاکی مسوڵمانی کورددا هەیە نائامادەیی هۆشیاریی ئایینیی قووڵە سەبارەت بە ململانێی مێژوویی نێوان سوننە و شیعە، کە لە ئێستادا ڕەوتی شیعەگەرایی ئێران نوێنەرایەتیی دەکات، ئەوەکەی تریش لەچوارچێوەی ڕەوتی سوننەگەراییدا سعودیە نوێنەرایەتیی دەکات. کوردیش لە بازنەی سوننەگەراییدایە. لە ئێستاشدا بەهۆی توندبوونەوەی پێکدادان و شەڕەقۆچی سوننە و شیعە پرۆسەی بە تایفیی بوونی جەنگی نێوان سوننە و شیعە لە عێراق، سوریا و یەمەندا، تادێت بازنەی ئەو بەریەککەوتنە مەزهەبییە توندتر دەبێت، کە ڕەنگە کوردستانیش بگرێتەوە و کاریگەریی قووڵی لەسەر جێبهێڵێت.

پرسیارە ڕاستەقینەکە لێرەدا ئەوەیە تا چەند دەسەڵاتدارانی سیاسیی باشووری کوردستان خۆیان بەدوور دەگرن لە ڕەنگدانەوەی فاکتەری مەزهەبگەرایی لە دید و گوتارەکانیاندا؟ ئایا دەتوانن لەناو چەقی ململانێی تایفییدا بێلایەن بمێننەوە؟ چونکە کەوتنە سەنگەری بەرەیەک لە دژی بەرەکەی تر، قۆناغێکی مەترسیدار لە ململانێی تایفیی نێوان سوننە و شیعە دێنێتەوە ئاراوە، تائێستا کوردی عێراق لە مێژووی هاوچەرخی سیاسیی خۆیدا لە پرسێکی مەزهەبگەرایی لەمشێوەدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە شەڕێکی

واوە نەگلاوە، چونکە فاکتەری مەزهەبگەرایی، سوننە بێت یاخود شیعە، مەترسیی وەحشەتناک لەم ناوچەیەدا دێنێتەوە ئاراوە و هێندەی تر ئاگری جەنگەکە خۆش دەکات. هەروەها هۆشیاریی تاکی مسوڵمانی کورد بەستراوەتەوە بە ڕەوتی ئیسلامی بزاڤگەریی دەرەکیی، لە ڕووی ئایدیا و گوتارەوە هاوبەستەگییەکی قووڵ پێکرا دەیانبەستێتەوە، ئەمەش زادەی ناخۆماڵیی بوونی تێفکرینی مسوڵمانی کوردە، کە هەمیشە بارگاوییە بە گۆڕانکارییە دەرەکییەکانی جیهانی ئیسلامییەوە، واتە پاشکۆی عەقڵییەتی ئیسلامی سیاسیی عەرەبییە و وەک ڕەوتێکی میللیی کوردیی بە ئایدیای ئیسلامیی میللییەوە سواخ نەدراوە. لەکاتێکدا ئیسلامیی میللیی لە کوردستاندا لە قۆناغی سەرداربوونی ئەواندا لەچوارچێوەی تەریقەتی قادریی و نەقشبەندییدا چەقی کاریگەریی و پەخشکردنەوەی بوون بە وڵاتانی هەرێمیی و تەواوی ناوچەکەدا. بەنمونە تەریقەتی نەقشبەندیی لەسەر دەستی مەولانا خالیدی نەقشبەندیی دا، کە توانی چ کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی لە زیهنییەتی مرۆڤی کورددا دروست بکات.

زیهنییەتێک، کە زادەی ڕوانینێکی بێ غەل و غەشی کوردییانە بوو لەپاڵ ڕەسەنایەتییە پاک و پوختەکەیدا، کە هیچکات وەک پاشکۆیەک دەرنەکەوتووە و، جگە لە دەوڵەتانی هەرێمیی و ئیسلامیی، کاریگەرییە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکەشی پەڕیوەتەوە بۆ ئەفەریقا و بگرە ئەوروپاش. بەڵام بەداخەوە لە ئێستای نەخشەی بزاڤە ئیسلامییەکانی باشووریی کوردستاندا دیاردەی بە سەلەفیی بوونی کۆمەڵگەی کوردیی، یەکێکە لەو مەترسییانەی، کە زادەی کەوتنە ژێر کاریگەریی فاکتەری مەزهەبگەرایی سوننەیە، بەدیاریکراویش هەڵکشانی شەپۆلی سەلەفیزمی ئیسلامیی، کە ناوکێکی زۆر بەهێزی لە کوردستاندا پێکهێناوە، بێگومان ئەمەش ئەجێندایەکە لەلایەن سعودیەوە لە باشووریی کوردستاندا پەرەی پێدەدرێت و سەلەفیزم وەک دیواربەندێک قایم دەکەن، تاکو ڕێگر بێت لە پەڕینەوە و پەلکێشانی تەوژمی شیعەگەرایی.

ئێمە بڕوامان وایە لە دوای ڕاپەڕینەوە بەدیاریکراوی بەهۆی گەشەکردنی بزاوتی ئیسلامیی و دوای نەمانی سیمبولە ئایینیەکان، کە لە زۆر باردا هەڵگری بەشێکی باش لە گوتاری نەوەی پیاوانی ئایین و شێخانی تەرقەت بوون، درێژەیان بەو ئاراستە نەتەوەیی و ئایینییەدا، بەڵام گەشەکردنی خێرای ئیسلامی سیاسیی و سەلەفییەت و کارکردن لەسەر پاشەکشە پێکردنی ڕەوتی تەسەوف و ڕێبازە سۆفیگەرییەکان کاریگەریی هەبوو لەسەر لاوازکردن و جێ پێلێژکردنی گوتاری نەتەوەیی و ئایینی، بەڵکو زیاتر گوتارێکی ئایینی جێگەی گرتەوە، کە بە کەمی خەسڵەتی نەتەوەیی لەپێشچاو گرتووە، هەروەها لەمڕووەوە زەمینە ئایینییەکەش کاریگەری هەبووە، بەهۆی بوونی هێز و تەوژم و ئاراستە و بیرکردنەوەی ئایینیی و ئیسلامیی جیاواز لە باشووری کوردستان، هاوکات لاوازبوونی ئایینداریی و ئیسلامیی میللیی و کۆمەڵایەتیی. بێگومان یەکێک لە دەرهاویشتە نێگەتیڤەکانی گەشەکردنی ئیسلامیی سیاسیی، بەتایبەت ئەو ئاراستانەی، کە تایبەتمەندیی کۆمەڵگەی کوردیی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیان بەهەند وەرنەگرت و بایەخیشیان پێنەدا و بەپێچەوانەوە کاریان کرد لەسەر بەستنەوەی زیهنییەتی تاکی باوەڕداری کوردیی بە چەمکی خەلافەتگەرایی و ئوومەتگەرایی و ئەو ئایدۆلۆژیایەی کە باس لە چەمکی برایەتی ئیسلامیی نەتەوەکان دەکات و لە بنەڕەتدا لە خزمەتی نەتەوەکانی عەرەب و فارس و تورکدایە و زۆرجار بارگاوی دەبێت بەو ململانێ مەزهەبیانەی سوننە و شیعە لە عێراق و دنەی هەستی سوونەگەرایی لەژێر کاریگەریی چەمکی برایەتی ئیسلامیی و ئوممەتگەراییدا دەدات لە

دەرەوەی هۆشیاری ئاینی.

لەلایەکی ترەوە نەبوونی یەک مەرجەعییەتی ئایینیی و ئیسلامیی لە باشووری کوردستان و هاتنەئارای ڕای جیاوازی بیروباوەڕیی سیاسیی و هەروەها سەرهەڵدانی ناکۆکیی و لێکترازانی سیاسیی و ڕێکخراوەیی دیسان یەکێکیتر لە فاکتەرەکانی زەمینەسازیی جێبوونەوەی کاریگەریی هەستی مەزهەبگەرایی سوونە و شیعە بووە، خۆ لێرەدا تەنها باسکردن نییە لە مەترسییەکانی زاڵبوونی هەستی سوونەگەرایی لە ململانێی مەزهەبیدا سەبارەت بە ئایندەی کوردستان، ئەوەندەی پەیوەندی بە مەترسی هەستی شیعەگەراییشەوە هەیە، مەگەر لە ناوچەکانی خانەقین و مەندەلی و لای ئەو کوردانەی بە مەزهەب مسوڵمانی شیعەن هەستی مەزهەبی زاڵ نییە بەسەر هەستی ئایینیی و هۆشیاری ئاینیی و نەتەوەییاندا؟ مەگەر هەر بەریەککەوتنێکی مەزهەبی ئەگەر ڕوویدات دەتوانن خۆیان یەکلایی نەکەنەوە و هۆشیارانە مامەڵە بکەن؟ بێگومان نەخێر. کەوابوو لە هەردوو باردا دەبێ مرۆڤی باوەڕداری کورد زۆر هۆشیارانە لەگەڵ ڕووداو و پێشهاتە سیاسیی و ململانێ مەزهەبییەکاندا مامەڵە بکات.

لە ئێستاشدا، دەنگۆی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ڕێک وابەستەیە بەو جۆرە بیرکردنەوەی مەزهەبییەوە، چونکە جوگرافیای دابەشبوونی سوننەکان لە ناوەڕاست و باکووریی عێراقدا تێکوپێکدراوە، زۆرینەی سوننەکان لە باشووری کوردستاندا گیروساونەتەوە، کە بەهۆی شاڵاوی میلیشیا شیعەکانەوە زۆربەی شار و ئاواییەکانیان خاپوورکراوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی فاکتەری مەزهەبگەرایی شیعەیە، کە تۆڵەی لە مێژینەی خۆیان لە سوننەکان دەکەنەوە و بەتەواوی کەوتوونەتە ژێر هەژموونی شیعەگەرایی ئێرانییەوە. بۆیەشە، لەلایەن ئێرانەوە هەرچەشنە جیابوونەوە و لەخۆگرتنی سوننە عەرەبەکان لە چوارچێوەیەکی قەوارەیەکی سەربەخۆیی کوردیدا بە هەڕەشەیەکی گەورەی لەقەڵەم دەدەن بۆ سەر ستراتیژ و بەرژەوەندییەکانی ئێران لە عێراق و ناوچەکەدا. دەشێت بە وریاییەکی زۆرەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆسیەدا بکرێت، چونکە مەزهەبگەرایی شیعە و سوننە هیچ خێرێکی بۆ کورد نەداوەتەوە، بەتایبەت لە عێراقدا بەهۆی زاڵبوونی ناسیۆنالیزمی عەرەبییەوە لەلای بژاردەی سوننە و شیعەوە هەرگیز ڕێگە بەهیچ مافخوازییەکی کورد نەدراوە تائێستا بدرێت. بەتایبەت لە پاش ساڵانی ٢٠٠٣وە، گرنگترین جومگە سەرەکییەکانی دەوڵەتی عێراق بەدەست شیعەوەیە، کورد و شیعەش هاوبەشییەکی گەورەی حوکمڕانیی لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام لەوساوە تا ئەمڕۆ جگە لە بەرتەسککردنەوەی مافەکانی کورد، هیچ بڕوایەکی ئەوتۆ دروستنەکراوە.

> **ئێستا ئێمە لە عێراق لە بەردەم هەژمونێکی گەورە و خێرایی فراوانخوازیی شیعەگەراییدان**

**داعش.. بزوێنەری خێراترکردنی هەستی مەزهەبگەرایی:**

یەکێکی تر لە ڕەنگدانەوە مەزهەبییەکان لە دەرکەوتنی داعشدا خۆی نمایش دەکات، داعش وەک زبرترین بزووتنەوەی ڕادیکاڵی مەزهەبیی سوننە، کە توانی لە ماوەیەکی کەمدا بەشێکی گەورە لە عێراق داگیر بکات. هەرچی پەیوەندیی

# هۆشیاریی تاکی مسوڵمانی کورد بەستراوەتەوە بە ڕەوتی ئیسلامی بزاڤگەریی دەرەکیی

به کوردستانەوە هەیە، بینیمان چۆن بەدەیان گەنج لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە خۆیان خزاندە ناو ڕیزەکانی ئەو ڕێکخراوەوە، کە ئاماژەیەکی زۆر مەترسیدار بوو بۆ پاشکۆیەتیی تێڕوانینی موسڵمانی کورد، بۆیەشە بەو زووییە کەوتنە ژێر کاریگەرییان، بێگومان ئەم دیاردەیەش پەیوەندییەکی بەهێزی بە فاکتەری مەزهەبییەوە هەبوو، چونکە لە سوریادا شیعەی عەلەویی لەسەر دەستی بەشار ئەسەد لە دەسپێکی شۆڕشی سورییەکانەوە بینیمان بە چ عەقڵییەتێکەوە کەوتە بەرپەرچدانەوەی ناڕەزایەتییەکان و گرووپە بەرهەڵستکارەکان، کە لەلایەن سعودییە، قەتەر و ئیماراتەوە دنەدەدران و کۆمەک دەکران، هەروەها بینیمان چۆن ئێران میلیشیاگەلێکی زۆری خزاندە سوریاوە و مۆرکێکی تەواو تایفیی بەسەر جەنگەکەدا دراو ڕادیکاڵیزمی سوننەی عێراقیشی گرتەوە. سەرەنجام بێ ئاگابوون و بەردەوامبونی پاشکۆیەتیی ئایدیای مسوڵمانی کورد بۆ ڕەوتی ئیسلامی سیاسیی و سەلەفیزمی جیهادیی، مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر ئایندە ئیسلامی کوردیی.

دەرکەوتنی داعش سەبارەت بەجوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، تەنها مەیدانبازیی و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سیاسیی و چەکداریی نییە، بەڵکو لە هەمانکاتدا مەیدانبازییەکی ئایینیی و بیروباوەڕییە و مەترسییەکی گەورەشە لەسەر ناسنامەی نەتەوایەتی و کەسێتی نەتەوەیی کوردیی، چونکە ئەم هێزە لە یەک کاتدا لە ڕوانگەی سیاسیی و چەکداریی و هزرییەوە ڕووبەڕووی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیی بۆتەوە و تاڕادەیەکیش توانیویانە لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا و لە ڕێگەی پاڵنەری ئایینەوە کاریگەری خۆیان هەبێت، بەدیاریکراویش لەسەر ڕێژەیەک لە گەنجان. سەرباری ئەوەی داعش ڕاستەوخۆ تەکفیری کۆمەڵگەی کوردیی دەکات و لە ڕووی ئاینییەوە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە هێمای بەرخودان و پاراستنی سنوورو خاکی کوردستانەوە بۆ هێزی هەڵگەڕاوە و بێدین شرۆڤە دەکات و لە ئەدەبیات و کتێب و بڵاوکراوەکانیاندا ئاماژەیان پێداوە.

## تورکیا.. دۆستێکی دوورو پراگماتیکی سوننەی جیهانی ئیسلامی:

وێستگەیەکی تری کاریگەریی لەسەر بزواندنی هەستی مەزهەبگەرایی مرۆڤی باوەڕدار هەیە، ئەویش بریتییە لە هەندێ لەو گوتارانەی بەرپرسانی پارتی دادو گەشەپێدان لە تورکیا لە ماوەی ڕابردوو لەکاتی بانگەشەکانی هەڵبژاردن و کودەتاکەی ١٥ی تەمووزی٢٠١٦و لە بارودۆخی و ئێستای جەنگی سوریادا داویانە، ئەگەرچی دادو گەشەپێدان پارتێکی پاشخان ئیسلامییە و هەڵگری گوتاری مەزهەبیی و سوننەگەرایی نییە، بەڵام نکۆڵی لەوەش ناکرێ هەمیشە کاری لەسەر ئەوە کردووە، کە خۆی بە پارێزەری مسوڵمانانی سوننەی جیهانی ئیسلامیی و کێشە و مەینەتییەکانیان بزانێت لە فەلەستینەوە تا دەگاتە هەڵوێست و لێدوانەکانیان لەسەر مسوڵمانانی بۆرما. لەڕاستیشدا، لە قۆناغی هاتنەپێشەوەی پارتی دادو گەشەپێداندا، کە لە بنەڕەتدا بزاڤێکی ئیسلامی سیاسیی تورکی سوننەیە، لە دەستپێکی دامەزراندنییەوە لە ساڵی

٢٠٠٠، جگە لە پێشنیارکردنی پرۆژەیەکی نیوەڕێ و شکستخواردوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد هیچ بەرنامەیەکی تری نییە و کار بۆ شێواندنی زیهنییەتی تێفکرینی مسوڵمانی کورد لە باکووری کوردستان و تەنانەت باشووریش دەکات، لەکاتێکدا هیچ برِوایەکی ڕاستەقینە لەم هێزە ئیسلامییەدا بەدی ناکرێت سەبارەت بە کێشەیەکی گەورە و گرانی وەک ئاریشەی کورد لە تورکیادا. پارتی دادو گەشەپێدان لە ساڵی ٢٠٠٠ دامەزرا و زۆرینەی کورسییەکانی پارلەمانی لە سێ خولی هەڵبژاردندا لە ساڵی ٢٠٠٢ بە ڕێژەی ٣٤٪ و لە ساڵی ٢٠٠٧ ڕێژەی ٤٧٪ و لە ساڵی ٢٠١١ ڕێژەی ٥٠٪ی دەنگەکانی بەدەستهێنا و، هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی مسۆگەرکرد. لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا، کە زۆرینەیان کوردن دەنگێکی زۆری بەدەستهێنا، لە ڕێگەی دەستگرتنی بەسەر شارەوانییەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی، لەلایەن کوردەکانەوە وەڵامدانەوەی جەماوەریی هەبوو بۆ تێزەکانی پارتەکە، هەروەها پارتی نێوبراو هەستا بەگرتنەبەری چەندین ڕێوشوێنی تایبەت بە کێشەی کورد، پارتەکە پێیوابوو کێشەی کورد بە تەنها لە ڕەهەندی سیاسییەوە چارەسەر ناکرێت، بەڵکو کێشەیەکی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگییە.

پارتی نێوبراو لە بەرنامەی سیاسیی خۆیدا خۆشحاڵبوو بە دروستکردنی «بزووتن و جموجۆڵی فەرهەنگیی بە زمانەکانی تر جیا لە زمانی تورکیی»و بە بەدەستهێنانێکی گرنگیان لەقەڵەمدا لە چەسپاندنی یەکێتیی لە تورکیادا. لە ئاکامی ڕاستەوخۆی ئەو سیاسەتەش دەرکەوتنی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی نوێ بوو بەناوی (TRT٦) کە لە ساڵی ٢٠٠٤ بە زمانی کوردیی پەخشی دەکرد، ئەمەش گۆڕانکارییەک بوو لە جۆری خۆیدا یەکەمجاربوو لە مێژووی تورکیادا.

حکومەتی پارتی دادوگەشەپێدان نەخشە ڕێگەیەکی دانا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و ناوی پرۆژەی (برایەتیی و هاوبەستەگیی) لێنا. دەوڵەتی تورکیا هەستا بەڕێوشوێنی بەرفراوانکردنی مافە فەرهەنگییەکانی کورد. ئەردۆگان چەندین چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕۆشنبیرانی وڵات ئەنجامدا، لەنێویاندا بژاردەی کوردیی، بە ئامانجی سەرخستنی نەخشەڕێگاکە. بەمشێوەیە پارتی دادوگەشەپێدان پتر لە نیوەی دەنگەکانی لە کوردستانی باکوور بەدەستهێنا و لەو ناوچانەدا پێشی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی کوردیی دایەوە، کە بنکەی جەماوەریی پارتە کوردییەکە بوو. بەتایبەت لایەنگرانی پارتی دادوگەشەپێدان زیاتر فشار بۆ پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی دەهێنن و لە دادگاکاندا داوایان لەسەر تۆمار دەکەن بە تۆمەتی پاڵپشتیکردنی P.K.K. دادگای دەستووریی لە ساڵی ٢٠٠٩ پارتەکەی قەدەغەکرد و دەسەڵات هەڵمەتێکی بەرفراوانی بۆ قۆڵبەستکردنی چالاکەوانانی کورد دەستپێکرد لەناویاندا سەرۆک شارەوانییە هەڵبژێردراوەکان، بەمەش کرانەوەی سیاسیی دووچاری شکستێکی نوێ بۆوە بەهۆی وێڵبوون بەدووی دەسکەوتی حیزبیی بەرتەسکدا. بۆ سەلماندنی نیازپاکیی ئاکپارتیی لە بەرامبەر کورد، لە ٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩ پارلەمانی تورکیا کۆبۆوە بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی پلانی گشتگیری حکومەت، کە کۆتایی بە ململانێی چەکداریی دەهێنێت، هەروەها ئەنجامدانی گۆڕانکاریی گەوهەری بۆ قبوڵکردنی خواستە فەرهەنگیی و سیاسییەکانی کورد و دیاریکردنی جێگری سەرۆکی حکومەت (بوڵەند ئارینچ) وەک بەرپرسی دۆسیەی کورد و بەرپرس لە گفتوگۆکردن لەگەڵ کورد دا، حکومەتەکەی ئەردۆگان پەیوەندیی بە ئۆجەلانەوە کرد لەو ڕێگەوە پڕوپاگەندە کرا بەبێ ئەوەی بەشێوەیەکی فەرمیی ڕابگەیەنرێت بۆ گەیشتن بە نەخشەڕێگەی گەیشتن بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بۆ ئەم مەبەستە گفتوگۆی سیاسیی و بەدواداچوون کران

و سیمینار و گفتوگۆی ئەکادیمیی لەمبارەیەوە ئەنجامدران. هەروەها ئەنجامدانی ڕاپرسیی لەسەر کۆمەڵێک چاکسازیی، کە ٢٦ بەندی بەشێوەی پلەبەپلە لەخۆدەگرت، لەناویاندا بەندێک هەبوو دەکرا سوپا لە بەردەم دادگای مەدەنیدا لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام گۆڕانکارییە پێشنیارکراوەکان بۆ دامەزراندنی دادگای دەستووریی و دەستەی باڵای دادوەران و نوێنەران و داواکاری گشتیی، ئۆپۆزسیۆنی وروژاند سەبارەت بەسەربەخۆیی دادوەریی لەسەروبەندی ئامادەکاریی بۆ ڕاپرسییە دەستوورییەکە، کە لە ئەیلولی ساڵی ٢٠١٠ دا ئەنجامدرا، پارتی دادوگەشەپێدان توانی توێژێکی گرنگی کورد ڕازی بکات بەوەی ڕیفۆرمە دەستوورییە پێشنیارکراوەکان بە قازانجی ئەوان دەشکێتەوە.

ئیدی کوردەکان ئامادەیی بەرچاویان هەبوو لە بەرژەوەندیی ئەو گۆڕانکارییە دەستوورییانە، هەرچەندە ڕێژەی بەشداریی نەکردن لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ گەورە بوو بەهۆی بڕیاری P.K.K وە. لەچوارچێوەی کێبڕکێ بۆ هەڵبژاردنەکەی ساڵی ٢٠١١ خودی ئەردۆگان ڕاشکاوانە ڕایگەیاند ساڵی ٢٠١١ ساڵی چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەبێت لە تورکیادا، بەڵێنی بە ناوچە کوردییەکاندا بەتایبەت دیاربەکر پایتەختی هەرێمە کوردییەکە، ڕکابەرەکانی بە «شێتیی هەڵبژاردن»یان وەسفدار کرد، P.K.K بە ڕووی حکومەتەکەی ئەردۆگاندا وەستایەوە لە ڕێگەی بانگەوازکردنی بۆ بیرۆکەی ئۆتۆنۆمیی و خۆبەڕێوەبەریی لە هەرێمە کوردییەکەدا وەک جۆرێک لە واقیعگەرایی سیاسیی، ئۆجەلان داوای لە کوردەکان کرد کە ئامادەبن بۆ ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمیی لە هەرێمە کوردییەکە و پایتەختەکەی دیاربەکر لە ١٥ی حوزەیرانی ٢٠١١دا وەک سەرەتای قۆناغێکی نوێ. حکومەتی تورکیاش ئەو بانگەوازەی بە فەندەفێڵ و تەڵەیەکی قێزەون و گەمەیەکی ترسناک لەقەڵەمدا، لەیلا زانا گوتی: ساڵی ٢٠١١ ساڵی خۆبەڕێوبەریی کورد دەبێت و ٢٠ ملیۆن کورد شوناس و زمان و ئۆتۆنۆمییان لەچوارچێوەی یاساکاندا دەوێت، ساڵی ٢٠١١ ساڵی خۆبەڕێوەبەریی دەبێت و یەکەمین خواستی گەلیش ئازادکردنی تەواوی گیراوانی سیاسیی دەبێت لە پاش هەڵبژاردنەکان. دووبارە ئەردۆگان و پارتی ئاشتی و دیموکراتیی کوردی کەوتنە ململانێ و شەڕەقۆچی هەڵبژاردنەوە.

جێگەی باسە، پارتی دادوگەشەپێدان ڕوویەکی نوێی بۆ چارەسەریی کێشەی کورد جیاواز لە حکومەتەکانی پێشوو پیشاندا، ئەویش بە گرتنەبەری چارەسەری ئاشتیی و دوورکەوتنەوە لە ڕێگەچارەی ئەمنیی، کە شکستی هێنابوو و بازنەی ململانێی تورکیی – کوردیی بەرەو ئاقارێکی توند و دژوار بردبوو، ئیدی پارتی ناوبراو تێڕوانینی خۆی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیادا لە دوو ڕێچکەدا کورت کردەوە، ئەوانیش: یەکەم، لە ڕێگەی پرۆسەی «کرانەوەی دیموکراتیی» بۆ چارەسەریی کێشەی کورد لەو وڵاتەدا بەگرتنەبەری جموجۆڵی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی لەسەر هەردوو ئاستی فەرمیی و ناوخۆیی کێشەکە، کە خۆی لە گفتوگۆکانی نێوان حکومەت و ڕێبەری pkk عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا دەبینییەوە لە ساڵی ٢٠١٣دا لە ڕێگەی دەزگای هەواڵگریی تورکیی و ئەندامانی پارتی دیموکراتیی گەلان. دووەم، بەدیهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام و خۆشگوزەرانی ئابووریی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا، کە زۆرینەیان کوردن، چونکە پێشتر لە سەردانەکەی ئەردۆگاندا لە ساڵی ٢٠٠٨ بۆ دیاربەکر پلانێکی حکومەتی ئاشکراکرد بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی گەشەپێدان لە ناوچە کوردییەکاندا، کە خۆی لە وەبەرهێنانی ١٢ ملیار دۆلاردا دەبینییەوە، لە ماوەی پێنج ساڵدا لە ٧٣ پرۆژەی جۆراوجۆردا، کە ٩ شاری کوردیی دەگرتەوە.

هەروەها ئامانجیان ئەوە بوو دیاربەکر بکەنە ناوەندێک بۆ ڕاکێشانی کۆمپانیاکان و بەڵێنیشیاندا زیاتر لە ٣،٨ ملیۆن هەلی کار بڕەخسێنن. ئەم پلانەش لەچوارچێوەی هەوڵەکانی پارتی دادوگەشەپێداندا بوو بۆ باشکردنی دۆخی بژێویی کوردان تاکو بەهۆی بێکاریی و فەرامۆشکردنیانەوە نەدەنە پاڵ پارتی کرێکارانی کوردستان. ئەوەی بەلای ئێمەوە جێگەی سەرنجە، ئاکپارتی لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی ٢٠٠٢دا توانی لە ناوچە کوردییەکاندا ڕێژەیەکی بەرچاوی دەنگەکان بەدەست بهێنێت، چونکە دەیویست خۆی وەک پارتێکی جیاواز لە ڕووی ئایدیا و ئەندێشەی سیاسییەوە خۆی وێنا بکات، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەنگاوی چارەسەریی هێنایە ئاراوە لەپێناو یەکلاکردنەوەی کێشەی کورد لە تورکیادا، بەمپێیە لە ڕوانگەی ئەوانەوە کێشەی کورد پتر کێشەیەکی ئابووریی و فەرهەنگییە وەک لەوەی کێشەیەکی سیاسیی بێت، ئەمەش بە ئامانجی شێواندنی شوناسی نەتەوەیی کورد لە باکووری کوردستان و پێشنیارکردنی تەرزگەلێکی نوێی چارەسەریی چەواشەکارانە و هێنانەبەرباسی چەمکی «برایەتیی و هاوبەستەگیی»، کە جگە لە هەڵخەڵەتاندن و درۆسازیی هیچ شتێکی تری لێ سەوز نەبووە. گرتنەبەر و بڕوابوونیش بە برایەتیی ئیسلامیی لەو چوارچێوەبەندیەدا خۆی دەبینێتەوە، کە پارتی دادوگەشەپێدان چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە سایەی چەمکە مۆدێرنەکانی پلورالیزم و بە هاوڵاتیبووندا نابیننەوە، بەڵکو دەیانەوێت بە قۆستنەوەی دۆخی پاشکەوتوویی و سوونەتیی دانیشتوانی کورد بە هەنگاوی لەخشتەبەرانە هاوڵاتیانی کورد بەلای خۆیاندا ڕابکێشن و، نمایشێکی وەها بکەن، کە ئێمە لە چوارچێوەی چەمکی برایەتیی ئیسلامیدا چارەسەرمان پێیە. تەنانەت ئەردۆگان لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا بۆ لێدان لە تەڤگەری ئازادیخوازیی گەلی کورد گوتی «ئێوە دەنگ بە کەسانێک مەدەن، کە ڕێبەرەکەیان بە پێغەمبەر (د.خ) دەزانن»، ئەمەش وەک هێمایەک بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان و ڕێبەرەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان.

ئەم گوتەیەش لە بنەڕەتدا بەکارهێنانی ئایینە لە خزمەت بەرژەوەندییە حیزبییەکاندا لەلایەن ئاکپارتییەوە و ڕووی پراگماتیی سەرانی پارتەکە دەردەخات. سەرەنجام، ئەزموونی ئیسلامی سیاسیی ئاکپارتیی لە تورکیا هیچ بڕوایەکی ڕاستەقینەی بە برایەتیی ئیسلامیی نییە، وێڕای ئەوەی لەگەڵ زۆرینەی کوردی باکووردا هاومەزهەبن، کەچی دەبینین ماوەی دووساڵە چ کارەساتێکی لە ناوچە کوردستانییەکانی باکووردا دروستکردووە و بە دەیان شار و شارەدێ و ئاوایی خاپوورکراون. لەمبارەیەوە یەکێکی تر لە بەڵگەکانی پاشکۆیەتیی زیهنییەتی مسوڵمانی کورد خۆی لە کودەتا شکسخواردووەکەی تورکیادا دەبینێتەوە، بینیمان چۆن هەڵایەکی گەورەی لە باشووری کوردستاندا دروستکرد و ئەردۆگان و پارتەکەی کرانە فریادڕەس و بەرە نەیارەکانیان کرانە دوژمن، بەتایبەت ڕەوتی گولەن بەڕێبەرایەتیی (فەتحوڵڵا گولەن).

هەروەها لە ئێستاشدا، کە ڕۆهینگییەکان لە بۆرما کەوتوونەتە بەر پەلامار و هێرشی دەوڵەت، سەرانی ئاکپارتی سەردانی کەمپەکانیان دەکەن و بۆیان دەگرین، وەک هەوڵێک بۆ بەدەستهێنانی هەست و سۆزی جیهانی ئیسلامیی بەتایبەت عەرەبیی، لە کوردستانیشدا لەلایەن ئەو ئیسلامییانەی، کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئاکپارتییەوە دەهۆڵی بۆ دەکوترێت و بەرز دەنرخێنرێت، بەڵام ئامادەنین بە هیچ شێوەیەک دیمەنی دەڤەرە خاپوورکراوەکانی باکووری کوردستان لەسەر دەستی ئەکەپە بڵاوبکەنەوە، بگرە بە هەموو شێوەیەکیش کەوتوونەتە دژایەتیکردنی خەباتی کورد لە باکووری کوردستان.

هەموو ئەمجۆرە مامەڵانەی تورکیا و ئاکپارتی

کاریگەریی بەسەر بزواندنی هەستی ئایینی مرۆڤی باوەڕداری کوردەوە هەبووە، بەجۆرێک کار گەیشتە ئەوەی لەکاتی کودەتاکە نوێژی بەکۆمەڵ و دوعا و قنوتیان بۆ بخوێنن، لەکاتێکدا بە هەموو پێوەرێک ئەو ڕووداوە ڕووداوێکی سیاسیی بووە و دەشێ نەک تەنها لە تورکیا و دژ بە ئاکپارتی لە هەموو وڵات و دژ بە هەموو پارتێکی فەرمانڕەوا پەیڕەو بکرێت، بەڵام پرسیارەکەدا لێرەدا دوو ئاراستەی هەیە، یەکەمیان ئەوەیە بۆچی مرۆڤی باوەڕداری کورد بەخێرایی و ئاسانی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی وەها ڕووداوێکی سیاسیەوە و هەستی ئاینیی سوونەگەراییەکەی دەبزوێ؟ هەروەک ئاراستەی دووەمی پرسیارەکە ئەوەیە، بۆچی لە ئاستی گەورەترین تراژیدیا و ڕووداوی نەتەوەی کورد و تەنانەت ڕووداو و تراژیدیای پارتە ئیسلامییە سوونییە کوردەکانی باشووردا هەستی ئیسلامیی سوننە و مەزهەبی مرۆڤێکی باوەڕداری تورک و عەرەب و فارس نابزوێت؟

بۆیە بەشێک لەو ڕەخنانەی لە ڕابردوودا ئاراستەی هێزە ئیسلامییەکان دەکرا، ئەوەبوو کە کەمتر گوتاری نەتەوەیی و ئاینییان پێکەوە گرێداوە، ئەم ڕەخنەیە ڕەخنەیەکی ڕووکەشانە و ئایدۆلۆژی نیە بەو مانایەی کە ئیسلامییەکان ئینتیمایان بۆ نەتەوە و نیشتمان نیە یاخود بڕوایان پێی نیە، بەڵکو ئێمە بڕوامان وایە بناغەی ئەم ڕەخنەیە پێوەندی بەسەربەخۆنەبوونی فیکری ئیسلامییەکان هەیە لە ڕابردوو ئێستاشدا، کە بتوانن وەک هێزێکی بنەڕەتی کۆمەڵی کوردی کۆی بیرکردنەوە و فەتوا و بیروباوەڕ و سیاسەتکردنیان خۆماڵی بکەن، وەک چۆن ئیسلامی سیاسیی لە تورکیا ئەگەر بەگشتی وەربگرین یاخود بەشە کاریگەرەکەی وەربگرین، کە لە ڕابردوو ئێستاش لە حکومدان، هەرگیز ڕێگەیان نەداوە فیکری ئیسلامی ئیخوانیزم شوێنی فیکری ئیسلامی تورکی خۆیان بگرێتەوە، لەکاتێکدا سودیان لە پارەی وڵاتانی کەنداو بینی، سودیان لە پشتیوانی سیاسیی و ئاینیی جیهانی ئیسلامی بینی، بەڵام تائێستاش ئامادەنین ڕێرەوی فیکری ئیسلامی تورکی خۆیان ڕادەستی فیکری ئیخوانیزم یاخود سەلەفیزم یان هیچ فیکرێکی دیکە بکەن، بەپێچەوانەوە ئۆردوگان ئەوکاتەی سەرۆک وەزیران بوو لە سەردانێکیدا دوای سەرکەوتنی بەهاری عەرەبی لە وڵاتانی میسر و تونس و لیبیا بۆ ئەو وڵاتانە داوای لە ئیخوان موسلیمین کرد کە وەک ئاکەپە ئیسلام و عەلمانیەت ئاوێتە بکەن و ئەزمونی ئیسلامیزمی تورکی پێڕەو بکەن.

بۆیە ئەگەرچی ئیخوان وەک ڕێکخراوی ئیسلامی سیاسیی دێرینتر و کارایی زیاتری هەبووە و ڕێکخراوی دایکە، بەڵام ئەم کارایی و دایکبوونەی وەک ڕێکخراو و فیکر لای ئیسلامی تورکیی نەبۆتە پاساوێک بۆ خۆڕادەستکردنیی و پاشکۆبوونی، بەڵام ئەمە سەبارەت بە ئیسلامیزمی کوردییەوە پێچەوانەیە و هەر قۆناغێک لەژێر کارایی ئاراستەیەکی فیکریی و سیاسیی ئیسلامیزمی دەرەوەی کۆمەڵگەی کوردیدا بووە. ئەم خۆماڵیکردنەی فیکر وەک ئەرکی ئەم قۆناغە هەستیارە بۆ ئیسلامییەکان تەنها پەیوەندی بە فیکرەوە نیە و نایگرێتەوە، بەڵکو دەبێ لایەنی بیروباوەڕ و مامەڵەی ڕۆژانەی خەڵکیش بگرێتەوە، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە مرۆڤی ئایندارى نێو کەشوهەوای فێنک و شێداری وەک کوردستان چاوەڕێی فەتوای زانایەکی عەرەبی بیابانەکانی سعودیە و یەمەن و میسر نەبێت، بەڵکو پێویستە ئیسلامیزمی کوردی بە لەبەرچاوگرتنی بنەما نەگۆڕەکان و ژیانی نوێ و ئەو تایبەتمەندییانەی مرۆڤی کورد و کۆمەڵگەی کوردی هەیبووە و هەیەتی بیر لە خۆماڵیکردنەوەی دەقە شەرعییەکان بکاتەوە بەشتبەستن بەو کولتورە ئاینییەی هەمانە، چونکە لێرەوە دەتوانین خۆمان بەدوور بگرین لەهەر ململانێیەکی مەزهەبی، کە لە ئاییندەدا ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان ببێتەوە و کەمترین زیانمان لە لێکەوتەکانی بەربکەوێت.

## ئێران.. باوکی بەردەوامی ئاودیوکردنی ئەندێشەی مەزهەبگەرایی:

وێستگەیەکی تری کارایی ململانێی مەزهەبیی و مەترسییەکان وەک بیرخستنەوە و شرۆڤەکردنێک دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ کاریگەریی مەزهەبگەرایی و کەوتنە ژێر کاریگەریی ئایدیا شیعەگەرییەکانی شۆڕشی ئیسلامیی لە ئێران، هەر لە دەسپێکی ناڕەزایەتیی و جموجۆڵە جەماوەرییەکانەوە سوننەکانی ئێران لە چوارچێوەی ڕێکخراوە سوننەکاندا هاریکاربوون بۆ سەرخستنی شۆڕشەکەی ساڵی ١٩٧٩، چونکە لەو قۆناغە هەستیارەی ژانگرتنی گەلانی ئێران و بێزووکردن بە شۆڕشەوە، کەسایەتیی و ڕۆحانییەکان لە هەردوو مەزهەبی شیعە و سوننە کەوتنە ڕۆڵگێڕان لە کایە هەمەلایەنەکاندا، یەکێک لەو کەسایەتییانە کاک ئەحمەدی موفتیزادە بوو، کە هەر لە سەرەتاوە پشتیوانیی خۆی بۆ شۆڕش دووپاتکردەوە، هەرچەندە لە سەرەتادا لە بەرەی پشتیوان و هاریکار بوو بۆ دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی، بەڵام بەهۆی جموجۆڵەکانیەوە زۆری نەبرد لێکجیایی لە نێوان ئەو و ڕێبەرانی تری شۆڕشی ئێراندا دروستبوو بەتایبەت خومەینی، چونکە ناوبراو لە ڕێگەی (شورای ناوەندیی سوننەکان)ەوە، کە بە (شەمس) ناسرابوو، دژی پرنسیپی (ویلایەتی فەقیهـ) وەستایەوە. لەڕاستییدا، ڕاستەوخۆ پاش سەرکەوتنی شۆڕش چەندین کەسایەتیی و ڕۆحانیی کورد بەهەمان شێوەی ڕۆحانییە شیعەگەراکان هاتنە سەر شانۆی سیاسیی و، ناوبانگێکی گەورەیان بەهۆی هەڵوێستە ئایینیی و سیاسییەکانیانەوە بەدەستهێنا، بەتایبەت لە پاش ئەوەی دەهۆڵ بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتێکی ئیسلامیی لە ئێراندا لێدەدرا، لەم ڕێگەیەشەوە دەنگوسەدای ئەوان و ڕۆڵگێڕانیان بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەوە پتر دەرکەوت، هەروەها هەڵوێست و گوتەی تایبەت بەخۆیان هەبوو لەو گۆڕانکارییە کتوپڕانەی، کە بەهۆی هەستیاریی بارودۆخی ئەودەمی ئێرانەوە دەهاتنە پێشێ.

یەکێک لەو بابەتانەی، کە گرنگییەکی زێدەی هەیە کەسایەتیی ئەحمەدی موفتیزادەیە، کە وەک یەکێک لە ڕێبەرە دیارەکانی سوننەکان لە ئێران دەکەوێتە پێشچاوان، موفتیزادە لە دەڤەرە کوردییە جۆراوجۆرەکاندا ناوێکی دیاربوو، جووڵانەوەیەکی بەناوی (مەکتەب قورئان) دروستکرد، کە نوێنەرایەتیی مەزهەبیی سوونەی کوردی دەکرد. لە قۆناغی بەرایی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، دەرفەتێکی گەورە بۆ پێکهاتنی دەستە و گرووپی جیاواز دروستبوو، کە هەریەک لە ڕێگەی بەرنامە و ئەجێندای خۆیەوە کاریان بۆ ناساندنی خۆیان دەکرد، ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ببووە مەیدانی دامەزراندنی چەندین ڕەوتی جیاواز، کە لە ڕێگەی دروشم و بانگەوازەکانیانەوە لە هەوڵدابوون بۆ لابردنی ستەمی نەتەوەیی و ئاوەڵاکردنی ئازادییەکان، بەڵام بەهۆی بەهێزیی باڵی کۆنەپارێزی مەزهەبییەوە لە چوارچێوەی ڕاگەیاندنی کۆمارە ئیسلامییە نوێکەدا، ئامانج و خولیای ئەو ڕەوتە مەزهەبییانە لەناویاندا مەکتەب قورئان هەرزوو بەرەو نەوی بوونەوە سەری برد، ئیدی لایەنە پشتیوانەکان لە شۆڕش دەستیان لە پشتیوانییەکانیان هەڵگرت، بەم هۆیەشەوە تەواوی پارت و ڕێکخراوە مەزهەبیی و چەپ و ڕاستەکانی دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێران خرانە دەرێی بازنەی شەرعییەتی شۆڕشگێڕییەوە و، دەوڵەت بەرەو قەوارەیەکی ئایینیی مەزهەبیی یەک ڕەنگ هەنگاوی نا.

ئەحمەدی موفتیزادە، یەکێکە لەو ڕۆحانییانەی، کە پەیوەست بوون بە پەرەپێدانی ڕابوونی ئیسلامیی یاخود ئیسلامی بزاڤگەریی/الاسلام الحركي لە ئێراندا، ناوبراو هەوڵێکی زۆریداوە خوێندنەوەیەکی شۆڕشگێرانە بۆ ئیسلامی

سوننەگەرایی بکات بەلەبەرچاوگرتنی دۆخی سوننەکانی ئێران، کە کورد ڕەگەزێکی سەرەکیی پێکدەهێنێت. موفتیزادە لە ڕوانگەی خوێندنەوەی هەمەلایەنەکانیەوە مۆرکێکی ئایدۆلۆژیی داوە بە ڕەوتە ئایینیی و سیاسییەکەی. هەربۆیە لە قۆناغی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانیی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی پەیوەندیی هەبوو، بەڵام پاشتر بەهۆی جموجۆڵە سیاسییەکانیەوە بەتایبەت هەوڵەکانی بۆ یەکخستنی سوننەکانی ئێران لە تەواوی جوگرافیای ئێراندا لەژێر ناوی کۆنفرانسی شورای ناوەندیی سوننەکان (شەمس)و کۆنگرەی خودموختاریی کوردستان، دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە بەخۆیان کەوتن، بەدژی ئەو هەوڵانە وەستانەوە، کە ئەحمەدی موفتیزادە کاری بۆ چەسپاندنی دەکرد. هەڵبەت گرتنەبەری ڕێوشێنی قارسکردنی ڕۆڵی ئەحمەدی موفتیزادە و قۆڵبەستکردنی و هەڵوەشاندنەوەی ئەو کۆنگرانەی بەناوی سوننەکانی ئێرانەوە دەکرا لە چوارچێوەی ئەو هەڵمەتە گشتییەدا بوو دژ بە سەرجەم لایەنە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامیی.

هەروەها موفتیزادە، لەژێر کاریگەری تینوتاوسەندنی جووڵانەی ئیسلامی سیاسیی و سەرهەڵدانی گوتاری شۆڕشگێڕیی ئیسلامیی لە ناوچەکەدا و، گەشەسەندنی بەربڵاوی ئیخوان موسلیمیندا دەستیدایە دامەزراندنی مەکتەب قورئان. ئامانج لە دامەزراندنی ڕەوتێکی ئیسلامیی لەمشێوەیە پێکهێنانی بەرەیەکی ئیسلامیی بوو، کە بە تێڕوانینێکی نوێی ئیسلامی سیاسیی و هەڵقوڵاوی مەزهەبگەرایی سوننەکان دەست بداتە زۆر کایەی زیندوو تا لەو ڕێگەیەوە کۆنترۆڵی کۆمەڵگەی کوردیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بکات و بە ئاڕاستەی خەون و ئایدیاکانیدا بەرێت.

بەڵێ موفتیزادە پێڕەویی لە گوتاریی مەزهەبگەرایی سوننە دەکرد، دەیخواست کار بۆ هێنانە ئارای سستمی شورای ئیسلامیی بکات و، جیاوازیی مەزهەبیی لەبۆتەی ئەو شورایەدا بتوێنێتەوە و، مافە مەزهەبییەکانی کورد دەستەبەر بکات. سەرەنجام، پێکرا نزیککەوتنەوەی کورد و شیعە هیچی لێ شین نەبوو، بگرە بەرەی زاڵ و جڵەوکەری دەسەڵات لە ئێراندا، کە مۆرکێکی شیعەگەریی تۆخی پێوە دیارە بەتەواوی کەوتە شۆردنەوەی شوناسی بزووتنەوەی ئیسلامییە سوننەگەراکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لەکۆتاییدا ئەوەی گرنگە پێویستە هەوڵبدرێ کار لەسەر سەربەخۆکردنی بیرکردنەوەی ئایینی و ئیسلامیی کوردی بکرێت، بەجۆرێک خاوەن دید و جیهانبینی خۆی بێ لە ئاستی ئەو ڕووداوە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ململانێ مەزهەبیانەی لە ناوچەکە و جیهانی ئیسلامیدا ڕوودەدەن، بۆئەوەی لە ئەگەری هەر مەترسییەک و هەڵایسان و بەرزبوونەوەی ئەو ململانێیانە کوردستان و مرۆڤی مسوڵمان و کۆمەڵگەی کوردی دووربێت، چونکە بەمشێوەیەی، کە هەیە کێڵگەی ئاینداریی بەرگەی قوڵبوونەوەی ناکۆکیە مەزهەبیەکان ناگرێ و ناشتوانێ خۆی لێ بپارێزێت، چونکە بەو زانیاریانەی لەسەرەوە لەسەر ئاستی بیرکردنەوە و هۆشیاری ئایینیی و نەتەوەیی خرانەڕوو، کێڵگە ئایینییەکە بەهۆی فاکتەرە دەرەکییەکانەوە هەندێ کات خۆشی دەبێتە بەشێک لە دنەدانی هەستی مەزهەبی.



# کورد لە نێوان سووننە و شیعە چۆن مامەڵە بکات؟



**زانا ڕۆستایی**

لەدایکبووی ١٩٦٩. بەکالۆریۆس لە یاسا
ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
چەندین وتارو لێکۆڵینەوەی بڵاوکردوەتەوە.

**سەرەتا:**

نەتەوەی کورد سەرەرای ئەوەی کەوتۆتە نێوان سێ نەتەوەی گەورە و بەهێز و بێ ویژدان، کە بریتین لە تورک و فارس و عەرەب. لەو بەشەی عێراقیش وێرای کەمینە نەتەوەییەکانی تری وەک تورکمان و ئاشووری. لە نێوان عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە بۆتە یاریکەر و هەندێک جار سەیرکەر و هەندێک جار پارسەنگی هێز و هەندێ جاریش لایەنگری لایەک لە بەرامبەر لای تر.

عێراق بەو پێکهاتە هەمەجۆر و ناتەبایانە لەلایەن زلهێزە داگیرکەرەکانی دنیا کە نەخشەی کێشرا گەرای ناسەقامگیریی و پێکەوە نەژیانی لەخۆگرتبوو، ئیتر ئەوە ویستی داگیرکەران بوو کە ئەم ناوچەیە بە ناسەقامگیری بمێنێتەوە، لەلایەک جیاوازی مەزهەبی سوننە و شیعە کە بەردەوام ئامادەی ئالۆز بوونە و لەلایەکی تر جیاوازی نەتەوەیی نێوان کورد و عەرەب کە بەردەوام ئەگەری ئالۆزیی و ناتەبایی هەیە.

داگیرکەران هەر بەوەوە نەوەستان کە خاکی کوردستان و جوگرافییە یەکپارچەکەی دابەش بکەن بەسەر چەند وڵاتێکدا، بەڵکو خەڵک و دانیشتوانە کوردەکانیشیان بێ رەچاوکردنی ویست و ئارەزوویان بەسەر ئەم بەرو ئەوبەری سنوور دابەشکردن.

**راپرسی بە کورد نەکراوە:**

لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراق خەڵکی کوردستان بەبێ ئەوەی رایان وەربگیرێ و پرسیان پێ بکرێت خرانە سەر دەوڵەتی عێراق، واتە یەکێتییەکی ئارەزوومەندانە نەبوو، زۆرەملێ بوو، دەوڵەتێک بۆ عەرەبی عێراق درووست کراو پاشایەکیان لە دەرەوە بۆ هێنا و گەلێکی تریشیان خرایە ژێر دەست بێ ئەوەی ئەم گەلە داوای کردبێت یان رازی کرابێت، هەربۆیە کورد حەقی خۆیەتی لەهەر کاتێک ئەو مافەی خۆی کە مافی راپرسی گشتییە پیادە بکات و ریفراندەم بکات لەسەر مانەوە و نەمانەوەی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا.

نزیکەی سەدەیەکە کورد لەگەڵ شیعە و سووننە لە عێراق دەژین، لەو ماوەیەشدا یادەوەری کوردی پرە لە کارەسات و چەوساندنەوە و جینۆساید، راستە زۆربەی هەرەزۆری حوکمرانانی عەرەبی سوننە بوون، بەڵام شیعەش لەسەر ئاستی سەرکردەکانی بەعس و کاربەدەستانی باڵای دەوڵەتی عێراق بەشدار بوون لە چەوساندنەوەی کورد.

**لە سەردەمی رژێمی سەددام:**

رژێمی بەعس لە بەرامبەر کورد و شیعە سیاسەتێکی دوژمنکارانەی پیادە دەکرد وەک عروبییەکی سوونە حەزی بە چارەی شیعە دەکرد و زۆر بەتوندی بەرامبەریان وەستایەوە و دەرفەتی هیچ ئازادییەکی مەزهەبی بۆ نەهێشتنەوە، بەتایبەتی دوای شەری لەگەڵ ئێران هەزاران کەسی لێ کوشتن و لێ زیندانی کردن و دەربەدەری کردن، هەربۆیە شیعەش وەک کورد چەوساوە بوو لەژێر چەپۆکی بەعسییەکان..

رژێمی بەعس سەربازی شیعەی دەنارد بۆ شەری پێشمەرگە لە کوردستان و بە کوشتی دەدان، چونکە بەرای بەعسییەکان چ کورد بکوژرێ چ سەربازی شیعەی هەر قازانجە بۆیان.

کورد و شیعە لە قۆناغی رووبەرووبونەوەی رژێمی سەدام هاوخەم و هاوخەبات بوون، هەریەکەیان بە هۆکارێک دژی رژێم بوون. کورد بە هۆکاری چەوساندنەوەی نەتەوەیی و شیعەش بە هۆکاری چەوسانەوەی مەزهەبی، بۆیە لەو قۆناغەدا بە بنەمای (دوژمنی دوژمنم دۆستمە) کورد و شیعە دۆستی یەک بوون، بەڵام دیارە دۆستایەتیەکی راستەقینە نەبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا لە سەردەمی ئۆپۆزسیۆن

بووندا هێزە کوردییەکان لە ئێران پێویستییان بە هێز و لایەنە شیعەکان هەبوو بۆ کارئاسانی لای کۆماری ئیسلامی ئێران و لە ناو عێراقیش هێزە شیعییەکان پێوستییان بە کورد بوو بۆ مانەوە لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە بۆ هات و چۆی شارەکانی خۆیان بۆ دەرباز کردنی کەس و کار و ئەندامەکانیان... بەشێکی زۆر لە سەرکردە سیاسییەکانی ئێستای شیعە نانی کوردیان خواردووە و خۆیان لە بنکە و بارەگای پێشمەرگە بینیوە.

لە دوای ڕاپەرینی بەهاری١٩٩١یش هەرێمی کوردستان بووە پەناگە و شوێنی کاروچالاکیەکانی هێزە شیعەکان و شوێنی کۆنگرە و کۆنفراسەکانی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی و چەندین چالاکی تر...

هەڵوێستی مەرجەع و زانایانی شیعە لە کورد و شۆڕشەکانی کورد جێگای ڕێزە لەکاتێکدا ڕژێمی سەدام بۆ جینۆسایدکردنی کورد بە دوای ڕەوایەتیدا دەگەڕا و هەوڵی دەدا فەتوای زانایانی ئایینی بەکاربهێنێ، چەندین زانای سوونەی عەرەب کەوتنە داوی سەدام، بەڵام مەرجەعەکانی ئالی حەکیم و ئالی سەدر پشتیوانی سەدامیان نەکرد و هەڵوێستی باشیان بەرامبەر شۆڕشی کورد نواند، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی پەیوەندییەکی باش لە نێوان کورد و شیعەدا...

کەواتە کورد و شیعە لە سەردەمی ڕژێمەکەی سەدامدا هاوخەبات و هاوئامانج بوون، پێویستییان بە یەکتری هەبوو.

## کورد و شیعە و سوننە دوای سەددام:

دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام لە ٢٠٠٣/٤/٩ کورد هەڵە ستراتیجییەکەی کرد و هەرێمی کوردستانیان گرێدایەوە بە بەغدا و لەگەڵ هاوخەباتە شیعەکانی قۆناغی ئۆپۆزسیۆن بوون گەڕانەوە بەغدا و هاوکاری ئەمریکایان کرد لە بنیاتنانەوەی عێراقی نوێدا و بناغەی سوپای تازەی عێراق و دامەزراوە ئەمنییەکانیان دانایەوە و پۆست و پلەی دەوڵەتی گەورەیان وەرگرت.

لەم قۆناغەدا کە سوننەکان دەسەڵاتیان لەدەستدا و شیعە کۆنترۆڵی سیاسەتی کرد لە عیراق، کورد بووە هاوکارێکی گەورەی شیعە لە زاڵبوون بەسەر دەوڵەت و دامەزراوەکانیدا و سوننەکان خۆیان ڕێکنەخستبوو بۆیە زەرەرمەندی یەکەم بوون لە عێراقی نوێدا و دابڕان لە بنیاتنانەوەی دەوڵەتە تازەکەدا، بۆیە شیعە و کورد زۆرترین جومگەکانی دەوڵەتیان گرتە دەست و کورد هاوپەیمانێتی ستراتیجی لەگەڵ شیعەکان گرێدا و ڕووبەڕووی شەڕی گرووپە سوننەکان بونەوە و شەڕی تیرۆریان بەیەکەوە کرد.

بەڵام کاتێک ساڵی ٢٠٠٦ تایفەگەری توندڕەوانەی شیعە پەرەی سەند و لەناو بەغدا سوننە کوشتن دەستپێکرد هێزی پێشمەرگە لە بەغدا بڵاوەی پێکرا و خوێنڕێژی سوننەی تا ڕادەیەک ڕاگرت و بووە جێی ئومێدی هاوڵاتییە سوننەکان بەرامبەر گرووپە شیعە توندڕەوەکان. دواتریش هەرێمی کوردستان بووە پەناگەی دەیان هەزار هاوڵاتی سوننە مەزهەب لە شارەکانی عێراق کە ڕایان کرد لە دەست پاکتاوی تایفی کە شیعە ئەنجامیاندا.

لایەنە کوردییەکان (پارتی و یەکێتی) هاوکاری سەرەکی بوون بۆ شیعە بۆ دوبارە ڕاسپاردنەوەی نوری مالیکی بە پێکهێنانەوەی حکومەتەکەی، بەڵام دواتر هەرزوو مالیکی لە ڕێکەوتنی لەگەڵ شەریکە کوردەکان پاشگەز بوویەوە و کێشە کەوتە نێوانیانەوە. لە حکومەتەکەی حەیدەر عەبادی کورد لە دوا ساتەکانی ڕەگەڵ کەوت هەرچەندە متمانەی نەبوو بەو بەڵێنانەی پێیان درابوو، بەڵام سوننەکان پێگەی خۆیان بەهێز کرد لەناو حکومەتی شیعە و نزیکبونەوەیەکی زیاتر هەستی پێکرا لە نێوانیان و ڕۆڵی کورد لە بەغدا ڕووی لە لاوازی کرد.

لە دەستپێکی شەڕی ئازادکردنەوەی شارەکان

# ئەوەی باش بوو کورد خۆی نەکردە بەشێك لە ململانێی تایفەگەریی و مەزهەبی نێوان شیعە و سوننە

لە دەستی داعش کورد بووە هێزێکی کاریگەر و بە پشتیوانی هاوپەیمانان پێشمەرگە توانی ئەو ناوچانە ئازاد بکات کە پێشتر سوپای عێراق لە دەستی دابوون و لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بوون، ئەوەش دەرفەتێکی گەورە بوو بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بە کرداری، ئەوەش نیگەرانی لای شیعە و سوننەش زیاد کرد، بەڵام لەبەرئەوەی عێراق سەرقاڵی شەڕی داعش بوو نەیتوانی هیچ ڕێکارێک بگرێتەبەر بەرامبەر هەرێمی کوردستان.

شیعە و سوننە لەو بابەتانەی پەیوەندییان هەبێت بە کورد وەک: کەرکوک و ماددەی ١٤٠ و ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی، هەڵوێستەکانیان زۆر لەیەک دوور نین و چەندین جار لە ناو پەرلەمانی عێراق عەرەبی سوننە و شیعە وەکو یەک بوونە بۆ ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن بە کوردەوە.

## کۆتایی

لەو بابەتە کە دەڵێین کورد مەبەستمان (پارتی و یەکێتی)یە، چونکە هەر ئەوان مامەڵەیان لەگەڵ شیعە و سوننە کردووە و ڕێکەوتنەکانیان کردووە و کێشەیان هەبووە لەگەڵ یەکتردا، ئەو هەڵانەی کورد تێیکەوتن لە مامەڵە لەگەڵ سوننە و شیعە زۆر بە ڕاشکاوی ئێستا بەرەنجامەکەی دەردەکەون کاتێ باسی ڕیفراندۆم هاتە پێشەوە.

لایەنە کوردییەکان ئەوەندەی بۆ بەرژەوەندییە حیزبیی و کەسییەکان کاریان کردووە بۆ وەرگرتنی پۆست و ئیمتیاز و داهات و دەسکەوت بە چارەکی ئەوە بە ڕوانینێکی ستراتیجی مامەڵەیان بکردایە ئێستا هەڵوێستییان بەمجۆرە نەدەبوو.

هۆکارێکی سەرەکی جێبەجێنەبوونی ماددەی ١٤٠ سیاسەتی ئەو دوو حزبە کوردییە بوو لە بەغدا و لە کەرکوک، بەجۆرێک لەو ماوەیەی حوکمڕانییاندا لەم شوێنانە نەیانتوانی نمونەیەکی جوانی دادپەروەریی و ئارامیی و پێکەوەژیان نیشان بدەن، کە ببێتە هۆی سەرنج ڕاکێشانی هاونیشتیمانیانی پێکهاتەکانی نیشتەجێی ئەو شوێنانە، کە هاندەریان بێت بۆ مانەوە لەگەڵ هەرێمی کوردستان.

لەو ١٤ ساڵەی ڕابوردوودا نەتوانرا لەیەکگەیشتنێک لەگەڵ عەرەبە سوننەکان دروست بکرێت کە کێشەی خاکمان لەگەڵ ئەوان هەیە، بەتایبەتی لەو ساڵانەی کە پێویستییان بە ئێمە هەبوو هەروەها لەگەڵ هاوپەیمانە شیعەکانیش نەتوانرا کارێکی ستراتیجی دووربینانە بکرێت بۆ داهاتوی بە دەوڵەت بوونی کورد.

ئەوەی باش بوو کورد خۆی نەکردە بەشێک لە ململانێی تایفەگەریی و مەزهەبی نێوان شیعە و سوننە بەوەش هەم توانی پارێزگاری لە خەڵکی خۆی بکات و هەم توانی ببێتە فاکتەرێکی مرۆیی بۆ کەمکردنەوەی ئاسەوارەکانی پاکتاوی تایفەگەری.

# بژاردەی کورد

## لە نێوان ململانێی مەزهەبیدا



**تۆفیق کەریم ساڵح**

لەدایکبووی هەڵەبجە، ١٩٦٨. زانستە ئیسلامییەکانی لە سلێمانی تەواوکردووە. خاوەنی شەش کتێبی چاپکراوە. ئێستا سەنوسەری گۆڤاری (خاڵ)ە.

سەرهەڵدانی ململانێی شیعە و سوننە ئەگەرچی لە مێژوودا نەرمیی و توندی زۆری بەخۆوە بینیوە، بەڵام زادەی دیرۆکێکی تووڵانی هەزار و چوار سەد ساڵەیە، سەرەتا لە گرفتی سەرهەڵدانی بیرۆکەی شایستەیی جێنشینەوە دەستیپێکرد و ڕەهەندێکی هزری هەبوو، بەڵام بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار و ڕووداو و گۆڕینی دەسەڵاتەکان، ڕەهەندی هزری تێپەڕاند و پەلی هاویشت و زۆر ڕەهەندی دیکەی لەخۆگرت. بۆیە کە باسی ئەو ململانێیە دێتە ئاراوە، هەڵەیە بابەتەکە تەنها لە ڕەهەندە هزرییەکەدا قەتیس بکەین، هەرچەندە ئەمە نیشانە دیار و بەرچاوەکەش بێت.

واقیع و مێژووش پێمان دەڵێن ڕەهەندی خولیای دەسەڵاتداریی و پاوانخوازی، ڕەهەندی ئابووری، ڕەهەندی دەمارگیری نەتەوایەتی، ڕەهەندی دەستتێوەردانی دەرەکی، لە زۆربەی قۆناغەکاندا بە ئەمڕۆشەوە ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە خۆشکردنی ئاگری ململانێکەدا، بە کزبوونی ئەو ڕەهەندانە، ململانێکە تەواو لاواز دەبێت، دەبێتە مشتومڕی هزر و بیروبۆچوونی نێوان زانا و خوێندەوارەکان و لە سرووشتی توندوتیژی دادەبڕێت، زیادلەوەش پەلدەکێشێت بۆ هاوکاریی و تەبایی، بەڵگەشمان لەمبارەیەوە زۆرە: لە ڕووە سیاسییەکەوە ببینە کاتێک نێوان میسر و سووریا لە شەستەکاندا چاکبوو تەبابوون، خێرا زانایانی ئەزهەر و زانایانی دیکەش سەبارەت بە عەلەوییەکان، (نەک شیعە) فەتوایاندا ئەوانە مسوڵمانن و برای ئێمەن، دەشزانین عەلەوی زۆر لە مەزهەبەکانی دیکەی شیعەیان تێیانپەڕاندووە، یان لە شەڕی نێوان سەدام حسێن و ئێراندا ساڵەکانی هەشتا، کە وڵاتانی کەنداو پشتیوانی بەهێزی سەدامیان دەکرد، زۆر لە زانایانی ئەو وڵاتانە دەستیانکرد بە فەتوای لە دین دەرچوونی شیعە.

سەبارەت بە فاکتەری ئابووریش، زۆر جوان دیارە کە بەشێکی بەرچاوی زانایان و بنەماڵە و هەندێک لە شارەکان تەنانەت وڵاتانیش گۆڕی ئیمامزادەکان بووەتە سەرچاوەی سەرەکی داهات و بژێوییان، بۆیە ناکرێت دەست لەو ململانێیە هەڵگرن، چونکە تا بەهێزتر بێت، بازاڕی ئەوان گەرمترە.

لە ڕووی نەتەوەییەوە، هەرچەندە خەڵکێکی زۆر لە جیهان و لە گشت نەتەوەکان ئەمڕۆ شوێنکەوتەی ئەو دوو ئایینزایەن، بەڵام حاشا لەوە ناکرێت دوو نەتەوەی دەسەڵاتدار ئەمڕۆ هەریەکەیان خۆی بە خانەخوێی ئایینزایەکیان دەزانێت و کەلتوور و ئەدەبیاتی ئایینزاکەیان تێکەڵ کردووە بە کەلتووری خۆیان، وەها ئاوێتەیان کردووە کە لێکنەترازێن، خەڵکی نەتەوەکانی دیکە وەک شوێنکەوتە دەبینرێن، ئەو دوو نەتەوەیە تا دەمارگیرتربن خانەخوێیەکەیان تۆختر دەبێتەوە و دەتوانن خەڵکی زیاتر لە خۆیان کۆبکەنەوە.

سەبارەت بە دەستوەردانی دەرەکی لە خۆشکردنی ئاگری ئەم دووبەرەکییەدا، هەر لە ئیبن سەبەئەوە بیگرە، کە ڕای جیاواز لەسەر ڕۆڵ و تەنانەت کەسایەتییشی هەیە بەر لە هەزار و چوار سەد ساڵ، هەتا ڕۆڵی وڵاتانی ڕۆم و خاچپەرستان و ئیستیعماری نوێی بەریتانیا و فەرەنسا، ببینە چ هەوڵێکیانداوە و زۆرجاریش سەرکەوتووبوون لە فراوانکردنی ئەم ململانێیەدا، ئەمانە لە مێژوودا، خۆ لە ئێستاشدا وانازانم پێویست بکات باس لە ڕۆڵی وڵاتە زلهێزەکان لەم بوارەدا بکرێت لە نموونەی ئەمریکا و ڕووسیا و ئیسرائیل، چونکە جێدەستیان لای هەموو تاکێکی هۆشیار دیارە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە وڵاتی ئێمەشەوە.

ئەم هێنان و بردنەم بۆ ئەوەبوو بڵێم ئەگەرچی ململانێکە سەرەتا ڕەهەندێکی هزریی و ئیجتیهادی بوو، بەڵام دواتر گۆڕانکاریی بەربڵاوی بەسەردا هاتووە و دەسەڵات، سیاسەت، ئابووری، دەرمارگیریی نەتەوەیی، دەستی دەرەکی، هاتوونەتە ناو کایەکەوە، با ڕواڵەتێکی ئایینییشیان پۆشیبێت.

## کورد لە نێوان ئەم دوو بەرداشەدا:

دیارە گەلی کورد دابەشبووە لە نێوان ئەو وڵاتانەی کە ئەمڕۆ بوونەتە جەمسەری ململانێکان و شمشێری یەکتربڕینیان لە گۆڕەپانەکەدا لە کێلان دەرهێناوە. ئێمە ئەگەر تەنها باس لە هەردوو پارچەی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، دەبینین بەشی هەرەزۆریان مسوڵمانن و کەمینەیەکی شوێنکەوتەی ئایینەکانی دیکەشیان تێدایە، لەناو مسوڵمانەکان زۆرینەیان پابەندن بە ئاینزای سوننەوە و بەشێکیشیان شیعە مەزهەبن، ئەم نەتەوە بێ دەوڵەتە لە بندەستی دوو نەتەوەی دیکەدایە.

ناشاردرێتەوە کە لە زۆربەی قۆناغەکانی ململانێی نێوان ئەم دوو ئایینزایەدا کورد بەشێک بووە تیایدا و بەکارهێنراوە بۆ شکاندنی بەرامبەر، بەتایبەت لە نێوان عوسمانییەکان و سەفەویدا، زۆربەی کورد پشتیوانی دەوڵەتی عوسمانی بووە، جارجاریش ململانێکەیان قۆستووەتەوە و قەوارەیەکیان بەناوی میرنشین یان دەسەڵاتی خێڵ و هۆزەوە بۆ خۆیان دامەزراندووە.

بەڵام دەبێت ئەوەمان بیرنەچێت، لەو قۆناغە مێژووییانەدا نەتەوە بەمشێوەی ئێستا پێناسە نەکراوە و نە بیری نەتەوەیی خەملیوە و نە دەوڵەتێکیش بەناوی نەتەوەوە بەڕێوە براوە، ئەگەر بە ڕووکەشیش بێت سرووشتی ئایینی باڵادەست بووە لە زۆرینەی جومگە و ئاستەکاندا.

کەواتە لەبەر ئەو گۆڕانکارییە بەرینەی لە ماوەی سەدەیەک زیاتردا بەرپا بووە، نەگونجاوە دۆخی ئێستا بەو ڕابردووە پێوانە بکەین، چونکە جیاوازییەکان هێندە زۆرن بەم پێوانەکردنە دەکەوینە هەڵەوە وەک وتراوە دەبێتە (قیاس مع الفارق). چار ئەوەیە قسەی دیکە بکەین لەسەر بوونی کورد لە نێوان ئەم ململانێیەدا، ئێمە پێشتر باسمان لە کۆمەڵە ڕەهەندێکی ململانێکە کرد، ئەگەر بەوردی سەرنجیان بدەین دەبینین زۆریان لەناو کورددا بوونێکیان نییە، یان زۆر کاڵن و لەوە لاوازترن ئاگرەکەیان پێ خۆش بکرێت، بەڵکو هەیانە تەواو پێچەوانەکەی لای ئێمەیە.

چونکە نە دەسەڵاتمان دەسەڵاتێکی مەزهەبییە و نە لافی مەزهەبی لێدەدات، نە هیچ بەرژەوەندییەکی ئابووریشمان لەو ململانێیەدا بەدی دێت، نە نەتەوەیەکین دەمارگیربین و خۆمان بە خانەخوێی مەزهەبێک بزانین، ئەگەر زیادلەمەش بەڵگە بهێنینەوە دەڵێین:

خاڵە ئەرێنییەکانی پەیوەندییەکان:

١- لە ڕووی مەزهەبییەوە: کوردی باشوور و ڕۆژهەڵات مسوڵمانەکانیان لە ڕووی ئاینزایی فیقهییەوە لەسەر ڕێڕەوی شافیعین، شافیعییەکانیش نەرمترین مەزهەبن لە فەتوادا بەرامبەر بە مەزهەبی شیعە، بەخودی شافیعیشەوە، بە ئەندازەیەک لە سەردەمی خۆیدا تۆمەتی نزیکبوونی لە شیعەگەری پێوەنراوە، وەک خۆی لە شیعرێکی بەناوبانگدا باسی دەکات.

٢- لە ڕووی ڕێڕەوی تەریقەتیشەوە، هەردوو تەریقەتی قادریی و نەقشبەندی تێدا بڵاوە، کە دووبارە خاڵی هاوبەش لە نێوان تەریقەتەکان و شیعەگەریی زۆرە، بەتایبەت بەرامبەر بە ئیمامزادە و ڕەچەڵەکی سادات و مەسەلەی هاتنی مەهدی و ...هتد، بۆیە لە کاریگەریی ئەم فاکتەرەوە دەبینین بەشێکی ئەدەبیات و کەلتووری کوردی زۆر لە ئەدەبیاتی شیعەکانەوە نزیکە، سەرنجی ئەو هەموو ڕێزە بدە کە لە نێو کورددا لە ئیمام عەلی و نەوەکانی دەگیرێت، هەر لەم بوارەشدا سرووشتی تاکی کوردی وەبیر بهێنینەوە کە دەمارگیر و توندڕە و نەبووە لە ڕووە مەزهەبییەکەوە، سەرەڕای پابەندبوون بە ئایین و مەزهەبی خۆیەوە بەرامبەری قبوڵکردووە با زۆر پێچەوانەی بیر و بۆچوون و تەنانەت عەقیدەکەشی بووبێت، ڕەنگە مەزهەبە فیقهیی و سۆفییەتەکەش لەم ڕووەوە ڕۆڵیان بووبێت، بەپێچەوانەی شوێنکەوتەی

حەنبەلی و حەنەفییەکانەوە کە لەم بارەوە زۆر توندن.

٣- لە ڕووە کۆمەڵایەتییەکەوە، ئێمە ئەگەر سەرنجی پێکەوەژیانی هەردوو مەزهەبەکە بدەین، لەو ناوچانەدا کە پێکەوە تیایدا نیشتەجێن، وەک: خانەقین، جەلەولا، سەعدییە، مەندەلی، کرماشان و دەوروبەری، نەک بارگرژیی و پێکدادان لە نێوانیاندا نییە، بەڵکو کاری هەرەوەزی و هاوبەشی و ژن و ژنخوازی و خزمایەتی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوانیانی تەواو بەهێز هێشتووەتەوە، سەدان ساڵە لەو گوند و شارانەدا تەبا و یەکرێزن و بەشداری بۆنە و مەراسیمو دابونەریتی یەکترن و کاریگەرییشیان لەسەر یەکتر هەیە و بوونەتە خاوەنی کەلەپوور و فۆلکلۆر و فەرهەنگێکی هاوبەش، تۆ سەرنج بدە بە هەموو خەلیفەکان دەوترێت حەزرەتی ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان، کەچی دەڵێن ئیمامی عەلی، شێری خودا.

٤- لە ڕووی مێژووییشەوە ئەگەر دوور نەڕۆین لەوەتی شۆڕشی کوردی دروستبووە پەیوەندی لەگەڵ کەسایەتی و مەرجەع و شۆڕشگێرانی مەزهەبی شیعەدا، بەهێز و هاوکاریی و پشتیوانی یەکتربوون، هەرچەندە ئەمان سوونتی بوون و نەیانشاردووەتەوە. فەتوا بەناوبانگەکەی مەرجەعی گەورە موحسین حەکیم و هەروەها ئیمامی خالسی دوو نموونەی پرشنگداری هاوسۆزی ئەم دوو لایەنەن.

پاشانیش کە لە ئێراندا شۆڕش بەرپابوو، دوایی مەرجەعەکان بوون بە خاوەنیی و دەسەڵاتیان گرتەدەست، لەگەڵ شۆڕشگێرانی کوردستانی باشووردا هەمیشە تەبا و هاوکار بوون، ڕاستە بەرژەوەندیی هاوبەش لە نێوانیاندا هەبووە و بەشی زۆری شۆڕشگێرانی کورد بەوشێوەیە پابەند بە مەزهەبەکەیانەوە نەبوون، بەڵام کاتێکیش بزووتنەوەی ئیسلامی دامەزرا کە لەوپەڕی پابەندی مەزهەبی سوونییدا بوو، ڕابەرەکەشی جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز، بە مەرجەعێکی ئەهلی سووننە و کەسایەتیەکی دیاری ئیخوان موسلمین بوو، کەچی پەیوەندی و هاوکاری ئێران بۆ ئەم بزووتنەوەیە کەمتر نەبوو لەوانی دیکە.

لە دوای ڕاپەرینیشەوە تا ئەمڕۆ، پەیوەندییەکە بەردەوام بەرفراوانە، ئەمە جگە لەو پێشوازییە گەرمەی لەکاتی کۆڕەوە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١و هەر نەهامەتییەکی دیکە کە هاتبێت بەسەر گەلی کوردستان یان حیزب و لایەنێکی کورددا.

٥- سەرەڕای ئەمانە، ڕاستە کورد سووننە مەزهەبن، بەڵام لەبەر زۆر هۆی دەرەکیی و ناوخۆیی هەرگیز نەخۆیی و نە عەرەبە سووننەکان و نە وڵات و هێزەکانی دیکە و نە هێزە شیعییەکان، وەک بەشێک لە سووننە تێوە نەگلاون لە ململانێی مەزهەبییدا، بەپێچەوانەوە زۆرجار ڕۆڵی میانگیرییان بینیوە و بوونەتە پردی پەیوەندی نێوان شوێنکەوتووانی هەردوو مەزهەبەکە، چونکە هەڵکەوتەی کورد و مێژووەکەیی و ئەمری واقیع کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشی دروستکردووە لە نێوان کورد و ئەو دوو لایەنەدا، لە ململانێی نیوانیشیاندا کوردیان وەک تەرەف سەیر نەکردووە، جگە لە هاوخەباتی و مەزڵومییەتە هاوبەشەکەی نێوان ئەوان و کورد.

### شووناسی نەتەوەیی:

خاڵێکی دیکەی گرنگ هەیە لەم بوارەدا بە زەقی دەرکەوتووە و کورد و ئەوانی دیکەش دەیزانن، ئەویش ئەوەیە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە کە بەشی هەرە زۆری نەتەوەکان لەسەر بنەمای نەتەوەیی بوون بە خاوەنی دەوڵەت و قەوارەی سەربەخۆی خۆیان، بەڵام کورد لەو نێوەندەدا لەبری سەربەخۆیی وەک گۆشتی قوربانی سەرچەپەر بەسەر وڵاتاندا دابەشکراوە، بۆیە ماوەی سەدەیەکی تەواوە ئەم برینە بە قووڵی

دەروونی کورد ئازار دەدات، بەدرێژایی ئەو ماوەیە کورد بە دوای سارپێژبوونەوەی ئەو برینەوەیە و خەباتی بۆ کردووە و قوربانی لەپێناودا دەدات، بەشێوەیەک پێناسی نەتەوایەتی زاڵبووە بەسەر هەموو پێناسەکانی دیکەدا و سەدەیەکە کورد دەگەڕێت و وێڵە بەدوای پێناسەی خۆیدا، کێشەی نەتەوەیی زاڵە بەسەر هەموو کێشەکانیدا، بەڵکو ئەم کێشەیە بووەتە مۆرکی کورد و پێی دەناسرێتەوە.

## ئەنجام

لەم باسانەی ڕابورد دەگەینە دوو ئەنجام:

١- ململانێی نێوان دوو ئاینزای شیعە و سوننە، جگە لە ڕەهەندە ئاینییەکەی کۆمەڵە ڕەهەندێکی دیکەی تێکەڵ بووە، کاریگەرییان لەسەر ململانێکە هیچی کەمتر نییە لە ڕەهەندە ئاینییەکە، ئەوانە هەمیشە لە پەنای ئەمدا خۆیان مەڵاسداوە و کەمتر زەق دەبنەوە، بۆئەوەی شەرعیەتی ململانێکە نەخەنە ژێر پرسیارەوە، بەڵام بە سەرنجدانی ڕووداوەکان و لێکۆڵینەوەیان بە ئاسانی جێپەنجە و کاریگەرییان دەردەکەوێت، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ئەم دوو مەزهەبە جیاوازیی لە نێوانیاندا نییە و هەردوولایان وەک یەک ڕاستن.

٢- ئەگەرچی زۆرینەی کورد وەک گەلێکی بندەست بەشێکی ململانێکە بوون لە مێژوودا، بەڵام لە سەد ساڵی ڕابردوودا بە ئەندازەیەکی بەرچاو لەم ملاملانێیە دابڕاون، بەتایبەت لەو دوو دەیەی کە تێپەڕیی و ملاملانێی ئەم دوو ئایینزایە وەرچەرخانی گەورەی بەخۆوە بینیوە و دەوڵەتان بونەتە جەمسەری ململانێکە و زلهێزەکانیش دابەشبوون لە هاوکاریکردنی هەردوو جەمسەرەکەدا، کە لە مێژووی هەزار و چوارسەد ساڵدا ملاملانێکە وەک ئەمڕۆ بەرفروان و قووڵ نەبووە، کورد لەم ململانێیەدا تێوە نەگلاوە و کۆمەڵێک زەمینەسازیی باشیش هەن کە پێشتر ئاماژەمان پێدان تا بتوانێت ڕۆڵی ئەرێنی ببینێت یان نەبێتە بەشێکی ململانێکە.

لە سەرووی هەموویانەوە ئەو ئامانجەی کە نزیکی سەدەیەکە خەباتی بۆ دەکات و قوربانی لەپێناودا دەدات، کە دروستکردنی قەوارەیەکی سەربەخۆ و ژیانی سەربەستی و خۆبەخۆ بەڕێوەبردنە، وا خەریکە لێی نزیک دەبێتەوە، لەڕاستییشدا بوون بە قەوارەیەکی لەو شێوە کە ئازادییەکان و مافی مرۆڤ دابین بکات و دادگەریی بچەسپێنێت و هەلی کار و بژێوی هاووڵاتیان بڕەخسێنێت ئەمڕۆ سەرەکیترین خولیای هەموو تاکێکی کوردستانە، بەم پرۆسەیە زۆر لە کێشەکان چارەسەر دەبێت و ئەو هۆکارانەی دەبنە مایەی بارگژری ململانێ دەپوکێنەوە.

مێژوو پێمان دەڵێت ململانێ مەزهەبییەکان ئەنجامی خوێنڕێژی زیاتر و قووڵترکردنی برینەکانە، هیچ لایەنێک تیایدا براوە نییە، بۆیە گەلی کورد هەقیەتی لە هەموو لایەک دوورەپەرێزتر بێت لێیەوە، بەڵکو دەتوانێت ببێت بە نموونەی پێکەوەژیان و یەکتر قبوڵکردن بە دەستگرتن بەو مەزهەبە سوونناییە میانڕەوییەوە، بەشێوەیەک کە ئەوانیتر چاوی لێ بکەن.

# ململانێ
# وەك میكانیزمی مانەوە
## پرسی سەربەخۆیی بەنموونە



**د.عادل باخەوان**

_ سۆسیۆلۆگ و توێژەرە لە قوتابخانەی خوێندنی باڵای زانستە كۆمەڵایەتییەكان، پاریس
_ مامۆستایە لە زانكۆی ئیڤری لە بەشی سوسیۆلۆژی.
_ بڕوانانەی دكتۆرای لە بواری سوسیۆلۆژیادا لە قوتابخانەی خوێندنی باڵای زانستە كۆمەڵایەتییەكان لە پاریس بەدەستهێناوە(EHESS).
_ توێژەرە لە سەنتەری ڕاڤەكردن و موداخەلەی سۆسیۆلۆژی (KADIS)
_ سەرۆكی گرووپی توێژینەوەی تایبەت بە(سەربەخۆگەرایی، جوداگەرایی و بنیادنانی دەوڵەت)ە.
_ بەڕێوبەری گشتی سەنتەری كوردستان بۆ سۆسیۆلۆژیا، زانكۆی سۆران.

**چاوپێكەوتن: كەنار كمال**

ململانێ لە ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوڕاستدا ڕەگ و ڕیشەیەکی هێندە بەهێزی داکوتیەوە کە بەردەوام لە نوێبونەوە و قوڵبونەوەدایە، زۆرێک لەم ململانێیانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مێژووە توندەی کە لە ڕابردوودا ناوچەکە بەخۆیەوە بینیویەتی چ لە ڕووی جیاوازی مەزهەبی بێت یاخود ئایدۆلۆژی، کوردستانیش وەک نمونەیەک لەنێو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕابردووەوە بەردەوام لەژێر زەبری ململانێ بۆکراو ململانێ لەسەرکردندا بووە چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە، ئەمیش بە گەڕانەوە بۆ ئەو جیاوازییە ڕیشەییەی کە لە عێراقدا هەیەتی لە ڕووی نەتەوەییەوە کە بەردەوام قوربانیداوە لەپێناو مانەوەیدا، هاوکات ئەو جیاوازیانەی ناوخۆ کە زۆرجار دۆخی نەخوازراوی خوڵقاندووە، لە ئێستادا کۆمەڵگەی کوردی لە بەردەم پرسێکدا لە گێژاوی دەیان ململانێی ناوخۆیی و دەرەکی تێوەگلاوە..

ـ بۆ قسە و باسکردن و گفتوگۆی زیاتر لەسەر ئەم پرسە ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵ بەڕێز د.عادل باخەوان ئەنجامداوە.

**+ گەر سەرەتا بپرسین لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە ململانێ چۆن پێناسە ئەکرێت؟**

– ڕووبەری کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گشتی هەمیشە ڕووبەرێکی ململانێکەرایە، لە هیچ شوێنێکی دنیادا ڕووبەرێکی کۆمەڵایەتیمان دەسناکەوێت، دوربێت لە ململانێ. ئیتر ئەو ڕووبەرە کۆمەڵایەتییە لە خێزانێکی بچوکەوە دەستپێدەکات هەتا دەگاتە دەوڵەت، هەموو ئەمانە ڕووبەری کۆمەڵایەتین. ڕووبەرە سیاسییەکان، ڕووبەرە ئابوورییەکان، ڕووبەرە ئاینییەکان، ڕووبەرە ئەخلاقییەکان، هەر هەمووی ڕووبەری کۆمەڵایەتین بەمانا فراوانەکەی.

دەزانم لە کوردستاندا ڕووبەری کۆمەڵایەتی بچوک دەکرێتەوە لە هەندێ پەیوەندیدا، لەڕاستیدا ئەمە هەڵەیە، چونکە کاتێک ئێمە ئەڵێین مرۆڤ بە سروشتی خۆی کائینێکی کۆمەڵایەتیە، کەواتە لە خودی مرۆڤدا هەموو شتەکان کۆدەبنەوە (ڕەهەندی سیاسی، ڕەهەندی ئابووری، ڕەهەندی ئەخلاقی، ڕەهەندی ئاینیی، ڕەهەندی ئایدۆلۆژی... هتد) کۆدەبنەوە، لەبەرئەوە ئایدۆلۆژیا و سیاسەت لە دەرەوەی کۆمەڵایەتی نیە، بەپێچەوانەوە لەناو بازنەی کۆمەڵایەتیدان. مادام هەموو شتەکان کۆمەڵایەتیین و هەموو شتەکان لەناو ڕووبەری کۆمەڵایەتیدابن، بە سرووشتی خۆیان پەیوەندیەکانیان لەسەر بنەمای ململانێ دادەمەزرێت. پەیوەندی کوڕێک بە باوکییەوە، پەیوەندی کوڕێک بە دایکییەوە پەیوەندی کچێک بە باوک و برایەوە، پەیوەندی ژنێک بە پیاوەکەیەوە، پەیوەندی ئەندامانی خێزانێک بەیەکەوە، هەروەها ئەندامانی گەڕەکێک، شار و وڵاتێک، هەر هەموویان لەناو سستمی ململانێدا، بەبێ ململانێ هیچ شتێک ناڕوات بەڕێوە.

بۆیە لە زانستە کۆمەڵایەتیی و سیاسیەکاندا پرەنسیپێک هەیە بریتییە لەوەی کە لەناو ڕووبەری کۆمەڵایەتیدا دوو بژاردەت هەیە (هەرچەند جێگای گفتوگۆیە) ئەویش بریتییە لەوەی (یان ئەوەیە سەرت بپەڕێنرێت یا ئەوەیە سەر بپەڕێنی، یان ئەوەیە بکوژی یا ئەوەیە بکوژرێیت، یان هەژمەونکاریت یان هەژموون لەسەر کروایت)، لە نێوان ئەم دووانەدا ڕێگایەکی ترت نیە. بۆ نمونە ئێستا من و تۆ لەم چرکەساتەدا قسە ئەکەین، پەیوەندی من و تۆ لەم چرکەساتەدا پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای ململانێ دامەزراوە.

ئەم ململانێیەش سروشتێکی هەژموونگەرای هەیە، بەمانای ئەوەی من قسە دەکەم و تۆ گوێ دەگریت، لێرەوە من هەوڵ دەدەم هەژموونی خۆم

وەک سوپایەک بڵاوبکەمەوە بەناو دنیای تۆدا، ئایدۆلۆژیا و ڕوانین و بۆچونەکانت داگیر بکەم دەستکاری دنیابینیت بکەم، هەموو ئەمانە پێیان ئەوتریت هەژموونی داگیرکارانە.

**+ بۆچی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەم ململانێیە هێندە قوڵە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو هەمیشە ململانێکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چڕبۆتەوە لەنێویشیاندا عێراق، بەنمونە لە ڕابردوو لە ئێستاشدا بەردەوام ململانێکان چڕدەبنەوە.**

– لەبەرئەوەی عێراق وەک هەموو ناوچەکانی تری مرۆیی، ئەو ناوچانەی کە مرۆڤی تێدا ئەژی وڵاتێکە، لەم ڕووبەرە سیاسییەی کە پێی ئەوترێت عێراق کۆمەڵێک ئەکتەری جیاواز ئامادەن، ئەکتەرێکیان پێی ئەوترێت گرووپی شیعە، ئەکتەرێکی دی پێ ئەوترێت گرووپی سوننە، ئەکتەرێکی دی پێی ئەوترێ گرووپی کورد. سرووشتی ئەو پەیوەندییەی ئەمانە بەیەکەوە ئەبەستێتەوە لەسەر بنەمای ململانێ دامەزراوە. لە عێراقدا چەند جۆرێک ململانێ هەیە، ململانێیەک مەزهەبیە لە نێوان (سوننە و شیعە)، کە قوڵاییەکی مێژوویان هەیە و لەناو ئەم قوڵاییە مێژوویەشدا فاکتەری ئایینیی و فاکتەری سیاسی هەیە. بۆ نمونە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ململانێ سیاسیەکان دەبینین ململانێی شیعە و سوننە لە چرکەساتی قەسابخانەکەی کەربەلاوە دەستپێدەکات بۆیە قەسابخانەکەی کەربەلا هەتا ئەم چرکەساتەش لەگەڵمان ئامادەیە. بەڵام ئایا ئەمە بەسە بۆئەوەی تەفسیری ململانێی ئێستای گرووپی (شیعە و سوننە)مان بۆ بکات؟ بێگومان نەخێر.

گەڕانەوەمان بۆ ئەو ڕەهەندە سیاسییەی کە لەناو مێژوودایە، بایەخی خۆی هەیە، ساڵی ١٦٣٨ کاتێک عوسمانییەکان دەگەنە بەغداد و داگیری دەکەن، بەخێرایی دەستەیەکی بچووک لەناو سوننەکاندا دروست دەکەن و دەیخەنەوە دەسەڵات. نزیکەی (٣٦٣) ساڵ دواتر ساڵی ١٩١٧ کاتێک ئینگلیزەکان دەگەن بەغداد هەمان دەستەی بچووکی بۆرجوازی سوننە لە بەغداد لە دەسەڵاتدا دەهێڵنەوە، واتە لە نێوان ساڵانی (١٦٣٨ تا ٢٠٠٣) لە داگیرکردنی عوسمانییەوە تا داگیرکردنی ئینگلیز و تا داگیرکردنی ئەمەریکا، یەک گرووپی بچووک حوکمی هەموو عێراقی کردووە. لەناو ئەم گرووپەشدا دەستەیەکی بورجوازی سوننە حوکمی هەموو عێراقی کردووە. واتە بەدرێژای ئەم زەمەنە سیاسییە گرووپی شیعە پەراوێزخراوە و لەلایەن عەسمانییەکان و ئینگلیزەکانەوە دورخراوەتەوە.

بەڵام کاتێک ئەمەریکا ئەگاتە بەغداد ئەم مێژووە کۆتای پێدێت و شیعەکان دەخاتە سەر دەسەڵات، لەبری ئەوەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی دروست بکەن لە عێراقدا، لەبری ئەوەی نەتەوەیەک بۆ عێراق دروست بکەن، نەتەوەیەک کە کوردێک و عەرەبێک و سوننەیەک و شیعەیەک و مەسیحییەک و یەزیدییەک و تورکمانێک، هتد. وەک یەک ئینتیمایان بۆی هەبێت، چونکە نەتەوە هێزێکی سیاسییە و لە دەرەوەی سیاسەتدا نەتەوە بوونی نیە. ئێتنی لە نەتەوە جیاوازە، ئەتوانین وەک ئێتنیک کورد بین، بەڵام نەتەوە پێویستی بە بیناکردنێکی سیاسی هەیە، ئەگەر لەم بیناکردنە سیاسییەدا سەرکەوتوو نەبووین، ئیتر نەتەوەمان نابێت. ئێمە هەتا ئەم چرکەساتە وەک کورد نەتەوە نین، چونکە نەمان توانیوە دەوڵەتێکمان هەبێت بۆئەوەی نەتەوەیەکی بۆ دروست بکەین، یاخود نەتەوەیەکی سیاسی دروست بکەین لە سەرەتاوە بۆئەوەی دەوڵەتێکی بۆ دروست بکەین. هەتا ئەم چرکەساتە

لەناو بنیاکردنی هەم دەوڵەت و هەم نەتەوەدایین.

لە ٢٠٠٣دا کە شیعە دەگاتە دەسەڵات، لەبری ئەوەی کە دەوڵەتێکی سیاسی بۆ نەتەوەیەکی سیاسی دروست بکات، سەرلەنوێ گرووپێکی ئاینی فەرز دەکاتەوە بەسەر ئەم دەوڵەتەدا، ئەم گرووپە ئاینییەش بەهەمان ئەو میکانیزمە دەستدەکات بە ئیشکردن کە لە ساڵی ١٦٣٢ وەوە سوننەکان ئیشیان پێکردووە. بەمانای ئەوەی نەک هەر سوونەکان دوور دەخاتەوە لە دەسەڵات، بەڵکو قەسابخانەشیان بۆ دروست دەکات، بەڵکو جینۆسایدیشیان دەکات، تەنانەت ئەو ئەکتەرە سوننییانەی دەیانەوێت تێکەڵی سستمی سیاسی بن لەعێراقدا، وەک تاریق هاشمی، دێت و ڕاویان دەنێت وڵات بە وڵات و پایتەخت بە پایتەخت سۆراخیان دەکات، چونکە لە یادەوەری دەستەجەمعی شیعەدا هەموو سوننەیەک سەدامێکە کە ئەبێ لەکۆتاییدا ملی بە پەتا بکرێت.

**+ کەواتە دەتوانین بڵێین ململانێی مەزهەبی قوڵترە لە ململانێی سیاسی لە ئێستای عێراقدا؟**

– ئەگەر وەک ڕەگ و ڕیشە مێژوویەکە بۆی بڕوێن، بێگومان ڕەگ و ڕیشە ئاینییەکەی کۆنترە و قوڵترە، بەڵام لەم چرکەساتەی عێراقدا، بە هیچ شێوەیەک ناتوانین ململانێ ئاینییەکان لە ململانێ سیاسیەکان جیابکەینەوە، ناتوانین تەفسیری کێڵگەی سیاسی بکەین لە عێراقدا بەبێ گەڕانەوە بۆ کێڵگەی ئایینی، ناتوانین تەفسیری کێڵگەی ئایین بکەین بەبێ گەڕانەوە بۆ سیاسەت.

**+ ئەگەر بپرسین کوردستان لە ئێستادا چ جۆرە ململانێیەکی تێدایە، ململانێی مەزهەبی یاخود سیاسی یاخود ئایدۆلۆژی(ئیسلامی و عەلمانی)؟**

– بەشێک لە توێژەرە فەرەنسییەکان کاتێک دێن کێڵگەی سیاسی کوردی دەخوێننەوە، واتە پێیانوایە تا ئەم چرکەساتە بناغەکانی کۆمەڵگەی کوردی بناغەی ترادیشناڵ و خێڵگەراین، من ئەمە بە هەڵە دەزانم ئەمە ئەگەر ڕاست بێت بۆ چەند بەشێک لە کوردستانی تورکیا یان ئێران یان تاڕادەیەکش سوریا، زۆر کەمتر ڕاستە بۆ کوردستانی عێراق، چونکە لە کوردستانی باشووردا ئێمە کێڵگەیەکی سیاسیمان هەیە، لەم کێڵگە سیاسییەدا ئەوەی دەسەڵاتی هەیە خێڵ و سەرۆک عەشیرەت نیە، ستراکتۆرە خێڵگەرا و ترادیشناڵەکان نین. بەڵکو ئەوەی دەسەڵاتی هەیە حیزبە، حیزبیش بە مانا سیاسییەکەی، بۆ نمونە ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیمان هەیە کە خۆی خەڵکی ڕانیە و قەڵادزێ و ئەو دەڤەرەیە، بەڵام دەبینین بەشێکی زۆری ئەندام مەکتەب سیاسیەکانی خەڵکی ناوچەی سلێمانیی و دەوروبەرین، خەڵکی هەولێر و شوێنەکانی ترن و هەریەکەیان لە خێڵ و عەشیرەت و خێزانێکەوە هاتوون، ئەمە بۆ یەکێتیی و پارتی و حیزبەکانی تریش ڕاستن.

ڕاستە لە سەرەوەی پارتی خێزانێک هەیە کە پارتی بەڕێوەدەبات، بەڵام کۆی ستراکتۆری پارتی وەک حیزب لە چەندین ئەکتەر پێکهاتووە کە سەر بە چەندین گرووپی کۆمەڵایەتی جیاوازن، ئەوانەی دەسەڵاتیان هەیە لەنێو یەکێتیی و پارتیی و کۆمەڵ و گۆڕان و یەکگرتوو ئەکتەرە خێڵەکیی و ترادیشناڵەکان نین، بەڵکو ئەکتەرێکن بەناوی حیزب. بۆیە لە کوردستاندا تائێستا ململانێیەکمان نیە بەناوی ململانێی مەزهەبی، بەمانای ئەوەی ململانێیەک نیە بەناوی ململانێی شیعە و سوننە، چونکە کوردستان تاڕادەیەکی زۆر هاوئاهەنگە، لە ڕووی مەزهەبیەوە زۆرینەی هەرە زۆری کورد سوننی شافیعین، ئەمە وایکردووە ئێمە کێشەی مەزهەبیمان نەبێت.

# له كوردستاندا
# تائێستا ململانێییەكمان نیه
# بەناوی ململانێی مەزهەبی

بەلاّم ئایا كێشەی ئیسلامیی و عەلمانیمان هەیە؟ من پێم وایە چەند كێلگەی سیاسی لە كوردستان خۆی جێگیر بكات و سەقامگیر بێت و بنەما و پرەنسیپەكانی ڕوون بێت، ئەوەندەش ئاسۆكانی ململانێی نێوان ئیسلامیزاسیۆن و لایسیزاسیۆن ڕوونتردەبێتەوە، واتە لەكۆتاییدا ململانێكە لە نێوان یەكێتیی و پارتی لەلایەک و گۆڕان و كۆمەڵ لەلایەكدای نابینم، ئەمە دۆخێكی كاتییە و تێدەپەڕێت، بەلاّم ململانێی سەرەكیی و گەورە لە نێوان ئەم دوو پرۆژەیەدایە، پرۆژەی ئیسلامیزاسیونی كۆمەڵگە و دەوڵەت لەلایەک و پرۆژەی لایسیزاسیونی كۆمەڵگە و دەوڵەت لەلایەكی ترەوە، بەلاّم گریمانە هەیە كە لەكۆتاییدا كۆمەڵ و یەككگرتوو و بزووتنەوە بە جۆرێک لە جۆرەكانی لایسیزاسیونی كۆمەڵگە و دەوڵەت ڕازی بن، چونكە لە بەرژەوەندی فاكتە ئاینییەكاندایە.

**+ لەم بۆچونەی بەڕێزتەوە دەبینن لە هەناوی هەندێ حیزبی ئیسلامی كەسانی تر دێنە دەرەوە و دەستە و گرووپی نوێ دروست دەبن و بەجۆرێک لە جۆرەكان حیزب ڕادەگەیەنن یاخود پرۆژەیەک لە جۆری ئەدای نوێ پێشكەش دەكەن لە شێوەی گرووپێكی سەربەخۆدا ڕای ئێوە چیە بۆ ئەمە؟ ئایا جارێكی تر ئەمانە لە جۆری ململانێیەكی نوێدا خۆیان نابیننەوە دەركەوتەی ئەم ململانێ نوێیانە تا چەند لە بەرژەوەندی كورددایە؟**

– ئەوەی كە هەیە لە ئێستادا كۆمەڵێک ئەكتەر لە قوڵاییەكانی ئیسلامی سیاسیدا هاتونەتە دەرەوە، چونكە ئەم ئەكتەرانە كۆمەڵێ ئەكتەری پەراوێز خراو نین، بەڵكو كۆمەڵێک ئەكتەرن كە بەشێک بوون لە دامەزرێنەرانی تەوژمی ئیسلامیزم لە كوردستاندا و ئەزموونی زیاتر لە ٢٥ ساڵیان هەیە لەگەڵ ئیسلامی سیاسیی و ئیسلامیزم لە كوردستاندا. ئێستا بەشێک لەم ئەكتەرانە هاتوونەتە دەرەوە و مەسافەیەكیان لە نێوان خۆیان و ئەم سێ حیزبە ئیسلامییەدا وەرگرتووە بۆئەوەی بە جیهانبینی و پرۆژەیەكی ترەوە لەگەڵ كۆمەڵگە و دەوڵەتدا مامەڵە بكەن. ئەمە داتایەكە ڕێک بەرەو ئەو گریمانەیەمان ئەبات كە پێشتر باسم كرد. نەک تەنیا ئەوانەی كە هاتوونەتە دەرەوە، بەڵكو سێ حیزبە ئیسلامیەكەش بە ئاراستەی هەمان ئەو گریمانەیەدا دەڕۆن. واتە قبوڵكردنی جۆرێكی تایبەت لە سێیولاریزاسیۆنی كۆمەڵگە و سەرلەنوێ دارشتنەوەی پەیوەندییان بە دەوڵەت و كۆمەڵگا و ئایینەوە. هەموو لایەک مەودایان لەگەڵ ڕابردوودا وەرگرتووە و تێگەیشتون

لەوەی کە بەم جیهانبینییەوە بۆ دەوڵەت و کۆمەڵگا، بزووتنەوەکانی ئیسلامیزم لە کوردوستاندا، دوای پەنجا ساڵی تریش لەو ٪١٧ تێناپەڕن کە لە ساڵی ١٩٩٢ تا ٢٠١٧ تێیدا چەقیون.

ئێمە کۆمەڵگایەکمان هەیە کە لە ٪٨٣ی دەنگدەرەکان مسوڵمانی سوننی شافعین، متمانە بە حیزبە ئیسلامییەکان ناکەن و دەنگیان تائێستا پێنادەن، ئەمە خۆی لە خۆیدا گرفتە، چۆن دەبێت مسوڵمان و سوننی و شافیعی دەنگ بە ئیسلامییەک نەدات، بەڵام دەنگ بە عەلمانییەک بدات؟ ئەم پرسیارە دەبێت کۆی ئەکتەرە ئیسلامییەکان بخاتە دۆخی بیرکردنەوەوە و ئیتر ئەوە بەس نیە بوترێت، کە ئەو هەشتا و سێ لە سەدە لە ئیسلام تێنەگەیشتوون! ئەمە تەفسیرێکی زانستی نیە بۆ ئەو دیاردەیە. ٪٨٣ی متمانە ناکەن بەم سێ حیزبە کە نوێنەرایەتی خەونەکانیان و نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانیان بکەن لەکاتێکدا هەرسێ حیزبەکە بۆ ئەوە دروستبوون نوێنەرایەتی خەون و بەرژەوەندیی و ئارەزوو خەیاڵدانی مسوڵمانە سوننیە شافعییەکان بکەن، خۆ بۆ ئەوە دروست نەبوون نوێنەرایەتی خەونی مسوڵمانەکانی میسر یا مەغریبی عەرەبی بکەن. لێرەوە پرسیاری ئەم ئەکتەرانە دەبێت ببێت بەوەی کەچی وادەکات مسوڵمانانی سوننی لە ١٩٩٢وە تائێستا دەنگ بە ئەوان نەدات؟

**+ لە ئێستادا باس و خواسی ڕیفراندۆم پرسێکی گەرمە لە کوردستاندا، لە گریمانەی نەبوونی ڕیفراندۆم ئایا ململانێکان تا چەند قوڵ دەبنەوە؟ تا چەند ململانێکان بەهێزتر دەبن؟**

– دوو ڕووداوی گەورە بەڕێوەیە لە کوردستانی کورتە مەودادا: ڕووداوی یەکەم ڕیفرادۆمەکە لە ٢٥ی سێپتەمەبەردا دەکرێت، ڕووداوی دووەمیان هەڵبژاردنە کە لە ١ی نۆڤەمبەردا بڕیارە بکرێت. ئەگەر ڕیفراندۆم دوابخرێ و هەڵبژاردن بکرێت، پێموایە هاوکێشەکان لە کوردستاندا بەتەواوی دەگۆڕێت جارێکی تر کۆمەڵێک میکانیزم ئامادەیە هەم لەلایەنی پارتی دیموکراتی کوردستان هەم لەلایەن یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە بۆئەوەی ئەوەی کە لە ٢٠١٣ ڕوویدا وەک دەرەنجامی هەڵبژاردن جارێکی تر لە کوردستاندا ڕوونەداتەوە. ئەو میکانیزمانە لە پراکتیزەکردنیاندا وادەکات کە جارێکی تر گۆڕان و کۆمەڵ و بزتنەوەو یەکگرتوو و هەموو حیزبە بچوکەکان بڕۆنەوە ناو پەراوێزێکی زۆر بچووکەوە. پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان زۆرینەی کورسییەکان بۆخویان مسۆگەر دەکەن و چیرۆکی حکومەتی بنکە فراوان کۆتایی پێدێت و دنیای «بی پارتی»دەستپێدەکاتەوە.

**+ هەموو ئەمانەی باستکرد لەم گریمانەیەدا گەڕانەوەی کوردە بۆ دواوە بە جۆرێک شتەکان بەرەو تەسکبوونەوە ئەچن، ئەگەر لە ئاستی حیزبە باڵاکان بێینە دەرەوە بێنە ناو ململانێی بچووکی خەڵک و خەڵک و خەڵک و دەسەڵات لەبەرئەنجامی ئەم نادادیە، ئایا هاوار و ناڕەزایی خەڵک چی لێدێت.**

– دەرەنجامی ئەوەی پارتیی و یەکێتی دەبنەوە بە خاوەنی سەرۆکایەتیی و پەرلەمان و حوکمەت، ئەو کاتە وردەوردە لەناو کۆمەڵگەدا جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان سەرلەنوێ فراوان دەبن ئەو مەودایەی کە سەری سەرەوەی کۆمەڵگا لە خواری خوارەوەی کۆمەڵگا جیادەکاتەوە، ئێستا چەند فراوانە ئەوەندەی تر فراوان دەبێت و ڕۆیشتن بەرەو جۆرێکی تایبەت لە ئۆتۆریتاریزم لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە چڕدەبێتەوە. چەند پەراوێزێکی دیموکراسی بچووک بەجێدەهێڵرێت بۆ هاوارکردن و دەنگەدەنگ، بەڵام ئەمە وەک ئیسفنج

**لە یادەوەری دەستەجەمعی شیعەدا هەموو سوننەیەك سەدامێکە کە ئەبێ لەکۆتاییدا ملی بە پەتا بکرێت.**


وایە نارەزاییەکان هەڵەمژێت. لە هەموو حاڵەتێکدا ئەگەر بێت و گۆران و کۆمەڵ و یەکگرتوو زۆر بە وریایی لەگەڵ ئەم قۆناغەی ئێستادا مامەڵە نەکەن و خۆیان بدەنە دەست کۆمەڵێک وەهەم و لەژێر کارایی سۆز و هەستەکانیاندا بڕیار بدەن، بەدڵنیاییەوە دەرەنجامەکانی زۆر سلبی تر دەبێت لەسەر داهاتووی کۆمەڵگای کوردی. کۆمەڵگای کوردی چەند دەسکەوتێکی بەدەستهێناوە کە زۆر گرنگن، بەڵام گەر بە وریاییەوە مامەڵە نەکرێت، دەکرێت لە هەموو چرکەیەکدا لە دەستیان بدات. من بەم ڕستەیە چاوپێکەوتنەکە کۆتایی پێدێنم. ئێمە ٢٧ ساڵە نەبەشێکین لە دەوڵەتێک، نە خۆشمان بۆ خۆمان دەوڵەتێکین. ٢٧ ساڵە وەک کائینی سیاسی ئێمە هیچ نین، نە ئەوەیە کە بەشێک بین لە دەوڵەتێک کە دانی پیدانرابێت نە ئەوەیە کە لە دەوڵەتێکیش جیابووبێتینەوە و خۆمان دەوڵەتێک بین، حکومەتی هەرێمی کوردوستان بەمەی کە ئێستا هەیەتی گەیشتۆتە بنبەست. ئیتر حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەی توانیویەتی بە چاک و خراپ کردویەتی، لێرە بەدواوە، لەناو کۆڵانێکی داخراودایە، بۆ هەرکوێ ئەڕوات سەری ئەکێشێ بەدیوارێکدا، لە ڕووی سیاسییەوە سستم شکستی هێناوە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە سستم شکستی هێناوە، لە ڕووی سەربازییەوە بێ سوپایەکی یەکگرتووین! حکومەتی هەرێم دەبێت ببێت بە شتێکی دی، گەرنا توانای مانەوەی نەماوە.

**+ باشە بە بۆچونی بەڕێزت وەک خودی خۆت دەنگدان بە ڕیفراندۆم بیناکردنەوەی هەموو ئەمانەیە؟**

– من ئەڵێم یا حکومەتی هەرێم ئیدی تەواو کۆتایی پێهاتووە، ناتوانێت لەمە زیاتر هەناسە بدات یان دەبێت تابوتەکەی بەرینەوە بۆ بەغداد بۆئەوەی کوردستان ببێتەوە بە بەشێک لە عێراق، لەو عێراقەی کە ئێستا شیعە ئەیبات بەڕێوە، یان دەبێت لێرە ئەم کائینە ببێت بەشتێکی ترو دەبێت تەحەول بکات بۆ شتێکی تر، لای من ئەو شتە هیچ نییە دەوڵەت نەبێت.

+ کەواتە لەپێناوی گۆڕانکاری بەڵێ باشترە بەرای بەڕێزت؟

– یان چوونەوە بۆ بەغداد و تێکەڵبوونەوە بە دەوڵەتی عێراقی یان ڕاگەیاندنی دەوڵەت، چارەسەرێکی دیمان لەبەردەستدا نیە.



# پەیوەندییەکانی ئۆپۆزسیۆنی کورد و شیعەی عێراقی

## لە ساڵانی جەنگی عێراق- ئێراندا (١٩٨٠-١٩٨٨)




**فاروق محەمەد محەمەدئەمین**

لەدایکبووی١٩٧٧، سلێمانی. ماستەر لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ، زانکۆی سەڵاحەدین(٢٠١٣). خاوەنی بەرهەمێکی چاپکراو و چەند توێژینەوەیەکی زانستی بڵاوکراوەیە.

لە ساڵانی جەنگی عێراق- ئێراندا، پارتەکانی جوڵانەوەی ڕزگاریخوزای کورد و ئۆپۆزسیۆنی شیعەی عێراقی، بەوپێیەی هەردووولایان ئۆپۆزسیۆنی ڕژێمی عێراق لەلایەک و هاوپەیمانی کۆماری ئیسلامی ئێران بوون لەلایەکی ترەوە، هەندێکجار هاوکاریی و هەماهەنگیی و هەڵوێستی ئەرێنییان بەرامبەر بەیەکتر هەبووە، بەتایبەتی دژی سوپای عێراقی دوژمنی هاوبەشیان لە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشدا هاوکاریی و هەماهەنگی لە نێوانیاندا بەدیکراوە، بۆیە وێڕای جیاوازی نەتەوەیی و مەزهەبی نێوانیان، دواجار لە بەرەیەکدا خۆیان دەبینییەوە.

حیزبی دەعوەی ئیسلامی: یەکەم و گرنگترین پارتی شیعییە، لە ساڵی ١٩٥٧ وەک پەرچەکردارێک بۆ بڵاوبوونەوەی شیوعیەت لە عێراقدا دامەزراوە، هەر لەو ساڵەدا یەکەم کۆبوونەوەی خۆی لەماڵی (سەید محسین الحکیم) لە شاری نەجەف گرێداوە، یەکەم دەستەی سەرکردایەتی پێکهاتووە لە: (محەمەد باقر ئەلسەدر، محەمەد باقر ئەلحەکیم، محەمەد مەهدی ئەلحەکیم، مورتەزا عەسکەریی و محەمەد سادق ئەلقاموسی)(١). کە لە چەند وێستگەیەکدا هەڵوێستی ئەرێنی بەرامبەر بە کورد هەبووە، هەروەک سەید موحسین حەکیم فەتوای حەرامکردنی شەڕکردنی لەگەڵ کورددا دەرکرد و حکومەتی عێراق شکستی هێنا لەوەی بتوانێت شەرعیەت بدات بە شەڕکردنی لەگەڵ شۆڕشی کورددا(٢).

حکومەتی عێراق لە مانگی ئازار و نیسانی ١٩٨٠دا نزیکەی (٤٠) هەزار شیعەی عێراقی بە ڕەگەز ئێرانی بۆ سەر سنور دەرکرد، بە پاساوی ئەوەی ئەوانە ئێرانین(٣)، ئەوانەش بریتی بوون لە کوردە فەیلییەکان کە بەشێکی زۆریان بازرگان و خاوەن سامان بوون، و ماڵ و موڵک و سامانیان لەلایەن بەعسییەکانەوە تالان کران و دەستیان بەسەردا گیرا. ئەوەش لەلایەن سەرجەم پارتە کوردستانییەکان و شیعەکانەوە ڕیسوا و مەحکوم کراو ناڕەزاییان لە بەرامبەردا دەربڕی(٤). وێڕای ئەوەش لەسەر ئاستی ناوەندی ڕۆشنبیری شیعە بابەت و وتاری زۆری لەسەر نوسراو هەموو ئەوانەش بوونە هۆی وابەستەیی و هاوسۆزی زیاتری نێوان کورد و شیعە لە عێراقدا(٥).

هەروەها لەژێر کاریگەری کۆماری ئیسلامی ئێران و بوونی دوژمنی هاوبەش، بە ئامانجی کۆکردنەوەی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی عێراق لە بەرەیەکدا، لە ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٨٢دا، لە ئێران ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق بە سەرۆکایەتی سەید محەمەد باقر ئەلحەکیم، بە پاڵپشتی بەهێزی ئێران دامەزرا(٦)، لە سەرەتادا چەند پارت و کەسایەتییەکی شیعی عێراقی پەناهەندەی ئێران بەشدارییان تێدا کرد و بوونە ئەندام(٧)، لەنێو کوردەکانیشدا شێخ محەمەد خالید بارزانی(٨)، و دوای چونیان بۆ ئێران لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣و سەرەتای ١٩٨٤دا بزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیش لەو بەرەیەدا بوو بە ئەندام و بە چوار نوێنەر بەشداری کرد(٩).

دواتر ئەو ئەنجومەنە بە ئاراستەیەکی تردا ڕۆیشت و لە ئەنجومەنێکی بەرەییەوە گۆڕا بۆ پارتێکی ئیسلامی شیعی سەربەخۆ(١٠)، لە ساڵی ١٩٨٣دا باڵی سەربازی ئەو ئەنجومەنە بە ناوی فەیلەقی (بەدر) پێکهات(١١)، ئامانج لە دامەزراندنی ئەو ئەنجومەنە ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام و ڕێگە خۆشکردن بوو بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامی هاوشێوەی ئێران لە عێراقدا(١٢).

ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق، هەڵوێستی ئەرێنی لە بەرامبەر پرسی کورد لە عێراقدا هەبوو، لە بەیاننامەی دامەزراندنیی و یەکەم کۆنگرەی خۆیدا لە ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٨٢دا لە تارانی پایتەختی ئێراندا، باسی لە بێبەشیی و لاوازی کورد کرد و ڕایدەگەیاند کە: «ئیسلام

به پرەنسیپەکانی زامنی بەدیهێنانی کەرامەت و سەربەخۆیی کوردانی کردووە«(١٣).

لە ٢٢ی تەمموزی ١٩٨٣دا ئێران لەژێر ناوی (فەجری دووەم)دا، بە ئامانجی کردنەوەی بەرەیەکی نوێی شەڕ لە باکوور و سەرقاڵکردنی سوپای عێراق و سوککردنی لە هەردوو بەرەی ناوەڕاست و باشوور، و بۆ بەرپاکردنی هێرشێکی گەورە لە بەرەی بەسرە و ڕۆژهەڵاتی دیجلە، بە هاوکاری (پ. د. ک)، کە بۆ یەکەمجار بوو کوردی باشووری کوردستان لە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی گەورەدا دژی عێراق هاوکاری ئێران بکەن، هێرشێکی گەورەیان کردە سەر ناوچەی حاجی ئۆمەران، لە ئەنجامدا دەستیان بەسەر ناوچەی حاجی ئۆمەراندا گرت، و توانییان بە قوڵایی (٢٠کم) لەسەر ڕێگای هاملتۆن پێشڕەوی بکەن و بێنە ناو خاکی عێراقەوە، بەوەش بوونە مایەی هەڕەشە و مەترسی بۆ بەتەواوی دەستگرتن بەسەر حەوزی ڕەواندوز و ڕێگای هاملتۆندا(١٤). لەو هێرشەدا هەریەک لە حیزبی دەعوە و فەیلەقی بەدر دژی سوپای ڕژێمی عێراق بەشدارییان کرد(١٥) و دوای گرتنی، ئێران بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەی بە حیزبی دەعوەی ئیسلامی سپارد(١٦).

لە چوارچێوەی هەڵوێستی حیزبەی دەعوە بەرامبەر بە کورد، شێخ محەمەد مەهدی ئاسەفی وتەبێژی حیزبی دەعوە لە ٢٧ی ئابی ١٩٨٧دا ئاماژەی بەوە داوە کە لە پەیڕەو و پرۆگرامی حیزبی دەعوەدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە ئۆتۆنۆمی بە کورد دەبەخشێت لە پارێزگاکانی سلێمانیی و هەولێر و دهۆک، لەلایەکی ترەوە لەمەڕ پرسی کورد وتوویەتی: «ئێمە لەگەڵ برا کوردەکانمان باشترین پەیوەندیمان هەیە و دەخوازین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کار بۆ پەرەپێدانی بکەین لەکاتی کارکردنماندا لەگەڵ برایانماندا، لەواندا خۆڕاگریی و ڕاستبێژیی و جدییەتمان لەکار و بەها ئەخلاقییەکاندا بەدی کرد»(١٧).

لە ساڵی ١٩٨٨دا لە چوارچێوەی ئامادەکارییەکان بۆ گرتنی هەڵەبجە، دوای گفتوگۆ و وتوێژێکی زۆر، لەسەر دابەشکردنی قۆڵەکانی شەڕ لە نێوان (یەکێتی، پارتی و حسک)دا بەپێی شارەزایی هەرلایەکیان لەو ناوچەیەدا ڕێکدەکەون، کە هەریەکەیان بەجیا لە ناوچە و سنوری خۆیدا لەگەڵ ئێرانیەکاندا ڕێکەوێت بۆ ئەنجامدانی کارەکە و بەرەکانی شەڕ لە نێوانیاندا دابەش دەکەن(١٨). بەمشێوەیە:

بەرەی دەوروپشتی هەڵەبجە و شاخی شنرویَ و گرتنی ناو شاری هەڵەبجە و سیروان و تۆپخانەکانی دەڵەمەڕ بۆ یەکێتی، ئازادکردنی خورماڵ و پشتی ئەحمەدئاوا و بەرزاییەکانی مڵەخورد بۆ پارتی، (حسک) بەرپرس بێت لە گرتنی ڕێگای سەیدسادق - هەڵەبجە (پردی زەڵم)، بۆ ڕێگرتن لە هاتنی یارمەتی سوپای عێراق بۆ هەڵەبجە و خورماڵ، لەگەڵ هەریەک لە هێزە کوردییەکاندا سوپای پاسدارانی ئێران و فەیلەقی ٩ی بەدر لە پرۆسەی گرتنی شاری هەڵەبجەدا بەشداربوون و، هاوکات هێزەکانی فەیلەقی بەدر گرتنی شاخی شنرویَ و باڵانبۆشیان لەئەستۆ بوو(١٩).

بێگومان پەیوەندیی و هاوکاری نێوان کورد و شیعە زادەی هەلومەرج و بارودۆخی ئەو قۆناغەیە و دەبێت لەو چوارچێوەیەدا خوێندنەوەی بۆ بکەین، وێڕای ئەوەی لە ڕووی مەزهەب و نەتەوەوە لە یەکتر جیاوازن، بەڵام هەردوولا ئۆپۆزسیۆنی ڕژێمی عێراق بوون و لە قۆناغی خەباتی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیدا بوون، لەلایەکی ترەوە هەردوولا هاوپەیمانی ئێرانی دوژمنی عێراقن، کورد لەسەر بنەمای دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە و بۆ لایەنەکانی شیعەش سەرباری هەمان هۆکار ، لە ڕووی مەزهەبیشەوە لەگەڵ ئێراندا هاوسۆز و تەبا دێنەوە، کۆماری ئیسلامی ئێرانیش ڕۆڵ و کاریگەری دیار و بەرچاوی هەبووە لەسەر هەردوولا و دروستکردنی ئەو پەیوەندیی و هەماهەنگییە. بۆیە دەکرێت لە قۆناغی وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن هەردوو لایەنی ئۆپۆوسیۆنی پێشووەوە ئەو پەیوەندییانە شێوازێکی نویَ بەخۆوە ببینێت، بەپێی هەلومەرجی گۆڕاوی قۆناغەکە و بەرژەوەندییە جیاوازەکان.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


١. حەسەن بارام: مەوسوعەی پارتە سیاسیەکانی کوردستان و عێراق ١٩٠٨- ٢٠٠٥، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ل٢٠٥- ٢٠٧ ؛ محەمەد فاتیح: حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە عیراقییەکان ١٩١٠- ٢٠١٠، ئەکادیمیای هۆشیاریی و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی ٢٠١٢، ل١١٤- ١١٦.

٢. ar.wikipedia.org/wikiمحسن_الحكيم

٣. جاسم تۆفیق خۆشناو: مەسەلەی کوردو یاسای نێو دەوڵەتان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی ٢٠٠٢، ل٤٠٨ ؛ منوضهر ثاسادوست: ماو عراق از طذشتةء دور تا امروز، تجاوز عراق، ثيامدها، ثايان جنط وروى دادهاى شس ازان، ضاث دوم، ضاثخانة عماد، تهران، ١٣٨٦، ص٤٧٢.

٤. فاتح ڕەسول: چەند لاپەرەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان، ڕووداو و بەڵگەنامە ١٩٨٠- ١٩٨١، ب٢، چ١، سوید، ١٩٩٢، ل ل٤٠- ٤١.

٥. الكرد بين السنه و الشيعه.. العراق نموذجا .www aljazeera.net

٦. کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و هیوای سەربەخۆیی، ب١، و.ئەکرەمی میهرداد، سەنتەری چاپو پەخشی تەما، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٧٥؛ على الشمراني: صراع الاضداد، المعارضة العراقية بعد حرب الخليج، الطبعة الاولى، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٣، ص١٥٨.

٧. رشيد الخيون: لاهوت السياسة الاحزاب والحركات الدينية فى العراق، الطبعة الاولى، منشورات الجمل، بغداد، ٢٠٠٩، ص١٤٣- ١٤٤.

٨. کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی...، ل٧٦.

٩. فاروق محەمەد محەمەدئەمین: سیاسەتی ئێران بەرامبەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان ١٩٧٥-١٩٨٩، چ١، چاپخانەی ڕێ نوێ، سلێمانی، ٢٠١٤، ل٢١٨.

١٠. نیاز سەعید: دیاردەی ئیسلامی سیاسی و ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە کوردستانی عێراق، چ١، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٧٢.

١١. ڕشید الخیون: م. س، ص١٤٤.

١٢. دانیال بایمان: ئێران، تیرۆریزم و چەکە کۆکوژەکان (دیدو تێڕوانینێکی ئەمریکایی)، گۆڤاری دۆسیێی ئێران، ژمارە (١)، کانونی دووەمی ٢٠٠٦، ل٨٥.

١٣. وەرگیراوە لە بەرزانی مەلا تەها: ئینتلجینیسیای شیعە و نەخشی دامەزراوەی ئایینی لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا (١٩١٤-٢٠١٤). www.kurdistanc.com

١٤. کریس کۆچێرا: س. پ، ل٦٨ ؛ نادر ئینتیسار: ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی، و.عەتا قەرەداخی، چ١، چاپخانەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١٧٥؛ دیڤید مەکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی، ئەبوبەکر خۆشناو، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٥٧١.


١٥. کریس کۆچێرا: س. پ، ل٧٦.

١٦. دیڤید مەکداول: س. پ، ل٥٧١.

١٧. وەرگیراوە لە بەرزانی مەلا تەها: سەرچاوەی پێشوو.

١٨. شەوکەت حاجی مشیر: کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری ١٩٨٨ کورتە باسێکی جوگرافی- ئابووری- کۆمەڵایەتی- سیاسی، چ١، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٩٤.

١٩. ه. س، ل ل٩٤- ٩٦ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە لە ناو بازنەدا، دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٨٤- ١٩٨٨، بەرلین، ١٩٩٩، ل١٤٥ ؛ حسێن سۆران: لە مەنفاکانی ناسیۆنالیزمەوە بۆ کوشتنی زمانو جەستە، چ١، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٢٦٠.




من مطبوعات المجمع العلمي العراقي
الهيئة الكردية

مذكرات مأمون بك بن بيكه بك

نقلها الى العربية وعلق عليها

محمد جميل الروژبياني و شكور مصطفى

مطبعة المجمع العلمي العراقي
بغداد – ١٩٨٠



من مطبوعات المجمع العلمي العراقي
الهيئة الكردية

مذكرات مأمون بك بن بيكه بك

نقلها الى العربية وعلق عليها

محمد جميل الروژبياني
و
شكور مصطفى

مطبعة المجمع العلمي العراقي
بغداد – ١٩٨٠

# کورد لە ململانێی عوسمانی سەفەویدا

## خوێندنەوەیەك بۆ یاداشتەكەی مەئمون بێگەبەگ

ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا بە زمانی تورکی نوسراوە و لەلایەن هەریەکە لە مامۆستا محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانیی و شکور مستەفاوە کراوە بە عەرەبی، لە ساڵی ١٩٨٠ لەلایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە لە بەغداد چاپکراوە.



**د. ئاراس محەمەد ساڵح**
لەدایکبووی ١٩٧٠
دکتۆرا لە شەریعە. مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی
چەند کتێب و وتاری بڵاوکراوەی هەیە.

یاداشتەکانی مەئمون بەگی کوڕی بێگە بەگی ئەردەڵانی، کە یەکێکە لە میرەکانی ئەردەڵان لە کۆتاییەکانی مانگی (ربیع الپانی) ساڵی ٩٨٥ کۆچی بەرامبەر (تەموزی ١٥٧٧ز)دا نوسراوە، هەروەها ئەم یاداشتانەی وەک ڕاپۆرت بۆ سوڵتان موڕادی سێیەمی عوسمانی بەرزکراوەتەوە، ئەم یاداشتانەی مەئمون بەگ (١٥) ساڵ پێش (شەرەفنامە)ی شەرەفخانی بەدلیسی نوسراوە، شەرەفنامە لە ساڵی ١٥٩٢ز نوسراوە، هەروەها (٦٣) ساڵ دوای جەنگی چاڵدێران بووە ،کە لە ساڵی ١٥١٤ز ڕوویداوە، جەنگی چاڵدێران کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر مێژووی کورد، لە ئەنجامی ئەو جەنگەوە کوردستان دابەش دەکرێت بەسەر دوو زلهێزی ئەو ڕۆژگارەی ڕکابەری یەکتری، عوسمانی سوننە مەزهەب و سەفەوی شیعە مەزهەب، لە هەمانکاتدا کورد ئیعلانی وەلائی خۆی دەکات بۆ دەوڵەتی عوسمانی دژی سەفەوییەکان، بێگومان ئەو هەڵوێستەش بێ باجی قورس نەبووە، دەیان جار پەلاماری کوردستان دراوە و کورد ئاوارە و وڵات و دێهاتی کوردستان تاڵان و وێرانکراوە. مەئمون بەگ وەک میرێکی کورد و وەک کەسێکی مەیدانی زانیارییەکانی تۆمارکردووە و سەرچاوەیەکی گرنگی مێژووی میرایەتییە کوردییەکان و ململانێی نێوان سەفەوییەکان و عوسمانییەکانی لەسەر خاکی کوردستان ڕوون دەکاتەوە.

مەئمون بەگ باسی ناوچەی شارەزوور دەکات وەک ناوەندی دەسەڵاتی ئەردەڵانییەکان، هەروەها باسی میرایەتی کەڵهوڕ دەکات و لەکاتێکدا سەفەوییەکان بەغداد داگیر دەکەن، جارێکی تر ئەو شارە لەلایەن (زولفەقاری کوردی کەڵهوڕی) ەوە ئازاد دەکرێت، میرایەتی کەڵهوڕ گرنگی کەمی لەلایەن مێژوونوسەکانەوە پێدراوە، ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی گرنگە چونکە لە هەمان ڕۆژ و سەردەمدا نوسراوەتەوە و زانیارییەکانی لەکاتی خۆیدا تۆمارکراوە.

مەئمون بەگ باس لەوە دەکات لە پێش هێرشی جەنگیزخان و مەغۆلەکان و وێرانکردنی کوردستان لەلایەن ئەو داگیرکەرانەوە بنەماڵەکەیان لە ناوچەی شارەزووردا حوکمڕان بوون، کەواتە مێژووی ئەردەڵانییەکان لەوە کۆنترە کە باسکراوە، هەروەها میراتییەکەیان بە (میرایەتی شارەزول) ناودەبات، باس لە (ئەردەڵان) ناکات، لە هەمانکاتدا (ئەردەڵانی) دەگێڕێتەوە بۆ ناوی یەکێک لە باپیرانی بە ناوی (عادل یان عادلانی)، هەموو ئەم زانیاریانەی مەئمون بەگ زۆر کەم لە مێژووی ناچەکەدا باسکراوە.

یەکێکی تر لەو بابەتانەی باسی دەکات کە ویلایەتی شارەزوور و میرەکانی (ئەهلی سوننە و جەماعەتن) و وەلائی تەواویان بۆ دەسەڵاتی باڵای سوننە مەزهەبی سوڵتانی عوسمانی هەبووە هەر لە کۆنەوە، بەڵام دوای ئەوەی دەوڵەتی سەفەوی هاتووەتە سەر دەسەڵات ئەم بابەتەی لاقورس بووە و پەلاماری میرایەتی شارەزووری داوە و هەموو ئاوەدانییەکانی دەشتی شارەزوور و قەڵاکانی وێرانکردووە، تەنها قەڵای زەڵمی نەگرتووە کە لەسەر چیایەکی سەخت بووە و دوای ساڵێک گەمارۆدان سوپای سەفەوی ناچار بووە گەڕاوەتەوە بۆ ئێران، مەئمون بەگ هۆی ئەو هێرش و پەلامارانە دەگێڕێتەوە بۆ ململانێی مەزهەبی نێوان سوننەبوونی کورد و قزڵباشە سەفەوییەکان، میری شارەزوور بێگەبەگ ڕاپۆرتێک بە (کەتخودا حەیدەردا) دەنێرێت بۆ سوڵتانی عوسمانی و باس لەوە دەکات ئەوان ئەهلی سوننە و جەماعەتن لە باوک و باپیرانەوە، هەربۆیە لەگەڵ قزڵباشەکاندا ڕووبەڕووی هێرش و پەلامار بونەتەوە، دوای ئەوەی سوڵتان سلێمانی قانوونی هەواڵی هێرش و پەلاماری (قزڵباش)ەکانی زانیوە بۆ سەر شارەزوور و ئەو هەموو کوشتار و وێرانکاریانەی ئەنجامیانداوە، لە تۆڵەی ئەوەدا پەلاماری دەوڵەتی سەفەوی دەدات.

دوای ئەوەی سوڵتان سلێمانی قانونی سوپایەک بەسەرپەرشتی (ئیبراهیم پاشا) بەڕێدەکات بۆ هێرشکردنە سەر دەوڵەتی سەفەوی، ئەو سوپایە هەتا وەرزی زستان ماوەتەوە لە دەوروبەری هەمەدان و دەینەوەر، پاشان بەهۆی سەرما و سەختی زستانەوە ناچاربوون بەشێک لە چەک و پێویستییەکانی تری جەنگ بشارنەوە لە (پشتەی شاخ)، هەندێکی تری فڕێدەدەنە ناو ئاوی (قەرەسو) بەشێکی تری دەسوتێنن بۆئەوەی دەست دوژمنەکانیان نەکەوێت، پاشان دەگەڕێنەوە بەغداد، دوای گەیشتنیان بە بەغداد پرسیار دەکەن نزیکترین کەس و دەسەڵاتداری سەر بە عوسمانییەکان لە شوێنی چەکە شاراوەکانەوە کێیە؟ هەواڵی بێگەبەگی میری شارەزووری پێدەدەن، دوای ناردنی هەواڵدەر و پرس و ڕاکردن، میر بێگەبەگ ئامادەیی دەربڕیوە و بۆ هاوکاریی و داوای کردووە لە ئاسنگەر و دارتاشەکانی میرایەتییەکەی هەموو ئامادەکاریەک بکەن بۆ گێڕانەوەی ئەو چەکانە، پاشان بە هاوکاریی و چاوساغی زۆراب سوهرابی برای بێگەبەگ دەتوانرێت سەرجەم ئەو چەکە شاراوانە بگێڕنەوە. هەر لەو باسانەدا ناوی (دەربەندی بازیان) هاتووە کە بە (دربند ایمان شا) ناوبراوە لەلایەن مێژوونووسە عوسمانییەکانەوە، بەڵام لە سەردەمی عەباسییەکاندا بە (دربند خلیفە) ناوبراوە، هەروەها لە دوای گەیشتنی سوپای بەغداد بۆ کوردستان باس لەوە دەکات کە سوڵتان ڕۆژانی جەژنی قوربانی لە دەوروبەری قەڵای (قزڵجە) بەسەربردووە، هەروەها باسی هەندێ شوێنی تر هاتووە، هەر لە بەرامبەر هاوکاری سوهراب بەگدا سنجەقی (مەهرەوان= مەریوان)ی پێدەبەخشرێت لەلایەن سوڵتانەوە.

سوهراب بەگ دەبێتە ڕێگا نیشاندەری سوپای عوسمانی بۆ گێڕانەوەی چەک و جبەخانە شاراوەکان، هەتا دەگەنە مەراغە و دەتوانن هەموو جبەخانە شاراوەکان بگێڕنەوە بۆ بەغداد، دوای ئەو هاوکارییەی میری شارەزوور، بێگە بەگ لەلایەن والی بەغدادەوە دیاری و خەڵاتی گرانبەهای بۆ دەنێرێت و هەردوو سنجاقی (بنکدورە) و (حۆرین) ی پێشکەش دەکات.

لە دوای ئەو هاوکارییەی بێگەبەگ بۆ والی بەغداد و سەرکەوتنەکانی و خەڵاتکرانی لەلایەن والییەوە، غازی خان کە یەکێک بووە لە دەربارانی والی، پیلانێکی تێکدەرانە دادەڕێژێت دژی میرە کوردەکان، ڕاپۆرت بەرزدەکاتەوە بۆ سوڵتانی عوسمانی کە هەریەک لە سلێمان پاشا والی بەغداد و حسێن بەگی خاوەنی هەولێر و بێگەبەگی حاکمی شارەزوور لەسەر دژایەتی سوڵتان کۆبوونەتەوە، لە ئەنجامدا سوڵتان سوپا بەڕێدەکات بۆ سەر هەرێمی شارەزوور، بەڵام پێش ئەوەی پیلانەکە سەربگرێت بێگەبەگ دەتوانێت ئەو پیلانە پوچەڵ بکاتەوە.

لەگەڵ ئەو هەموو هاوکاریی و دڵسۆزیەی میرە کوردەکان بۆ دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام هەموو ئەمانە نەبووەتە هۆی دروستبوونی متمانەی بەهێزی نێوان ئەو دەوڵەتە و میرە کوردەکان، بەهۆی ئەو نائارامیی و پەلاماردانەی سوپای سەفەوی بۆ سەر کوردستان زۆربەی کات دەسەڵاتدارانی عوسمانی بەهۆی ڕاپۆرتی کەسێکی ناحەز یان گومانێکەوە پەلاماری میرایەتییە کوردیەکانیانداوە، لە دوای بانگهێشتکردنی غازی خانی خیانەتکار بۆ ئەستەمبوڵ و لێپرسینەوەی، بەڵام جارێکی تر ئەم خیانەتکارە خۆی دەرباز دەکات و دەگاتەوە ناو دەوڵەتی سەفەوی، کاتێک شای سەفەوی هەواڵ دەزانێت گەیشتووەتە هەمەدان فەرمان دەردەکات بەهرام میرزای برای پێشوازی گەرمی لێبکات، دوای گەیشتنی غازی خان شای سەفەوی لە سەربازگەیەکدا کۆبوونەوە بە سوپاکەی دەکات کە غازی خانیش ئامادە دەبێت، شا پرسیاری سوپای عوسمانی دەکات، لەناو قسەکانیدا ئاماژە بە میرە کوردەکان دەکات و دەڵێت: یەکێک لەو میرە کوردانە کە بێگەبەگ پەروەردەی کردووە و کردوویەتی بەکاربەدەست

حاجی شێخ بەگە، کە میری لیوای بابانە، ئەم میرە کوردە ناوبەناو هێرشە دەکاتە سەر لیوای مەراغە و زەرەو زیان بە خەڵکەکەی دەگەیەنێت، کێ لە میرەکانم خەڵکی ئەو ناوچەم لەدەست ئەو میرە کوردە بۆ ڕزگار دەکات؟، غازی خان ئامادەیی تەواو نیشاندەدات کە بچێت میری بابان بگرێت و بیخاتە ناو قەفەزەوە، پاشان غازی خان لەگەڵ ژمارەیەکی تر لە میرانی شا سوپایەک بەرێدەکەن بۆ هێرشکردنە سەر لیوای بابان، لەو هێرشەدا ئازارێکی زۆری دانیشتوانی لیوای بابان دەدەن و گوندەکانیان خاپوور دەکەن، بەڵام ناتوانن حاجی شێخ بەگ بگرن، حاجی شێخ پەنا دەباتە بەر چیایەکی سەخت، میری بابان داوای هێز لە بەغداد دەکات، محەمەد پاشای والی بەغداد هێزی بۆ دەنێرێت، کاتێک غازی خان هەواڵی هاتنی سوپای بەغدادی دەگاتێ لەگەڵ هاوکارەکانیدا ڕاوێژ دەکات کە پەلاماری قەڵای سەختی میری بابان بدەن و هەرچی لەناو قەڵاکەدایە بەدیل بیگرن، بەڵام لە هێرشەکەیاندا دەشکێن و شکستێکی گەورە دەخۆن، پاشان ناچار دەبن بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان و پەیوەندی بکەنەوە بە شاوە، پاشماوەیەک شا دەیکات بە میری (محمودێ باد باکۆ).

زۆرێک لەوانەی باسی مێژووی بابان دەکەن دەڵێن: یەکەم سەرچاوە باسی بابانی کردووە (شەرەفنامە)ی شەرەفخانی بەدلیسییە، بەڵام ئەم یاداشتانەی مەئمون بەگ (١٥) ساڵ پێش (شەرەفنامە) باسی بابانی کردووە، هەروەها بابانەکان لەلایەن ئەردەڵانییەکانەوە دەسەڵاتیان پێدراوە، لە هەمانکاتدا حاجی شێخ بە موتەسەریفی لیوای بابان ناودەبات، کەواتە خاوەن دەسەڵات بووە و ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراوی لەژێردەستدا بووە، بەڵام ئەو ناوچەیە کوێ بووە؟ مەئمون بەگ دیاری نەکردووە.

هەروەها ئەو میرە کوردە ئەوەندە خاوەن هێز و دەسەڵات بووە مەترسی بۆ سەر دەوڵەتی سەفەوی دروستکردووە و لەلایەن شاوە حسابی تایبەتی بۆکراوە، لەکاتی هێرشی سەفەویدا نەتوانراوە دەستگیربکرێت و دەسەڵاتەکەی لەناو ببرێت، هەموو ئەم ئاماژانە بەڵگەی بەهێزن کە لیوای بابان و میرەکەی خاوەن هێز و پێگە بوون لە ناوچەکەدا، لەلایەک شای ئێران سوپای بۆ بەرێکردووە و لەلایەکی ترەوە والی بەغداد بە هانایەوە چووە و پشتگیری کردووە.

لە دوای هێرشەکانی غازی خان بۆ سەر لیوای بابان، والی بەغداد داوا لە بێگە بەگی میری شارەزوور دەکات بۆ دەرخستنی دڵسۆزیان دەبێت پەلاماری قزڵباشەکان بدەی (سەر و زمانی براویان) بنێری بۆ دەرباری والی، بەڵکو ئەو کارەتان ببێتە هۆی ڕزگارکردنی مەئمون بەگی کوڕتان کە لە بەغداد دەستبەسەر بووە، بێگەبەگ لە دوای نامەکەی محەمەد پاشا، محەمەد بەگی برای لەگەڵ دەستەیەک سەرباز دەنێرێت بۆ هەمەدان و لە دەوروبەری (اسنفنداوا)و فەرمانی والی جێبەجێ دەکات، بەڵام پێش گەیشتنی هەواڵی بێگەبەگ (محەمەد پاشا)ی والی بەغداد کۆچی دوایی دەکات.

مەئمون بەگ ئاماژە بەوە دەکات هەر والییەک هاتبێتە سەر دەسەڵات لە بەغداد بێگەبەگی میری شارەزوور دڵسۆزیی و وەلائی خۆی بۆ دەربڕیوە، بەڵام بەهۆی گۆڕانکارییەکانەوە بەندەی دڵسۆزتان (مەئمون بەگ) بۆ ماوەی دوازدە ساڵ و دە مانگە لە قەڵای بەغدادا زیندانم، مەخابن لەگەڵ ئەو هەموو هاوکاریی و دڵسۆزییەی میری شارەزوور بۆ والی بەغداد، بەڵام متمانەیان پێنەکردووە و کوڕەکەی دەستبەسەر بووە لایان.

کوردستان لەگەڵ ئەوەدا کەوتبووە نێوان بەرداشی سەفەویی و عوسمانییەوە، لەهەمانکاتدا هەرکەسێک تووشی لادان و یاخبوون ببوایە پەنای دەبردە بەر چیا سەختەکانی کوردستان، یەکێک لەوانە (ئەلقاص میرزا)ی برای شا تەهماسبی سەفەوییە، کاتێک لەگەڵ براکەیدا لەسەر دەسەڵات

نێوانیان تێکچووە، چەند جارێک لە نێوان سەفەویی و عوسمانیەکاندا پەتپەتێنی کردووە، لەکاتێکدا لە عوسمانییەکان یاخی دەبێت سوپای والی بەغداد و هەولێر و موسڵ ئامادەکاری دەکەن پەلاماری بدەن، ئەلقاص میرزا بەخۆی و لەشکرەکەیەوە لە کەرکوکەوە بەرەو دەربەندی بازیان دەڕۆن خۆیان دەرباز بکەن، لەکاتێکدا لە سنووری هەرێمی شارەزوور نزیک دەبێتەوە پەنا بۆ بێگەبەگ دەبات، بەڵام پەنای نادات و زۆر توند وەڵامی دەداتەوە، ناچار دەبێت لەڕێگەی دەرتەنگەوە بەرەو لوڕستان بڕوات، بەڵام سوپای والی بەغداد لە ڕێگەی کەلی سەرگرمە و دەربەندگاورەوە دوای دەکەون، ناچار دەبێت بەرەو دەشتی شارەزوور بگەڕێتەوە، کاتێک بێگەبەگ هەواڵ دەزانێت نامە دەنێرێت بۆ عەلەمەدینی کوڕی ئەمیری قەڵای نەوێ (نەوێ و بەردەبەل) کە ئامادەباشی بکات بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو سوپایە، عەلەمەدین ئامادەکاری باش دەکات و لەکاتی گەیشتنی سوپاکەدا کە دەیەوێت لە گەرووی (بەگ باسانەوە) تێپەڕێت، بەڵام پێش دەربازبوونی تووشی شەڕ دەبن لەگەڵ سوپای عەلەمەدینی میری قەڵا، لەو شەڕەدا زۆرێک لە سوپای ئەلقاص دەکوژرێت، بەڵام ئەلقاص و بەشێک لە سوپاکەی بەشێوەی موعجیزە دەربازیان دەبێت و دەگەنە مەهرەوان (مەریوان)، لەوێش جارێکی تر ئەلقاص سوپا تێکشکاوەکەی کۆدەکاتەوە و دەیەوێت هێرش بکاتە سەر میرایەتی بابان، لەهەمانکاتدا قاچاخ بووە لە شای سەفەوی، لەلایەن شای سەفەوییەوە هەوڵی دەستگیرکردنی دەدرێت بۆیە ناچار دەبێت پەنا بۆ میری سۆران بەرێت. لە دوای ئەو سەرکەوتنانەی سوپای بێگەبەگی میری شارەزوور، فەرمانی سوڵتانی هەمایونی دەردەچێت بە ئازادکردنی مەئمون بەگی کوڕیی و دەکرێتە ئەمیری کەرکوک.

بەڵام نائارامییەکانی لە کوردستاندا بەردەوام دەبێت، بەهۆی هێرش و پەلاماری بەردەوامی سەفەوییەکان و لەلایەک و لەلایەکی ترەوە ناکۆکی و ململانێی نێوان میرە کوردەکان خۆیان، میر و بەگە کوردەکان بەردەوام خەریکی دژایەتی یەکتری بوون و هیچ کاتێک دۆست و تەباو هاوکاری یەکتری نەبوون، بێگومان ئەو ناکۆکییە ناوخۆییانە لەلایەن سەفەویی و عوسمانیەکانەوە زیاتر قوڵکراوەتەوە و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان هێناوە.

جارێکی تر بەهۆی ناکۆکیی و ڕێکنەکەوتنی کوڕانی بێگەبەگەوە هەرێمی شارەزوور ڕووبەڕووی شەڕ و نائارامیی و وێرانکاری دەبێتەوە، دوای ئەوەی سۆهراب بەگ دەست دەگرێت بەسەر قەڵای زەڵم و هەرێمی شارەزووردا و ئیعلانی وەلائو دڵسۆزی خۆی بۆ شای سەفەوی دەردەبڕێت، محەمەدبەگی برای ئەو بارودۆخەی بە چاوی خۆی بینیوە، لەگەڵ سوهراب بەگی برایدا چەند نامە و نامە گۆڕینەوەیەک دەکەن، سوهراب بەگ داوای ملکەچی گوێڕایەڵی لێدەکات، بەڵام محەمەد بەگ گوێڕایەڵی ناکات و بەرەو ئەستەمبوڵ بۆ لای سوڵتانی عوسمانی بەڕێدەکەوێت، دوای چەند ڕۆژێک دەگاتە لای سوڵتان، سوڵتان ڕێزی دەگرێت و سنجاقی کەرکوک و هەردوو لیوای (شارباژێر و سرۆچک) پێدەدات، محەمەد پاشا داوا دەکات سوڵتان هێزی بداتێ هەتا هێرش بکاتە سەر سوهراب بەگی برای لە هەرێمی شارەزوور و قەڵای زەڵمدا.

لەوکاتەدا عوسمان پاشای چەرکسی لەوێ دەبێت کە لە میرایەتی قارەمان لابراوە، عوسمان پاشا دەڵێت: ئەگەر دەتانەوێت دەستبگرنەوە بەسەر هەرێمی شارەزووردا من زۆر شارەزای ئەو ناوچانەم، ئەو کارەتان بۆ دەکەم بەمەرجێک بەغداد بکەن بە دوو هەرێمەوە و یەکێک لەو هەرێمانەم بدەنێ، سوڵتان داواکەی پەسەند دەکات، محەمەد بەگ دەگەڕێتەوە بۆ کەرکوک و عوسمان پاشای چەرکەسیش بەرەو موسڵ دەگەڕێتەوە، دوای

گەڕانەوەیان دەکەونە ئامادەسازی بۆ هێرشکردنە سەر شارەزوور، سوهراب بەگ هەواڵ دەزانێت، نامە دەنێرێت بۆ عوسمان پاشا و دەڵێت: ئێمە هەموو کات دڵسۆز و ملکەچی سوڵتانی عوسمانی بووین، هەڵە و تاوانم کرد چوومە پاڵ شای سەفەوی، من وەک میرە کوردەکانی تر هەموو کات دڵسۆزی سوڵتان دەبم. دوای گەیشتنی نامە و نوێنەرەکانی سوهراب، عوسمان پاشا نوێنەرەکان لای خۆی دەهێڵێتەوە و نامە و نوێنەری خۆی دەنێرێت بۆ لای سوهراب بەگ، کاتێک سوهراب نامەکەی عوسمان پاشا دەبینێت دڵنیادەبێت کە لێی دەبوورن، بەڵام بۆچوونەکەی ڕاست دەرناچێت، لەناوکاودا عوسمان پاشا و محەمەد بەگی میری کەرکوک هێرش دەکەنە سەر هەرێمی شارەزوور، دوای شەڕ و کوشتار و تالانی زۆر ناتوانن قەڵای زەڵم بگرن، محەمەد بەگ دەکوژرێت و عوسمان پاشا تووشی شکست دەبێت، سێ مانگی زستان گەمارۆی قەڵای زەڵم دەدەن ناتوانن بیگرن، سوپای سەفەوی بەهانای سوهراب بەگەوە دێت، کاتێک عوسمان پاشا هەواڵی هێرشی سەفەوی دەبیستێت ناچار دەبێت بەرەو چیاکانی قەرەداغ پاشەکشە بکات.

دوای گەڕانەوەی عوسمان پاشا بە سوپا شکاوەکەیەوە بۆ کەرکوک، هەواڵی شکستەکانی سوپاکەی و هەروەها هاتنی هێرشی سوپای سەفەوی بۆ سەر هەرێمی شارەزوور دەنێرێت بۆ سوڵتان، سوڵتان نامە دەنێرێت بۆ عوسمان پاشا کە گرتنی قەڵای زەڵم سەختە، بگەڕێنەوە ئەو شارۆچکە کۆنەی تەیموری لەنگ لە شارەزوور وێرانی کردووە نۆژەنی بکەنەوە، عوسمان پاشا بەخۆی و سوپاکەیەوە دەگەڕێتەوە بۆ شارەزوور و دەستدەکات بە نۆژەنکردنەوەی شارۆچکەکە، لەوکاتەدا عوسمان پاشا نامە دەنێرێت بۆ سوهراب بەگ و داوای لێدەکات لەو کارانەی پاشگەزبێتەوە و سوڵتان لێبوردنی بۆ دەردەکات، سوهراب بەگ متمانە بە نامەکەی عوسمان پاشا دەکات و قەڵای زەڵم چۆڵ دەکات و لە دەوروبەری مەریوان نیشتەجێ دەبێت.

پاش ماوەیەک عوسمان پاشا سێ سەد سەربازی ئینکیشاری لە سوپاکەی ئامادە دەکات و لە شەوێکدا پەلاماری سوهراب بەگ دەدەن، دوای کوشتارێکی زۆر لە هەردوولا سوهراب بەگ ڕزگاری دەبێت، بەڵام خوشکێکی میرەکانی پاڵنگان بەدیلی دەکەوێتە دەست سوپای عوسمان پاشا، دواتر ئەو ژنەی بەدیلی نارد بۆ قەڵای حۆرین (هۆرێن)، لەو شەوەدا عوسمان پاشا کۆچی دوایی دەکات.

دوای ئەوەی هەواڵی کۆچی دوای عوسمان پاشا دەگاتەوە سوڵتانی عوسمانی، فەرمان دەکات بەغداد بکرێتەوە بە یەک هەرێم، پاشان داوا دەکات محەمەد بەڵتەچی والی بەغداد بڕوات بۆ شارەزوور بۆ نۆژەنکردنەوەی قەڵای شارۆچکە کۆنەکە، محەمەد بەگ بەرەو شارەزوور بەڕێدەکەوێت، لەناو عەشیرەتی ڕۆژبەیانیدا میری دەرتەنگ دەستپێشخەری دەکات کە نێوەندگیری لە نێوان محەمەد بەگ و سوهراب بەگدا بکات، محەمەد بەگ ڕازی دەبێت و دیاریی و خەڵاتی زۆر دەنێرێت بۆ سوهراب بەگ بەڵێنی پێدانی سنجاق بە خۆیی و کوڕەکانی دەدات و هەروەها داوای لێبوردنی لە سوڵتان بۆ بکات، هەرچەندە سەرەتا دوودڵ دەبێت، بەڵام لەژێر فشاری میرەکانی پاڵنگان کە خوشکەکەیان دیلە ڕازی دەبێت و کلیلەکانی قەڵای زەڵم دەنێرێت بۆ پاشا.

بەڵام دوای ئەو ڕێکەوتنە بەگێکی کورد بەناوی کوردۆلی بەگ کە نیازی وابووە دەست بگرێت بەسەر هەرێمی شارەزووردا دەگاتە لای سوهراب بەگ و دەڵێت: بە هیچ جۆرێک بڕوا بە بەڵێنەکانی محەمەد بەگ نەکەیت و دەیەوێت بەدیلکراوی ڕەوانەی لای سوڵتانت بکات، سوهراب بەگ بڕوا بە قسەکانی دەکات و جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ قەڵای مەریوان، داوا دەکات لە دەستوپێوەندەکانی بڕوا بە بەڵێنەکانی سوڵتان نەکەن، بەڵام هەموو بەگ و سەرۆک عەشیرەتەکان واز لە سوهراب بەگ

دەهێنن و پەیوەندی دەکەنەوە بە محەمەد پاشاوە و هەموویان دەگەڕێنەوە شوێن و سنجەقەکانی خۆیان، پاشان محەمەد پاشا پاسەوانی پێویست بۆ قەڵای زەڵم دابین دەکات و هێزی پێویست بۆ کوردۆڵی دیاری دەکات و دەیکاتە بەرپرسی پاراستنی ناوچەکە و دوای ئەوە محەمەد بەگ دەگەڕێتەوە بۆ بەغداد و هەواڵی ئەو ڕووداوانە دەنێرێت بۆ سوڵتان.

دوای ساڵ و نیوێک بەهۆی ڕێکەوتنەوە شای ئێران کلیلەکانی قەڵای مێشیلە و شەمع ئێران لە سوهراب بەگ وەردەگرێتەوە و دەینێرێت بۆ ئەبوبەکر بەگ کە لەوکاتەدا میری شارەزوور بووە، ئەبوبەکر بەگ بۆئەوەی کێشە و ئاژاوە لە ناوچەکەدا دروست نەبێت کلیلەکان دەنێرێت بۆ سوڵتان لە ئەستەمبوڵ، دوای ئەوە هەرێمی شارەزوور دەبێتە دوو بەش، بەشێکی دەبێتە ناوچەی سوڵتان و بەشەکەی تری کوردەکان خۆیان بەڕێوەی دەبەن بە مەرجێک کەس سنوری ئەویتر نەبەزێنێ و ستەم نەکەن.

## گرنگیی و بایەخی ئەم یاداشتانەی مەئمون بەگ:

ئەم یاداشتانە گرنگیی و بایەخی مێژوویی خۆیان هەیە چونکە:

یەکەم/ لە کات و ڕۆژگاری ڕووداوەکاندا نوسراوەتەوە، دوای سەردەمێک لە ڕوودانیان تۆمار نەکراون هەتا زیاد و کەمی تێبکەوێت.

دووەم/لەلایەن میرە کوردێکی ناو ڕووداوەکانەوە تۆمارکراوە، بێگومان ئەو میرە ئاگاداری دیوی ناوەوەی ڕوداوەکان بووە و لە هەموو هۆ و دەرەنجامێکی ئەو ڕووداوانە ئاگادار بووە.

سێیەم/ کەسێکی خوێندەوار بووە و زیاتر لە دوزادە ساڵ لە بەغداد خۆی پێگەیاندووە، کەواتە هۆشیاری باشی هەبووە دەربارەی خوێندنەوە و تۆمارکردنی ئەو ڕووداوانە و زانیویەتی چۆن و بۆچی تۆماریان دەکات.

چوارەم/ ئاگاداری ململانێی مەزهەبی نێوان عوسمانیی و سەفەوی بووە، زانیویەتی هێرش و پەلامارەکانی سەفەوی بۆچی بەردەوام دەکرێتە سەر کوردستان، ئاگاداری ئەوەبووە کە شەڕی سەختی نێوان عوسمانیی و سەفەوی بە پاڵنەری مەزهەبیە و ئەو بابەتە پشکی شێری بەرکەوتووە لە ململانێکاندا.

پێنجەم/ ئاگاداری ململانێی ناوماڵی میرە کوردەکان بووە لەسەر دەسەلات، کە هەر میرێک لەپێناوی پۆست و دەسەڵاتدا هەوڵی شکاندنی براکەی داوە.

شەشەم/ باسی هەموو ئەو مەرگەسات و وێرانکاریی و ڕەشەکوژیانە دەکات کە بەسەر کورد و کوردستاندا هاتووە لە ڕۆژگاری شەڕی عوسمانیی و سەفەویدا.

حەوتەم/ نوسخەی ڕەسەنی(ئەصڵی) دەستنووسەکە ماوە و لە ئەرشیفخانەی عوسمانیدا پارێزراوە، لەبەرئەوە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی گرنگ و باوەڕپێکراوە بۆ نوسینەوەی مێژوو.

هەشتەم/ سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوە بۆ ناوی شوێنە جوگرافییەکانی کوردستان، کە لە ئێستادا هەندێکیان نەماون و هەندێکیان ناوەکەیان گۆڕاوە.


نۆیەم/ بۆ شارەزابوون و تێگەیشتن لە ژیان و گوزەرانی ئەو ڕۆژگارەی خەڵکی کوردستان بەڵگەنامەیەکی گرنگە.

دەیەم/ ئەم یادداشتانە وەک ڕاپۆرت بۆ سوڵتانی عوسمانی بەرزکراوەتەوە، بۆیە زۆر بە وشیارییەوە نوسراوە و نوسەر خۆی پاراستووە لە زیادەڕەویی و شتی ناڕاست، چونکە زانیویەتی سوڵتان هەواڵەکانی پێدەگات و ئەگەر شتی ناڕاست بنوسێت تووشی لێپێچینەوە دەبێت لەلایەن سوڵتانەوە.

دەتوانین بڵێین: یەکەم سەرچاوەی مێژوویییە بەوشێوە مەیدانییە باسی بارودۆخی ئەو ڕۆژگارەی کوردستان بکات.



لاپەرەی یەکەمی دەستنووسی  یاداشتەکانی مەئمون بەگ



لاپەڕەی کۆتایی یاداشتەکانی مەئمون یەگ





نەخشەی هەرێمی شارەزوور و بەشێک لە هەرێمە کوردییەکان.



# گورد و بزووتنەوە بەرهەڵستکارەکانی شیعە

## لە هەرێمی جەزیرە و شارەزووردا لە سەردەمی ئومەوییەکاندا (٤١-١٣٢ك ، ٦٦١ – ٧٤٩ز)



**د.زریان حاجی**

- لەدایکبووی ١٩٨٢، سلێمانی. ماستەر و دکتۆرا لە مێژووی شارستانیەتی ئیسلامی (سەدەکانی ناوەڕاست). مامۆستا لە بەشی شوێنەوار و مێژوو/ زانکۆی سلێمانی. دە لێکۆڵینەوەی زانستی بڵاو کراوەی هەیە. سێ کتێبی چاپکراوی هەیە.

هەر لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلامەوە خاکی کوردان لەلایەن سوپای مسوڵمانانەوە فەتح کراوە، بەمەش پاش ئەوەی ئەم ئاینەیان قبوڵکرد، خۆیان و ناوچەکەیان چوونە ژێر سایەی دەسەڵاتی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی، بوونە بەشێک لەو دەوڵەتە، هەر لەوکاتەشەوە بە درێژایی دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان لە سەرجەم بوارەکانی پەیوەندیداری دروستکردنی مێژووی ئیسلامیدا هەبووە، بەڵکو هەندێک جار لەمە تێپەڕی کردووە و ڕۆڵ و فاکتەری گەورە لە هەڵاوێری ڕووداوەکاندا بەرئەوان کەوتووە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە و تێڕامانی ئەوێت ئەوەیە، کە وەک پێویست باس لەو مێژووە و لەو ڕۆڵە نەکراوە و بەپێچەوانەوە زۆرجار پەراوێزخراوە، بەهەرحاڵ ئەم بابەتەی ئێمە هەڵمان بژاردووە بۆ لێکۆڵینەوەکەمان سەردەمی خەلافەتی دەوڵەتی ئومەوی (٤١ – ١٣٢ ک)، بابەتێکە لە ماوەیەکی زۆر ناسک و شاراوەی مێژووی کورد دەدوێت، کە تیایدا سەردەمی دەرکەوتنی چەندین بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری سیاسیی و فیکریی بوو لە دەوڵەتی ئیسلامیدا، وەک: (خەوارج و شیعە و عەباسییەکان) و چەندانی تریش، کە هەریەک لەمانە بەشێوەیەکی دیار پەیوەندییان بە ناوچە کوردییەکان و بەتایبەتیش ناوچەی هەرێمی جەزیرە و شارەزوور دەکرد، سەرباری پەیوەندییان بە کوردەوە بیروباوەڕەکانیشیان لەناویاندا بڵاودەکردنەوە و لێرەشەوە نەخشەکانیان بۆ بەرهەڵستکار کردنی دەوڵەتی خەلافەت دادەڕشت و زۆرجار کورد بەشێک دەبوون لە جێبەجێ کردنی ئەو پلانانە.

لێکۆڵینەوەکەمان لەسەر دوو تەوەری سەرەکی کار دەکات، کە لایەنێکیان بۆ دەرخستن و ناساندنی ئەو بزووتنەوە بەرهەڵستکارانەیە و هەروەها باسکردنە لە دیارترین ئەو بنەما فیکریی و پرەنسیپانەی لەسەری بیوونە بەرهەڵستکار، و هەروەها گرنگی دووەمیشی لەوەدایە کە دەرخستنی ڕۆڵی کورد و خاکەکەیانە لە هەرێمی جەزیرە و شارەزووردا لەو مێژووە شاراوە و لەو قۆناغەی مێژووی دەوڵەتی ئیسلامی، چ بە پشتگیری کردن و داڵدەدانی ئەو بزووتنەوە بەرهەڵستکارانە و بەشداریکردن بێت لە بزوتنەوەکانیاندا یان بەدژایەتی کردنی ئەو بزووتنەوانە بێت و یارمەتیدانی دەوڵەتی خەلافەت بێت، ئەمە سەرباری ئەوەی، کە پێمان وایە مێژوو وەک ئاوێنەیەک وایە ڕۆشناییەکانی ئەمڕۆی پێدەبینین و زۆرێک لە تاریکاییەکانی سبەی پێ دەرەوێنینەوە لەم سۆنگەیەشەوە گرنگیە ستراتیجییە فیکرییەکەیمان لەمڕۆدا بۆ دەردەکەوێت بەتایبەت کە ئێستا سەرلەونوێ مێژوو خۆی ئاوەژوو کردۆتەوە و خەریکە پەیوەندییەکانی کورد و شیعە و دەوڵەت بۆ ئەو کاتە لە زەمەن دەگەڕێتەوە، بۆیە ئاوڕدانەوەیەک لەو مێژووە بەبۆچوونی ئێمە ئەرک و پێویستییەکی ئەکادیمیی و هزرییە لەچوارچێوەی ئەرکدا...

باسی یەکەمی لێکۆڵینەوەکەمان تایبەت کردووە بە ناساندنی شیعە وەک بزووتنەوەی بەرهەڵستکار چ لە ڕووی ناو و سەرەتای دەرکەوتنیان و گەشەکردنیانەوە و بنەما سەرەکییەکانی فیکرییان و سەرەتای پەیوەندییان بە ناوچە کوردیەکانەوە، هەروەها لە باسی دووەمدا باسمان لە دیارترینی بزووتنەوە بەرهەڵستکارەکانی شیعە کردووە کە ڕوویان کردۆتە ناوچەکانی هەرێمی جەزیرە و شارەزوور و ژمارەیان زیاتر لە سێ گرووپ دەبێت ئەوانیش: بزووتنەوەکانی (تەوابونەکان و موختار کوڕی ئەبی عبیدی سەقەفی و زیدی کوڕی عەلی)ن و پاشان هەریەک لەم بزووتنەوانەمان ناساندووە و ڕۆڵی کوردیشمان تیایاندا دەرخستووە.

## باسی یەکەم: بنەما و پرەسیپەکانی شیعە و سەرەتای پەیوەندییان بە کوردەوە:

شیعەکان چەند کۆمەڵێکی فیکریی سیاسیی ئیسلامین و بە بەهێزترین و کۆنترین و گەورەترین گرووپی بەرهەڵستکاری دەوڵەتی خەلافەت دادەنرێن، لەبەر شوێنکەوتەییان بۆ ئیمامی عەلی و بنەماڵەکەی و ئال و بەیتی پێغەمبەر(د.خ) پێیان گوتراوە شیعە(١)، واتە شوێنکەوتە(٢)، بنەماکانی بیروباوەڕ و فیکری سیاسییان لەسەر ئەوە دارشتووە کە پێشەوایەتیی و خەلافەت مافێکی ڕەسەنی ئیمامی عەلی و مناڵەکانیەتی و نابێت لەوان دەربچێت، هەروەها پێیانوایە پێشەوایەتی لە دوای پێغەمبەر(د.خ)، خوای گەورە داویەتی بە ئیمامی عەلی و پێغەمبەریش (د.خ) بۆخۆی ئاماژەی بۆ ئەمە کردووە و وەسێتی کردووە کە بدرێت بە ئەو، بۆیە وائەبینن هەموو ئەوانەی لە پێش عەلی دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست هەموو کەسانێک بوون کە ئەم مافەیان زەوت کردووە و دەسەڵاتەکەیان شەرعی نەبووە بۆیە دەسەڵاتەکەیان بەڕاست نازانن(٣)، هەر لێرەشەوەیە ئەمان ڕەخنە و تانە لە سەرجەم حوکمی خەلافەتی ئیسلامی دەگرن بەدرێژایی مێژوو هەر لە سەردەمی ڕاشدینەوە تا سەردەمی ئومەویی و عەباسیەکانیش(٤)، بابەتێکی وا کە ئەم گرووپە بەهۆیەوە تووشی چەندین ئیشکالیەتی فیکریی و کلتووریی و بەرهەڵستکاری و خۆپەنادان تقیە(٥) بوون.

لەبارەی سەرەتای سەرهەڵدانیانەوە چەندین بیروبۆچوونی جیاواز هەیە هەندێک لە سەرچاوەکان پێیانوایە کە سەرەتای دەرکەوتنی شیعە وەک فیکر و پرەنسیپ و کۆمەڵە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) و پێیانوایە پێغەمبەر (د.خ) خۆی داڕێژەری ئەم بیرە بووە(٦)، بەڵام ئەمە لە ڕاستییەوە دوورە ساناترین بەڵگەش بۆ ئەم بابەتە ئەوەیە لە سەردەمی پێغەمبەردا (د.خ) شتێک نەبووە بەناوی سوننە و شیعە و مەزهەبەکانەوە(٧)، هەروەها هەندێکی تر لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵی شیعە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی پێغەمبەر(د.خ) کۆچی دوایی کردووە و پاش ئەوەی مسوڵمانان لە (ثقیفة) کۆبوونەوە بۆ هەڵبژاردنی خەلیفە ئەبوبەکری صدیق، لەمکاتەدا چەند هاوەڵێک (صحابە)یەک کە خۆشەویستییان بۆ عەلی هەبووە و هەستاون و باسیان لە بە مافبوونی عەلی کردووە تا ئەو پۆستە بگرێتەدەست لەوانەش (سەلمانی فارسیی و أبوذری غفاری و مقداد کوڕی أسود) بوون(٨)، بەڵام ڕاستترین بۆچوون هەروەک سەرچاوەکان جەختی لەسەر ئەکەنەوە ئەوەیە ئەم کۆمەڵەیە وەک فیکر و پرەنسیپ و کارکردنیش لە سەردەمی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیبەوە سەریهەڵدابێت، کاتێک کە لەم سەردەمەدا کۆمەڵە کەسانێک سەریان هەڵدابوو عەلی یان بە خوداوەند دائەنا لەناو ئەمانەشدا کەسایەتیەکی وەک (عبدالله کوڕی سبأ) دەرکەوتبوو، ئەم کەسایەتییە لە بنەڕەتدا کەسێکی (جولەکە) بووە و ببوو بە مسوڵمان و توانی لەناو مسوڵماناندا چەندین ئەفسانە هەڵبەستێت و خەڵکیش لە دەوری بیر و فیکرەکەی کۆبکاتەوە، لەوانە پرەنسیپی وصایە واتە پێغەمبەر(د.خ) لە دوای خۆی وەسێتی بۆ عەلی کردووە ببێتە خەلیفە و هەروەها دانانی پرەنسیپی رجعیە کە گوایە پێغەمبەری ئیسلام جارێکی تر دێتەوە سەرزەوی، چونکە ئەو بە ماف ترە لە عیسا(٩).

بەهەرحاڵ ئیدی لێرەوە فیکرە و بیری شیعە وەک پرەنسیپ و بیر پەرەیسەند تا کاتی کوژرانی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب و هاتنە سەرکاری حەسەنی کوڕی عەلی لە پاش باوکی، بەڵام لە پاش ماوەیەک حەسەن وازی لە خەلافەت هێنا بۆ موعاویە ئەویش بە کۆمەڵە مەرجێک، لەوانە موعاویە لەسەر مینبەر جنێو بە عەلی نەدات لە پاش خۆشی حسەینی برای بکاتە خەلیفە بەم جۆرە تاڕادەیەک ئەم بزووتنەوەیە هێمن بووەوە(١٠)، بەڵام ئەوە بوو

موعاویە بەڵێنەکانی نەبردە سەر و سیاسەتێکی نوێی لە حوکمدا هێنایەکایەوە ئەویش سیاسەتی پشتاوپشت بوو هەروەها لە قسەوتنیش بە عەلی هەر بەردەوام بوو، بۆیە شیعەکان ڕقێکی گەورە لە دڵیاندا لە بەرامبەر ئومەوییەکان درووست بوو ئەمە سەرباری ئەوەی لە سەردەمی یەزیدی کوڕی موعاویەدا حسەینی کوڕی عەلی پاش ئەوەی کە لە دژی یەزید دەرپەڕیی و باوەڕی بە خەلافەتەکەی نەکرد و خەڵکی کوفەش بەیعەتی خەلیفایەتیان پێدا لەلایەن والی یەزیدەوە لە کەربەلا شەهیدکرا، ئەمانە بوونەهۆی زیاتر چەکەرەبوونی ئەم بیرە و لە فیکرەیەکی سادەوە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ئاڵۆز دەبوو تا چەندین گرووپ و کۆمەڵەیان لێ بووەوە کە هەریەکەیان دروشمی حەق سەندنی عەلیی و حسەین یان هەڵگرتبوو، کە زۆربەی گرووپە شیعە بەرهەڵستکارەکانی سەردەمی ئومەوی بە ئەم ناوەوە سەریانهەڵدا(١١).

شیعەکان لەناو خۆیاندا لە ڕووی پرەنسیپی بیریی و فیکریانەوە دابەش دەبن بەسەر چەندین گرووپ و لقدا لە دیارترینیان (کەیسانیی و زەیدیی و ئیمامییە و غلات و ئیسماعیلیە)ن، بەڵام هەموویان لەسەر یەک بنەمای هاوبەش ڕێکن ئەویش خۆشەویستی عەلیی و ئال و بەیت و ماف بوونی ئەوانە بە خەلافەت(١٢).

هەرچی پەیوەندی نێوانی شیعە و کوردە لە هەرێمی جەزیرە و شارەزووردا دەتوانین بڵێین پەیوەندیەکە پەیوەندییەکی تارادەیەک لاوازبووە و بەشێوازی ئەو پەیوەندییانە نەبووە کە لەگەڵ بزووتنەوە بەرهەڵستکارەکانی تری دەوڵەتی ئومەویدا هەبووە، ئەمەش ڕەنگبێت لەبەرئەوە بووبێت کە بزووتنەوە شیعەکان خۆیان لە چەند بزووتنەوەیەکی نارێکخراودا بینیبێتەوە و پرۆگرامێکی شۆڕشگێڕانەی کردارەکی دیاریان نەبووبێت، هەروەها هەلایسانی زۆرێک لە جەنگەکان لە دەرەوەی خاکەکەی ئەماندا بووە ئەمەش وایکردووە کە درووست بوونی پەیوەندی لە نێوان کورد و شیعەکاندا و گوێزانەوەی بیر و فیکرەیان بۆ ناو کورد شتێکی هەروا سانا نەبێت(١٣)، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هیچ پەیوەندیەک لە نێوان کورد و بزووتنەوە شیعەکاندا نەبووە، بەڵکو چەند بزووتنەوەیەکی کەمی سەر بە شیعە هاتوونەتە ناوچە کوردییەکان و بەتایبەتی ناوچەکانی جەزیرە و شارەزوور کە پەنایان بردۆتە بەر هەرێمەکە و پەیوەندییان کردووە بە خەڵکەکەیی و چەند ناوچەیەکی ئەم هەرێمەش باوەڕیان بە فیکرە و بیر و بۆچوونەکانیان هێناوە و بوونەتە شیعە، هەروەها هەندێکیشیان شەڕەکانیان لە خاکی ئەم هەرێمەدا کردووە، بەڵام ئەم پەیوەندیانەش لەچوارچێوەیەکی تەسکدا بووە، سەرجەم ئەو ڕیوایەتانەی کە باسی ئەم پەیوەندییانە دەکەن لە سەرچاوە ڕەسەنەکاندا لە چەند ڕیوایەتیکی کەم تێپەڕناکەن(١٤)، هەروەک لێی دەدوێین...

## باسی دووەم: بزووتنەوە بەرهەڵستکارەکانی شیعە لە هەرێمی جەزیرە و شارەزووردا(١٥):

یەکەم: کورد و بزووتنەوەی (التوابین) (٦٥ک، ٦٨٤ز):

تەوابینەکان بریتین لە کۆمەڵێک لە شیعەکانی کوفە لە پاش ئەوەی حسەینی کوڕی عەلی شەهید کرا هەستیان بە پەشیمانییەکی زۆر کرد و خۆیان بەتاوانبار دەزانی کە بەدەمیەوە نەچووبوون و یارمەتیان نەدابوو بەتایبەتیش کاتێک ئەمان هۆکاربوون بۆ کوشتنی، چونکە خۆیان نامەیان بۆ ناردبوو وە بەیعەتیان پێدابوو بچێت بۆ کوفە و لەوێ بە خەلیفەی خۆیانی هەڵبژێرن، بەڵام پشتیان تێکرد، بۆیە بۆ ئەمە پەشیمانی خۆیان دەربڕی و لێرەوە بە تەوابین ناسران(١٥)، ئەم کۆمەڵەیە پێنج کەس لە دیارترین کەسایەتییە گەورەکانی کوفە سەرکردایەتی ئەکردن یەکەمیان (سلیمان

کوڕی صردی خزاعی) بوو کە بۆ خۆی یەکێک بوو لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر (د.خ) (١٦) و هەروەها لە کەسە زۆر نزیکەکانی ئیمامی عەلیش بوو، بەجۆرێکی وا کە بە (شیخ الشیعە) بەناوبانگ بوو، ئەوانی تریش کە (مسیب کوڕی نجیەی فزاری و عبداللە کوڕی سعد ئەزدی و عبداللە کوڕی وال تەمیمی و رفاعە کوڕی شداد بەجلی) بوون ئەمانیش لە کەسە نزیکەکانی ئیمامی عەلی بوون و سەر بە چەند هۆزێکی زۆر بەناوبانگی ناوچەکە بوون(١٧)، لە ماڵی (سلیمان کوڕی صردی خزاعی) کۆبوونەوە و بڕیاریاندا بۆ سڕینەوەی تاوانەکانیان لەوەی کە پشتیان لە حسەین کوڕی عەلی کرد تۆڵەی بستێننەوە و شەڕی هەموو ئەوانەش بکەن کە دژی بوون، لێرەوە لە ساڵی ٦١ک، ٦٨٣ز وە ئەم بزووتنەوەیە سەریهەڵدا و بەنهێنی کەوتنە ئەنجامدانی کارەکانیان تائەو کاتەی خەلیفە یەزید کوڕی عەبدولمەلیک مرد ئەوکات بڕیاریاندا بە ئاشکرا بکەونە بانگەوازکردنی خەڵک بۆ بزووتنەوەکەیان و خەڵکانێکی زۆریش بەدەمیانەوە هاتن، سلێمان نامەی نارد بۆ لایەنگرانی لە ناوچەکانی بەسرە و مەدائین کە پەیوەندی بە بزووتنەوەکەیەوە بکەن تا تۆڵەی حسەین بستێنن و ئەوانیش پشتگیری خۆیان بۆ دەربڕی(١٨)، بەمجۆرە لایەنگرانی زۆر بوو، پاش ئەوەی لەگەڵ شوێنەکەوتوانیدا ڕێککەوت سلێمان بڕیاریدا لە کوفە بچێتە دەرەوە و لەوێ ناوچەیەک بدۆزێتەوە تا بیکاتە بنکەیەک بۆ هێزەکانی ئەوە بوو لە سەرەتای ساڵی ٦٥ک ، ٦٨٤ز تەوابینەکان لە (نخیلە) کە شوێنێکە ئەکەوێتە نزیکی کوفە کۆبوونەوە، نزیکەی چوار هەزار کەس ئەبوون ئەمە سەرباری ئەوەی شوێنکەوتوانیان لە مەدائین و بەسرە ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە نەببوون کە بێگومان بەوانیشەوە ژمارەکە زۆر زیاتری ئەکرد، پاش ئەمە بەرەو کەربەلا چوون و سەردانی گۆڕی حسەین یان کرد و لەوێ پەیمانیان بەست کە تۆڵەی حسەین بسێنن(١٩)،

## شیعەکان چەند کۆمەڵێکی فیکریی سیاسیی ئیسلامین و بە بەهێزترین و کۆنترین و گەورەترین گرووپی بەرهەڵستکاری دەوڵەتی خەلافەت دادەنرێن

پاشان بەسەرکردایەتی سلێمان لە ڕووباری فوڕات پەڕینەوە و چوون بەرەو ناوچەکانی جەزیرە و لەوێ لە ناوچەی (قرقیسیا)(٢٠)) کە ناوچەیەکی کوردییە لە هەرێمی جەزیرە لەمکاتەدا لێرە یەکێکی تر لە بەرهەڵستکارەکانی دەوڵەتی ئومەوی بەناوی (ظفر کوڕی حارسی کلابی) لێ ئەبێت کە ئەم کەسایەتییە پشتگیریان لێدەکات و هانیان ئەدات بۆ کارەکانیان و پێیان ڕادەگەیەنێت کە بڕۆن بەرەو (عین الورد)(٢١)) کە هەرێمێکی کوردییە لەوێ نیشتەجێ ببن(٢٢)، لێرەدا کاتێک ئەمانە ڕوویان کردۆتە ئەم هەرێمە کوردیانە دوورنیە زۆرێک لە خەڵکانی ناوچەکە کە کوردبوون بەشدارییان لەگەڵدا نەکردبێت و لایەنگرییان لەم ناوچەیەدا نەبووبێت بەتایبەتیش کاتێک ئەوە بزانین کە ئەم بزووتنەوەیە بزووتنەوەیەکی بانگەواز کار بووە، ئەگەرنا چۆن ئەم ناوچەیە هەڵدەبژێرن کە بیکەن بە بنکەی دەسەڵاتی خۆیان، بەهەرحاڵ کاتێک ئومەوییەکان بەمەیان زانی سوپایەکیان بەسەرکردایەتی (عبیداللە کوڕی زیاد) لە شامەوە ناردە سەریان کە لە سی هەزار کەس(٢٣) پێکهاتبوو بەیارمەتی چەند سەرکردەیەکی تری ئومەوییەکان و لە ساڵی ٦٥ک ، ٦٨٤ز شەڕ لە نێوانیاندا هەڵگیرسا(٢٤) هەرچەندە لە سەرەتاوە تەوابینەکان توانیان کە سەرکەوتن بەدەست بهێنن، بەڵام دەرەنجام بەهۆی ئەوەی کە


ژمارە (١٣)
تشرینی یەکەم
٢٠١٧

# شیعەکان لەناو خۆیاندا لە ڕووی پرەنسیپی بیریی و فیکریانەوە دابەش دەبن بەسەر چەندین گرووپ و لقدا

بەردەوام ئومەوییەکان یارمەتیان بە سوپا و بە سەرکردەی بەهێز بۆ دەهات و ئەمەش ببووە هۆی ئەوەی کە هێزەکانیان هاوتا نەبن، بۆیە تەوابینەکان بەتەواوەتی تێکشکان و سەرکردەکەشیان سلێمانی کوڕی صرد خزاعی کوژرا سەرەکەیان لەگەڵ سەری مسیب کە سەرکردەیەکی تری تەوابینەکان بوو ناردەوە بۆ خەلیفە و پاشماوەکەشیان هەڵاتن و چوونەوە لە کوفە نیشتەجێ بوون(٢٥)، بەمجۆرە کۆتایی بە بزووتنەوە کەیان هات...

دووەم: کورد و بزووتنەوەکەی موختار کوڕی ئەبی عبیدی سەقەفی (٦٦ک ،٦٨٥ز):

موختار کوڕی ئەبی عوبەیدەی سەقەفی ئەم کەسایەتیە بەیەکێکە لە دیارترین ئەو کەسانە دائەنرێت کە سەرۆکایەتی بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری شیعی کردووە لە دژی دەوڵەتی ئومەوی، باوکی یەکێک بووە لە سەرکردە دیارەکانی فتوخاتی عێراق و خۆشی کەسایەتییەکی دیار و زیرەک و سیاسی و لێزانی گەورەی هەبووە، بەجۆرێکی وا سیاسەتی کردووە کە لەپێناوی بەدەستهێنانی پلەوپایەی دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانیدا سڵ لە هیچ نەکاتەوە، بەڵکو لەسەر چەند پەتێکیش یاری بکات، بۆیە سەرچاوەکان زیاتر بە کەسێکی بێ پرەنسیپ (مبدء) ناوزەندی دەکەن(٢٦)، ڕەنگبێت ئەمانەشی لەبەرئەوە کردبێت تابتوانێت کەسایەتییەکی دیار و خاوەن پێگە بۆ خۆی دروست بکات، ئەوەشی ئەم بۆچوونانە دەسەلمێنێت ئەو ڕووداوانەیە کە لە ژیانیدا ڕوویداوە، بۆ نمونە: هەرگیز ئەم خۆی نەخستۆتە ژێر دەستی والییەکانی ئومەوییەکانەوە و دانییپادا نەناون، هەمیشە بەدوای بزووتنەوەیەکی بەرهەڵستکاردا گەڕاوە درووست ببێت و ئەم خۆی پیادا هەڵبواسێت، لەم سەروبەندەدا کاتێک کە عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب شەهیدکرا پەیوەندی کرد بە حەسەنەوە، بەڵام کە ئەم وازی لە خەلافەت هێنا بۆ موعاویە پەیوەندی کرد بە حسەینی کوڕی عەلی، پاش ئەوەی کە حسەین شەهیدکرا پەیوەندی کرد بە بزووتنەوەکەی عەبدوڵڵای کوڕی زوبێرەوە(٢٧) بەڵام عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر زۆر متمانەی پێ نەبوو، چونکە ئەم زۆر بەهەڵپەتر بوو بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات و لە چالاکییەکانی ئەترسا، بۆیە هیچ پلەیەکی وای لە بزووتنەوەکەیدا پێنەبەخشی و موختار وازی لەمیش هێنا و گەڕایەوە بۆ کوفە، لێرە ئەو بارودۆخە تایبەتیەی لە پاش کوژرانی حسەین و شکانی بزووتنەوەی تەوابینەکانەوە کەوتبووە بەهەلزانیی و کەوتە بانگەشەکردن بەناوی شیعەکانەوە بۆ سەندنەوەی تۆڵەی حسەین و واخۆی پیشاندا کە ئەم نوێنەری محەمەد کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیبە کە بە (محمد بن الحنیفە) ناسرابوو.

هەروەها واخۆی پیشان ئەدا کە ئەم وەزیری (محمد الحنیفە)یە و لەوپێناوەدا شۆڕش هەڵئەگیرسێنێ(٢٨)، بەهەرحاڵ لێپرسراوانی کوفە لێی دڕدۆنگ بوون و ئەوە بوو زیندانیان کرد، بەڵام لە زیندانیشدا زیاتر خۆی نیشاندا و کەوتە بانگەشەکردنی زیاتر بۆ بیرەکەی، بەڵکو زیاتریش تەنانەت بانگەشەی شێوە پێغەمبەرایەتییەکیشی دەکرد بەوەی کە دەیگوت (جبرئیل) لەلایەن خوداوە سەردانی ئەکات بۆ زیندان(٢٩)، لێرەوە

کۆمەڵێک لایەنگری بۆ بزووتنەوەکەی زیاد کرد و پاش ئەمەش عەبدوڵڵای کوڕی عومەر کە مێردی خوشکی بوو توانی شەفاعەتی بۆ بکات و لە زیندان بەرببێت پاش ئەوەی موختار سوێندی خوارد کە جارێکی تر ئەم کارانە نەکاتەوە، بەڵام کاتێک چووەوە بۆ ماڵەکەی ووتی ئەو بەو سوێنەی کە خواردوویەتی پابەند نابێت(٣٠)، بۆ پەرەپێدانی بزووتنەوەکەشی پێویستی بەوە هەبوو کە چەند کەسایەتیەکی گەورە و ناسراو لەگەڵیدا بەشداری بکەن بۆ ئەمە باشترین کەسێک بریتی بوو لە (ئیبراهیم کوڕی مالیک ئەشتەر) کە کەسایەتیەکی دیاربوو و هۆزێکی گەورەشی لە پشتەوە بوو، هەرچەندە لە سەرەتاوە ڕازی نەبوو لەگەڵیدا بەشداربێت، بەڵام لە دواجاردا کاتێک موختار نامەیەکی لەلایەن (محمد الحنیفە)وە بۆ برد لەگەڵ ئەوەشدا کە ئیبراهیم لە ڕاستی نامەکە دوودڵ بوو، بەڵام ڕازی بوو بەشداری لە بزووتنەوەکەیدا بکات، بەم جۆرەش بووە پشتێکی بەهێز بۆی(٣١). لە پاش ئەمە بڕیاریدا بزووتنەوەکەی لە مانگی ربیع الاول ی ساڵی ٦٦ک ، تشرینی یەکەمی ٦٥٨ز لە کوفە ڕابگەیەنێت، بەهۆی یارمەتی ئیبراهیم ئەشتەرەوە توانی دەست بەسەر کۆشکی ئیمارەتدا بگرێت لە کوفە و (عبداللە کوڕی موتیع) ی کە والی کوفە بوو لە لایەن عبداللە کوڕی زوبێرەوە دەربکات، هەروەها زۆرێکیش لە ئەشرافەکانی کوفە لە دەرەنجامی ئەمەوە هەڵاتن بەرەو بەسرە، ئەوانی تریش بەیعەتیان پێدا هەروەها توانی نفوزی خۆی بەسەر زۆرینەی عێراق و هەروەها چەند هەرێمێکی تریشی لە دەوڵەت خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە(٣٢)، لەم هەرێمانەدا ناوچە کوردییەکان بەئاشکرا دەرئەکەون کە موختار خستنیە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و والی لێداناون، بۆ نمونە عەبدوڵڵا ی کوڕی حارسی کردە والی ئەرمینیا و ناردییە ناوچەکانی هەمەدان و ماهین (نهاوەند، دینور) کە گومان لە بە کوردی بوونی ئەم ناوچانەدا نیە، محەمەدی کوڕی عومەیری کوڕی عەتاردی کردە والی ئازەربایجان و (عبدالرحمن کوڕی سعید کوڕی قیس)ی کردە والی موسڵ (سعید کوڕی حوزەیفە یمانی) کردە والی حلوان و ئیبن مالیک بەکراوی کردە والی ماسبدان(٣٣)، موختار کاتێک ئەم ناوچانەی گرتەدەست ژمارەیەکی زۆر لە مەوالی هاتنە ناو بزووتنەوەکەیی و پشتگیریان لێکرد بەتایبەتیش مەوالی کورد کە زۆرێک لە ناوچەکانی ئەمانی بەدەستەوە بوو، تەنانەت سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە لە ناوچە کوردییەکانی وەک جەزیرە و چیا و ئازەربایجان و ئەسفەهان بەردەوام یارمەتی و کەلوپەلی بۆنێردراوە(٣٤).

موختار زۆر بە سیاسەت بوو لە بەرامبەر مەوالییەکان و خۆی نزیک دەکردەوە لێیان و دانی بە مافەکانیان دەناو یەکسانی پێدەبەخشین لەگەڵ عەرەبەکاندا لە ماف و ئەرکیشدا، بۆیە شتێکی ئاساییە کە پشتگیری لێبکەن، بۆ نمونە چەند کەسێکیانی لێکردن بە لێپرسراو لە بزووتنەوەکەیدا وەک (کیسان ابا عمیرە) کە کردی بە لێپرسراوی پاسەوانەکانی، هەروەها سەرجەم سەروەت و سامانەکەی لای مەوالییەک دانابوو ئەمەش ڕادەی متمانەی موختارمان بە مەوالییەکان بۆ دەردەخات(٣٥)، سەرباری ئەوەی کە ئەو یاسایەی لابرد کە مەوالی لە خوار عەرەبەوە بێت لە ڕێ ڕۆیشتن و سواربوونی ئەسپدا (هەروەک لە هەندێک کتێبی ئەدەبی مێژووی ئیسلام باسی ئەم بابەتە کراوە کە گومان لە ڕاستێتی ئەم بابەتە دەکرێت)، بەڵکو پێویستی کرد کە مەوالییەکانیش بە هاوشانی عەرەبەکان بە سواری ئەسپ بڕۆن،

ئەم کارانەی بووە هۆی ئەوەی کە عەرەبەکان لێی دردۆنگ ببن و گلەیی لێبکەن، بەڵام ڕاڤەی ئەم کارانەی بەوە لێکدەدانەوە و پێی دەگوتن: ((ئێوە کاتێک کە ڕێزم لێدەگرتن و لوتتان بەرز ڕادەگرت و کاتێک دەمکردن بە والی خەراجتان نەئەدا، بۆیە مەوالییەکان زۆر لە ئێوە بۆم باشتر و بەوەفاترن هەرچیم ویستبێت بۆیان کردوم))(٣٦)، بۆیە عەرەبەکان لێی کەوتنە گومانەوە و بەرەبەرە لێی دەتەکینەوە، بەڵکو عەرەبی هۆزەکانی (کندە و ئەزد و بجیلە و نەخع) کەوتنە دژایەتیکردنی(٣٧)...

لە پاش ئەمانە لە بەردەم موختاردا چەند مەترسییەکی گەورە هەبوو بۆ دەسەڵاتەکەی، لەوانە مەترسی ئەو هۆزە عەرەبانەی کە بەرەو بەسرە هەڵاتبوون، هەروەها مەترسی هێزی عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر و مەترسی ئومەوییەکانیش لەلایەکی ترەوە، کە سوپای ئومەوییەکان بە سەرکردایەتی عوبەیدوڵڵای کوڕی زیاد، پاش ئەوەی تەوابینەکانی شکاندبوو لە (عین الورد) بەرەو موسڵ کەوتبووە ڕێ تا بەرەنگاری والییەکەی موختار ببێتەوە لە موسڵ و لە دژیان بجەنگێت، ئەوە بوو والی موسڵ لە دەرەنجامی ئەمەوە هەڵات و نامەی بۆ موختار نارد تا یارمەتی بدات(٣٨)، موختاریش هێزێکی گەورەی بە سەرکردایەتی ئیبراهیم ئەشتەر کە زۆربەی لە مەوالییەکان پێکهاتبوون بۆ ناردن، ئەم دوو سوپایە لەسەر ڕووباری (خازر) لە ١٠ی محەرم، ٦٧ک – ٦،ئاب ٦٨٦ دا بەیەک گەیەشتن لە دەرەنجامدا سوپاکەی موختار توانی سەرکەوتێکی گەورە بەدەستبهێنێت و تیایدا عوبەیدوڵڵای کوڕی زیاد بکوژرێت، ئەو کەسایەتییەی کە ڕۆڵێکی گەورەی لە شەهیدکردنی ئیمامی حسەیندا بینی بوو، هەروەها کۆمەڵە سەرکردەیەکی دیاری تری وەک (حصین کوڕی نمیر السکونی و شرحبیل ذی الکلاع)ی ئومەوییەکانیش لەم جەنگەدا کوژران(٣٩).

لەدوای ئەمەوە ئیبراهیم بەتەواوەتی دەستیگرت بەسەر ناوچە کوردییەکانی هەرێمی جەزیرەدا و لە هەریەکەیان والی خۆی دانا و پاش ئەوەی چووە ناو موسڵەوە عەبدولڕەحمانی برای نارد بۆئەوەی ببێت بە لێپرسراوی نەصیبین و سەفاحی کوڕی دانا بە لێپرسراوی (سنجار)(٤٠) و عەبدوڵڵای کوڕی موسلیمی دانا بەسەر (میافارقین)(٤١)ەوە و پێی ڕاگەیاند کە شوێن پاشماوەی ئومەوییەکان بکەوێت لە ناوچە شاخاوییەکان و ناوچەکانی میافارقین لەناو کوردەکان نیشتەجێ بوون، هەروەها حاتەمی کوڕی لوقمانی باهلی دانا بەسەر (رها)(٤٢) و سلێمانی کوڕی ڕەبیعەشی دانا بەسەر (ئامەد)(٤٣)ەوە، بەم جۆرە موختار توانی بۆماوەی زیاتر لە هەژدە مانگ دەستبگرێت بەسەر شا دەماری لایەنی ئابووری جەزیرە و خەڵکەکەیدا(٤٤)، بەڵام ئەم سەرکەوتنانەی موختار زۆری نەخایاند، بەڵکو عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر کە لە ناوچەکانی حیجاز بانگەشەی خەلیفایەتی ئەکرد و بەشێکی عێراقیشی لەبەردەستدا بوو لێی کەوتە مەترسییەوە و بە موصعەبی کوڕی زوبێری برای، کە والی بەسرەبوو ڕاسپارد بۆ بەرەنگار بوونەوەی موختار هەنگاوی پێویست بنێت، و لەلایەکی تریشەوە عەرەبە ڕاکردووەکانی کوفە لە دەستی موختار کە لە بەسرەبوون بەردەوام هانی موصعەبیان ئەدا تا لە دژی موختار شەڕ بکات، ئەمە سەرباری ئەوەی محەمەدی کوڕی حەنیفە کە موختار بەناویەوە شۆڕشی ئەکرد و خەڵکی کۆئەکردەوە بەرائەتی خۆی لێ ڕاگەیاند و پاش ئەمانەش دەستە ڕاستی موختار، کە ئیبراهیم ئەشتەر بوو لێی هەڵگەڕایەوە و وازی لە موختار هێنا و بەیعەتی کرد بە موصعەبی کوڕی زوبێر،

بۆیە ئەوەی لە دەوری مایەوە تەنها چەند عەرەبێکی کەم و ئەوی تریشی مەوالییەکان بوون و ئەمانەش تارادەیەکی باش موختاریان لاواز کرد(٤٥).

لە دوای ئەمەوە موصعەب هێزێکی گەورەی نارده سەر موختار، هێزی موختاریش دوو کەسایەتی دیار سەرکردایەتیان ئەکرد ئەوانیش (أحمر کوڕی شمیشر) کە فەرماندەی گشتی بوو و (کیسان ابو عمیره) کە سەرکردایەتی مەوالییەکانی ئەکرد لە سوپای موختاردا، پاش هەڵایسانی شەڕێکی گەورە لە نێوانیاندا سوپاکەی موختار تووشی شکستێکی زۆر بوو، بەجۆرێکی وا تەنها چەند کەسێکی کەمیان لێ دەرچوو ئەوانی تر بەسەرکردەکانیشیانەوە کوژران، کاتێ ئەم هەواڵە گەیشتە موختار و پاشماوەی شوێنکەوتووانی هیچ چارێکیان نەما، هێندە نەبێت تا لە قەڵایەکدا خۆیان حەشار بدەن لە کوفە، بەم جۆرە بۆ ماوەی چوار مانگ گەمارۆ دران لەکۆتاییدا موختار بەخۆیی و نۆزدە کەسەوە هاتە دەرەوە و پاش شەڕێکی قورس لە ١٤،رمەزانی ٦٧ک دا کوژرا. بەم جۆرە کۆتایی بە خۆی و بزووتنەوەکەی هات و دەسەڵاتی عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر بۆ سەرجەم ناوچەکانی عێراق و هەرێمی چیا گەڕایەوە(٤٦)، هەرچی ناوچە کوردییەکانی هەرێمی جەزیرە و ئازەربایجانە عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر (مهلب کوڕی ئەبی صفره) ی بۆنارد و کردیە والی بەسەریەوە، بەم جۆرەش ناوچە کوردیەکان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر(٤٧)، ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ئەم بزووتنەوە بەرهەڵستکارەی دەوڵەتی ئومەوی بەدەستی ئومەوییەکان کۆتایی پێنەهێنراوە و کۆتاییەکەی بەدەستی بەرهەڵستکارێکی تری دەوڵەتی ئومەوییەکان بووە ئەویش عەبدوڵڵای کوڕی زوبێرە ئەمەش بەهێزیی و بەتوانایی ئەم بزووتنەوەیەمان بۆ دەردەخات...

## سێیەم: کورد و بزووتنەوەکەی زەیدی کوڕی عەلی (١٢١ك،٧٣٩ز):

زەیدی کوڕی عەلی کوڕی حسینی کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب، لە گەورەکانی ئال و بەیت بوو خاوەن کەسایەتی و پلەپایە و زانا و دیندار بووە، لە مەدینە لە ناوچەی حیجاز نیشتەجێ بووە(٤٨)، ئەم کەسایەتییە هەموو کات وەرگرتنی خەلافەت بە مافی خۆیی و بنەماڵەکەی ئەزانی و داکۆکی لێ ئەکرد و هەمووک ات ئەو کارەساتانەی لە پێش چاوبوو کە بەدەستی ئومەوییەکان بەسەر باپیریی و بنەماڵەکەی هاتبوو(٤٩)، ڕەنگە ئەمەش بە هۆکاری ژێرینە و نهێنی شۆڕشەکەی دابنرێت، کە لە بیری ئەوەدا بێت وەک بەرهەڵستکارێکی سیاسی دیار بزووتنەوەیەک دروست بکات و دژی دەوڵەتی ئومەوی هەستێت، بەڵام هۆکاری ڕاستەوخۆی شۆڕشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی والی عێراق خالیدی قەسری لائەبرێت، لەمکاتەدا لە لایەن یوسفی کوڕی عومەر، کە دەبێتە والی لەجێی خالید تاوانبار ئەکرێت بەوەی پارە و سامان لە لایەن خالیدەوە لای زەیدی کوڕی عەلی دانراوە، ئەمە دەگەیەنێتە خەلیفە هیشامی کوڕی عەبدولمەلیک (١٠٥ – ١٢٥ ک، ٧٢٣-٧٤٢ز) خەلیفەش دەنێرێت بەشوێن زەید و پاش ئەوەی هیچ ڕێزێکی لێ ناگرێت و تاوانباری دەکات کە بانگەشەی خەلافەتی کردووە و قسەی پێ ئەڵێت کە ئەو کوڕی جاریەیە و چۆن داوای خەلافەت ئەکات، هەروەها داوای لێدەکات بچێت بۆ کوفە و لەوێ لە زینداندا ڕوو بە ڕووی خالیدی بکەنەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر زەید دەبێت و سوکایەتی کردن دەبێ بۆی، بۆیە ڕووئەکاتە کوفە و پاش ئەوەی لەوێ سوێند ئەخوات کە لای ئەو نیە و و بەرائەتی دەرئەکەوێت، ئازادی دەکەن و ڕێگەی ئەدەن تا بەرەو مەدینە بکەوێتە ڕێ، ئەمەش بە فەرمانی خەلیفە ئەبێت(٥٠)، بەڵام

خەڵکی کوفە لەمکاتەدا شوێنی ئەکەون و داوای لێئەکەن بگەڕێتەوە و بەڵێنی دەدەنێ کە سەری بخەن و لەپێناویدا بجەنگن هەرچەندە ئەو متمانەی زۆر پێیان نابێت، هەروەک پێیان ئەڵێت: کە ئەوان هەموو کات لە بەڵێنەکانیاندا ڕاستگۆ نەبوون لەگەڵ بنەماڵەکەی ئەمدا، چونکە پێشتر نە لەگەڵ باوکی و نە لەگەڵ باپیریدا بەڵێنەکانیان نەبردبووە سەر و پشتگیرییان لێ نەکردبوو.

بە هەرحاڵ هەرچۆن بێت شوێنیان کەوت و گەڕایەوە بۆ کوفە و(٥١)، لەوێ نزیکەی دە مانگ مایەوە و لەم ماوەیەدا بەنهێنی کەوتە بانگەوازی خەڵکی بۆ شۆڕشەکەی و خەڵکی لە دەوری خۆی کۆئەکردەوە بە جۆرێکی وا هەوڵی ئەدا لە هەموو ناوچەکانی دەوڵەتی خەلافەتدا لایەنگری هەبێت و نامەی بۆ ئەناردن، بۆ ئەمەش خەڵکانێکی زۆر وەڵامی بانگەوازەکەیان دایەوە لە نێوانیاندا خەڵکانی جەزیرە و موسڵ بوون، بەدوور نازانرێت خەڵکانێکی زۆری کوردیش لەم ناوچانە پەیوەندییان پێوەکردبێت و شوێنی کەوتبن(٥٢)، پاش ئەمە خەڵکی کوفە بەیعەتیان پێدا کە ژمارەیان گەیشتە نزیکەی پانزە هەزار کەس(٥٣) ئەمە جگە لە شوێنکەوتووانی لە هەرێمەکانی تری وەک مەدائین و بەسرە و واست و موسڵ و خوراسان و ڕەی و جرجان و جەزیرە و شارەزوور(٥٤)، سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە لە هەرێمی شارەزووردا شوێنکەوتەیەکی زۆری هەبووە و خەڵکی لە ناوچەی شارەزوور پەیوەندییان پێوەکردووە و باوەڕیان بە بیروڕاکانی هێناوە و واش پێدەچێت کە زەیدی کوڕی عەلی خۆی سەردانی ئەم ناوچەیەی کردبێت و خەڵکی لەسەر دەستیدا بەیعەتیان پێدابێت(٥٥)، ابن مهلهل کە لە سەدەی چوارەمی کۆچی ژیاوە و سەردانی شارەزووری کردووە لە باسی شاری (بیرر یان پیر(٥٦))دا کە یەکێکە لە شارەکانی ناوچەی شارەزوور دەڵێت ((خەڵکەکەی شیعەی صالحیەی زەیدین(٥٧)))، کەواتە دەتوانین بڵێین: بیروباوەڕەکانی زەید لەم سەردەمەدا گەیشتۆتە ناوچە کوردییەکان و کاریگەری لەسەر ناوچە کوردییەکان هەبووە، هەرچۆنبێت پاش ئەوەی ئومەوییەکان هەستیان بە مەترسی زەیدی کوڕی عەلی و بزووتنەوە بەرهەڵستکارەکەی کرد کەوتنە دژایەتیکردنی و لە ساڵی ١٢١ک ،٧٤٠ز پاش ئەوەی والی عێراق سوپایەکی گەورەی لە شامەوە هێنا کە نزیکەی دوانزە هەزار کەس ئەبوو بەرەنگاری بەزید بووەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی کە هەوڵی ئەدا دووبەرەکی بخاتە نێوان هێزەکانی زیدەوە و لەمەدا سەرکەوتوو بوو ئەوە بوو زۆرێک لە لایەنگرانی زید وازیان لێهێنا، لە دەرەنجامدا و پاش چەند شەڕێکی سەخت لەگەڵ پاشماوەی هێزەکەی زەیددا توانیان کە زەید بکوژن و هەروەها سەری ببڕن ولاشەکەی هەڵبواسن و پاشان بیسوتێنن و فڕێی بدەنە ئاوی فوراتەوە(٥٨).

بەتێڕامانمان لەم دەقە مێژووییە ئەتوانین بگەینە ئەو ڕاستییەی کە زەیدی کوڕی عەلی چ کێشەیەکی گەورەی بۆ ئەم دەوڵەتە نابێتەوە و چەندە مەترسی بۆیان هەبوبێت تا بەو جۆرە پاش کوژرانیشی نواندن بەلاشەکەی بکەن، بەهەرحاڵ لە پاش کوژرانی زەید کۆتایی بە بزووتنەوەکەی نەهات، بەڵکو چەند کەسێک لە شوێن کەوتووانی توانیان هەڵبێن لەوانە (یحیی)ی کوڕی کە لە خوراسان درێژەی بە بزووتنەوەکەی بدەن، بەڵام ئەمیش لە ساڵی ١٢٥ک،٧٤٢زدا بەدەستی والی خوراسان (نصر کوڕی سیار) کوژرا و کۆتایی بەبزووتنەوەکەیان هات(٥٩)...

# پەراوێز و سەرچاوەکان:

١- شیعە: ئەم وشەیە لە پاش کوژرانی عەلییەوە بەسەر شوێنکەوتووانیدا دابڕا، لەزمانی عەرەبیدا بە هەموو ئەو کەسانە دەگوترێت شیعە کە شوێن کەسێک بکەون و هەوڵی سەرکەوتنی بدەن، یان هەر کۆمەڵێک لەسەر شتێک کۆببنەوە پێیان دەگوترێت شیعە، ئەم ناوە بەم جۆرە بەسەر هەموو ئەو کەسانەدا دابڕا کە خۆشەویستی بۆ عەلی و ئال و بەیتی هەبێت، بڕوانە: د.أحمد محمد الحوفي: أدب السياسة في العصر الاموي ، ط٢، مصر (ب.س) ، ل٢٩.

٢- عدنان علي فراجي: حركات المعارضة للخلافة الاموية ( ٩٦ —١٠٥، ٧١٤،٧٢٣م ) ط١ ، بغداد-١٩٩٠،ل٧١ ؛ د.محمد طيب نجار: الدواة الاموية في الشرق ( بين عوامل البناء و معاول الفناء ) ،القاهرة —١٩٦٢م،ل٨٠ ؛ د.محمد عمارة: الخلافة ونشأة الاحزاب الاسلامية ،ط٢،بغداد-١٩٨٤،ل١٥١.

٣- الشهرستاني: كتاب الملل والنحل ، ط٢ ، القاهرة (ب.س) ، ج١،ل١٣١ ؛ د.صباح محمد برزنجي:أهم الفرق الإسلامية، ط٢ —٢٠٠٣ السليمانية ،ل٣٢-٣٣ ؛ د.عبدالله سلوم السامرائي: الغلو والفرق الغالية في الحضارة الاسلامية ، ط١- بغداد —١٩٧٢م،ل٨٢-٨٣ ؛ د.علي حسني الخربوطلي: ١٠ ثورات في الاسلام ،ط٢ ، بيروت —١٩٧٨، ل٧١.

٤- هەمان سەرچاوەکانی پێشوو.

٥- التقية: خۆپارێزی مەبەست پێی شاردنەوەی بیروباوەڕە لە بەرامبەرەکەت واتە کاتێک تۆ لە دڵەوە بڕوات بەشتێک هەیە، بەڵام بەکردەوە لەبەر ترس ئەوە ئەنجام نادەیت لە ترسی کوشتنە زۆرجار ، الشهرستاني: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٢ ؛ زریان حاجی: بنەما سەرەکیەکانی فیکری خەوارج ، گ(ڕێنیسانس) ،ژ(٥) ،٢٠٠٥ ، ل٣٩ ؛ عدنان علی فراجي: هەمان سەرچاوە، ل٧٢.

٦- ئەم بۆچوونەش زیاتر بۆچوونی شیعەکان خۆیانە ، بڕوانە: الشيخ محمد حسين آل كاشف الغطاء: أصل الشيعة وأصلها، ل٧٠ لە کتێبی د.مصطفى حلمي: نظام الخلافة في الفكر الاسلامي، ط٢ الاسطندرية ،مصر — — ٢٠٠١م ، ل١٥٦وەرگیراوە.

٧- د.مصطفى حلمي: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٦ ؛ د.عبد الله سلوم السامرائي: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣.

٨- د. أحمد أمين: ضحى الاسلام ، ج٣،ل٢٠٩ ؛ د.مصطفى حلمي: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٧ ؛ بۆ زیاتر شارەزابوون لەم بارەیەوە بڕوانە: د.محمد عمارە: هەمان سەرچاوە، ل١٥١،١٥٢.

٩ - لەبارەی ئەم کەسایەتی یەو ژیاننامەی و کارەکانیەوە بڕوانە: الطبري : تاريخ الرسل والملوك ، ج٢،ل٦٤٧ ؛ محمد عبد الرؤوف المناوي: التوقيف على مهمات التعاريف ، ط١، بيروت —ديمشق ،١٤١٠ه ، ج١،ل٣٩٤ ؛ د.حسن إبراهيم حسن : تاريخ الاسلام السياسي والديني والثقافي ، ج١،ل٣٩٥ —٣٩٦.

١٠- السيوطي : تاريخ الخلفاء ، ط١، بغداد-١٩٥٢م ،ل١٩١-١٩٢ ؛ د.علي حسني الخربوطلي: سەرچاوەی پێشوو، ل٧١،٧٢ ؛ د.محمد طيب نجار: سەرچاوەی پێشوو، ل٨١ ؛ د.علي إبراهيم حسن، التاريخ الاسلامي العام ، القاهرە، ل٢٦٩.

١١- ابن الأثير : الكامل في التاريخ ، ط٢ ، بيروت —١٩٩٥ ، ج٣،ل٢٥٢ ؛ اليعقوبي: تاريخ اليعقوبي، بيروت ،(ب.س) ، ج٢،ل٢٤٢ ؛ ابن قتيبة الدينوري: الامامة والسياسة ،ط٢،القاهرة —١٩٥٩، ج٢،ل٤ ؛ ابن طقطقي: كتاب الفخري في الاداب السلطانية والدول الاسلامية، ط١ ،مصر-١٣١٧ه، ل١٠٣- ١٠٦ ؛ د.محمد طيب نجار: سەرچاوەی پێشوو، ل٨١ ؛ د.لبيد ابراهيم احمد وآخرون : الدولة العربية الاسلامية في العصر الاموي ،بغداد ،١٩٩٢، ل٤٠-٤١ ؛ د.محمد جمال الدين السرور: الحياة السياسية في الدولة اللعربية الاسلامية خلال القرنين الاول والثاني بعد الهجرة، ط٥،ل١١٣٤-١٣٧ ١٩٧٥ .

١٢- لەبارەی گرووپ و لقەکانی شیعە و بیروباوەڕیانەوە بڕوانە: الشهرستاني: هەمان سەرچاوە ، ج١، ل١٣١ ؛ فخرالدين الرازي : إعتقاد فرق المسلمين والمشركين ،ط١ ،القاهرة —١٩٩٣، ل٣٣ بەدواوە ؛ د.عبدالله سلوم السامرائي: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢ بەدواوە.

١٣- فرست مرعي إسماعيل : الكرد مصادر ومعامل تاريخهم في صدر الاسلام ، رسالة ماجستير غير منشورة ، ١٩٩٧ _خرطوم ،ل١٧٤ ؛ زرار صديق توفيق : الكرد في العصر العباسي حتى مجئ البويهيين ، رسالة ماجستير غير منشورة ،١٩٩٤ — اربيل ، ل٨٦- ٨٧ .

١٤- هەمان سەرچاوەکانی پێشوو.

١٥ دیارە ئێمە لێرەدا ئەوەی کە مەستمانە و دەمانەوێت لێی بدوێین تەنها ئەو بزووتنەوە بەرهەڵستکارە شیعانەیە کە لە ناوچە کوردییەکانی هەرێمی جەزیرە و شارەزووردا ڕۆڵیان هەبووە و بزووتنەوەکەیان ئەنجامداوە و شەڕەکانیان لەوێ کردووە نەک سەرجەم بزوتنەوەکانی شیعە کە چەندین بزووتنەوەی زۆر بوون و بەدرێژایی سەردەمی ئومەوییەکان لە ناوچەکانی دەوڵەتی خەلافەتدا ڕۆڵیان بینیوە.

١٦- ابن طقطقي: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨ ؛ ابن سعد : طبقات الكبرى ،دارالصادر ،بيروت (ب.س )، ج٤، ل٢٩٢ د.لبيد

ابراهيم وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣ ؛ ثابت إسماعيل الراوي : العراق في العصر الاموي ،بغداد- ١٩٥٩ ، ل١٦٧ ؛ د. محمد طيب نجار: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٤-١٠٥ ؛ د.علي حسني الخربوطلي: العراق في ظل الحكم الاموي ، ل١٣٣-١٣٦.

١٧- الطبري: سەرچاوەی پێشوو، ج٣، ل٤١٧ ؛ ابن الأثير : الكامل في التاريخ ،ط٢،بيروت –١٩٩٥ ، ج٤، ل١٦٠ ؛ ابن سعد: سەرچاوەی پێشوو، ج٤، ل٢٩٢-٢٩٣ ؛ محمود شاكر : تاريخ الاسلامي ، ط٨، بيروت،٢٠٠٠م ، ج٤، ل١٥٣-١٥٤.

١٨- اليعقوبي: سەرچاوەی پێشوو، ج٢، ل٢٥٧ ؛ المسعودي : مروج الذهب ، بيروت ، ١٩٦٨، ج٣، ل٣٧ ؛ ثابت اسماعيل الراوي: سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٨-١٦٩ ؛ د.لبيد ابراهيم وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤ ؛ د.حسن ابراهيم حسن: سەرچاوەی پێشوو، ج١، ل٤٠٠ ؛ د.علي حسني خربوطلي : ١٠ثورات في الاسلام، ل١٠٧ ،١٠٨؛ محمود شاكر: سەرچاوەی پێشوو، ج٤، ل١٥٤.

١٩- ابن الاثير : سەرچاوەی پێشوو، ج٤، ل٦ ؛ ابن سعد: سەرچاوەی پێشوو، ج٤، ل٢٩٢-٢٩٣ ؛ ابن الكثير: البداية والنهاية ،مكتبة المعارف ، بيروت، ج٨، ل٢٥٣ ؛ ثابت اسماعيل الراوي: سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٨-١٦٩.

٢٠ قرقيسيا: يەكێكە لەشارە كوردييە ديارەكانی هەرێمی جەزيرە ئەكەوێتە لايەنی ڕۆژئاوای فوراتەوە و شارێكی ئاوەدان و پڕ سەوزايی و بێستان بووە بڕوانە كي لسترنج : بلدان الخلافة الشرقية ط١،بغداد –١٩٥٤، ل ١٣٦-١٣٧.

٢١ عين الورد: ناوچەيەكی كوردييە و شارێكی بەناوبانگە لە هەرێمی جەزيرەدا ئێستا بە (راس العين ناسراوە) واتە سەرەكانی ئەمەش لەبەرئەوەی ژمارەيەكی يەكجار زۆر كانی تيايە و كانيەكانی سەرچاوەيەكی سەرەكين بۆ ئاوی فورات و هەروەها بۆ كشتوكاڵ و گوڵ و گوڵزار بۆيە بە (عين الورد) ناسراوە بڕوانە شوان عوسمان مستەفا: كوردستان و پرۆسەی بەئيسلام كردنی كورد ، سلێمانی ٢٠٠٢ ، ل٣٢،٣١.

٢٢- اليعقوبي: سەرچاوەی پێشوو، ج٢، ل٢٥٧ ؛ الطبري: سەرچاوەی پێشوو، ج ٣، ل٤١٩ ؛ ابن سعد: سەرچاوەی پێشوو، ج٤، ل٢٩٢-٢٩٣ ؛ ابن الاثير: سەرچاوەی پێشوو، ج٤، ل٧ ؛ د.لبيد ابراهيم وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤ ؛ ثابت إسماعيل الراوي : العراق في العصر الاموي ،ل١٦٨ ؛ د.محمد جمال الدين السرور: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٥-١٤٠.

٢٣ ابن سعد دەڵێ بيست هەزار كەس بوون بڕوانە: الطبقات الكبرى، ج٤، ل٢٩٢-٢٩٣.

٢٤- اليعقوبي: سەرچاوەی پێشوو، ج٢، ل٢٥٧ ؛ البغدادي : تاريخ بغداد، دار الكتب العلمية ،بيروت، ج١، ل٢١٠ ؛ الطبري: سەرچاوەی پێشوو، ج ٣، ل٤١٩ ؛ ابن سعد: سەرچاوەی پێشوو، ج٤، ل٢٩٢-٢٩٣ ؛ ابن الاثير: سەرچاوەی پێشوو، ج٤، ل٧ ؛ د.لبيد ابراهيم وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤ ؛ ثابت إسماعيل الراوي: العراق في العصر الاموي،، ل١٦٨ ؛ د.علي حسني خربوطلي : ١٠ثورات في الاسلام ، ل١١٣-١١٤ ؛ د.علي حسني الخربوطلي : تاريخ العراق في طل الحكم الاموي (السياسي ،الاجتماعي ،الاقتصادي )، مصر ،١٩٥٩ ،ل١٣٣-١٣٧ ؛ د.محمد جمال الدين السرور: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٥-١٤٠.

٢٥- البغدادي: سەرچاوەی پێشوو، ج١، ل٢١٠ ؛ ابن سعد: سەرچاوەی پێشوو، ج٤، ل٢٩٣ ؛ اليعقوبي: سەرچاوەی پێشوو، ج٢، ل٢٥٧ ؛ المسعودي: سەرچاوەی پێشوو، ج٣، ل٣٧ ؛ ابن الاثير: سەرچاوەی پێشوو، ج٤، ل٧ ؛ الطبري: سەرچاوەی پێشوو، ج٣، ل٤١٥ ؛ د.لبيد ابراهيم وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤ ؛ ثابت إسماعيل الراوي: العراق في العصر الاموي، ل١٦٨ ؛ د.علي حسني خربوطلي : ١٠ثورات في الاسلام ، ل١١٥ ؛ عدنان على الفراجي: سەرچاوەی پێشوو، ل٧١-٧٢ ؛ د.محمد جمال الدين السرور: سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٠-١٤١.

٢٦- الطبري: سەرچاوەی پێشوو، ج٣، ل٤٠١ ؛ الدينوري: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٤ ؛ الدمشقي: شذرات الذهب في أخبار من الذهب ،دار الكتب العلمية –بيروت (ب.س) ، ج١، ل٧٤ ؛ ابن الكثير: سەرچاوەی پێشوو، ج٧، ل٣١ ؛ العسقلاني : الإصابة في تميز الصحابة ،ط١-بيروت –١٩٩٢ ، ج٦، ل٣٤٩ ؛ فخر الدين الرازي: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤ ؛ د.لبيد ابراهيم وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥ ؛ د. محمد طيب نجار: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٧-١٠٨ ؛ محمود شاكر: تاريخ الاسلامي ، ج٤، ل١٥٥؛ د.محمد جمال الدين السرور: سەرچاوەی پێشوو، ل١٤١ ؛ ثابت إسماعيل الراوي: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١١.

٢٧- الطبري: سەرچاوەی پێشوو، ج٣،ل٤٠٢ ؛ المقدسي : البدء والتاريخ ،القاهرة (ب.س ) ، ج٦، ل١٥: ابن الكثير: سەرچاوەی پێشوو، ج٧، ل٣٧ ؛ د.على ابراهيم حسن: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٣-٢٩٤ ؛ د.حسن إبراهيم حسن: سەرچاوەی پێشوو، ج١،ل٤٠٢ ؛ د.علي حسني الخربوطلي : تاريخ العراق، ل١٤١ ؛ ثابت إسماعيل الراوي: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٢.

٢٨- الدمشقي: سەرچاوەی پێشوو، ج١، ل٧٧ ؛ اليعقوبي: سەرچاوەی پێشوو، ج٢، ل٢٥٨ ؛ المقدسي: سەرچاوەی پێشوو، ج٥، ل١٣١ ؛ د.علي حسني الخربوطلي : تاريخ العراق، ل١٤١ ؛ د.لبيد ابراهيم وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥-

٤٦ ؛ د.حسن إبراهيم حسن: سەرچاوەی پێشوو، ج١، ل٤٠٢ ؛ ثابت إسماعيل الراوي: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٤ ؛ د.بدير متولي حميد : من أدب الحركات الاسلامية ،دار المعريفة ،القاهرة (ب.س)، ل١٠٤–١٠٧.

٢٩ لەبارەی بیروباوەڕەکانی موختار بڕوانە: المقدسي: سەرچاوەی پێشوو، ج٥، ل١٣١ ؛ الشهرستاني: سەرچاوەی پێشوو، ج٢، ل١٢ ؛ فخر الدين الرازي: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤ ؛ د.محمد جمال الدين السرور: سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٨.

٣٠– الطبري: سەرچاوەی پێشوو، ج٣، ل٤٠٤–٤٠٧ ؛ اليعقوبي: سەرچاوەی پێشوو، ج٢، ل٢٥٨ ؛ الدمشقي: سەرچاوەی پێشوو، ج١،ل٧٤ ؛ ابن الكثير: هەمان سەرچاوە، ج٦، ل٢٣٧ ؛ د.على إبراهيم حسن: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٣–٢٩٤ ؛ محمد طيب نجار: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٧–١٠٨ ؛ محمود شاكر: تاريخ الاسلامي، ج٤، ل١٥٥.

٣١– الطبري: هەمان سەرچاوە، ج٢، ل٦١١ ؛ الدينوري: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٥ ؛ فخر الدين الرازي: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤ ؛ د.علي حسني الخربوطلي : تاريخ العراق ،ل١٤١ ؛ د.لبيد ابراهيم وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥–٤٦.

٣٢– الطبري: هەمان سەرچاوە، ج٢، ل٦١١–٦١٣ ؛ الدينوري: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٥–٢٦٦ ؛ المسعودي: سەرچاوەی پێشوو، ج٣، ل٨١ ؛ د.محمد جمال الدين السرور: سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣ ؛ د.حسن ابراهيم حسن: سەرچاوەی پێشوو، ج١، ل٤٠٣.

٣٣– ابن الاثير: سەرچاوەی پێشوو، ج٤، ل٢٢٧ ؛ الدينوري: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٠ ؛ د.علي حسني الخربوطلي : تاريخ العراق ، ل٤٩١ ؛ محمود شاكر: تاريخ الاسلامي ، ج٤، ل١٥٦.

٣٤– الدينوري: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٤ ؛ اليعقوبي: سەرچاوەی پێشوو، ج٢، ل٢٦٠ ؛ ثابت إسماعيل الراوي: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٥.

٣٥– الدينوري: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٤ ؛ الطبري: سەرچاوەی پێشوو، ج٢، ل٢٣٧ ؛ د.علي حسني الخربوطلي : ١٠ ثورات في الاسلام ، ل١٣٠ ؛ د.علي حسني الخربوطلي : تاريخ العراق ، ل١٦٦ ؛ د.لبيد ابراهيم وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩.

٣٦– الدمشقي: سەرچاوەی پێشوو، ج١، ل٧٧ ؛ اليعقوبي: سەرچاوەی پێشوو، ج٢، ل٢٥٨ ؛ المقدسي: سەرچاوەی پێشوو، ج٥، ل١٣١ ؛ د.محمد جمال الدين السرور: سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٦ ؛ الدينوري: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٤ ؛ الطبري: سەرچاوەی پێشوو، ج٢، ل٢٣٧.

٣٧– ابن الاثير: سەرچاوەی پێشوو، ج٤، ل٢٢٧ ؛ الدينوري: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٠ ؛ د.علي حسني الخربوطلي : تاريخ العراق ، ل٤٩١ ؛ محمود شاكر: تاريخ الاسلامي ، ج٤، ل١٥٦ ؛ ثابت إسماعيل الراوي: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٤.

٣٨– الطبري: سەرچاوەی پێشوو، ج٣، ل٤٧٩ بەدواوە ؛ ابن الكثير: سەرچاوەی پێشوو، ج٨، ل٢٨٢ ؛ د.لبيد ابراهيم وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩.

٣٩– الطبري: سەرچاوەی پێشوو، ج٣، ل٤٧٩ ؛ ابن الكثير: سەرچاوەی پێشوو، ج٨، ل٢٨٢ ؛ اليعقوبي: سەرچاوەی پێشوو، ج٢، ل٢٥٨ ؛ المقدسي: سەرچاوەی پێشوو، ج٦، ل٥٨؛ الدينوري: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦: د. محمد طيب نجار: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨ ؛ محمود شاكر: تاريخ الاسلامي ، ج٤، ل١٥٧ ؛ د.حسن جاف: الوجيز فى تاريخ ايران، ج١، ل١٧٤ ؛ د.علي حسني الخربوطلي : ١٠ ثورات في الاسلام، ل١١٩.

٤٠ سنجار(شەنگار ): یەکێکە لەشارە کوردییەکانی هەرێمی جەزیرە دەکەوێتە خۆرئاوای شاری موسڵ شارێکی بە پیت و بەرەکەتە و بێستانی زۆرە، ئەم شارە دەکەوێتە نزیک چیایەک کە هەر بەناوی ئەم چیایەوە ناونراوە، لەنێو شارە کوردییەکانی جەزیرە تەنها ئەم دار خورمای هەیە بڕوانە: الأصطخري: المسالك و الممالك، ل ٥٣ ؛ صورة الأرض ، ل١٩٩ ؛ شوان عوسمان: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧.

٤١– میافارقین: یەکێکە لە شارە کوردییە دیارەکانی هەرێمی جەزیرە بە بنکەی دیاربەکر دادەنرێت و دەکەوێتە نێوان جەزیرە و ئەرمینیا، سەرچاوەی ئاو و هەروەها باغ و بێستانیشی زۆرە، دانیشتوانەکەی تێکەڵاون لە مسوڵمان و مەسیحی هەر لە کۆنەوە کوردی تیادا نیشتەجێ بووە بڕوانە: معجم البلدان، ج٥، ل ٢٣٦؛ هەروەها بڕوانە فائزة محمد عزت: الكرد في أقليم الجزيرة و الشهرزور في صدر الأسلام ، پەراوێزی ژمارە (١)، ل ٤١.

٤٢– رها(ئورفە): ئەم شارە یەکێکە لە شارە کوردییە بەناوبانگەکانی جەزیرە کە هەر لە کۆنەوە بە ( جەزیرەی کوردان ) ناسراوە، دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی ڕووباری فورات، شارێکی کۆنە و سەرچاوە مێژووییەکان لە سەدەی یەکەمی زاینی بە شارێکی ئاوەدان ناویان هێناوە بڕوانە: شوان عوسمان مستەفا: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥–٢٦ ؛ فائزة محمد عزت: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

٤٣–ئامەد(دیاربەکر): شارێکی کوردی دیاری هەرێمی جەزیرەیە، لە کۆنەوە جێنشیگای کوردبووە، بەتایبەتی هۆزەکانی حەمیدی ولاری و هازبەنی، شارەکە دەکەوێتە

ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلەوە و ڕووباری دیجلە وەک دەمەداس دەوری داوە ، بڕوانە: الأصطخري: المسالك و الممالك، ل٥٣ ؛ ليسترينج: بلدان الخلافة الشرقية. ل ١٤٠ ؛ صورة الأرض، ل٢٨،٣١٥.

٤٤- الدينوري: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٥-٢٧٠ ؛ المسعودي : مروج الذهب ، ج٣، ل٢٩٨ ؛ السعودي : التنبيه والاشراف، بيروت ، ١٩٦٨، ل٢٨٦ ؛ ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون ، بيروت ، ١٩٧٩، ج٣، ل٢٨-٢٩ ؛ فائزة محمد عزت: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢

٤٥-ابن الكثير: سەرچاوەی پێشوو، ج٨، ل٢٨٢ ؛ اليعقوبي: سەرچاوەی پێشوو، ج٢، ل٢٦٠ ؛ المقدسي: سەرچاوەی پێشوو، ج٦، ل٦٠ ؛ محمود شاكر: تاريخ الاسلامي ، ج٤، ل١٥٧ ؛ د.لبيد ابراهيم وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩ ؛ د.محمد جمال الدين السرور: سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣ ؛ د.حسن إبراهيم حسن: سەرچاوەی پێشوو، ج١، ل٤٠٣.

٤٦ -الدمشقي: سەرچاوەی پێشوو، ج١، ل٧٧ ؛ الطبري: سەرچاوەی پێشوو، ج٣، ل٤٧٩ ؛ ابن الاثير: سەرچاوەی پێشوو، ج٤، ل٢٨٢ ؛ اليعقوبي: سەرچاوەی پێشوو، ج٢، ل٢٦٢ ؛ المقدسي: سەرچاوەی پێشوو، ج٦، ل٦٢؛ المسعودي : مروج الذهب، ج٣، ل٣٠٠١ ؛ الشهرستاني: سەرچاوەی پێشوو، ج١، ل١٣٣: محمود شاكر: تاريخ الاسلامي، ج٤، ل١٥٧ ؛ د.لبيد ابراهيم وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩ ؛ د.حسن إبراهيم حسن: سەرچاوەی پێشوو، ج١، ل٤٠٣ ؛ د.حسن جاف: سەرچاوەی پێشوو، ج١، ل١٧٤.

٤٧- ابن الاثير: سەرچاوەی پێشوو، ج٤، ل٢٨٢ ؛ اليعقوبي: سەرچاوەی پێشوو، ج٢، ل٢٦٠ ؛ ابن خلدون: سەرچاوەی پێشوو، ج٣، ل٢٨-٢٩ ؛ المقدسي: سەرچاوەی پێشوو، ج٦، ل٦٠؛ محمود شاكر: تاريخ الاسلامي ، ج٤، ل١٥٧ ؛ د. محمد طيب نجار: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨-١٠٩.

٤٨- ابن طقطقي: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٨ ؛ ابن الكثير: سەرچاوەی پێشوو، ج٩، ل٣٢٧ ؛ ابن قتيبە: الامامە والسياسە ، ج٢، ل١٢٥-١٢٦ ؛ ثابت إسماعيل الراوي: سەرچاوەی پێشوو، ل١٧١ ؛ د.لبيد ابراهيم وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤ ؛ د.حسن إبراهيم حسن: سەرچاوەی پێشوو، ج١، ل٤٠٦.

٤٩- الطبري: سەرچاوەی پێشوو، ج٤، ل١٩٣ ؛ د.حسن إبراهيم حسن: سەرچاوەی پێشوو، ج١، ل٤٠٦ ؛ د. محمد طيب نجار: سەرچاوەی پێشوو، ل١١١.

٥٠- الطبري: سەرچاوەی پێشوو، ج٤، ل١٩٣ ،١٩٤ ؛ الدمشقي: سەرچاوەی پێشوو، ج١، ل١٦٤ ؛ ابن الكثير: سەرچاوەی پێشوو، ج٩، ل٣٢٧ ؛ ابن الاثير: سەرچاوەی پێشوو، ج٤، ل٤٤٣ ؛ ابن الجوزي : المنتظم في تاريخ الملوك والامم ،ط١ ، بيروت، ١٩٩٢ ، ج٧، ل٢٠٧ ؛ ابن طقطقي: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٨ ؛ د. محمد طيب نجار: سەرچاوەی پێشوو، ل١١١ ؛ د.لبيد ابراهيم وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤ ؛ ثابت اسماعيل الراوي: سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٢.

٥١- اليعقوبي: سەرچاوەی پێشوو، ج٢، ل٣٢٦ ؛ الطبري: سەرچاوەی پێشوو، ج٤، ل١٩٤ ؛ الدمشقي: سەرچاوەی پێشوو، ج١، ل١٦٤ ؛ ابن الاثير: سەرچاوەی پێشوو، ج٤، ل٤٤٣ ؛ د.حسن إبراهيم حسن: سەرچاوەی پێشوو، ج١، ل٤٠٦ ؛ د. محمد طيب نجار: سەرچاوەی پێشوو، ل١١١.

٥٢- الكوفي: كتاب الفتوح، ج٨، ل١١٠ بەدواوە ؛ ابن طقطقي: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٨ ؛ ابن الكثير: سەرچاوەی پێشوو، ج٩، ل٣٢٧ ؛ ناجي حسن: ثورة زيد بن علي ، ل١٠٩ ، بغداد- نجف، ١٩٦٦؛ د. محمد طيب نجار: سەرچاوەی پێشوو، ل١١١.

٥٣ مقدسی ئەڵێت چل هەزار کەس بوون بڕوانە: البدو والتاريخ ، ج٦، ل٥٠.

٥٤- الكوفي: سەرچاوەی پێشوو، ج٨، ل١١٠ بەدواوە ؛ ابن طقطقي: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٨ ؛ ابن الكثير: سەرچاوەی پێشوو، ج٩، ل٣٢٧ ؛ ناجي حسن: ثورة زيد بن علي، ل١٠٩ ، بغداد-نجف، ١٩٦٦ ؛ د. محمد طيب نجار: سەرچاوەی پێشوو، ل١١١.

٥٥- ابن المهلهل : الرسالة الثانية ،القاهرة، ١٩٥٩، ل١١ ؛ ياقوت الحموی: هەمان سەرچاوە، ج٣، ل٣٧٥ ؛ فائزة محمد عزت: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣٦.

٥٦- ابن المهلهل : الرسالة الثانية ،القاهرة، ١٩٥٩، ل١١ ؛ ياقوت الحموی: هەمان سەرچاوە، ج٣، ل٣٧٥ ؛ فائزة محمد عزت: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣٦.


٥٧- الرسالة الثانية، ل١١.

٥٨- الدينوري: سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٦ ؛ اليعقوبي: سەرچاوەی پێشوو، ج٢، ل،٢٧٧-٣٢٦ ؛ الطبري: سەرچاوەی پێشوو، ج٤، ل٢٠٤-٢٠٥ ؛ الدمشقي: سەرچاوەی پێشوو، ج١، ل١٥٨ ؛ ابن الاثير: سەرچاوەی پێشوو، ج٤، ل٤٤٣ ؛ القلقشندي : مآثر الاناقة في معالم الخلافة ، ط١ ،الكويت —١٩٨٥ ،اج١، ل١٥٢ ؛ ابن الكثير: سەرچاوەی پێشوو، ج٩، ل٣٢٧ ؛ المقدسي: سەرچاوەی پێشوو، ج٦، ل٤٩ ؛ ابن طقطقي: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٩ ؛ د. محمد طيب نجار: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٢ ؛ د.لبيد ابراهيم وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥ ؛ ثابت اسماعيل الراوي: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٢.

٥٩- هەمان سەرچاوەکانی پێشوو.

# بابەتی گشتی





# بەدیعوززەمان سەعیدی کوردیی و ڕۆژنامەگەریی کوردی

## لە دوو بەڵگەی عوسمانیدا



**د. هێمن عومەر خۆشناو**

لەدایکبووی ١٩٨٣، دکتۆرا لە ئەدەبی کوردی
چەند کتێبێکی لە بواری زمان و ئەدەبی کوردیدا
چاپکردووە. چەند وتاری بڵاوکراوەی هەیە.

کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی، دوای دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان، هەوراز و نشێوی زۆری لەسەر رێ بووە، بەتایبەتی لە دە ساڵی یەکەمی مێژووەکەیدا، بەو حاڵەشەوە لە بەشێک لەو ڕۆژنامانە هەموو کوردی لەخۆی کۆکردبۆوە بەجۆرێک خۆی لە چوارچێوەی یەک شێوەزاریش دەرباز کردبوو و لە هەموو لایەکی کوردستانەوە ئومێدیان پێ هەبوو و کاروانەکەش ئەگەر پچڕانی لە بەردەم نەبووبایە بە بێگومانی ڕەنگ و دەنگی هەموو کوردێک بوو.

کۆتاییەکانی دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەم، کوردستان لە چاوەڕوانی گۆڕانکاریی گەورەدابوو، هاوشێوەی ئەو گۆڕانکارییانەی ئێستا لە ناوچەکەدا هەن، کوردیش دەیەویست خاوەنی دەنگ و ڕەنگی خۆی بێت، بۆیە لەناو ئەو کاروانی ڕۆژنامەگەرییەدا دەنگێکی دیکە لەناو کورددا پەیدا دەبێت، کە ڕۆژنامەگەری بە ئامرازی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە دەزانێت، لەپاڵ ئەو ئامرازانەی دیکە کە خاوەنی ئەو دەنگە دەستی دابوێ و لەناو کوردانداا ببووە دەنگێکی تایبەت و هەوڵەکانی بۆ مەسەلەی ڕۆژنامەگەری دەچنە قاڵبی ئەو هەوڵانەی کە تائێستا وەک سەربازی ون دەخەمڵێندرێن و بە دووریش نازانرێت هەوڵی دیکەی هاوشێوە هەبووبن و تائێستا کەس پێ نەحەسیا بێت و لە کونجە تاریکەکانی مێژوودا بەبێ دەنگی کەوتبن.

لەو ماوەیەی کە سەروکارم لەگەڵ ئەرشیفی عوسمانیدا هەبوو، بەتایبەت لەسەر کەسایەتییەکانی کورد بە دوای بەڵگە دەگەڕام، لەو نێوانەشدا چەند بەڵگەنامەیەکم لەسەر بەدیعوززەمان سەعیدی کوردی (١٨٧٧-١٩٦٠) دۆزینەوە و هەر کە لەسەریان سەنگرامەوە دوو بەڵگەیان تایبەت بوون بە داواکاریی ناوبراو بۆ ڕەزامەندیی وەرگرتنی چاپکردنی ڕۆژنامەیەک بە زمانی کوردی و تورکی، لە شوێنێکی هەستیار و لەکاتێکدا کە لەو مێژووەدا هیچ ڕۆژنامەیەکی کوردی لە ئیستەنبوڵ چاپ نەبووە. ناوبراو جیاواز لە زانایانی کوردی سەردەمی خۆی و لەکاتی جیاجیادا بۆ ڕەوشی گەلەکەی خۆی خاوەنی هزر و ڕامانی تایبەت بووە، جا بۆئەوەی گەلەکەی هۆشیاربن و پێشبکەون زۆر بە مەسەلەی یەکبوون لە ڕووی سیاسییەوە و هەروەها بە مەسەلەی زانین و زانست لە ڕووی پێشکەوتنەوە مژوول بووە، ئەمەش لە تەواوی بەرهەمەکانی کە بە (پەیامەکانی نوور) ناسراوە بە ڕوونی دەردەکەوێت.

وەنەبێ بەدیعوززەمان کە بیرۆکەی چاپکردنی ڕۆژنامەیەکی بۆ هاتبێت، پێشتر سەروکاری لەگەڵ ڕۆژنامەدا نەبووبێ، بەڵکو ئەوەی لێ دەفامرێتەوە کە دوای وەستانی ڕۆژنامەی کوردی یان زمانحاڵی کوردان، ئینجا ناوبراو بەدەستی خۆی هەوڵی نەپچڕانی ئەو کاروانەی ڕۆژنامەگەریی و زمانحاڵی کوردان دەدات، دەنا پێشتر لە ساڵی ١٩٠٨ لە ڕۆژنامەی (شەرق و کوردستان)(١) نووسینی خۆی بڵاودەکردەوە و تەنانەت هەر لەو ڕۆژنامەیەدا نامە بۆ سولتان عەبدولحەمید دەنووسێ و داوای سەربەخۆیی کوردان و دانی مافی کوردان دەکات. دوای ئەوەش لە کۆمەڵەی تەعاون تەرەقی کوردی و لە ڕۆژنامەکەیان بەناوی (کورد تەعاون تەرەقی غەزەتەسی )(٢) کە پیرەمێرد خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری بوو، نووسینی خۆی تێدابڵاودەکردەوە و تێیدا پەیامی نەتەوەیی و ئایینی و باسکردن لە یەکێتیی کوردان مژاری سەرەکیی ئەو بوون، تەنانەت لە ژمارە یەکی ڕۆژنامەکە لە پەیامە بەناوبانگەکەیدا بە زمانی کوردی بانگی کوردان دەکات. ئەم ڕۆژنامەیە بە زمانی کوردی بە هەردوو شێوەئاخاوتنی باکوور و باشوور و بە زمانی تورکی چاپ دەبوو. دوای وەستانی، بەدیعوززەمان لە ١ی شوباتی ساڵی ١٩٠٩ داوای مۆڵەتی چاپکردنی ڕۆژنامەیەک

دەکات بە ناوی (مەعریفەت و ئیتتیحادی ئەکراد) کە درێژەپێدەری پەیامەکانی دیکەیەتی کە خۆی لەلایەنی نەتەوەیی و زانستی دەبینێتەوە، چونکە ناوبراو لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی شەرق و کوردستاندا بانگی گەلی کورد دەکات: ئەی گەلی کورد....سێ دوژمنتان هەن، یەکەمیان نەفامی، دووەمیان هەژاری، سێیەمیان ناکۆکی و ئیختیلاف...) تەنانەت لە نووسینی دیکەدا لەبارەی نەتەوایەتی ورد دەبێتەوە و بانگی گەلەکەی دەکات: ئەی ئەو کوردانەی کە لە سەردەمی ئاشوورییەکاندا لەگەڵ لەشکرە قارەمانەکەتاندا لە پێشەوە بوون، پێنجسەد ساڵە دەخەون، ئیدی بەسە هشیاربن.

بەدیعوززەمان ئەوەندە خەمخۆری دۆزی کورد بووە، ویستویەتی لە بناغەوە ئەو هۆشیارییە بچەسپێنێ، بۆیە لە بەرهەمەکانیدا ئەم خەمخۆرییە بۆ یەکێتیی ناو کوردان وەک بنەمایەک نیشان دەدات کە دەڵێت: تەنیا ڕێگایەک هەیە کە هێزی خۆتان تێدا ببیننەوە و ناموسی خۆتانی پێ بپارێزن، ئەویش ئەوەیە کە دەبێ ئێوە خاوەنی هۆشمەندییەکی نەتەوەیی بن و کە بەوهۆیەوە قازانجی نەتەوەیی و ماددیی و مەعنەوی دەکەن(٣). هەر ئەو خەمخۆرییەشە وا لە ناوبراو دەکات بەگوێرەی ئەو دوو بەڵگەی لەبەردەستمانن کە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی چاپەمەنی بدات و داوای مۆڵەتی چاپکردنی ڕۆژنامەیەک بکات.

## ئەوەی لەو دوو بەڵگەنامەیە دەفامرێتەوە ئەوەیە:

-داواکارییەکە لە ١٠ی موحەڕەمی ساڵی ١٣٢٧ی کۆچی بووە، دەکاتە ١٩٠٩/٢/١ ی زایینی و لەو مێژووە هیچ ڕۆژنامەیەکی کوردی لە گۆڕەپانەکەدا نەبووە.

-خاوەنی ڕۆژنامەکە کە بە بەدیعوززەمان سەعیدی کوردی ناوی هاتووە، بەڵێنی ئەوەی داوە ڕۆژنامە سەرەتا حەفتەی یەک جار دەربچێت و پاشان ببێتە ڕۆژانە.

-بابەتەکانی سیاسەتی شەرعیی و زانستی و هەمەڕەنگ و جۆربەجۆربێ.

-مەرجەکانی چاپکردنی ڕۆژنامەکە تەواوبوونە و هیچ گرفتێکی نەبووە و بەڕێوەبەری چاپەمەنیش بۆ وەزارەتی زەبتییەی بەرزکردۆتەوە و ئەوانیش ڕەزامەندیان لەسەر نواندووە، بەڵام پێدەچێ ئەم هەوڵە بووبێتە قوربانی کودەتا و ڕووداوەکانی ٣١ی ئاداری ساڵی ١٩٠٩ کە کاری کردە سەر ڕەوشی سیاسی ئەوسای ئەستەنبوڵ و دەستەڵاتی عوسمانی.

-ئەگەر ڕۆژنامەکە چاپ بووبایە، لە ڕووی ڕیزبەندی ڕۆژنامەگەریی کوردی، دەبووە شەشەمین ڕۆژنامەی کوردان لە دوای ڕۆژنامەی کوردستان (١٨٩٨) و ڕۆژنامەی ئومێد (١٩٠٠) و ڕۆژنامەی کوردستان (١٩٠٨) و ڕۆژنامەی شەرق و کوردستان (١٩٠٨) و ڕۆژنامەی کورد تەعاون تەرەقی غەزەتەسی (١٩٠٨) و دەکەوتە پێش ڕۆژنامەی پەیمان لە حوزەیرانی ١٩٠٩.

## دەقی بەڵگەنامەکان:

**یەکەم: (٤)**

DH.MKT



## بەڵگەنامەکانی داخلییە/ مەکتووبی سەدارەت

**٧٦/٢٧٣٠**
**١٤ی موحەڕەمی ١٣٢٧**
**بابی عالی**
**وەزارەتی کاروباری ناوخۆ**
**فەرمانگەی چاپەمەنی**
**ژمارە: ١٤٩٨**

ئەو داواکارییەی کە لە لایەن جەنابی بەدیعوززەمان سەعیدی کوردی ئەفەندییەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی خزمەت نێردراوە، کە داوای مۆڵەتی چاپکردنی ڕۆژنامەیەکە بە زمانەکانی تورکی و کوردی بەناوی (مەعریفەت و ئیتتیحادی ئەکراد)، کە ئێستا حەفتەی جارێک و دواتریش بە ڕۆژانە دەربچێت و تێیدا سیاسەتی شەرعی، زانست و بابەتی جۆراوجۆری تێدا باس بکرێت. جا دەرحەقی خاوەنی داواکارییەکە و بۆئەوەی بگاتە ئەنجامێک و بە جێبەجێکردنی ڕێنماییە پێویستییەکان، بە گوێرەی بەندی یەکەم و خاڵی چوار و پێنجی بەڕێوەبەرایەتی چاپەمەنی، ئەو کاروبارەش بۆ وەزارەتی پایەبڵندی زەبتییە و ئەمر و فەرمانیش هەر بۆ خاوەن فەرمان (سوڵتان)ە.

لە ١٠ی موحەڕەمی ساڵی ١٣٢٧ی کۆچی و ٢٠ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٣٢٤ی ڕۆمی.


بەڕێوەبەری چاپەمەنیی ناوخۆ

محەمەد تۆفیق


### دووەم: (٥)

**قەڵەمی نووسراوی ناوخۆ**
**بۆ وەزارەتی پایەبڵندی زەبتییە**
**مێژووی ڕەشنووس٢١ی کانونی دووەمی ساڵی ١٣٢٤ی ڕۆمی**
**١٤ی موحەڕەمی ١٣٢٧ی کۆچی**
**مێژووی نووسراو: ٢٤ی کانوونی دووەمی ١٣٢٤**


ئەو داواکارییەی کە لەلایەن جەنابی بەدیعوززەمان سەعیدی کوردی ئەفەندییەوە بۆ مۆڵەتی چاپکردنی ڕۆژنامەیەک بە زمانەکانی تورکی و کوردی بە ناوی (مەعریفەت و ئیتتیحادی ئەکراد) هاتووە، کە ئێستا حەفتەی جارێک و پاشانیش بە شێوەی ڕۆژانە دەربچێت و تێیدا سیاسەتی شەرعییە و زانستەکان و مژاری جۆراوجۆر باس بکرێت. جا بۆئەوەی ئەمە جێبەجێ بکرێت و بە جێبەجێکردنی ڕێنمایی پێویست بە گوێرەی بەندی یەکەم و خاڵی چوار و پێنجی بەڕێوەبەرایەتی چاپەمەنی، تکایە هاوکاریی داواکار بکەن.


بديع الزمان ملا سعيد كردينك نصايحى

ملا سعيد



DH.MKT.02730.00076.001



DH.MKT.02730.00076.002

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١ـ شەرق و کوردستان ڕۆژنامەیەک بووە، بەگوێرەی زانیاری ئێمە تەنیا یەک ژمارەی لەبەردەستایە و نازانرێت چەند ژمارەی لێ دەرچووە، ژمارە ١ لە ٢٥ی شەووالی ١٣٢٦ی کۆچی کە دەکاتە ٢٠ی ١١ی ١٩٠٨ دەرچووە، لە دامەزرێنەرانی: ئەحمەد شەریف هەرسەکلی، بەدری مەلاتییەیی، ئیسماعیل هەرسەکلی بووە و بە تورکی عوسمانی چاپ بووە.

٢ـ وەک لە ڕووپەری یەکەمی هاتووە کە هەفتەنامەیەکی ئایینی، زانستی، سیاسی، ئەدەبی کۆمەڵایەتی بووە، خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر: سلێمانیەلی تۆفیق (پیرەمێرد) بووە و بە هەردوو زمانی کوردی و تورکی لە ئیستەنبوڵ چاپ بووە و یەکەم ژمارەی لە ١٩٠٨/١٢/٥ دەرچووە و کۆتا ژمارەشی کە ژمارە ٩ یە لە ١٩٠٩/١/٣ چاپ بووە.

3 Marifet Ve İttihad-i Ekrad” Gazetesi, Muhammed Zübeyir Şivan, http://www.nasname.com

4 DH_MKT__02730_00076_001_001

5 DH_MKT__02730_00076_002_001

# ناودارانی کورد لە نیزامییەی بەغدا



**یاسین تەها**

توێژەرو رۆژنامەنووسە. بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەبارەی بابەتە کەلتوریی و هەنوکەییەکان دەنوسێت، هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لەئاین و ئاینزاکانی کوردستان.

ماستەر لە مێژووی لە ئاین و ئاینزاکانی کورد

مێژووی دامەزراندنی خوێندنگا ئیسلامییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوارەمی کۆچی / دەیەمی زاینی (المقريزي: الخطط ١٩٩/٤)، بەڵام وەزیری سەلجەقی نیزامولمولکی توسی (٤٨٥ھ/١٠٩٢مردووە) لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا/ یازدەیەمی زاینی، بەناوبانگترین خوێندنگای ئیسلامی شافیعی مەزهەبی دامەزراند لە پایەتەختی خەلافەتی عەبباسی کە بەغدایە، نەک هەر ئەوە بەڵکو سستمێکی نوێی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو قوتابخانەیە گەڵاڵە کرد کە لە قوتابخانەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا کۆپی کراو لە سەرچاوە مێژووییەکانیشدا ئەم سستمە وەک داهێنانێک بۆ نیزامولمولک تۆمارکراوە (نظام الملك: سياستنامه، ص ٢١).

ئامانجی نیزامولمولک لە دروستکردنی قوتابخانە ئیسلامییە شافیعییەکەی کۆمەڵێک شت بوو، کە بریتی بوو لە: بەرەنگاربوونەوەی هزری شیعە فاتمییەکان و دەزگا پەروەردەییەکانی ئەم دەوڵەتە لە میسر، لەگەڵ ئامادەکردنی کۆمەڵێک زۆری بانگخواز لەنێو ئاینزای شافیعی، لەپەنا ئەمانەشدا دەرچووانی ئەم قوتابخانانە لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا دەبوونە کادر و هەڵسوڕێنەری کاروبار (عبدالمجيد أبو الفتوح: التاريخ السياسي والفكري، ص ١٧٦؛ مريزن عسيري: الحياة العلمية في العراق، ص١٢١).

هەموو سەرچاوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە پڕۆژەکەی نیزامولمولک سەرکەوتنی بێوێنەی لە بەغدا بەدەستهێناوە، بەجۆرێک شەش هەزار فێرخوازی جۆراوجۆر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامییەوە ڕوویان تێکرد (عبدالمجيد أبو الفتوح: التاريخ السياسي والفكرى، ص ١٨٤)، بەشێک لەو خوێندکار و فەقێیانەش لە ناوچە کوردییەکانەوە ڕوویان لە نیزامییە کردبوو. ژمارەی ئەو کوردانەش هێندە زۆر بووە کە ڕەوەندێکی تایبەتییان بۆ خۆیان دروست کردبوو لەناو ئەم فێرگە زانستییەدا، تەنانەت ئیبن مستەوفی دەگێڕێتەوە ئەو کوردانە هێندە زۆربوون بەردەوام لەگەڵ هاوتا عەجەمەکانیان لە شەڕ و ململانێدابوون (تاريخ أربل، ق١، ص ٣٦٨)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ زۆری ژمارەیان لەم قوتابخانەیە کە تاقانەی بێ ڕکابەری سەردەمی خۆی بووە.

لە ناو کوردەکانی قوتابخانەی نیزامییە ژمارەیەک کەسایەتی کورد یان وردتر بڵێین خەڵکی ناوچە کوردییەکان هەڵکەوتوون و تا کۆتایی حوکمڕانی عەباسییەکان لە ساڵی ٦٥٦ک/ ١٢٥٨ ز ناوبانگیان دەرکردووە. ئەم ڕیزبەندییەی خوارەوە ناوی ئەو ناودارانەیە بەپێی ساڵی وەفاتکردنیان و سەرجەمیشیان شەرعزانی ناوداری شافیعی بوون:

١ـ أبوبكر الشاشي محمد بن أحمد، الميافارقيني، ٥٠٧ ھ/١١١٣م.
(ابن شهبة: طبقات الشافعية،ج١، ص ٣٢٣).
٢ـ يحيى بن علي (بندار) الحسن ابن الحلواني، ٥٢٠ھ/١١٢٦م.
(السبكي: طبقات الشافعية، ج٧، ٣٣٣).
٣ـ محمد بن عبدالله بن أحمد الجاواني، ٥٤٠ھ/١١٤٥م.
(السبكي: طبقات الشافعية، ج٦، ١٥٢).
٤ـ أبو فتح الدويني نصرالله منصور بن سهل، توفي عام ٥٤٦ھ/١١٥١م.
(ناجي معروف: علماء النظاميات، ص ٢٨).
٥ـ أبو النجيب السهروردي عبدالقاهر عبدالله، ٥٦٣ھ/١١٦٨م.
(الحموي: معجم البلدان، ج٣، ص ٢٩٠).

٦ـ الخضر بن عقيل الأربلي، ٥٦٧ه/١١٧٢م.
ابن خلكان: وفيات ، ج٢، ص ٢٣٢.
٧ـ كمال الدين الشهرزوري محمد عبدالله، ٥٧٢ه/١١٧٦م.
(السبكي: المصدر السابق،ج٦، ص١١٨).
٨ـ رضي الدين الأربلي، يونس محمد منعة، ٥٧٦ه/١١٨٠م.
(ابن خلكان: وفيات ، ج٧، ص ٢٥٤).
٩ـ طه بن بشير بن محمد بن خليل الأربلي، ٥٧٧ه/١١٨١م.
(ابن مستوفى: تاريخ أربل، ص ٣٦٧).
١٠ـ أبو عبدالله الأربلي، محمد بن عبدالعزيز، ٥٨٠ه/١١٨٤م.
(السبكي: طبقات الشافعية، ج٦، ص١٢٦).
١١ـ أبو نصر الشاشي حفيد أبوبكر الشاشي، ٥٨٤هـ/١١٨٨م.
(ناجي معروف: علماء النظاميات، ص٢٣).
١٢ـ أحمد بن عمر بن عبدالله الكردي،٥٩١ه/١١٩٥م.
(ناجي معروف: علماء النظاميات، ص٢٣)
١٣ـ وجيه الكردي أحمد عمر الحسن أبو العباس، ٥٩١ه/١١٩٥م.
(السبكي: طبقات الشافعية، ج٦، ص ٣١).
١٤ـ أبو الفضائل القاسم بن يحيى الشهرزوري، ٥٩٩ه/١٢٠٣م.
(ناجي معروف: علماء النظاميات، ص ٣٠).
١٥ـ أبو الفضل إلياس بن جامع علي الأربلي، ٦٠١ه/١٢٠٥م.
(ناجي معروف: علماء النظاميات، ص ٣٠).
١٦ـ أبو المكارم البندنيجي (ابن بصلا)، عام ٦٠٢ه/١٢٠٦م.
(السبكي: طبقات الشافعية، ج٨، ص ٢٩٣).
١٧ـ ابو الحسن علي بن علي سعادة الفارقي، ٦٠٢ه/١٢٠٦م.
(السبكي: طبقات الشافعية، ج٨، ص ٣١).
١٨ـ ابن الشهرزوري، محمد يونس بن منعة الأربلى، ٦٠٨ه/١٢١١م.
(ابن العماد: شذرات الذهب، ج٧، ص ٣٤٧).
١٩ـ عزالدين أبو الربيع بن الخطيب الحصكفي، (٦١٦ه/١٢١٩م).
(مردوخ الروحاني: ميزووى ناودارانى كورد، ص ٥٠).
٢٠ـ أبو القاسم الأربلي نصر بن عقيل، ٦١٩ه/١٢٢٢م.
(السبكي: طبقات الشافعية، ج٨، ص ٣٨٨).
٢١ـ عبدالله بن إبراهيم بن محمد الهمداني، ٦٢٢ه/١٢٢٥م.
(ناجي معروف: علماء النظاميات، ص ٣٢).
٢٢ـ كمال الدين موسى يونس بن منعة الكردي، ٦٣٩ه/١٢٤١م.
(ابن كثير: البداية والنهاية ج١٣، ص٩٨).
٢٣ـ عماد الدين أبو الحسن ابن بصلا البندنيجي، ٦٥٦ه/١٢٥٨م.
(محمد جميل الروزبياني: مدن كردية قديمة، ص ١٣٧).

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


١- ابن العماد الحنبلي الدمشقي (ت ١٠٨٩هـ/١٦٧٨م): شذرات الذهب في انباء من ذهب، تحقيق عبدالقادر الأرناؤوط ومحمود الأرناؤوط، دار ابن كثير، بيروت، ١٩٨٦م.

٢- ابن المستوفي الأربلي (ت٦٣٧ه/١٢٣٩م): تاريخ أربل، تحقيق سامي بن السيد بن خماس الصقار، دار الرشيد، بغداد، ١٩٨٠م.

٣- إبن شهبة ابن قاضي شهبة الدمشقي، (ت٨٥١ه/١٤٤٨م): طبقات الشافعية، تحقيق الحافظ عبدالعليم خان، دائرة المعارف العثمانية بحيدر آباد الدكن، الهند، ١٩٧٨م.

٤- ابن كثير: عمادالدين إسماعيل بن عمر (ت ٧٧٦هـ/١٣٧٤م): البداية والنهاية، دار ابن الجوزي، القاهرة، ٢٠٠٩م.

٥- الحموي: ياقوت بن عبدالله (ت ٦٢٦هـ/ ١٢٢٨م): معجم البلدان، دار صادر، بيروت، ١٩٩٧م.

٦- السبكي: تاج الدين ابي نصر عبدالكافي (ت٧٧١ه/١٣٧٠م): طبقات الشافعية الكبرى، تحقيق محمود محمد الطناحي وعبدالفتاح محمد الحلو، دار إحياء الكتب العربية، القاهرة، د.ت.

٧- عبدالمجيد ابو الفتوح بدوي: التاريخ السياسي والفكري للمذهب السني في المشرق الإسلامي من القرن الخامس الهجري حتى سقوط بغداد، ط٣، دار الوفاء للطباعة والنشر والتوزيع، المنصورة، ١٩٨٨م.

٨- مردوخ روحانی: مێژووی ناودارانی كورد، ت.ماجد مردوخ روحانی، سنندج، إيران، ٢٠٠١م. (تاريخ مشاهير الكرد).

٩- مريزن سعيد مريزن عسيري: الحياة العلمية في العراق في العصر السلجوقي، مكتبة الطالب الجامعي، مكة المكرمة، ١٩٨٥م.

١٠- المقريزي: أحمد بن علي (ت٨٤٥ه/١٤٤٢م): المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والآثار (الخطط المقريزية)، دار الكتب العلمية، بيروت، ط ٤، ٢٠١٠م.

١١- ناجي معروف: علماء النظاميات ومدارس المشرق الإسلامي، مطبعة الإرشاد، بغداد، ١٩٧٣م.

١٢- نظام الملك: حسن بن علي بن إسحاق الطوسي: (ت٤٨٥هـ/ ١٠٩٢م): سياستنامة، ترجمة يوسف بكار، مكتبة الأسرة الأردنية، عمان، ٢٠١٢م.

# تەوەری داهاتوو

## مافی چارەی خۆنوسین
## لەبەر ڕۆشنایی یاسا نێودەوڵەتییەکان و
## بنەماکانی ئایینی ئیسلامدا

گۆڤاری خاڵ بابەتی (مافی چارەی خۆنوسین  لەبەر ڕۆشنایی یاسا نێودەوڵەتییەکان و بنەماکانی ئایینی ئیسلامدا) دەکاتە ناونیشانی تەوەری ژمارەی داهاتووی گۆڤارەکە، لەو چوارچێوەیەشدا دەخوازێت لێکۆڵینەوە لەم بوارانەدا بکرێت:

١- مافی چارەنووسی گەلان لەکوێی ئاینی ئیسلامدا جێگەی دەبێتەوە؟

٢- تا چەند تایبەتمەندییەکانی گەلان لە ئاینی ئیسلامدا لەبەرچاوگیراوە؟

٣- دەوڵەت و قەوارە ئیسلامییەکان چۆن مامەڵەیان لەگەڵ گەلانی ژێردەسەڵاتیاندا کردووە؟

٥- خاڵی هاوبەش و جیاوازی ئاینی ئیسلام و یاسا نێودەوڵەتییەکان چیە لە بابەتی دیاریکردنی مافی چارەنووسی گەلاندا؟

٦- ئایا برگە و ماددەکانی یاسا نێودەوڵەتییەکان لە بارەی مافی چارەنووسەوە بۆ هەموو گەلان وەك یەکە یان بەرژەوەندی زلهێزەکان بڕیار لەسەر سڕکردن یاخود جێبەجێکردنیان دەدات؟


٧- بۆچی کەمینەکانی وڵاتانی ئیسلامی هەست بە ئاسایش و ئارامی ناکەن؟

٨- تا چەند سیاسەتەکانی وڵاتانی هەرێمی بەرامبەر بە کورد لەگەڵ ئاینی ئیسلام و یاسا نێودەوڵەتییەکاندا دێتەوە؟

٩- بۆچی کورد نەیتوانیوە سوود لە ئاین و یاسا نێودەوڵەتییەکان وەرگرێت بۆ دیاریکردنی مافی چارەی خۆنوسینی خۆی؟

- داواکارین لە نوسەرانی بەرێز، لێکۆڵینەوەکانیان لەو تەوەر و بوارانەی کە ئاماژەیان پێدراوە تا بەرواری (٢٠١٧/١١/١٠) بنێرن بۆ گۆڤارەکەمان.

- داواکارین لە نوسەرانی خۆشەویست لەگەڵ ناردنی بابەتەکانیاندا وێنەیەکی گونجاوی خۆیان و پڕۆفایلی خۆیانی لەگەڵدا بنێرن.



# کاریگەریی ئیسلام لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد



**د. عومەر عەبدولعەزیز**

لەدایکبووی ١٩٥٨ هەڵەبجە. دکتۆرا لە توێژینەوەی ئیسلامیی. سەرۆکی ڕێکخراوی زانست بۆ باس و توێژینەوە. چەند کتێبی چاپکراو، دەیان لێکۆڵینەوە و وتاری بڵاوکراوەی هەیە.

## كورد و ئیسلام و بەرەنگاریی ستەم:

نەتەوەی كورد پێش سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام، وەک زۆربەی نەتەوەكانی تری ناوچەكە چەوساوە و ژێر چەپۆكەی هەردوو ئیمپراتۆریەتی فارسی ساسانی و ڕۆمی بیزەنتی، بوون. بەڵام لە سەدەی حەوتی زاینییەوە قۆناغ بە قۆناغ، پاش دڵنیابوونیان لەوەی كە ئیسلام پەیامی ڕزگاریی چەوساوەكانی پێیە، لە زۆربەی ناوچەكاندا بە گەرمی پێشوازییان لەو ئاینە كرد، چونكە یەكێک لە دروشمە هەرە سەرەكییەكانی بانگخوازانی ئیسلام بەپێی ناوەڕۆكی یەكتاناسیی خوا ڕزگاركردنی میللەتانی ژێردەستە بوو لە چنگی زلهێزان، بۆیە بۆ یەكەم جار، دەستەواژەی خۆدوورگرتن لە (طاغوت) و ملهوڕان هاتە كایەوە و فەرمانی بەرەنگاربوونەوەیان و دووركەوتنەوە لە ستەمكاران، بوو بە فەرمانی خوایی: (واجتنبوا الطاغوت)، (ولاتركنوا إلى الذين ظلموا، فتمسكم النار). بۆیە پاش قاڵبوونی گەلانی ناوچەكە بە چەمكە ئاینییەكانی ئیسلام، دژایەتی زلهێزان بوو بە داینەمۆی ڕەوتی ڕزگاریخوازی گەلانی مسوڵمان.

ئەو ڕاستییەی سەرەوە، لە یەكەم هەواڵی گەیشتنی مسوڵمانان بۆ سەر زەوی ئەوكاتەی عێراق، دووپات كرایەوە، كاتێک كە ڕۆستەمی سەركردەی سەربازیی ئێران، لە نێرراوی پێغەمبەری ئیسلام (ڕەبعی كوڕی عامر)ی پرسی: ئێوە بۆچی هاتوون؟ ئەویش لە چەند ڕستەیەكی كورت و پوختدا وتی: «ئێمە هاتووین، تا خەڵكی لە پەرستنی مرۆڤە كۆیلەكانەوە، بگێڕینەوە بۆ پەرستنی خوای تاک و تەنها، هەروەها هاتووین تا خەڵكی لە ستەمی ئاینەكان ڕزگار بكەین، بەرەو دادگەریی ئیسلام، هەروەها بۆ ئەوەی لە تەنگەبەری دنیا ڕزگاریان بكەین و بیانگوێزینەوە بەرەو فراوانی و كراوەیی دنیا و پاشەڕۆژ.»

پاش چەند ساڵێک ڕاستیی و دروستی ئەم بانگەشەیە بۆ نەتەوەكانی دەوروبەری نیمچە دورگەی عەرەبی دووپات بوویەوە، بە چاوی خۆیان بینییان كە ناوەڕۆک و میسداقی ئەو ئایەتە لەناو واقیعی كۆمەڵگە مسوڵمانەكەدا پەیڕەو دەكرێت، كە دەفەرموێت: (ياايهاالذين انا خلقنكم من ذكر وانثى وجعلنكم شعوبا وقبائل لتعارفوا ان اكرمكم عندالله اتقاكم) الحجرات/١٣. واتە: ئەی خەڵكینە! بەدڵنیایی ئێمە ئێوەمان لە نێر و مێیەک هێناوەتە دی و ئێوەمان كردووە بە چەند گەل و هۆزێک، تا یەكتر بناسن، بە ڕاستی بەڕێزترین كەستان لای خوا ئەوەتانە كە لە هەمووتان زیاتر لە خواترس و پارێزگارترە.

بینییان و بیستیان كە بیلالی حەبەشی بۆ یەكەم جار دەچێتە سەربانی كەعبە و بانگ دەڵێت، بینییان و بیستیان كە سەلمانی فارسی غەوارە بە (أهل البيت)و خانەخوێ دادەنرێت و دەبێتە ئەندازیاری پلانی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن، بینییان كە سوهەیبی ڕۆمیی و جاوانی كوردیی، هەست بە ئاوارەیی و غوربەت ناكەن، هەروەک بینییان كە گەورە و ملهوڕەكان بەچۆكداهێنران و كۆیلە و بەردەستەكانیان كرانە بەرپرس و سەركردەی سیاسی و ئیداریی و فەرماندەی سەربازیی و بە كردەیی هەموو جیاییەكان و فەرقخستنە نادروست و چەوت و دژە عەدالەتەكان، لە بەردەم مەبدەئی تەقوا و لەخواترساندا، توانەوە و نەمان. ڕاستە دەگونجێت لەملاو لەولاو لە كاتی مومارەسە و هەڵسوكەوتدا، كەسانێک لەو تێگەیشتن و ڕەوشتە بەرزانە لایاندابێت، بەڵام ئاینی ئیسلام بەرپرس نەبووە و نابێت لەو كارانە و لە هەموو حاڵەتەكاندا بەلادان و دەرچوون لە تەعلیماتەكان زانراون.

## کورد و دژایەتی ستەم:

بەوجۆرە و لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییانەی سەرەوە و ئاڕاستە دژە ستەمکارییەکانی ئیسلامدا، دڵسۆزانی کوردی گۆشکراو بەو مەبدەئو پێڕەوە مەزنانە، لە زۆربەی شوێن و سەردەمەکاندا، ڕووبەڕووی ستەمکاران بوونەتەوە و چەندین ڕاپەڕین و شۆڕشیان بەرپا کردووە و خەباتیان کردووە بۆ سەندنەوەی مافە زەوتکراوەکانی میللەتیان. تەنانەت زۆرجار دژی هەندێک لەو سەرکردانەش وەستاونەتەوە کە خۆیان ناونابوو والی و خەلیفەی ئیسلام و بەناوی ئیسلامەوە دەستیان کردبوو بە کاری ستەمکارانە، یان جیاوازیی خستن و کاری نادادپەروەرانە، چ جای داگیرکاران و دوژمنانی دەرەکی.

## تایبەتمەندی خەباتی هاوچەرخی کورد:

بۆیە لەسەر هەمان ڕەویە و ڕێباز، لە سەردەمە هاوچەرخەکانیشدا بەتایبەتی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە، کە چالاکیی و خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی شۆڕش و ڕاپەڕینی نوێ لەناو کورداندا سەریهەڵدا ڕەسەنایەتیی و تێگەیشتنی دروست لە چۆنایەتی کار و خەباتی سەردەمییانە ڕەنگیدایەوە. بۆیە بە سروشتی ئەو قۆناغە مێژووییەی کە ڕێکخراو و حیزبە سیاسیی و ڕوناکبیرییە کوردییەکانی پێدا تێپەڕیوە، زۆربەی هەڵسوڕێنەران و چالاکوانانی شۆڕش و ڕاپەڕین و ڕێکخراوەکان، زانا و مەلا و شێخ و پیاوانی پەروەردەبووی حوجرە زانستییەکانی کوردستان و کەسانی خوێندەوار بوون، یان لە کەسایەتییە ڕەسەن و خۆماڵییەکان بوون و دوور بوون لە کەوتنە ژێر کاریگەریی بیر و ئایدیۆلۆژیا دەرەکییەکانەوە.

بۆیە هەست دەکەین کە هەموو شۆڕشگێڕان و ڕابەرانی بزوتنەوەکانی ڕزگاریخوازیی کورد، هەوڵیانداوە ڕێکخستنێکی دروست بکەن لە نێوان (ڕەهەندی ئیسلامی) کۆمەڵگەیەکی زۆرینە مسوڵمانی وەک کوردستان و (ڕەهەندی نەتەوەیی)، وەک گەلێکی چەوساوە و مافخوراو. ئەم ڕاستییە لە لیدوان و هەڵوێستی بەرپرسانی ئەو ڕێکخراوانە و مەرامنامە و پێڕەو و پرۆگرامی ڕێکخراوەکان و ئەدەبیاتی گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانیاندا، بەشێوەیەکی حاشا هەڵنەگر، ڕەنگیداوەتەوە.

ئەم وێنایە-وەک وتمان لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە-کە ڕاپەڕین و سەرەتاکانی هۆشیاری نەتەوەیی دەستپێکرد و تۆخمەکانی بزاڤی سیاسیی و ڕێکخراوەیی کوردیی هەستی پێ کرا، تا دەگاتە ناوەڕاستی سەدەی بیست و ساڵانی پەنجاکان درێژەی هەبوو، چونکە لەو کاتەوە بیر و ئایدیای کۆمۆنیستیی، لە ڕێی (شیوعی) یە عەرەبەکانی سوریا و عیراقەوە، دزەی کردە باشووری کوردستان، بەتایبەتی شاری کەرکوک و بە دوایدا هەولێر و سلێمانی و شوێنەکانی تر، لە ڕێی حزبی کۆمۆنیستیی (توودە)ی ئێرانیشەوە، ڕووی کردە خۆرهەڵاتی کوردستان. ڕەنگە ئەو ناکۆکییەی کەوتە نێوان هەندێک لە بەرپرسانی حزبی هیوا کە لە ساڵی ١٩٣٩دا دامەزرا بوو و کردی بە دوو بەرەی ناکۆک بەشێک لە ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە بێت، چونکە سەرچاوەی ناکۆکییەکە لە هەندێک لایەنی ئایدیۆلوژییەوە سەریهەڵدا، بەتایبەتی پاش گەشەکردنی بیری چەپ لە عێراقدا و دابەشبوونی بزوتنەوەی ڕوناکبیرانی کورد-وەک هاوشێوە عەرەبەکانیان بەسەر دوو بەرەی ڕاست و چەپدا.

لە سەرێکی ترەوە ئەوەش مەعلومە کە لە هەموو قۆناغەکانی مێژووی بەرەنگاربوونەوەی ئەو وڵاتانەدا کە کوردیان تێدابووە، کورد هەمیشە بەرامبەر دوژمنانی دەرەکی، هەڵوێستی جوامێرانەی هەبووە، بۆیە لە هەموو پەلامارەکانی ئینگلیز و ڕووسەکاندا بۆ سەر ئێران و عێراق و تورکیا، کورد سەرەڕای نەیاریی لەگەڵ دەسەڵاتی ئەو سێ وڵاتەدا، چووەتە بەرەی ڕووبەڕووبونەوەی

دوژمنانی دەرەکی، بەوپێیەی-بە ئیلهام وەرگرتن لە ئاین لەگەڵ هەق بووە و دژی داگیرکەری دەرەکی وەستاوەتەوە.

ڕەنگە هەندێ کەس و نوسەری بێ ئاگا لە هۆ پاڵنەرەکان بۆ ئەمە، هەڵوێستەکە بە لاواز و بێ سیاسەتی کوردان بزانن و بە ساویلکەیی لە قەڵەمی بدەن، بەڵام ڕاستییەکان بە پێچەوانەوەن، چونکە لەگەڵ ئەوەی کە کورد ئەم هەڵوێستە جوامێرانەشیان هەبووە، زۆرجاری تریش چوونەتە سەر خەتی هەماهەنگی و داوای یارمەتی لە زلهێزان دژی وڵاتانێک کە تێیدا ژیاون، با بەناو مسوڵمانیش بووبن، وەک لە هەوڵەکانی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و شێخ مەحمودی حەفید و شێخ سەعیدی پیران و قازی محەمەد، لەگەڵ ئینگلیزو ڕووسیا، لە هەندێ کات و قۆناغ و بواردا کە پێویستی کردووە، دەردەکەوێت.

مێژوو، نموونەی هەڵوێستی کەسێکی وەکو زانای پایەبەرز سەعیدی نورسی لەبیر ناکات، کە سەرەڕای نەیاریی خۆی لەگەڵ تورکەکان، لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، بۆتە ئەفسەری خۆبەخش دژی ڕووسەکان و تەنانەت لەگەڵ زانایەکی تری کورد بەناوی عەبدولڕەحیم هەکاری (١٨٥٠– ١٩٥٨) پاش بریندار بوون، دیلکراون و دوورخراونەتەوە بۆ بەندیخانەی (ڤۆلگا) لە سیبریای ڕوسیا. یان هەڵوێستی شێخ مەحمودی حەفید، کە سەرەڕای ئەوەی شێخ سەعیدی باوکی، ساڵی ١٩٠٩ لەلایەن تورکە ئیتتیحادییەکانەوە بەشێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە کوژرا، بەڵام چەندین جار لەکاتی پێگیرانی عوسمانییەکاندا، شێخ مەحمود هاوکاریی سەربازیی کردن، بۆ نمونە: کاتێک لەشکری ڕووس بەشێکی زۆری ئێرانی داگیرکرد و بەرەو باشووری کوردستان کشا و مەترسی بۆ بەشێکی زۆری قەڵەمڕەوی عوسمانی دروستکرد، شێخ مەحمود لە خانەقینەوە تا زاخۆ، لەشکرێکی گەورەی کۆکردەوە و لەشکری ڕووسیای بەرەو سەرزەوی ئێران تارنا. ئەوەش وایکرد کە دڵسۆزیی و ئازایەتی شێخ مەحمود، زیاد لە جاران ناوبانگ دەربکات، بەتایبەتی لای کوردانی ڕۆژهەڵات و ئێرانییەکان، کە لە ئازایەتی شێخ و هێزەکانی، سەراسیمە بووبوون.

یان کاتێک وڵاتی بەریتانیا شاری بەسرەی گرت و بەرەو قوڵایی خاکی عێراق ملی ناو بوو بە هەڕەشە بۆ قەڵەمڕەوی عوسمانی، شێخ مەحمودی جارێکی تر هاوکاری تورکەکانی کرد و بە خۆی و سێ هەزار کوردی جەنگاوەرەوە، لە شەڕی بەناوبانگی شوعەیبەدا لە نیسانی ١٩١٥دا بەشداربوون و پشتیوانییان لە سوپای عوسمانی کرد، دژی ئینگلیزی داگیرکار. کە دووبارە لەو پرۆسەیەشدا ناوبانگی ئازایەتیی کورد، لە هەموو عێراقدا دەنگیدایەوە. یاخود هەڵوێستی مەحمود پاشای جاف لە پشتیوانی عوسمانییەکان لە شەڕی دژی ڕووسەکان لە ناوچەی سەقز و موکریان.

بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونانەی پێشەوە، ڕەنگە دروستترین و خێراترین ڕێگە، گەڕانەوەبێ بۆ سەرچاوە و دیکۆمێنتە پارێزراوەکانی ئەو ڕێکخراوە کوردییانەی کە لە سەرەتای سەدەی بیستەوە دەستبەکاربوون، تاکاتی دروستبونی ئەو حیزبانەی کەوتنە ژێر کاریگەریی شەپۆلی کۆمۆنیزم، بە تایبەتی (القاعدە)ی حزبی شیوعی و دروستبوونی (حزبی رزگاری) و (حزبی شیوعی لە کوردستانی عیراق ـ شۆڕش)، کە لە ساڵی ١٩٤٥ پاش هەڵوەشاندنەوەی (حزبی هیوا) ڕاگەیەنران.

ئەگەر بڕوانینە دیدو بۆچوون و هەڵوێستی سەرکردە کوردەکان و بەیاننامە و ئەدەبیاتی ڕێکخراوە سیاسییەکانی هەر چوار بەشی کوردستانی بندەستی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا، دەبینین کە تا پێش ئەو شەپۆلە نوێیە، ڕەنگدانەوەی واقعی کۆمەڵگەی ڕەسەنی کوردییان پێوە دیارە و ئاوێنەیەکی باشن بۆ وێناکردنی کۆمەڵگەی کوردستان لەو قۆناغە مێژووییەدا. هۆی ئەم حاڵەتە وەک عەلادین سەجادی دەڵێت:

دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە: «ڕۆحی تەعالیمی ئیسلام زۆر لەوە بەرزترن لەو شتانە کە ئەوان بۆیان هەڵئەبەست، قەومییەت پێچەوانەی ڕۆحی ئیسلامی نیە، بەڵکو ئیسلام فەرمانی پێ ئەکا و ناوی ئەبا و بە دینێکی یەکیەتی و هێمنیە و ئاسایشی دادەنێ، فەرمانەکانی لەلایەن خواوە هاتووە و دوژمنێکی هەرە گەورەیە بۆ زۆر و ستەم و فەرماندەرە بۆ ئازادیی تاک و کۆمەڵ».

با لێرەدا-وەک نمونە سەیرێکی ئەم بەسەرهاتەی نێوان مەحمود پاشای جاف و میجەر نۆئیلی ئینگلیز بکەین، کاتێک ساڵی ١٩١٨ ئینگلیزەکان بە تەواوی عێراقیان داگیرکرد، لە کۆتایی ساڵدا گەیشتنە شاری سلێمانی، میجەر نۆئیل شێخ مەحمودی وەک حوکمڕانی کوردستان ڕاگەیاند، نۆئیل حەزی دەکرد کە مەحمود پاشای جاف ببینێ، بۆیە هەواڵی بۆ نارد و لەگەڵ چەند گەورە ئەفسەر و پلەدارێکی سوپا و حکومەتی ئینگلیزدا بەرە و شاری هەڵەبجە کەوتنەڕێ. بەپێی سەرچاوەکان مەحمود پاشا ناچێ بەپێشوازییەوە، بەڵکو بەرگی پاشایەتی لەبەردەکات و هەرچی مەدالیا و خەڵات و نیشانەی پێبەخشراوی هەیە، دەیانکا بەخۆیدا و لە ڕەشماڵێکدا لە دوواوی چەمی زەڵم چاوەڕێی دەکات.

پاش بەخێرهاتن و کەمێک پشوو، دەکەونە گفتوگۆ، میجەر نۆئیل داوای هاوکاری لێدەکات لە بەرژەوەندی کوردان دژی دەوڵەتی عوسمانی، مەحمود پاشا ڕاشکاوانە پێی دەڵێت: «مستەر! یەکەم: باوەڕ ناکەم مەبەستتان ڕاست بێ، ئەگەر ئێوە بەڕاستی بتانەوێ خزمەتی میللەتی کورد بکەن و مەبەستتان ڕاست بێت، هەزاری وەکو منیشتان لەگەڵدا نەبێت، هەر ئێوە سەر ئەکەون!

دووەم: من مسوڵمانم و باوەڕی ئاینیم یەکجار بەهێزە، ئەم بیروباوەڕەم ڕێگای ئەوەم نادا هاوکاریتان لە گەڵدا بکەم.

## ڕۆڵی مەلا و زانایانی ئیسلامیی و شێخانی تەریقەت:

زانیارییە سەلمێنراوە مێژووییەکان و تۆماری بیرەوەریی کەسایەتییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیست، ئەو ڕاستییە دووپات دەکەنەوە، کە ڕابەرایەتیی و پێشەنگیی کاروانی خەبات و تێکۆشانی دوو سەدەی ڕابردووی نەتەوەی کورد چ شۆڕش و ڕاپەڕینەکان، چ حیزب و کۆمەڵە و ڕێکخراوە سیاسییەکان مەلا و زانایانی ئیسلامیی و شێخانی تەریقەت و ڕوناکبیرانی دەرچووی زانستگە شەرعییەکان و حوجرەی مزگەتەکانی کوردستان بوون. ئەم ڕاستییە حاشا هەڵناگرێ، ڕەنگە نکۆڵی لێکردنی شێواندنی مێژووی هاوچەرخی نەتەوەکەمانی لێ بکەوێتەوە. هەرچەند مخابن! هەندێک لە نووسەران بە مەرام و دەمارگیریی ئایدیۆلۆژیی، یان بێ مەرام و لە ڕووی بێ ئاگایی و نەزانین و وردنەبوونەوە، کەوتوونەتە ئەو هەڵە کوشندەیەوە.

ئەم بابەتە بەلای بەندەوە دەرگایەکە بەسەر بابەتێکی نوێدا، کە خولیای ژمارەیەک لە ڕووناکبیران و خەمخۆرانی نەتەوەکەمانە، ئەویش بابەتی خوێندنەوەیەکی نوێیە بۆ هەندێک وێستگە و قۆناغی مێژوویی و هەستیاری نەتەوەی ستەملێکراوی کورد؟

کاریگەریی مزگەوت و حوجرە و ڕۆڵی ناوەند و کەسایەتییە ئیسلامییەکان لە خەباتی نەتەوەییدا:

ئەوەی لای توێژەر و مێژوونووسە بەئینسافەکان جێی مشتومڕ نیە، ئەوەیە کە مزگەوت و دەرچووانی حوجرەی مزگەوتەکانی کوردستان، ڕۆڵ و کاریگەریی گرنگیان هەبووە لە شۆڕش و ڕاپەڕین و ڕێکخراوە کوردستانییەکاندا. بگرە زۆرجار پێشەنگ و ڕابەران، نوخبە خوێندەوارەکانی پەروەردەی حوجرەی مزگەوت و خانەقا و شێخانی تەریقەت و زانا و مەلا و فەقێ و قازییەکان بوون. دانەمۆ و بزوێنەری سەرەکی جوڵانەوەکانیش،

تێگەیشتنی ئیسلامیی و پابەندیی ڕابەرەکان بووە بە بەها و ئەخلاقە بەرزەکانەوە کە ئاین بەتایبەتی ئیسلام فێری مرۆڤیان دەکات، وەک: دڵسۆزیی بۆ خاک و خەڵک و نیشتمان. وەفاداریی و هۆگریی ڕاستگۆیانە بۆ نەتەوە. خەمخواردنی هەژاران و پشتگیریی ستەملێکراوان. بێدەنگ نەبوون لە ئاست ستەم و بەرەنگاربونەوەی ستەمکاران. داکۆکیی لە نیشتمان و قوربانیدان لەپێناویدا، لەخۆبوردن لەگەڵ هاوڵاتیان و عیززەت و سەربەرزیی بەرامبەر دوژمنان، خۆلادان لە سیخوڕیی و خیانەت و پاشکۆیەتیی... هتد.

بە نموونە: مزگەوتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان: لە مزگەوتەکانی شاری دینەوەر و کرماشانەوە، تا مزگەوتی (دارالإحسان)ی شاری سنە و مزگەوتەکانی هەورامانی تەخت و ژاوەرۆ و گاوەرۆ و مزگەوتی(سوور)ی مەهاباد و (دارالعلم) ی تورجان و مزگەوتەکانی مەریوان و بانە و بۆکان و سەردەشت و پیرانشەهر و ورمێ. لە باکووری کوردستانیشدا: لە مزگەوتی گەورەی شاری ئامەدەوە، تا مزگەوتەکانی وان و بتلیس و قارەمان و مەرعەش و جزیرە و جولەمێرگ. لە باشووری کوردستانیش: لە مزگەوتی گەورەی کاک ئەحمەدی شێخی سلێمانییەوە، تا مزگەوتەکانی هەولێر و کۆیەو ئاکرێ و هەڵەبجە و خورماڵ و خەرپانی و بیارە و تەوێڵە، لە ڕۆژئاواش: مزگەوتەکانی قامیشلۆ و حەسەکە و حەلەب و زۆربەی مزگەوتەکانی تری کوردستان، هەرکامیان دیرۆک و ڕوداوێکی مێژوویی گرنگ، تیایاندا ڕوویانداوە و داستانێکی لەگەڵ خەباتی زانستیی و ئەدەبیی و سیاسی کوردان هەیە، وەک: پێگەیاندنی سەدان زانا و شاعیر و نوسەر، یان ڕاگەیاندنی چەندین ڕاپەڕین و شۆڕش، یان دامەزراندنی چەندین حیزب و ڕێکخراوەی سیاسی و پێکهێنانی ئیمارەت و دەوڵەت.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، ڕەحیمی قازی

## کورد هەمیشە بەرامبەر دوژمنانی دەرەکی، هەڵوێستی جوامێرانەی هەبووە

برازای قازی محەمەد ڕاستی بۆچووە کە دەڵێت: «لە ژیانی کوردەواریدا حوجرەی مزگەوتەکان دائیمەن بەشی زۆری لاوانی کوردی، بە بیروباوەڕی نیشتیمانپەروەریی پێشکەوتوو، پەروەراندووە. ئەمەش لە ژیانی فەقێیەتییەوە دێتە گۆڕێ، چونکە ژیانی فەقێیەتی بە جۆرێکە کە لەگەڵ کۆمەڵانی زەحمەتکێش پێوەندییەکی نێزیکی هەیە..»

ڕەحیمی قازی بۆ خۆی پەروەردەبووی ناوەندە ئاینییەکانی موکریانە، مەڵبەندی قازی و مەلا و شێخە هۆشیارەکان، ئەوانەی کە بوونە پایە و پشتی کۆمەڵەی (ژ.ک)، ئەو کۆمەڵەیەی کە پێش زیاتر لە ٧٤ ساڵ (١٩٤٣) کە یەکەم بەرهەمیان بەناوی (دیاریی کۆمەڵەی (ژ.ک) بۆ لاوەکانی کورد)، بڵاوکردەوە – بەپێچەوانەی هەندێک لە خوێندەوارانی ئەم سەردەمەوە داکۆکییان لە مەلا و شێخانی کورد کرد و دەقاودەق نووسیان: «ئەمە توانج (بوهتان)ێکی زۆر زلە، کە ئێمە بڵێین: مەلا و شێخەکان بوونە بەرهەڵستی پێشکەوتنی کورد، چونکو دێریک(تاریخ) بۆمان دەرئەخا کە ئەم دەستەیە گەلێ کاری باش و بەکەڵکیان ئەنجامداوە و بۆ خزمەتی کوردایەتیی تێکۆشیون. چۆن ئەبێ بە زاتێکی وەک مەلا ئیدریسی بتلیسی ببێژرێت: بەرهەڵست(ڕێگر)ی سەرکەوتنی کورد! باوەڕمان نیە هیچ کوردێک خزمەتی ئەم پیاوە

# بەهاكانی ئیسلام هاندەربوون بۆ هەقگوتن و دژایەتی ستەم و داواكردنی مافەكان

نیشتیمانپەروەرەی لەبیر بچێت. لەنێو شێخەكانمانا جەنابی شێخ عبیداللە، شێخ عبدالقادر، شێخ سەعید ئەبینرێن، كە هەموو كوردێک ئەزانێ تەنها لەپێناوی كوردایەتیدا خۆیان ماندوو كردووە، تا سەریان لەسەر داناوە«.

لە باشووری كوردستانیش، بناغەی پایتەختی یەكەم و دووەمی بابانەكان، قەڵاچۆلان و سلێمانی، بە مزگەوت و حوجرە و دامەزراندنی كتێبخانە و برەودان بە زانستی شەرعیی و كۆكردنەوەی مەلا و فەقێ، دەستیان پێكرا. بە مزگەوتی گەورە (مزگەوتی كاك ئەحمەدی شێخ) و دروستكردنی حوجرەی فەقێ و هێنانی مەلا و زانا خوێندەوار و كردنەوەی كتێبخانە و كۆكردنەوەی كتێبە زانستییەكان و كەمەندكێشكردنی فەقێ، بنیاتی شارەكەیان دارِشت.

كەسێكی وەكو ئەحمەد پاشای كوڕی سلێمان پاشای بابان، لەگەڵ ئەوەدا سوپایەكی چوار هەزار كەسیی دامەزراند و بیری دەوڵەتداریی لەسەریدا بوو، دەیزانی كورد گەلێكی مسوڵمانە، بۆیە بەبێ زانست و بوونی پێشەنگانی ئاینیی هیچی بۆ ناكرێ، بۆیە «بایەخێكی زۆریدا بە خوێندن و خوێندەواریی، مزگەوتی تازەی دروستكرد و رِێزی مەلاكانی گرت، ژیانی مەلاكانی مسۆگەركرد و گوندی لەسەر وەقف كردن. كتێبخانەی مزگەوتی گەورەی ئاوەدانكردەوە و ژمارەیەک كتێبی زۆری بۆ كرِین، یان بە نووسینەوە دان. دوای دورخرانەوەشی لە كوردستان، بەردەوام كتێبی بۆ ئەو كتێبخانەیە ناردۆتەوە، هەتا ئێستاش ژمارەیەک لەو كتێبانە لە كتێبخانەی ئەوقافی سلێمانیدا ماون».

ئەم دیاردەیە تەنها لە رِۆژهەڵات و باشووری كوردستان نەبووە، بەڵكو مزگەوتەكانی باكووری كوردستانیش، مەكۆ و مەڵبەندی خەباتگێرانی كوردانی رِاپەرِیوی ئەو مەحاڵە بوون، تا ئەو كاتەی لە ماڵەكانی خوا نەتۆرابوون. تەنانەت كادیر و ئەندامانی (یانەی كوردان) پاش داخستنی یانەكەیان لە لایەن كەمالیستەكانەوە، پەنایان بردە بەر مزگەوت. رِۆژنامەیەكی ئەرمەنی بڵاوی كردۆتەوە كە پاش داخستنی یانەی كوردان «كوردەكان لە دەوری حوجرەی مزگەوتەكان كۆدەبونەوە و لە مەسەلەی پرِۆگرام و باسی وەها دەدوان، كە زۆر نهێنیی بوو».

گرنگە لێرەدا ئاماژە بەوە بكەم كە پێشتر لە ساڵی ١٩٠٩دا هەر لە مزگەوتی گەورەی شاری ئامەددا (یەكێتی یانەی كوردان) دامەزرا، كە دواتر بووە جێی ئومێدی كوردانی باكوور. جێگری كونسوڵی بەریتانی لە راپۆرتێكیدا دەڵێت: «یانەی كوردان لە مزگەوتی گەورە (دیاربەكر) ئاهەنگێكیان ساز كرد، چەندین چالاكیی گرتە خۆی، هەموو دەروێشەكانی شار(مەبەستی نوێژخوێنانە!) ئامادەی بوون، سوێندی پشتگیریی و وەلائیان بۆ خیلافەت و شەریعەت دووبارە كردەوە، ئامادەبووان زیاتر لە دە هەزار كەس بوون. ئەم كۆبوونەوەیە واتایەكی زۆری هەبوو، ئەویش ئەوەیە كە (یانەی كوردی) زۆر بەهێزترە لە یانەی (ئیتتیحادو تەرەققی) توركان، لقی دیاربەكر». لەكۆتاییدا ئەو راپۆرتە ئینگلیزییە خۆیان ئاسایی دەڵێت: «هیچ گومانێک لەوەدا نیە كە برەودان بە شەریعەت، زۆربەی جەماوەری نەفام و نەخوێندەواری كورد رِازی دەكات!».

بەڵێ ئەوە ڕێزنانی مسقۆفانی ئینگلیز بوو لە میللەتێکی گەورەی وەک کورد و ئاینێکی جیهانیی وەک ئیسلام، کە بەو پلەدوویی و پلەسێییە سەیری هەموو نەتەوەکانی خۆرهەڵات و ئاینەکانیان دەکرد. وێناکردنی هێزێکی داگیرکاریشە، بۆ واقعی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردانی دانیشتووی یەکێک لە شارە هەرە زیندووەکانی ئەوکاتەی کوردستان، شاری ئامەد. واز لەو بەشەی بێنن کە چۆن ناوی کورد دەبات، لەو بەشەی وردبەرەوە کە لە سەرێکەوە تورک و ئەرمەن و ڕای گشتی ناوچەکە دەترسێنێ، بەگەشەی هەستی نەتەوایەتی کورد، لە سەرێکی ترەوە بەریتانیا و گوێ لەمشتانی دەترسێنێت لە بەهێزیی و کاریگەریی پابەندی کورد بە ئیسلام و شەریعەتەکەیەوە!.

ئەوەی دەیسەلمێنێ کە ئەم قسانە پیادەکردنی پلانێکی نەخشە بۆ ڕێژراوە، لێکچوونی قسەی زۆربەیانە لەم بوارەدا، نوێنەرێکی تری ئینگلیز لە شاری وان دەڵێت: «کورد شەریعەتی دەوێ، نەک یەکسانیی و برایەتیی و ئازادیی، کە ئیتتیحادییەکان باسی دەکەن!»، وردبنەوە چۆن شەریعەتی بەرامبەر (یەکسانیی و برایەتیی و ئازادیی) داناوە، توندڕەوانی (ئیتتیحادو تەرەققی)شی داناوە بە هەڵگران و پێشەنگانی ئەو دروشمانە، دیارە کوردیش بە دوژمنیان. هەر ئەم پیلان و شەیتەنەتەش بوو کە سەریگرت و (ئیتتیحادی) یە ئەڵقە لەگوێکانیاکان لەکۆتایی ئەوساڵەدا-وەک گوتمان- (یانەی کوردان)یان لە ئەستەمبوڵ و هەموو شارەکانی تر داخست.

ئەوانە بەشێکن لە نموونەی کاریگەریی ئاین و وانە بنەڕەتییەکانی پەروەرشگای مزگەوت، ئەوەش کە ڕابورد چمکێکە لە نموونەی قسە و هەڵوێست و کارەکانی پەروەرشکراوانی، کە بە گیانێکی مسوڵمانانە داکۆکییان لە نەتەوە و نیشتمان کردووە و لە دەرگای هەموو ڕەهەندە سیاسییەکانیشیان داوە، بۆ هیچ سیناریۆ و مانۆڕێک-کە شۆڕش و خەبات و هەڵوێست بیخوازێ دانەماون و دەستەپاچە نەبوون، نە گفتوگۆ، نە پەیوەندیی، نە دانوستاندن، نە شۆڕش و موقاوەمەت، نە تاکتیکی پاشەکشە و دەستتشلکردن، نە هونەری هەڕەشە و خۆسوورکردنەوە، نە هیچ ئەگەر و سیناریۆ و هەڵوێستێکی تر، کە بەرژەوەندیی گشتیی و سیاسەتی قۆناغ و واقیع بیخوازێت، بەپێی پێودانگ و ڕێسا شەرعییەکان.

## مزگەوتەکانی سلێمانی و مەهابادو ئامەد، نەخشێنەری خەباتن:

مزگەوتی(سەید حەسەن)ی شاری سلێمانی، ئەویش بۆ خۆی وەک مزگەوتەکەی (سوور) ی مەهاباد و مزگەوتی گەورەی شاری ئامەد و مزگەوتی گەورەی کاک ئەحمەدی شێخی سلێمانی، داستانی هەیە، هەرکامیان دیرۆک و ڕووداوێکی مێژوویی گرنگ تیایاندا ڕوویانداوە و داستانێکی لەگەڵ خەباتی سیاسی کوردان هەیە، وەک: ڕاگەیاندنی ڕاپەڕین و شۆڕش، ڕاگەیاندنی حیزب و ڕێکخراوەی سیاسی، ڕاگەیاندنی ئیمارەت و دەوڵەت. بۆ نموونە: لە ڕۆژێکی هەینی و پاش نوێژی هەینی، لە ٢١/ تەموزی/١٩٢٢ بە ئامادەبونی زانایان و پیران و پیاوماقوڵان و مونەووەران و کاسپکاران (لە مزگەتی سەی حەسەن) بڕیاردرا لەسەر دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی سیاسی بە ناوی (جەمعییەتی کوردستان) بە سەرۆکایەتی حاجی مستەفا پاشای یامولکی، شایانی باسە ئەم کۆمەڵەیە لە ڕووی مێژووییەوە بە یەکەم ڕێکخراوی کوردیی دادەنرێت کە لە باشوری کوردستان دامەزراوە.

لە ١٩٢٢/٩/١٥شدا دوای نوێژی هەینی، لە مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی (مزگەوتی کاک ئەحمەدی شێخ) کە دەکەوێتە ناوجەرگەی شار، بە ئامادەبوونی نزیکەی هەزاران کەس لە حەوشە و گۆڕەپانەکەی بەردەمیدا، بە پێشەنگیی زانایان،

فەقێ و قوتابی و پیاوماقوڵان و سەرۆک هۆزەکان، کۆبوونەوە، بۆ ڕاگەیاندنی ناوی شێخ مەحمودی حەفید وەک یەکەم مەلیکی کوردستان. لەوێ- وەک گۆڤاری (بانگی کوردستان) باسی دەکات- ئالای میللی کوردستان بەرزکرایەوە، دواتر لە فەرمانگەکانی حکومەت و قشڵەی عەسکەریی، ئالاکە هەڵکرا و تۆپی خۆشیی تەقێنرا.

بەڵێ، لە حکومەتەکەی شێخ مەحموددا، مەلا و شێخ و کەسایەتییە ئاینییەکان پێشەنگ بوون، بۆیە شێخ مەحمود حاجی مەلا سەعیدی کردە وەزیری داد، شێخ عەبدولقادری حەفیدی کردە سەرۆکی حکومەت، مەلاکانی سلێمانی کردە ڕاوێژکاری شەخسی خۆیی و کابینەی حکومەتەکەی. دیارە نابێ ئەم حاڵەتە وای لێ بخوێنرێتەوە کە شێخ مەحمود و هاوکارانی دەسەڵاتیان قۆرخ کردووە لە توێژ و تاقمێکدا، یان بڕوایان بە فرەیی و پێکەوەژیان و چاوپۆشیی نەبووە، بەپێچەوانەوە شێخ بۆ خۆی کەسێکی زۆر کراوە بوو، بەڵگەش ئەوەیە کە کەسێکی مەسیحی ناسراوی شاری سلێمانی بەناوی کەریمی عەلەکە کردە وەزیری دارایی لە کابینەی حکومەتی مەملەکەتی کوردستاندا.

بەمجۆرە لە شارەکەی مەولانا خالید و شێخ مەعروف و مەحوی و کاک ئەحمەدی شێخدا، مزگەوتی گەورەی کاک ئەحمەدی شێخ بووە سەکۆی ڕاگەیاندنی یەکەم مەلیکی کوردستان و ناولێنانی شێخ مەحمود وەک یەکەم مەلیک بۆ کورد. بۆیە هەر لەسەر هەمان ڕەوییە و ڕێباز، لە کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستانی قازی محەمەددا، مزگەوتی (سوور)ی ناوشاری مەهاباد، بووە یەکەم مەڵبەندی کۆبونەوەی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، لەوێش وەک شاری سلێمانی مەلا و زاناو قازی و شێخان و نوێژخوێنان، بوونە پێشەنگ.

## مزگەوتی هاوچەرخی کوردان: پەروەرشگا، زانستگە، مەڵبەندی شۆڕش:

ئەوەش زانراوە کە لە سەردەمی هاوچەرخیشدا مزگەوت لە سەراسەری کوردستاندا لانکی شۆڕش و ڕاپەڕین و ژوانی حەوانەوەی پێشمەرگە بووە. هەروەها جگە لەوە کە زانستگەیەکی شوێنی پێگەیاندنی سەدان کەسایەتیی بووە، لە زانایان و شۆڕشگێڕان و شاعیران و ئەدیبان، مەڵبەندێکی کۆمەڵایەتیش بووە و کاریگەریی زۆری هەبووە لە توندوتۆڵکردنی شیرازەی کۆمەڵایەتیی و ڕێگریی کردووە لە لێکدابڕان، نەک تەنها لەسەر ئاستی گوند و شارۆچکەکان، بەڵکو لەسەر ئاستی شارە گەورەکانیش، ئەوەش ناشارڕێتەوە کە پەروەرشگایەکی کاریگەریش بووە بۆ ڕاستکرنەوەی ڕەفتار و کردارەکان.

ڕێکخراوە سیاسییە کوردەکانی سەرەتای سەدەی بیست و شۆڕشە هاوچەرخەکانیش، ئیلهامیان لە هەمان سەرچاوە وەرگرتووە و درێژەپێدەری ئەو ڕێبازانە بوون. دیارە بەسوودوەرگرتن لە کۆی ئەزمونەکانیان و وردبوونەوە لە هەڵە و هەوراز و نشێوو کەم و کورتییەکانیان، کە بەدڵنیایی لە چەند وێستگەیەکدا بێ هەڵە و کەموکورتیی و گرفتی جۆراوجۆر نەبوون و زۆرجاریش هەڵەکان کوشندە بوون، هەروەک لە بزاڤ و شۆڕشە هاوچەرخەکانیشدا، دەیان هەڵەی ستراتیژیی تۆمارکراون، چ جای هەڵەی تەکتیکی، یان تەکنیکی.

## (شێخ، مەلا، قازی، سەید، حاجی، فەقێ..) تەنها ڕێکەوتە، یان..؟

لەکاتێکدا بەدوای سەلماندنی ئەم ڕاستییەوە بووین، کە ئیسلام وەک ئاین و مەلا و شێخ و فەقێ و قازی و بانگخوازانی ئیسلامیی، وەک کەسایەتیی، هاندەر و پێکهێنەر و پێشەنگی ڕەوتەکانی سەرهەڵدانی بزافی ڕزگاریخوازی کورد بوون، چ لە شۆڕشەکاندا، چ لە ڕاپەڕینەکاندا، چ لە

ڕێکخراو و ناوەندەکانی چالاکییە جۆراوجۆرەکاندا، کەمێکی تر لە ڕووی مێژووییەوە چووینە پێشەوە، گەڕاینەوە بۆ ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیست، بۆئەوەی چاکتر لە گەرموگوڕیی و کارایی ئەم فاکتەرە تێبگەین، لەمکاتەدا چاومان کەوت بە بەڵگەنامەیەکی دەوڵەتی ئینگلیز، کە پەیوەندیی بە هەواڵی لەسێدارەدانی یازدە خەباتگێری گەلی کوردەوە هەیە لە ناوچەی (وان)ی باکووری کوردستان، لەسەر دەستی دام و دەزگاکانی ئیتتیحادییە نەتەوەپەرستە دەمارگیرەکان.

ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام، ناونیشان و نازناوی جیاکەرەوەی ناوی ئەو شەهیدانە بوو، داوا لە خوێنەری بەڕێز دەکەم لێیان ورد ببێتەوە، تا بزانێت خەباتگێرانی کورد کێ بوون و لە چ توێژانێک بوون و چ نازناوێکیان هەبووە؟ تا کەمێکیش شارەزا ببێت کە لە سەردەمی کەمالییەکاندا چ ڕەنجێکی تاقەتپڕۆکێن کێشراوە؟

جێگری کونسوڵی ئینگلیز لە پارێزگای وانی باکووری کوردستان، لە بروسکەیەدا لە ١٦/ مایسی/١٩١٤، بەرپرسانی سەرەوەی خۆی لەم هەواڵەی خوارەوە ئاگادار کردۆتەوە، دەقاودەق دەنووسێت: «گەورەم، بەڕێز لویس مالیت! جێی شانازیمە ئاگادارتان بکەمەوە، کە دادگایەکی عورفیی، حوکمی لەسێدارەدانی دەرکرد بۆ یازدە کەسایەتی کورد، چونکە لە ڕاپەڕینەکەی نیسانی ١٩١٤ لە شاری بەتلیس بەشدار بوون، لە سەرەتای ئەم مانگە حوکمەکە جێبەجێ کرا، ناوی کەسە لەسێدارەدراوەکان ئەمانەن:

١-شێخ شەهابەدین ٢- شێخ شەریف (برای شێخ شەهابەدین) ٣- شێخ سەید علی ٤- مەلا محی الدین ٥- مەلا فەقێ عەلی ٦- مەلا جوندی ٧- مەلا مەجید ٨- حاجی حەیران ٩- حاجی باهیر ١٠- حاجی خورشید ١١- عەلی ئەفەندی».

بەڵێ، (شێخ)، (سەید)، (مەلا)، (فەقێ)، (حاجی).. ئەمە لەقەبی (١٠) کەسە لە کۆی ئەو (١١) کەسەی لەسەر بەرهەڵستکاریی و داکۆکیی لە خاک و وڵات و گەلیان لەسێدارە دراون! لە کاتێکیشدا ناحەزانی کورد لۆمەی کوردیان دەکرد کە شۆڕش دەکەن، کەس لۆمەی تورکانی ئەوکاتەی نەدەکرد کە دەیانویست شوناسی نەتەوەیەکی گەورە و ڕەسەنی وەک کورد بسڕنەوە، لەکاتێکدا لافی دیموکراسی و ئازادییان لێ دەدا.

من کە ئەم بابەتە دەنووسم نەخشە گەورەکەی مەمالیک و ویلایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانیی لەبەردەستمدایە، کە ساڵی ١٨٩٣ی زاینی کێشراوە و کوردستانی گەورەی تێدا نەخشێنراوە و لەناوچەی (لوڕستان) و (ئیلام)ەوە تا نزیک شاری (مەلاتیا)ی درێژکردۆتەوە و بەخەتێکی درێژ و گەورە لەسەری نوسیویەتی: (کوردستان) ، بەڵام کۆمەڵەی (ئیتتیحادوتەرەققی)و کەمالیزمەکان هاتن و هەموو توانای خۆیان خستەگەڕ بۆ سڕینەوەی ناوی کورد و نەخشەی کوردستان، بۆیە کارکردن بەو نەخشە عوسمانیەشیان هەڵوەشاندەوە، لەبەرئەوەی داننەنێن بە وڵاتێکدا بەناوی کوردستان و ئەو وشە درێژەکراوەیەی (کوردستان) کە لەسەری نوسرابوو.

لەو سەروبەندەدا کۆمەڵی (ئیتتیحادوتەرەققی) تورکان، ڕۆژنامەیەکیان هەبوو بە ناوی (گنین) کە زمانحاڵی کۆمەڵەکە بوو، سەرۆکەکەی کەسێک بوو بەناوی (حسین جاهد) تیایدا پێشنیاری کردبوو کە شەش ویلایەتە گەورەکەی کوردستان ـ کە ئێستە بەڕێژەی جیا جیا لە پازدە پارێزگا زیاترن ـ ئەو ناوی کوردستانەیان لەسەر لاببرێت و ناوبنرێن: (ویلایەتەکانی خۆرهەڵاتی تورکیا). بۆیە لەوکاتەدا لەبەرئەوەی لەسەر دەسەڵات بوون، پێشنیارەکەی سەریگرت، لەوکاتەوە وشەی (کورد) لەسەرزمانیان سڕایەوە، وشەی (کوردستان)یش -وەک وتمان- لە نەخشەی وڵاتی تورکیادا نەهێڵراو کوژایەوە.

جا بۆئەوەی وەڵامی پرسیارێکی زیهنی خوێنەرم دابێتەوە، کە ئاخۆ ئەم شێخ و مەلا و حاجی و سەیدو فەقێیانە، بۆچی و لەسەرچی

لەسێدارە دراون، خراپ نیە بەڵگەیەکی تری ئەرشیفی بەریتانی بخەمە بەردەست: ئەو شێخ (شهاب الدین)ەی کە یەکەم ناوە لە ڕیزبەندی لیستی لەسێدارەدراوەکانی سەرەوەدا، پێش لەسێدارەدانی «یاداشتێکی ناردووە بۆ والی پارێزگای (وان)، تیایدا داوای کردووە کە سەرلەنوێ یاساکانی شەریعەت لە کوردستان جێبەجێ بکرێنەوە و فەرمانبەرە گەندەڵەکان لە ناوچەکە بگوێزرێنەوە، چونکە لەوە زیاتر خەڵکی تەحەممولیان ناکات.» لە کۆتایی یاداشتەکەدا نوسیویەتی: «ئەگەر (والی) ئەمە نەکات، ئەوە موجاهیدەکان پەلاماری شاری بەتلیس دەدەن و هەموو فەرمانبەران دەگرن».

بەڵێ ئەوەی لە نێوان دوو کەوانەکەدایە، دەقاودەق قسەی شێخ شەهابەدینە و لە ڕاپۆرتی نوێنەری حکومەتی بەریتانیادا هاتووە، کە لە شاری (وان)ەوە، باڵیۆزی خۆیانی لێ ئاگادار کردۆتەوە.

لێرەدا هەڵوێستی یەکێکی تر دەخەمە ڕوو لە هەڵوێستی کەسایەتی دیار و خەباتگێڕانی کورد کە (ساڵح بەگی خانەیی)یە، واتە: سەرکردەی ڕاپەڕینی کوردانی شاری (ئامەد) لە ساڵی ١٩٢٥دا، کە ناسراوە بە موفتی (مەعدەن)و (سەردەستەی یەکەمی موجاهیدین).

ناوبراو کەسێکی جوامێر و نەبەرد بووە، کاتێک براوە بۆ لەسێدارەدان ئامۆژگاری هاوڕێیانی کردووە کە ئازا و خۆڕاگر بن، لەکاتی هەڵواسینی بە قەنارەشدا دوو شیعر دەڵێت، کە ئەمە واتاکەیانە:

«لەبەرئەوەی لە ڕەحمەتی خوا  
نزیک دەبینەوە، خۆشحاڵین،  
هەرچەندە نابود و خانەخراپ بووین،  
بەڵام چونکە لە ڕێی حەق و ڕاستیدا بوو،  
گوێمان لێ نیە.  
ئێمە هیچ ناترسین کە کەسێک  
ستەممان لێ بکات،  
چونکە خودا، ئێمەی پەسەند کردووە و  
لێمان ڕازییە».

بەمجۆرە دەبینین کە تێگەیشتنی ئاینیی لە کوردستاندا- بەپێچەوانەی هەندێک بۆچوونەوە کە هەڵقوڵاوی ڕقی ئایدیۆلۆژین- کاریگەریی ئەرێنیی و پۆزەتیفی زۆری هەبووە لەسەر هەستی نیشتیمانپەروەریی، بگرە لەسەر کۆی خەباتی سیاسی نەتەوەیی.

محەمەدی شاپەسەندی- یەکێک لە کەسایەتییە دیارەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان لە ناساندنی عەبدولڕحمان زەبیحی و سەردەمەکەیدا، جوانی بۆچووە کە دەڵێت: «لە سەردەمی منداڵیی زەبیحیدا جیاوازیی بەینی ئاین و سیاسەت لە کوردستان، بەمجۆرەی کە ئێستا هەیە، بەرچاو نەدەکەوت، توندڕەویی و زیادەڕەویی حزبایەتی لە ئایندا پەیدا نەببوو، مەگەر ئەوسا بەشی زۆری ڕابەرانی نیشتمانیمان پیاوانی ئاینیی نەبوون؟ مەگەر ئێمە ئیلهامی نیشتیمانپەروەریمان لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام وەرنەدەگرت؟ بەڵام ئەوەندە هەبوو ئەوکاتە لەناو ئێمەدا، دین لە سووکترین و هاسانترین شێوەی خۆیدا بەکارهێنراوە«.

ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، ئاین- بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی کارل مارکس و چەپەکانەوە- نەک ترایکی گەلان نەبووە، بەڵکو لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا هەوێنی گیرسانی خەبات و داینەمۆی جووڵانەوەکان و ئیلهامبەخشی خۆزگە و داواکارییەکانی میللەتان بووە بۆ مافەکانیان، چونکە پرەنسیب و بەهاکانی ئیسلام هاندەربوون بۆ هەقگوتن و دژایەتی ستەم و قبوڵنەکردنی ناهەقیی و داواکردنی مافەکان و ڕزگارکردنی چەوساوەکان هەرکێ بن و لەهەرکوێ بن. ئەم بابەتانە لەو سەردەمانەدا، هەرگیز لە بابەتەکانی تری پەرستش و عیبادەت و لایەنەکانی تری ئاین و بیروبڕوای ئاینیی، جیا نەکرابوونەوە، وەک ئەمڕۆ لەلایەن هەندێک عەلمانی توندڕەوەوە، بێهوودە کاری بۆ دەکرێت، گوایە بۆ دابڕینی ئاین لە خاک و خەڵک و ژیان و کۆمەڵگە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١- ئەم بەسەرهاتە بە دووروودرێژی لە سەرچاوە مێژووییەکاندا هاتووە، بۆ نمونە بڕوانە: (الكامل في التاريخ، عز الدين، أبو الحسن، ابن الأثير الجزري، ٢/١٠٦).

٢. بڕوانە مێژووی ئەدەبی کوردیی، د. مارف خەزنەدار، ب٦، ل٢٤٤.

٣. شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحمود، خاوەن پێگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەهێز بوو، زۆر جێی متمانەی سوڵتان عبدالحمید بوو، تورکە ئیتتیحادییەکان زۆر لێی دەترسان، بۆیە ساڵی (١٩٠٩ز) لە هەنگاوێکی ترسنۆکانەدا لە شاری موسڵ زۆر بە شێوەیەکی دڕندانە کوشتیان. بڕوانە: كرد العراق منذ الحرب العالمية الأولى.. محسن محمد متولي، الدار العربية للموسوعات، ٢٠٠١، بيروت، ص ٦١.

٤. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەو ڕووداوە، بڕوانە: چیم دی، ئەحمەد خواجە، بەغدا، ١٩٦٨، لا: ١٠.

٥- بڕوانە کتێبی: الثورة العراقية الكبرى، عبد الرزاق الحسني، بغداد، ١٩٩٢، ص٢٥.

٦ شۆڕشەکانی کوردو کۆماری عیراق، عەلادین سەجادی، تاران، ٢٠٠٥، لا: ٢١. (داڕشتنەکەی (سەجادی) م وەک خۆی گواستۆتەوە، دیارە کە کەمێک لەنگیی لە داڕشتنەکەیدا هەیە).

٧- مەحمود پاشا، کوڕی محەمەد پاشای جافە، ساڵی ١٨٤٦ز لەدایکبووە، ساڵی ١٨٨٩ بە فەرمانی سوڵتان عبدالحمید کراوە بە پارێزگاری ئورفەی تورکیا، بەڵام ڕازی نەبووە، بۆیە سوڵتان دووری خستۆتەوە بۆ ئەستەنبوڵ، لەویَ لە ساڵی ١٨٩٢ هەڵاتووە و گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان، لە ساڵی ١٩١٥ یارمەتی تورکەکانی داوە دژی ئینگلیز لە شەڕی شوعەیبەدا. ساڵی ١٩٢١ کۆچی دوایی کردووە و لە مزگەوتێکی (قزڕابات)ی سەر بە خانەقین-کە خۆی بنیاتیناوە نێژراوە.

٨- پاشایەتی ڕوتبەو پلەیەکی عوسمانی بوو، کە دەبەخشرا بەکەسایەتییە ناودارو بەخزمەتەکان.

٩- تەئریخی جاف، کەریم بەگی جاف. بەغدا، ١٩٩٥، ل٩٠.

١٠- بزوتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتی.. ڕەحیمی قازی، ل٥٥.

١١- دیاری کۆمەڵەی (ژ.ک) بۆ لاوەکانی کورد. بڕوانە: نیشتمان.. عەلی کەریمی، ل١٩٥.

١٢- یادنامەی شێخ مەحمودی نەمر، ناصر حەفید. بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٦، ل١٤.

١٣- گۆڤاری ڕۆژنامەوانی، ژمارە: ٩، ساڵی ٢٠٠٢، ل ٤٩، بە نەقڵ لە ڕۆژنامەی (هۆربزۆن)ی ئەرمەنی.

١٤- الحركة الكردية المعاصرة، د. عثمان علي، ص١٧٣، ص: ١٧٣. (وێنەیەکی مزگەوتی گەورەی (ئامەد) لە بەشی پاشکۆکاندا ببینە).

١٥- هەمان سەرچاوە، ل١٧٤.

١٦- ئاڵای کوردستان لە حوکمڕانیی شێخ مەحموددا تەختەکەی سەوز بووە، بازنەیەکی سووری تێدا بووە، لە ناوەڕاستی بازنە سوورەکەدا شێوەی مانگێکی یەکشەوە کێشراوە. لە بەشی کۆتایی ئەم کتێبەدا نمونەیەک لە وێنەی ئەو ئاڵایە ببینە.

١٧- ئەم هەواڵە، گەرماوگەرم لە گۆڤاری (بانگی کوردستان)، ژمارە ٧، لە ١٩٢٢/٩/٢٢، بڵاوکراوەتەوە. بڕوانە: یاداشت، ڕەفیق حیلمی، بەشی پێنجەم، ل٩٥.

١٨- مەبەست (لویس دو پاڵ مالیت)ە، کە لەو کاتەدا باڵیۆزی ئەو کاتەی حکومەتی بەریتانیا بووە لە ئەستەمبوڵ، جگە لەوە چەندین پۆستی باڵای لە دەوڵەتی بەریتانیادا بینیوە.

١٩- الكورد فى الوثائق البريطانية ، د.عثمان علي ، ص١١٢.

٢٠- فی سبیل کوردستان، زنار سلوپی، ل٣٥.

٢١- سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٠.

٢٢- ڕاپەڕینی کورد، ئۆغورمومجوو ئەستەمبوڵ، ١٩٩١، بە نەقڵ لە جەمعییەتی تەعاون و تەرەققی کورد، مالمیسانژ، ل٥٣.

٢٣- بیرەوەرییەکانی محەمەد شاپەسەندی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٢٣.



# تێڕوانینەکانی

# مەلای گەورە

## لە کڵاوڕۆژنەی تەفسیرەکەیەوە



**قاسم عەلی عوسمان**

لەدایکبووی ١٩٧٧. بڕوانامە: دبلۆم. خاوەنی حەوت کتێبی چاپکراو و ژمارەیەکی زۆر وتار و بڵاوکراوەیە.

مەلای گەورەی کۆیە(١٨٧٦ – ١٩٤٣)، یەکێکە لە زانا و کەسایەتییە ناودارەکانی کوردستان و لە بنەماڵەیەکی ڕەسەن و دیار بووە، مەلا و شاعیر و کۆمەڵناس و پیاوماقووڵ و خانەدان بووە، تەمەنی خۆی لە خزمەتی زانست و خاک و خەڵک بەسەربردووە، چەندان بەرهەم و دانراوی زانستی هەیە لە دیارترین ئەو بەرهەمانەی: تەفسیرە نایاب و ناوازەکەیەتی بە ناونیشانی (تەفسیری کوردی لە کەلامی خواوەندی) کە بەڕاستی هەرکەسێک بیخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێت کە تەفسیرێکی کوردانە و خۆماڵییانەیە تەنانەت خۆشی باسی ئەوە دەکات کە دەیویست تەفسیرێک بنووسێت هەڵقوڵاوی بیروهزری خۆی بێت نەک جوینەوەی قسەی ئەوانیتر، چونکە ئەگەر وای نەکرد ئەوا تەنها قسەی خەڵک نەقڵ دەکات نەک تەفسیر و لێکدانەوە، تەنانەت لەم تەفسیرەیدا ڕەخنە لە چەندان موفەسیری گەورەی قورئان دەگرێت و دەڵێ نەدەبووایە قسەی وەها بکەن..

مەلای گەورە لەم تەفسیرەیدا زۆر زانایانە و واقیعییانە لێکدانەوەی وردی بۆ ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز کردووە و بەستوویەتییەوە بە ژیانی سەردەم و پێشکەوتنەکانی دنیای نوێی ئەو کات، لەمبارەیەوە خۆی دەڵێت: (قورئان لە نەزەری من وەکی عالەمی تەبیعەتە لە ئەقسامێ، کوو حوکەمای جەدید تا دێ ئەسرار و دەقائیقی تەبیعەت دەرئەخەن، ئەگەر لەو منواله مەلامان بووبان ئەبا عەصر بە عەصر دەقائیق و ئەسرار و مەعانی کامینە لە قورئان دەرخرێ، لاکین تەقلید و ترسی ئیعتیقادی لێناگەڕێ کەشفییات لە قورئان بکرێ..... قورئان لە هەموو ئەعصار ئەخوێندرێتەوە، بۆ هەموومان موعجیزەیە، حەصری نەزەر لە قیل و قال مەحرووممان ئەکا لە ئایەتی قورئان و ئایەتی ئەکوان).

لە میانەی خوێندنەوەی ئەم تەفسیرە (١٠) بەرگییەدا بیروبۆچوون و هزری مەلای گەورە بەتەواوی ڕوون دەبێتەوە و خۆی نمایان دەکات، بیری ئەو لە زۆر ڕووەوە پێش مەلا و پیاوانی ئایینی ئەو کات کەوتووە، لە زۆر باردا پێچەوانەی ڕەوتی ئایینی ئەو کات بزاوتی کردووە، چونکە زۆر متمانەی بە بیر و هزری خۆی هەبووە، بۆیە گوێی نەداوە بە باو و نەریتی ئایینی ئەو سەردەمە و ترس و شەرم بەربینی نەگرتووە.

دەتوانین بیروباوەڕ و تێگەیشتنی مەلای گەورە بۆ زۆرێک لە بابەتە ئایینییەکان و پرسەکانی ئەو کات کە بەشێکیان تائێستاش درێژەیان هەیە لە چەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە:

– زۆر بڕوای بە عەقڵ و حیکمەتی مرۆڤ هەبووە و هەمیشە داوای کردووە کە مسوڵمانان بۆ تێگەیشتن لە ئایینەکەیان هۆش و ئاوەزیان بەکاربێنن، دەڵێت:( کە عەقڵ نەما قسە لەگەڵ کێ بکەین؟ بالخاصە کە کەرامات هاتە گۆڕێ بە جارێ عەقڵ و عیلم و حیکمەت ئەفرێ، نیزامی کائینات ژێر بەرەو ژوور ئەبێ، حەق و حەقیقەت گوم ئەبێ.. خودایە تۆ شاهیدی هەر دینێک، هەر مەزهەبێک، هەر مەشرەبێک لەگەڵ عەقڵ موخالیف بێ من لێی بەریم، دینێکم ئەوێ، بە مەزهەبێک ڕازیم کە بە ئیمتیزاجی عەقڵ و نبووەت ڕۆحێکی خالیصی تێدا پەیدابووبێ و منیش نائیلی ئەو حەیاتە موعتەدیلە ببم و ئەو دینەش حەقیقەتەن دینی ئیسلامە، ئەم ئیمتیزاجەش خالقی ئەکوان، مونەززیلی قورئان بۆ ئێمەی کردووە...)... (تا عەقڵ نەکوژێننەوە، بێ هێزی نەکەن ناتوانن ئەو خوڕافاتانە ئیزهار بکەن، کە عەقڵیان چارەکرد، ئەوجا ئەوی ئارەزوو بکەن بە سووک و ئاسانی بە دەماغیانەوە ئەچەسپێنن!)...(نووری ئیمان، نووری عەقڵ دونیا ڕووناک ئەکا.)..(عەقڵی چاک، شەرعی پاک زۆر موافیقن.)...(بە موتابەعەی عەمر و زەید خۆ لە طهوری عەقڵ دوور مەکە).

متمانەی بە سیاسەتمەداران نەبووە و سیاسەتی سەردەمی پێ درۆ و دەلەسە بووە، لە چەندان شوێن زۆر بەتوندی زەمی سیاسەت و سیاسییەکان دەکات، دەڵێ: (بە لاف و گەزافی سیاسییون

هەڵمەخەڵەتێن، ئەوان لە هەموو کەس غەشیان زیاترە.)...(تەماشای سیاسییونی عەصرکەن بە فەخرەوە ئەڵێن: ڕەجولی سیاسی لدی الایجاب عهد و میثاق، سوێند و نامووس و شەڕەف و وەفا و دۆستی ئەهاوێتە ژێرپای، واقیعەن وان. لەو جیهەتە مسوڵمانان زۆر زەرەریان لێ دیتن.)...(وەکی ڕیجالی سیاسی، تا ئیشی پێتە تەشیت بۆ ئەڕێسێ، هەزار وەعدت پێ ئەدا، کە ئیشی نەما مەرحەباشت لێ ناکا، مەعازەڵڵا گەر ئیشت پێی بوو تا مومکینی بێ بۆت دروست ناکا.)...(لەو زەمانە کە سیاسەت بوویتە درۆی مەحز، صرف، هەڵخەڵەتاندن و عەهد و پەیمان و وەفا و سوێند و ڕیعایەتی حقووقی هیچ نییە، الله سیاسەت کوو عالەمی بە فەساد برد!)..

خەم و خەفەت لە کەساسیی و بێکەسی و لێقەوماوی کورد دەخوات، ئەمە بێجگە لەوەی شیعرەکانی لەبارەی کوردەوە زووخاو و خوێناوی لێ دەچۆڕێتەوە، دەڵێت: (خولاصە خەم و خەفەتی کوردان زۆرە، ئیصلاحیان وەختە بلێم محاڵە، ئەمڕۆ قەومی کورد لە هەموو عەصرێ بێ پیاوترن، ئەوە موصیبەتە، موصیبەتێ عەزیمە، عاقیبەتی وەخیمە.)...(مع الاسف ئەو هەموو ئەعازیمەی کوردان گوم بوون، بێسەروشوون چوون.)...(گەلێ کەس ئیددیعای کوردایەتی ئەکا ئەمما ئەگەر سێ فلس لە ڕێی قەوم صەرف کا ڕووحی دەرئەچێ).

دژی ئەو جۆرە ئیمانە سلبییە بوو کە مرۆڤی تەنبەڵ و تەوەزەل و ناکارا دەکرد، دەڵێ: (مسوڵمانان وەک جوو و دیانان دوای خەواریق و شەواز کەوتن، بە خیلافی قورئان ئیمانێکیان ئیختیراع کرد نە عەقڵی هێشت نە عیلم نە قووەت، نە قودرەت نە سەعی و عەمەلی صالح و خونجایی بۆ دنیا و دین، بە واسیتەی کوفر بە قەواعیدی ئیلاهی بە قورئانی حەکیم ماڵ وێران بوون، حالەن ئیفاقەیان نەبووە، ئەگەر وابن عاقیبەت مەسخ ئەبن بە کیسەڵ بە قالۆچە، ئەکەونە ئەدنا مەراتبی حەیوان).

ڕێزی زۆر بۆ ژن هەبووە و لە چەندان شوێن جەخت لەوە دەکاتەوە کە بنچینەی خانەوادەی باش و بەڕێز ژنی چاک و تێگەیشتووە، لەگەڵ ئەوەدا نەبووە بۆ چارەسەری ناکۆکی و کێشەکانی نێوان ژن و مێرد پەنا ببرێتە بەر توندوتیژی، دەڵێت: (لێدانی ژن شەرعەن مەزموومە، کەسێکی بەویجدان بێ تەحەمەمولی عەزاب ئەکا وە لێی نادا، لە حەدیسی شەریفدا هەیە: ئایا شەرم ناکا کەسێک لە ئێوە لە ژنی خۆی بدا وەک لە عەبد ئەدا لە ئەووەلی ڕۆژ دوایە موعاشەرەی بکا لە ئاخیری ڕۆژ؟...من ٣٨ ساڵە صاحێبی عائیلەم لێدان ڕووی نەداوە.)...(هەزار ناصیحی وەک من، شاعیری وەک حاجی قادر بۆ تەربییەی قەوم نابێ بە دایکێکی چاک.)...(با هەموو عالەم بزانێ ژن لە نەزەر دینی ئیسلام زۆر موحتەرەمە، حیجابێ بۆ حیفز و حورمەتە، وەکی شووشە وان لەناو صندوقان ئەندرێ تا بە سەلامەت بگاتە جێ).

پێوەری ئەو بۆ وەرگرتن و ڕەتکردنەوەی قسە و ڕاوبۆچوونی هەرکەسێک بە پلەی یەکەم قورئانی پیرۆز و فەرموودەی ڕاستی پێغەمبەر بووە، بۆیە دەڵێت: (ئەی مسوڵمانینە بە غەیری قەولی خودا و پێغەمبەر قەولی کەسی تر حوججەت نییە، قابیلی غەلەت و سەهوو و نسیانن.)...(ڕەجا ئەکەم گوێ مەدەنە شتێ بێ فائیدە، ئەهیتیدا بە قورئان بە ڕوسولی کیرام کەن.)...(لە قورئان بگەن باشە، بۆ خەڵکی خۆتان مەگۆڕن، قسەی جاهیلانە قەبووڵ مەکەن وەلەو لە مەلایە گەورە گەورە نەقڵ کرابێ.)...(خوا ئەزانێ زۆر جارانم ئەو قسەیە کردیە، هەر ئایەتێ هەر حەدیسێ صەحیح ڕووحەکی حەیاتی تیابێ زەهرەکیان موقابیل داناوە).

هەمیشە و بەردەوام دژی جیاوازیی و تەفرەقە و دەمارگیریی مەزهەبی بووە، پێی وابووە ئەمانە بوونەتە هۆی دواکەوتن و بێهێزبوون و پارچەپارچەیی ئوممەتی ئیسلامی، دەڵێت: (سەوادی ئەعزەم لە مەلایان وا ئەزانن (اختلاف أمتي رحمة) حەدیسی پێغەمبەرە، حاشا ثم حاشا قەت

ئیختیلاف ڕەحمەت نییە، بەڵکو غەزەبی ئیلاهییە، حاشا ئەوە حەدیسی ڕەسولی خودا نییە، عولەمای کەلام لە کوتوبی کەلامی زیکریان کردووە، وە ئەوانیش موحەدیس نین.)...(تا ئەمڕۆ ئەو ئوممەتە لە ئیختیلاف چ ڕەحمەتێکی دیت؟ چ فائیدەی لێ بەدەست کەوت.)...(ئیختیلاف کوو ئەبێتە ڕەحمەت؟ ئەگەر وابێ ئەبێ ئیتتیفاقی ئوممەت نیقمەت و غەڵەت بێ!)...(ئینسان نازانێ ئەو هەموو ئیختیلافە چییە؟ نیزاعی ئەشاعیرە یاخود سوننی و موعتەزیلە دائیمەن بەرپایە، هەردووک بەیەک ئەڵێن: ئەصحابی بیدەع و ئەهوا .)...(کوللی فیرقەیە خۆی لەسەر سوننەت و ڕەوشی ڕەسوول و یارانی ئەزانێ، ئەوانی تر بە کافر یا موبتەدیع حیساب ئەکا.)...(هەر قەومێ موئمین و کافر بە سەفاهەت و شیقاق و نیفاق موبتەلی بوون، موحەققەق بە هیلاک ئەچن).

ڕەخنە و گلەیی لە مەلاکان هەیە بەوەی ڕقەبەرایەتی و کینە لە نێوانیاندا هەیە و قسەی یەکتر ناسەلمێنن و کەللەڕەقن و ئەوەندەی وابەستەن بە بیروڕای خۆیانەوە ئەوەند تاڵبی حەق و حەقیقەت نین، دەڵێت: (من فیکری مەلایان چاک ئەزانم، تا مەلاتر بن عەنوودتر ئەبن و لایان وایە حەق ئەوەیە کە ئەوان بیڵێن: کالشمس فی رابعه النهار. غەڵەتی خۆیان لێ مەعلووم بێ دەستی لێ هەڵناگرن، بە قونکەبیور لە تەختی ناوچەوانیان بدەی ناگەڕێنەوە. خصوص بۆ حیفزی مەقام و نفوزی خۆیان لەسەر ئوممەت ئەصڵەن پێ لە حەق نانێن، خۆیان ناشکێنن)..(ئەو بوغز و نیفاقی لە بەینی مەلایاندا هەیە لە بەینی عەوامدا نییە، بەڵکو عەداوەتی عەوام مەنشەئی لە عەداوەتی مەلایانە.)...

پێیوایە مسوڵمانان خۆیان بەتایبەتی مەزهەبەکان شەرعیان قورس کردووە و قیل و قالیان زۆر تێچاندووە، ئەمەش وای کردووە شەرعی ڕاستەقینە لەو نێوەندەدا ون ببێت، دەڵێت: (واقیعەن مسوڵمانیش شەرعیان زۆر گران کردیە، خصوص شعوب و مەزاهیب، بۆ ئینسانێ عومرێ

**(هەر قەومێ موئمین و کافر بە سەفاهەت و شیقاق و نیفاق موبتەلی بوون، موحەققەق بە هیلاک ئەچن).**

درێژ لازمە تا ئەیزانێ، ئەوجا کەی عەمەلی پێ ئەکا؟)...(مەلایان دینی ئیسلامیان وا تەنگ کرد، ئەوەی ئارەزووی تەرەقی کا لای وایە دەبێ لە دین دەرچێ، غەلل و زنجیری پارچە پارچە کا ئەوجا دەتوانێ شەقاو باوێ! واقیعەن بەگوێرەی تێگەیشتنیان وایە بەڵام فی الحقیقه غەڵەتە، دینی ئیسلام ڕووحە، ڕووح ماددەی حەیاتە، علوییە بۆ علوو دەڕوا، ئیمانی ڕاست قووەتێکە فوق القوی.)...(سبحان الله ئەوی لای خودا ئەهەممییەتی نییە لای نوققالان زۆر بە ئیهتیمامە.)...(بەعزێ لە عولەمایان ڕەحمەتیان لێ بێ، زۆر بە تضییقاتن...)..

هەمیشە لەگەڵ نوێکردنەوەی ئاییندایە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بۆ هەر سەردەمێک پێویستە ئایین بەپێی گۆڕانکارییەکانی سەردەم نوێکاری بکات تا ئەوەی بتوانێ دڵ و هۆشی خەڵک بەرەو لای خۆی کەمەندکێش بکات، دەڵێ: (ئەمڕۆ مع الاسف موعزەمی موسڵمانان دینی خۆیان کردیتە مەسخەرە، قەشمەری و گەمەی پێ ئەکەن، هێشتا ئەوانەی ئەهلی بیدعەتن لەو ڕووەوە ئەهوەنترن، ئەمما عەجەبا سەبەبی چییە؟ لای من سەبەبی بێ مێشکی مەلایانە، تەجدیدی دین ناکەن بە نەوعێ کە لای لاوانی تازە پێگەیشتوو شیرین بێ، لەزەتێکی لێ بزانن. لەسەر ئەو هەموو تەجەدودی کە لەم عەصرەدا هەیە ئەوان هەر لەسەر حاڵی دە عەصری پێش ئەمڕۆ ئەڕۆن..

# خۆزی مەلای وەهابییان تۆزێ هاتبانە سەر عەقڵ، بە چاوی ئیعتیبار تەماشای ئەحوالاتی حاضرەیان کردبا

کەسێ خۆی ئاگای لە ئەساساتی دینی ئیسلام بێ، ئەو ئەحوالاتەی سەوادی ئەعزەمی مسوڵمانان لەسەرین بە دینی نازانێ گەمەی پێ ئەکا.)...(دائیم لە تەجەدود بە، ئیصرار لەسەر ئوموری کۆنە مەکە، هەموو شتێ قەدیمیش فرێ مەدە.)..

هۆکاری شکست و دواکەوتنی مسوڵمانان لەوەدا دەبینێ کە لە نێوان خۆیان ناکۆکن و بایەخ بە زانستی سەردەم نادەن و خەریکی شتگەلێکن کە نە سوودی بۆ دین نە بۆ ژین هەیە، دەڵێ: (دوو شت بووە سەبەبی شکستی موسڵمانان: ئیختیلافی خۆیان، بێ ئیعتینایی بە عیلم و عەمەلی تەبیعی، غلو لە دین و لە مەعنەوییات، ئیعتماد لەسەر خەواریق و کەرامات، ئیستیلای ئیعتیقادی جەبری مەحز یا نیوە مەحز، ئینتیزاری خروجی مەهدی و نزولی عیسا.)...(رەجا لە مسوڵمانان ئەکەم بۆ ئیصلاحی حاڵی خۆیان ئینتیزاری نزولی عیسا و خروجی مەهدی نەکەن، خۆیان تێکۆشن لە زیللەت دەرچن، ئەوەش دیارە بەچی ئەبێ، بە ئیتتیفاق و ئیختیراع ئەبێ، ئەوەندەی بە مەعنەوییات خۆیان رێک ئەخەن، موقابیلی دوشمن خۆیان بە ماددیات خەریک بکەن بێ شک سەرئەکەون، وەئیللا فەلا.)...(لام وایە گەلێ ئیختیراع هەیە ئەگەر لە تەرەف حەکیمی مسوڵمانان با قەت خێری تەواو نەدەبوو، مەسەلەن حەبی ئەسپرین دەفعی سەرئێشە ئەکا، سلفاتۆ تا ئەبا..تەسکینی ئەلەمێ لە کەسێ لەگەلێ عیبادەت خێرترە!)...(مع الاسف لە ساحەی ئیختیراع و لە عورصەی ئیکتیشافات مسوڵمانەکی تیا نییە.)...(لە هەر مەلایە لە هەر حەکیمێ لە هەر وەلییە قسەیە مەعقوولێ دی قەبووڵیکە، یەکتر بەناوی دین مەبوغزێنن.)..

لەگەڵ ئەوەی لایەنگری لە زانست و پێشکەوتنەکانی سەردەم دەکات و داواش لە مسوڵمانان دەکات لە رەورەوەی پێشکەوتن دواناکەون، بەڵام رەخنەش لە خواروخێچییەکانی ئەم مەدەنییەتەش دەگرێ کە ئەورووپا و رۆژئاوا پێشەنگایەتی دەکات و سڵ لەوە ناکاتەوە ئاماژە بە کەموکورتییەکانی بکات و پەنجە لەسەر برینەکانی دابنێت و، دەڵێت: (لەو عەصرە کە ئەڵێن عەصری مەعاریف و عیلم و نوورە، عەصری مەدەنییەتە، عەصری مەعدەلەت و مەشروتییەتە، قەتلی ناحەق زۆرە و بێ ئەهەممییەتە، چ ئینسانێ بکوژێ چ سەیێ.)..(ئەمرۆ بەشەر خەریکە لە لیباس دەرچێ خاصەتەن خاتوونی ئەورووپایی.)...(کەسێ تەماشای عالەم کا، لە هیچ قەرنێ بەشەر وا بێ ئەخلاق و تەربییە نەبووە.)...(ئەوانەی کەمێ ئەبنە مونەووەر بەجارێ لە دین دەرئەچن، بە سەفاهەت مەشغوول ئەبن، سەد خۆزی خوندەوار نەبان، بۆ خۆشیان و بۆ ئوممەتیش قازانجتر بوو.)..

هانی مسوڵمان دەدات بیربکاتەوە و وریای عەقڵی خۆی بێت و کەسانی تر هۆشی داگیرنەکەن، تەقلید و لاساییکردنەوە چرای ئاوەزی نەکوژێننەوە، دەڵێ: (من گەلێ جار بە فەقێیانی خۆم ئەڵێم: قبل کل شيء لە مامۆستای خۆتان ئەمین مەبن، مەبادا میزاجی سەفسەتی غالیب بووبێ، وە یاخود تەقلید کۆری کردبێ!)...داوا دەکات بایەخ بە یاسا سروشتی و گەردوونییەکان بدەین، دەڵێ: (ئیتتیباعی سونەنی ئیلاهی لە هەمووی چاکترە.)...(ئیحتیراس بکە حەتتا لە حەق مامۆستات، حوکم بە تەزکییەی مەکە!

بە مەحەببەت و تەقلید خۆت کۆر مەکە، ئەوەی تەعلیمت ئەکا تێی فکرە چی تیایە).

لە چەندان شوێن ڕەخنەی توند ئاڕاستەی شیعە و وەهابی و سەلەفی و مەشایخ و صۆفییان دەکات و بە هۆکاری ناکۆکی و دواکەوتنی موسڵمانانیان دەزانێ، هەروەها ڕەخنە لە هەندێ زانای ئیسلامییش دەگرێ، دەڵێت: (دیققەت لە حاڵی مسوڵمانان کە، ئەمڕۆ لە چ عەزەمەت هاتنە چ زیللەت؟! ئەلئانیش وەکی جاران ئیختیلافی مەزاهیب و ئیختیلافی تەرائیق؟ هەتا مەشایخانی کەڕامات و ئەئیممانی شیعە ئەڵێن: ئەمڕۆ و سبەی مەهدی دێ، عیسا لە ئاسمان دێتەخوار کاروبارمان بۆ چاک ئەکەن، دنیا ئەبێتە ئی خۆمان.).. (ئێمە بە ڕیوایاتی سیوتی و ئەمسالی چاومان لە قیامەت بوو، ئەمڕۆ و سبەی ڕائەبێ! ئەجنەبی چاویان لە هەزارساڵ لەمەودوا بوو، ئەمڕۆ تەدابیریان بۆ ئیتتیخاذ ئەکرد بۆیە نەوتی باباگوڕگوڕیان دەرخست.)...(مع الاسف مەلای گەورە گەورە وەکی سیوتی، پێشی وی، دوای وی، زۆر سەهوو بوون، وکذا مع الاسف ئێستاش، عیسا و دەججال و مەهدی، ئەزهانی مەلایان مشەووەش ئەکەن.)...(مع الاسف وەهابی لەگەڵ مەعالیمی تەئریخی ڕێک ناکەون.)...(شێخەکان تا قەوم کەرتر بن کەیفیان پێ دێ، ئەگەر خەڵکی عاقڵ بێ وە ڕێی ڕاست بگرێ خوا ئەزانێ چییان لێ دێ؟ پاپایەکان وە ڕوئەسای شیعانیش هاکەزا، سبحان الله قەومیش کەیفیان لەگەڵ وان دێ، ڕقیان لە ناصیح و ئەمینان ئەبێتەوە!)...(خۆزی مەلای وەهابییان تۆزێ هاتبانە سەر عەقڵ، بە چاوی ئیعتیبار تەماشای ئەحواڵاتی حاچرەیان کردبا، لەبەر لاپەڕە کاغەزی ڕیوایات مەحروم نەبان لە موتاڵەعەی صەحائیفی ئەییام، مەلای ئەو عەصرە بان نە مەلای سێزدە قەڕن پێش ئەمڕۆ...)..

ئەوەی بە لای ئەوەوە گرینگە کار و کردەوەی چاک و سوودبەخشە نەک ڕواڵەت و ڕووکەش، یان قیل و قال، دەڵێ: (ان الارض یرثها الصالحون) ئەزانن صالح چییە؟ مەخەڵەتێن صەلاحی ئیدارە و موڵکداری جوایەزە لەگەڵ صەلاحی صۆفیلکە و مۆفیلکان، وە لەگەڵ صەلاحی مەلایان)...(خوا چ ئیشی بە ڕیشی ئێمە نییە، گەورەیە گچکەیە، ڕەشە سپییە، بە ڕدێنی درێژ و گرژ و پان با خۆشەویستیی خودا دەبا جوو بان)...(من قاعیدەکم داناوە، لە حەقائیقی ئیسلامم وەرگرتییە، هەر حوکمێ هەر ئیعتیقادێ یا عەمەلێ ئەگەر ئینسان بڵندکا ڕووحەکی سەعی عەمەلی بداتێ ئەوە لە دینی ئیسلامە ئەگەر بیلعەکس بێ خاریجی ئەصڵی دینە، داخیل کراوە.)...(عیلمی قال و قیل خەوف نادا، زاتەن عیلم نین، موقەددیماتن بۆ عیلمی نافیع، عیلمی نافیع عیلمی صانیعییەتە، عیلمی تەبیعەتە.)... (بریا مسوڵمانان پێش ئەوروپاییان تەعقیبی ئاساری ئومەمی ڕابردوویان کردبا، دوو نەفعی تیا ئەبوو: دینی، دونیەوی، لاکین نەیانکرد.)..

زۆر دژی ئەو خوڕافە و ئەفسانە و هەڵبەستراو و چیرۆکانەیە کە بە ناوی دین بڵاوکراونەتەوە و مێشکی مسوڵمانانی پێ بۆگەن دەکەن، دەڵێ: (شەیاتینی خۆمان ئەوەی ئارەزوویان کرد دەیکەن. ئەیهاوێنە دەماغی عەوام، خوڕافات، موزەخرەفات، مەوهوومات، موخەییەلات! ئەساتیر و حیکایەتیان لێ ئەکەنە مەسائیل و حەقائیقی ئیعتیقادیاتی دینی، دوایە وردە وردە ئوکزوبە، موفتەرەیات موخزیات موختەلەقات بۆ کەمێ لە زەوات کەشف ئەبێ.)... (حیکایەتی صۆفییان، یجوز و لایجوزی سوننیان عالەمی مەحو کرد.)...(حەقیقەتەن دینی ئیسلام بە حاووحوویی دەروێشان، فرمەفرمی صۆفییان، وە کیفەکیفی تەوەججوهان حیفز ناکرێ، بە عیلمی صەحیح ئەبێ.)...(ئەو دەجالەی مسوڵمانان بە خەیاڵ عالەمی لێ ئەتۆقێنن تەئمینیان ئەکەم نایگەنێ، وەکی جوولەکان تا ئەبەد ئینتیزاری بکەن، بەو جۆرەی کە دەڵێن نابێ، نییە، نەبووە.)... (تەئەسسوف بۆ مسوڵمانان ڕوویان لە هیدایەتی قورئان وەرگێڕا، بە خورافاتیان گۆڕییەوە.)...



# داوای لێخۆشبوون لە جەلاد

## گفتۆگۆی هەڵەبجەییەکان لەگەڵ عەلی حەسەن مەجید



**عادل سدیق علی**

لەدایکبووی ١٩٨٤ هەڵەبجە ، ماستەر لە مێژووی هاوچەرخ. سێ بەرهەمی چاپکراوی هەیە.
چەند وتاری لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوبووەتەوە

حاجی عەلی سۆفی ساڵح (حەمەعەلی سۆفی ساڵحی دارتاش) کەسایەتییەکی دیاری هەڵەبجەیە، ئەو لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٣ی گەڕەکی پیر محەمەدی شارەکەیە، ناوبراو یەکێک بووە لەو هاوڵاتیانەی کە بەر لە کیمیابارانی شارەکە، لەگەڵ ماڵ و منداڵەکەیی و هەندێک لە کەسوکاریدا بەرەو شاری سلێمانی هەڵهاتووە، دوا کیمیابارانی شارەکە و ئەو ڕەوشە پڕ لە تراژیدیایەی کە بەسەر دانیشتوانی شارەکەدا هات، هەستی مرۆڤایەتیی و هاوشاری پاڵی پێوە دەنێت کە بەهاوکاری ژمارەیەک کەسایەتی دیاری دیکەی شارەکە یاداشتێک بنوسن و ئاڕاستەی لێپرسراوانی ئەودەمی شاری سلێمانی بکەن. لەم دیدارەدا حاجی عەلی بەوردی تیشک دەخاتە سەر هەوڵەکانیان و ئەو دیدارە تایبەتەش کە لەگەڵ عەلی حەسەن مەجید لە شاری کەرکوک بۆ ئەم مەبەستە ئەنجامیاندا، ناوبراو لە دیدگا و تێڕوانینی خۆیی و بەپشت بەستن بەو زانیارییانەی کە بیرەوەرییەکانی هاوکاری دەکەن وردەکاری ئەو هەوڵانەمان بۆ دەخاتە ڕوو.

من(حاجی عەلی سۆفی ساڵح) هەتا شەوی دووەمی هێرشەکە لە هەڵەبجەدا ژیاوم، دوای ئەوەی کە تۆپخانەکانی ئێران و عێراق دەستیان بە بۆردومانکردنی شارەکە کرد، خەڵکی دەستیکرد بە خۆپەنادان، لە گەڕەکەکەی خۆماندا تەنها ئێمە ژێرزەمینمان هەبوو، وتم بە خێزانم هەموو خەڵکی گەڕەک بانگ بکات بۆ ژێرزەمینەکە و نانێکی باشیشیان بۆ ئامادە بکات، با کەس هاتوچۆ نەکات و بکوژرێت، چونکە هەر لەو کاتانەدا کوڕی مەلا مەحمودی سەراو تۆپێکی ئێرانی لێیدا و کوشتی، ڕۆژی ٣/١٤ سوپا شکا و لە ناوچەی نەورۆڵییەوە بەرەو شار پاشەکشەیان کرد، دەبابەیەکیان لەوبەری گوڵانەوە سووتا، نزیکەی (٣٠-٤٠) سەرباز لە کۆڵانی ماڵی مامۆستا شێخ نورەدینەوە سەرکەوتن تا هاتنەسەر ڕێگا سەرەکییەکەی ناوشار، یەکێکیان داوای جگەرەی کرد، ئێمەش بایعی مان هەبوو هەموو جۆرە جگەرەیەکمان وەردەگرت، بەڵام لە ماڵەوە کەسمان جگەرە خۆر نەبووین، منیش عەلاگەیەک جگەرەمان هەبوو لێم ڕادان، بەڵام کەسیان پاکەتیان وەرنەگرت، تەنها یەکی جگەرەکیان وەرگرت و دواتر ڕۆیشتن بەرەو تۆوشک و عەنەب، دوای نیو سەعات عەلەبارانەی برای مامۆستا عوسمان لە بەغدادەوە گەڕایەوە، دایبەسەریدا و وتی باوکەڕۆ براڕۆ ئەوە چی ئەکەن لەم ژێرزەمینەدا ڕاکەن بڕۆن، ئێمەش کەوتینە خۆمان، من سەیارەیەکی سۆپەرم پێبوو، حەمەڕەشیدی براشم سۆپەرێک و یەک دوو گەڵابەشمان هەبوو، ڕۆیشتم گەڕام بەسەر دراوسێکانماندا و تکام لێکردن کە دەرچن و لەناو شاردا نەمێنن، وتم با شار چۆڵکەین هەڵەبجە وێران ئەبیت، کاک عارفی ڕەشەی باش چاوەش زانیم کە زۆر کەمدەستە بەینی خۆم و خوا بە زۆر (٥٠٠) دینارمدا بەسەریدا وتم پێی دەرچۆ، ئەمە جاران نیە بڕۆیت و بگەڕێیتەوە ڕجات لێ ئەکەم، باوکی عەبەی مامە(مامۆ فەرەج) وتم مامە عەبە لە شار دەرچۆ لێرە مەمێنە، ئەمە دوای نیوەڕۆی ڕۆژی ٣/١٤ بوو.

بەڵام کەسیان نەهاتن، خۆم و خێزانم و مناڵەکان(٩مناڵ)، سواری قەمەرەکە کرد و بەرەو سلێمانی بەڕێکەوتم، براکانم زووتر دەرچوون، فەرەجی برام گەڵابەیەکی پڕ کرد لە خەڵکی گەڕەک و ڕۆیشت، حەمەڕەشیدیش پێش ئەو دەرچوو، منیش دوای ئەوان، عەلی محەمەد ئەحمەد (عەلە بارانە) لە دوای ئێمە گەڵابەیەکی پڕ کرد لە خەڵکی، بەڵام نەیتوانی دەرچێت، لە سێ ڕییانی زەڵم مناڵێکم بینی لەنێو بێشکەیەکدا و لەناو زیلێکدا مردبوو، نزیکەی سێ تا چوار ئۆتۆمبیلی وەرگەڕاومان لەسەر ڕێگاکەدا بینی، بەڵام دڵنیا نەبووم کە مردوویان تێدایە یاخود نا، هەر لە زەڵم ناقیلەیەک تۆپی ئێران لێیدابوو وەرگەڕابوو ئەو ناوەی چەور کردبوو، بەوهۆیەشەوە (٧تا٨) ئۆتۆمبیل وەرگەڕابوو.

لەنێو سەیارەکەی ئێمەداشدا منداڵ ئەگریا و خۆشم بانگ و سەلام لێدابوو، بەڵام کەس

ڕێگری لێ نەکردین هەتا گەیشتینە گوندی سەراوی سوبحان ئاغا، بەدرێژایی ئەو ڕێگایە هیچ سەربازێکی عێراقیمان نەدی، لە سەراوە سەیری هەڵەبجەمان ئەکرد تۆپی ئێرانی لێی ئەدا و دوکەڵ ئەچوو بە ئاسماندا، ئیتر من هیچ ئومێدێکم نەما.

هەر لە سەراو لەگەڵ حەمەڕەشید و فەرەجی برامدا یەکمان گرتەوە، پاشان بەرەو سلێمانی بەڕێکەوتین، کە گەیشتینە گوندی کانی پانکە سەربازی عێراقی ڕێگەیان لێگرتین، فەرەجی برام عەرەبییەکی زۆرباشی ئەزانی لەگەڵ سەربازە عیراقییەکاندا تێکچوو، وتی زۆر عەیبە بۆ ئێوە ئێمە ماڵ و منداڵمان لەژێر تۆپ و ئاگری ئێران دەرکردووە ئێوە ناهێڵن بڕۆین بۆ ناوچەیەکی سەلامەت، لەگەڵ سەربازەکەدا دەستیاندایە یەخەی یەکتر، فەرەج وتی ئێوە دەبابەتان جێهێشتووە، ئێمە ماڵمان جیهێشتووە، وتی شار چۆڵ بووە، تۆپی ئێران خەڵکی زۆری کوشتووە، بە هەر جۆریک بوو دەرباز بووین و گەیشتینە شاری سلێمانی، با ئەوەش بڵێم پێش ئێمە خەڵکی زۆر دەرچوو بوو، ئەوەی عاقڵ بوو ڕۆژی ٣/١٣ شاری بەرەو سلێمانی بەجێهێشت، ئەوانی دیکە ڕۆژی ٣/١٤ دەرچوون.

کوڕێکی زاوام لە بەغدادەوە گەڕابوویەوە و کوڕێکی بەناوی (حسەین) لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، لە سەیدسادق داینابوو وتبووی من ئەڕۆم بۆ هەڵبەجە ماڵ و منالەکەم ئەهێنم، ئیتر ئێمە گەیشتینە سلێمانی و ڕۆیشتینە ماڵی فازیلی مەحمودی عەلیلە کە ئامۆزای باوکمە لە شەهیدانی سەرچنار، ئەو شەوە ماینەوە، بەیانی زوو بە گریان و خەفەت و مەراقەوە هەستاین و ڕۆیشتین بۆ ئەسحابەسپی(٣/١٥) بۆئەوەی هەواڵ و دەنگوباسی هەڵەبجە بزانین، هەرکەسمان ئەبینی ئەوەندەی خۆمانی لێ ئەزانی، دواتر ڕۆیشتین بۆ قەبرسانی سەرکارێز و لەوێ ماینەوە، فڕۆکەمان ئەبینی لە قەرەداغەوە بەرەو هەڵەبجە ئەڕۆیشت، لەوکاتەدا فڕۆکەیەک لێیدرا فڕۆکەیەکی تر هات و فڕۆکەوانەکەی هەڵگرت و بردییەوە، ئەو ڕۆژەمان هەر بە چاوەڕوانی تێپەڕاند، هیچ جۆرە پەیوەندییەکیش نەمابوو.

ڕۆژی دواتر ڕۆیشتین بۆ مەرکەزی سەرکارێز جەمالی حەمەفەرەجی کوێخا و نەجمەدینی برایی و حاجی کەریمی ئەلی موراد و حەمەفەرەجی برام و حەمەڕەشید و ڕەئوف و حەمەی عەلەکەرشەل و کۆمەڵێکی تربووین وتمان بۆ نەڕۆین بۆ تۆوەقووت کە ئەکەوێتە سەر دەریاچەی دەربەندیخان و بەرامبەر بە هەڵەبجەیە، بەڵکو کەسیک لە هەڵەبجەوە بێت و هەواڵێکی ئەو ناوچەی لێ بپرسین، سێ سۆپەرمان پێ بوو بەڕێکەوتین لە ڕێگەی زەڕایەن ـ دەربەندیخانەوە لاماندایەوە بۆ تۆوەقووت، هێزێکی زۆر هاتبوو بۆ ئەو ناوچەیە، کە سەربازەکان پێیان ئەوتین بۆ کوێ ئەڕۆن، ئەمان وت بۆ لای حەمەی حەسەن ئەڕۆین ئیشمان هەیە، حەمە موستەشارێکی ناسراو بوو بارەگاکەی لەو ڕێگایەدا بوو، ئەمەمان تەنها بۆ بەڵگە دروستکردبوو، ئەوە وایکرد ڕێگریمان لێ نەکەن، هێزێکی زۆر بە تۆپ و دەبابە و ڕاجیمە و مەدفەعی و ئەنواع جۆری چەکی تر لەو ناوەدا کۆکرابوویەوە، هەرچی گەنمی ئەو دەشتە هەبوو بە شۆفڵ و بیلدۆزەر هەموویان تەخت کردبوو، ئێمە چووینە بەرزاییەکەی تۆوەقووت، هەتا کاتژمێر(١١) لەژێر درەختێکدا دانیشتین، بەتەواوی نازان چەند لە (١١) لایدابوو، چوار فڕۆکە بە نزمی لە قەرەداغەوە هاتن بەسەر ئێمەدا بەرەو هەڵەبجە ڕۆیشتن، هەموومان بانگ و سەڵا و هاوارمان لێ هەستا، لەو نیوەڕۆیەدا هەڵەبجە یەک پارچە بوو بە ئاگر، دواتر فڕۆکەکان گەڕانەوە، ئێمەش لە ترسدا بەپەلە ئۆتۆمبیلەکانمان بردە دۆڵێکی تر، وتمان لەوانەیە لە گەڕانەوەدا لە ئێمەش بدەن، دواتر بەناچاری گەڕاینەوە بۆ سلێمانی، ئێمە نەمان دەوێرا لەوە زیاتر لەوێ بمێنینەوە، بە هەموویەوە نزیکەی کاتژمێر و نیوێک لەوێ ماینەوە.

ئەو شەوە نەمانتوانی نە نان نە ئاو بخۆین زۆر

نارەحەت بووین، کەسوکارمان هەموویان ئەهاتن بۆ لامان، ئەوانیش وەک ئێمە نارەحەت و نیگەران بوون، سەرلەبەیانی رۆژی ٣/١٧ هاتینە بازاڕ نەماندەزانی هەڵەبجە کیمیایی باران کراوە، رۆژی ٣/١٨ هەندێک خەڵک پەیابوون وتیان کیمیایی دراوە لە هەڵەبجە، لەوە بەدوا بۆماوەی (١٠ تا ١٥) رۆژ ئێمە هەموو بەیانییەک دەهاتینە بەردەم دوکانەکانی ئەسحابەسپی، بەکۆمەڵ ئەوەستاین، بۆئەوەی دەنگوباسێکی هەڵەبجە بزانین، دوکاندارەکانیش بێزاربوون لێمان، جارجار ئەمن و ئیستیخبارات ئەهاتن و بڵاوەیان پێ ئەکردین، بەڵام زۆر و زەخیان بەکارنەئەهێنا، داوایان لێ ئەکردین ئەو ناوە چۆڵ بکەین، لە رۆژانی ١٨و٣/١٩ دا ئیتر هەواڵ گەیشت کە هەڵەبجە کیمیاییباران کراوە، هەواڵ هات ئەم ماوە ئەو مردووە، ئەوەی ماوە چووە بۆ ئێران، هەواڵی سەیر سەیر ئەهات کێ کوێر بووە کێ لە ئێران بینراوە و خوشکەکەت کوێر بووە، عەلەبارانەیان لە ئێران بینیوە، هەرکەسە کەوتووەتە شار و ناوچەیەکی ئێرانەوە، دواتر خەڵکێک بۆ سۆراخ کردنی کەسوکاریان هەوڵیاندا لە قەڵادزێ وە برۆنە ئێران.

دوو رۆژ دوای کیمیابارانی هەڵەبجە بە حەمەفەرەج و حەمەڕەشیدی برامم وت عەلەبارانەی زاوامان حسەینی لە سەیدسادق جێهێشتووە، حسەین لەوکاتەدا (٤ تا ٥) ساڵان ئەبوو، ئەڵێن سەیدسادقیش چۆڵی کردووە و کەسی لێ نەماوە، با برۆین سۆراغێکی ئەو کوڕە بکەین، کە رۆیشتین وتمان دەروێشێکی شیخ عوسمان رەفیقی عەلەبارانەیە ئەیدۆزینەوە، لە پشتی مزگەوتەکەی ناو بازاڕی عەربەت ئەو کاتە ئەو ناوە دەشت بوو لامان کردەوە وتم حەمەفەرەج ئەوە (حسەین)ە، مەسینەیەکی پێ بوو، چڵم هاتبووە خوارەوە بەدەم و لوتیدا و خەریکی یاریکردن بوو، بەرد و خۆڵی لە خۆی کۆکردبوویەوە و حەمامۆڵکێ(یاری)ی ئەکرد، کە چاومان پێی کەوت بانگ و سەڵامان لێدا، خەڵک کۆبوونەوە، وتیان ئەوە چییە، وتمان

## سبەینێش پارتی و یەکێتی بانگم بکەن، هەموو عالەم زەمی بکات من باسی ئەو گفتوگۆیە ئەکەم

ئەم مناڵە خوشکەزای ئێمەیە، کابرایەک وتی کاکە ئەو مناڵە دراوەتە دەستی من، وتمان ئەمە کوڕی عەلەبارانەیە، خوشکەزای ئێمەیە، خوا ئەزانێ باوکی ماوە یاخود نا، بەڵام لەلای کوڕەکە ئەم قسەمان نەکرد، وتمان با خەفەت نەخوات، لەوکاتەدا خەڵکی سەیدسادق هەریەکەیان روویان کردبووە شوێنێک، ئەم ماڵە هاتبوونە عەربەت، وتیان بە ئەمانەت دراوەتە دەستی ئێمە، هەرچۆنیک بوو حسەینمان هێنایەوە و تۆزیک دڵمان خۆش بوو سوکناییمان بۆ هات، دواتر گەڕاینەوە بۆ سلێمانی.

نزیکەی (١٠ بۆ ١٢) رۆژ دواتر ئێوارەیەک ئەمن و ئیستیخبارات هاتن و لە ئەسحابە سپی تەوقیان کردین، من وای بۆ ئەچووم دوکانەکانی ئسحابەسپی کە ئێمە رۆژانە لە بەردەمیاندا کۆدەبووینەوە بێزار بوون لێمان و ئەوان خەبەریان لێدابین، وتوویانە با بڵاوە بکەن و لێرە نەمێنن، لەو رەشبگیرییەدا نزیکەی (٢٠٠)کەسی خەڵکی هەڵەبجە گیرا، لە بەردەم ماسی فرۆشەکاندا دایان ناین، منیش گیرام، پێشتر سۆپەرەکەی هەڵەبجەم فرۆشتبوو، وتم ئەمە بەیقومە بابیفرۆشم و یەکێکی دیکە بکرم، سۆپەرێکی تازەم کڕی بوو، لە بەردەم دوکانی حاجی مەحمودی خەراجیاندا لە نزیک مزگەوتی دوودرگا لەوێ دائەنیشتم، سویچەکانم فرێدا بۆ عەبدولی حاجی جاسوس، وتم ئێمە گیراوین نازانم بۆ کوێمان ئەبەن، ئەو سەیارەم بۆ بەرەوە، ئەیزانی

## دەبێ ئەوە بۆ مێژوو بنوسرێت کە خەڵکی هەولێر زۆر هاوکاری ئاوارەکانی هەڵەبجەیان کرد

لە کوێیایە، جوندییەک هاتە دوامەوە و لەقەیەکیدا لە پشتم، بەڵام عەبدول عاقڵانە سویچەکەی هەڵگرت و ڕۆیشت، ئێمە ماینەوە هەتا دوای عیشا، دواتر بەلێدان بردینیان بۆ ئیستیخبارات و ڕیزیان کردین، دواتر عەسکەرێکی عەرەب هات هەر بەم نەفسە وتی: مژدەم بدەنێ بروسکە کراوە بۆ سەدام حسەین یان نەفیتان ئەکەن یان عەفوتان ئەکەن.

لەنێو خێزانی خۆماندا ئەوجارە تەنها منی بەرکەوت، بەڵام هەموو خەڵکەکە هەڵەبجەیی بوو، زۆری پێ نەچوو هاتن وتیان مژدەمان بدەنێ بەرئەبن، ئیستیخبارات لە گەڕەکی شارەوانی بوو لای ساحەی یارییەکە، کاتێک ئازادیان کردین هەرکەسێک کە دەهات عەسکەرێک لەمبەر و عەسکەرێک لەوبەر تێیان هەڵئەداین، هەرچی کەسوکارمان بوو هاتبوون بە دەممانەوە، من ڕۆیشتمەوە و فەرەجی براشم ڕۆیشتەوە بۆ گەڕەکی هەوارە بەرزە، سەیارەکەی لای عەبدول هێنایەوە.

ئەو شەوە کە بەربووین چوومەوە بۆ ماڵی خۆمان، ڕۆژی دوایی ڕۆیشتم بۆ بازاڕ، ئەسحابەسپی چۆڵ و هۆڵ بوو، عەلەشینم بەرچاو کەوت وتم حاجی عەلی با کارێک بکەین بۆ خەڵکی هەڵەبجە، من خەریکە ئەتاسێم، با چیتر خەڵکی هەڵەبجە سەرگەردان نەبن، نزیکەی دوو مانگ دوای کیمیاباران بوو من ئەم بیرۆکەم بۆ هات، وتم بەخۆم توخوا مرۆڤ بۆچی دروست بووە، مرۆڤ دروست بووە بۆئەوەی کاری چاک بکات، ڕۆحی وەتەنی تیابێت، شەعبەکەی خۆشبوێت، وتم ئەڕۆم چەند پیاوێکی هەڵەبجەیی هەڵەبژێرم ئەم فیکرەی خۆمیان بۆ باس ئەکەم، ئەگەر لەگەڵم بوون ماڵیان ئاوا، ئەگەر لەگەڵیشم نەبن ئەوە منیش بە تەنها ناتوانم هیچ کارێک بکەم.

زۆربەی ئەو کەسانەی کە دیاریم کردبوون لەوکاتەدا لە سلێمانی بوون، هەریەکەیانم لە گەڕەکێک دۆزییەوە، پرس و ڕام پێکردن، مامۆستا لەتیف لە عەلوەکەی سلێمانی بوو، شێخ نوری برای شێخ کەمالی عەبابەیلێ(عەقیدی تەقاوتی عەسکەری بوو) هەر لە سلێمانی بوو، مامۆستا شێخ خالید لە مزگەوتی ئیسکان بوو، ماڵی بردبووە حوجرەی مزگەوتەکە، موحسینی کوڕی ئیمام و خەتیبی ئەوێ بوو، بەڵام مامۆشتا شێخ نورەدینی برای لە زەڕایەن بوو. بۆ ماڵی هەرکەسیان ڕۆیشتووم خۆم بە تەنها بووم و کەسم لەگەڵ خۆم نەبردووە، بە هەموویانم وت سەردانتان ئەکەمەوە.

فکرەکەش ئەوە بوو وتم سەردانی کاربەدەستانی سلێمانی ئەکەین و سکاڵای خۆمان و داماوی خەڵکی هەڵەبجەیان بۆ ڕوون ئەکەینەوە، پێیان ئەڵێین ئێمە خەڵکی هەڵەبجەین لە نیوە شەودا ئێران داویەتی بەسەرماندا و خەڵکەکەش بەوشێوە سەرگەردان بووە، فکرەکەش دوای خوا هی خۆم بوو، خوای گەورە خستییە دڵمەوە. با ئەوە بڵێم جگە لە ڕەشبگیرییەکەی ئەو جارەی ئێمە، جارێکی تریش ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی هەڵەبجە لە سلێمانی گیران، بەڵام ئەمجارە منی تیانەبوو، دوای ئەمجارە من فکرەکەم بۆ هات، من وتم با ئەم جەماعەتە کۆببینەوە و لە چەند خاڵێکدا داواکارییەکانمان بخەینە بەردەستی کاربەدەستانی سلێمانی (موحافیز، دامودەزگا ئەمنییەکان، حیزبی کارتۆنی کە بارەگاکەیان لە نزیک بەنزینخانەی عەقاری بوو).

سەرئەنجام دوای کۆبونەوەی کەسایەتییەکانی هەڵەبجە، یادداشتێک نوسراو داواکارییەکان لە چەند

خاڵیکدا ڕێکخرا، دواتر نوسخەی ئەو یادداشتە درا بە هەریەکە لە: موحافیز، ئەمنی سلێمانی، شورتەی سلێمانی، حیزبی کارتۆنی(ئەحمەدی سۆفی مەحمودی عەنەبی)، ئەوانیش یادداشتەکەیان لێوەرگرتین و وتیان داوای چاوپێکەوتنتان لە سەروو خۆمان بۆ ئەکەین، ئێمە لەو یادداشتەدا داوای باشکردنی ڕەوشی ئاوارەکانی هەڵەبجەمان کردبوو.

ئێمە لە یادداشتەکەدا داوای بینینی سەدام حسەینمان کردبوو، دەمانزانی تەنها ئەو دەتوانێت قسە لەم بابەتەدا بکات، دوای ماوەیەک داواکەمان قبوڵکرا، وەڵامی یاداشتەکەیان هێنا بۆ من، منیش برادەرەکانم ئاگادار کردەوە و پێموتن کاتێکی نزیکیان داناوە، وتم با فریای خۆمان بکەوین یادداشتێکی تر بنووسین و بڕۆین بۆ بەغداد، دوای نوسینی یادداشتەکە بە سێ ئۆتۆمبیل بەرەو بەغداد بەڕێکەوتین، ژمارەمان چواردە کەس بوو، ئەوانەی کە لە بیرم ماون بریتی بوون لە (حاجی کەریمی ئەلی مراد، حەمەی عەلەکەرشەل، مامۆستا شێخ خالید، مامۆستا شێخ نورەدین، مامۆستا لەتیفی بامۆکی، مامۆستا مەلا موسای بیارەیی، مامۆستا شێخ محەمەدی زاوای مامۆستا شێخ جەمیلی موفتی، مامۆستا شێخ موحسینی شێخ خالید، مەلا محەمەدی بەرید، حاجی عەلی سۆفی ساڵح، شێخ نوری برای شێخ کەمالی عەبابەیلێ، مەلا محەمەدی سەولێی عەنەبی)، لەوکاتەدا هەریەکە لە مامۆستایان: شێخ خالیدی موفتی، شێخ نورەدینی موفتی، مەلا موسا، مەلا محەمەد، وتیان ئێمە هەڵەبجەیین بارمان لارە، پیاوی ئەوە نین بچینە ئوتێل، وتیان ئێمە ئەڕۆین بۆ ماڵی شێخ عوسمانی بیارە وەکو ماڵی خۆمان وایە، ماڵیان لە جادەی فرۆکەخانە بوو، شوێنەکە نەفەقی شورتەی پێ ئەڵێن، ماڵی شێخ عوسمان لەوێ بوو.

ڕۆیشتینە خانەقاکەی شێخ عوسمان، ڕێزێکی زۆریان لێگرتین و میواندارییەکی باشیان کردین، نزیک سەعات (٩:٣٠)ی شەو مامۆستا شێخ نورەدین و مامۆستا شیخ خالید وەک مورشیدی شێخ عوسمان پیاوێکیان ناردە سەرەوە و وتیان پێی بڵێن میوانی هاتووە، شیخ نەیئەتوانی بێت بۆ لای ئێمە، تۆزێکی مابوو، ئێمەی بانگکرد و چووینە سەرەوە، هەموومان دەستمان ماچکرد و دانیشتین، دواتر یادداشتەکەیان خستە بەردەمی شێخ، دوای خوێندنەوەی وتی من زۆر موافیقم، پێشتر شێخ بیستبووی کەچی بەسەر هەڵەبجەدا هاتووە، کە یاداشتەکەی خوێندەوە وتی ئەمە فکرەی کێیە، مامۆستا شێخ خالید دەمی سوعبەتی هەبوو، وتی وەڵا ئەو مناڵە بچکۆلە هەموومانی کۆکردووەتەوە، ئێمەش پشگیرییمان کردووە و هاتووین داوای بینینی سەدام حسەین ئەکەین، نازانم مامۆستا شێخ نورەین بوو یاخود شیخ خالید کە هەردووکیان ئێستا کۆچی دواییان کردووە وتی بە شێخ بۆچی نایەیت لەگەڵمان، شێخ وتی من ناڕۆم بۆ لای ئەو، ئەگەر ئەو ئیشی بە من هەیە با ئەو بێت بۆ لای من، ئەویش چەند شتێکی لەسەر یاداشتەکە نووسی و ئیمزای کرد. وتی منیش پشتیوانی لە داواکاری ئەم براو لێقەوماوانە ئەکەم، دوای هەندێک سوعبەت و قسە و چا خواردنەوە لەگەڵ شێخ هاتینە خوارەوەی خانەقاکە و خەوتین، دوو سێ شەو لەوێ ماینەوە.

بەیانی کە هەستاین مامۆستا موحسین و مەلا لەتیف و مامۆستا مووسا سواری ئۆتۆمبیلەکەی من بوون کە سۆپەریکی سووری تازە بوو، سێ هەزار کیلۆمەتر ڕۆیشتبوو، برادەران وتیان یاداشتەکە ئەبەین بۆ ڕیئاسەی جمهوری و تەسلیمی ئەکەین، منیش بە کوێریی و نەشارەزایی خۆم ڕۆیشتم هەتا گەیشتمە بەردەم ئیستیعلاماتی ڕیئاسەی جمهوری، ئەفسەرێک هاتە خوارەوە من شێوەیم نەئەکرد، تومەز لە هەڵەبجە لێپرسراوی قاتعی سەربازی شاخی باڵامبۆ بووە، منیش وەکیلی غاز بووم لە هەڵەبجە، لە نزیک کتێبخانەی گشتی هەڵمئەڕشت، جێب قیادەیەک هەفتەی جارێک یان دوو جار ئەهات بتلێک دوو بتل غازی ئەکڕی لێمان، منیش

کرێکارم هەبوو، ئەو بتڵەکەی دائەگرت، ئەم وت بە کرێکارەکە بتڵەکەی بۆ سەرخە، ئەفسەرەکە منی ناسییەوە، دەستی کردە ملم و ئەملاولامی ماچ کرد، منیش وەک ئەوە وابوو لە سەربان فڕێم بدەنە خوارەوە حەپەسابووم، هەرچی ئەمهێنا و ئەم برد نەم ئەناسی، وتم تۆ کێیت، من عەرەبیم نەدەزانی، بەڵام ئەو کوردییەکی باش فێر ببوو، ئاگام لێ بوو برادەران وتیان نانمان کەوتە رۆن، وتی من ئەو ئەفسەرەم کە ئەهاتم بۆ غاز گۆڕین، بەڵام من لەناو سەیارەکە دانەئەبەزیم، هێشتا من هەر بە ڕەنگ و شێوە نەمدەناسی.

ڕاپۆرتەکەی لێوەرگرتین و بردیە سەرەوە، نزیکەی نیو سەعاتی پێچوو، هاتە خوارەوە وتی ئەمرۆ ناتوانێت بتانبینێت، میوانی ئەمریکیی و بیانی هەیە، وتی ناونیشانی شوێنی دانیشتنی خۆتان و ژمارە تەلەفونی ئەوێم بدەنێ بۆئەوەی پەیوەندیتان پێوە بکەم، ئێمە ئەو چاکەمان کردبوو ژمارە تەلەفونی ماڵی شێخ عوسمانمان لەگەڵ خۆمان بردبوو، دواتر ئێمە گەڕاینەوە بۆ ماڵی شێخ عوسمان و لەوێشەوە سەریکی بازاڕماندا و بێتاقەتیەکی خۆمانمان دەرکرد. ئەو شەوە نوستین، بەیانی سەعات نۆ تەلەفونیک هات بۆ ماڵی شێخ ئاگاداریان کردینەوە کە بگەڕێینەوە بۆ سلێمانی هەتا ئەو کاتەی کات و شوێنی دیدارەکە دیاری دەکرێت، بەڵام ناونیشانی خۆمانیان لێوەرگرتین، ئێمەش گەڕاینەوە، با ئەوەش بڵێم لەماوەی ئەو چەند ڕۆژەی کە لە بەغداد بووین یەک دوو جار چووینە لای مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، ئەویش یەک دوو دێڕی لەسەر یاداشتەکە نووسی و دوعای خێری بۆ کردین، وتی (ان شاالله) سەرکەوتوو ئەبن، ئێمە تەنها ڕاوێژمان پێکرد و پێمان وت کە بۆچی هاتووین بۆ بەغداد.

دوو سێ ڕۆژ گەڕانەوەکە، لە دوکانی حاجی مەحمودی خەراجیانی دانیشتبووم(حاجی مەحمود لە ئەسحابەسپی ئەشیای سۆپەر و بەڕازیلی و ئۆتۆمبیلی تری هەبوو، دوکانێکی گەورە بوو، ڕۆژانە من لەوێ دائەنیشتم وەک دۆست و هاوڕێ، شوێنمان نەبوو لێی دانیشین)، نزیک سەعات هەشت و نۆی بەیانی بوو جیبێکی قیادە هات و سێ چوار سەبازی تیابوو لە بەردەم دوکانەکەدا وەستا، هەموو ئەو کەسانەی کە لەو نزیکانە بوون ترسیان لێنیشت، خەڵک دەترسا، بەڵام حاجی مەحمود تێگەیشت وتی مەترسن ئەوانە کاریان هەیە، یەکێکیان پرسی: حاجی عەلی سۆفی سالْح کێیە؟ وتم منم، تەوقەی لەگەڵدا کردم و زەرفێکی سپی دایە دەستم و ڕۆیشتن، منیش خێرا ئەوێم بەجێهێشت و ڕۆیشتم بۆ لای مامۆستا شێخ موحسین، وتم مامۆستا ئەمەمان بۆ هاتووە، ئەبێ چاوپێکەوتنەکەمان لەگەڵ عەلی حەسەن مەجید بێت لە کەرکوک. وتم من ئێستا ئەڕۆم هەموو برادەران کۆدەکەمەوە، سەعات یەک بۆ دوو هەموومان ئەڕۆین بۆ کەرکوک، شەو لەوێ ئەبین، سەیارە پەککەوتنێکە، لیقەومانێکە، مەکینە هەستانێکە، قەدەرێکە ئەڕۆین لەوێ ئەخەوین.

لەڕاستیدا من مەمنونی هەموویانم، بە کوڕی هەموویان ئەژمێرام، بچووکی هەموویان بووم لە تەمەندا، سەعات یەک هەموویان کۆبوونەوە و یاداشتێکی دیکەیان نووسی و سواری ئۆتۆمبیل بووین، بوو بە مشتومڕ بۆ کوێ ئەڕۆین بۆ کوێ بڕۆین؟ مامۆستا شێخ خالید کردی بە سوعبەت وتی کورە گێلەگیل ئێستا ئەتانبەم بۆ شوێنیک بەدڵی خۆتان، بردینی بۆ ماڵی شێخ عەلی لە کەرکوک، دوای عەسرێکی درەنگ بوو، سەعاتیک ڕۆژی مابوو، چووینە تەکیە و لێی دانیشتین، لە نێوان بانگی مەغریب و عیشادا شێخ عەلی هات بۆ لامان و بردینییە ژوورەکەی خۆیی و دانیشتین، دوای ئەوەی یادداشتەکەی خوێندەوە، وتی: زۆرم بە دڵە، داوایەکی جوانتا کردووە، ئێوە عێراقین، ئەبێ چارەسەرێکتان بۆ بدۆزنەوە، نەک هەموو ڕۆژێک لە سلێمانی ئازارتان بدەن (ئێمەی هەڵەبجەیی دووجار گیراین بێحورمەتی زۆرمان

بەرامبەر کرا)، هەرچۆنێک بێت ئەویش هاوڕا بوو لەگەڵمان و پشتیوانی داواکارییەکەی کردین.

عەلی حەسەن مەجید دوو شوێنی هەبوو، یەکێکیان لەسەر ڕێگەی کەرکوک بەغدا بوو، ئێمە بۆ ئەوێ ڕۆیشتین، لە کەرکوک دەردەچی بۆ بەغداد بەنزینخانەیەکی لێ بوو، لە پشت بەنزینخانەکەوە بوو، ئێستا تا ئەوکات نازانم ئەو شوێنە کوێ بوو، ڕۆیشتینە ئەوێ، ئەوان ئاگادار کرابوون کە ئەم نوێنەرانەی هەڵەبجە دێنە ئەوێ، بیانهێنن بۆ عەرەفە بۆ شەریکەی نەوت، لە عەرەفەش بارەگایەکی سەرەکی لێ بوو، منیش لەبەرئەوەی وەکیلی غاز بووم شارەزای عەرەفە بووم، هەموو ڕۆژێک ئەڕۆیشتم لە بانک بارەم دائەنا و ئەمکرد بەچەک بۆئەوەی نەوت و غازم بۆ بێت، لەبەرئەوە شارەزای ئەو ناوچە بووم.

ئەفسەرێک بە جێب قیادەیەکەوە پێشمان کەوت و ڕۆیشتین بۆ عەرەفە، لەناو عەرەفەدا لە نزیک بانکەکەوە هەندێک بەرەو ژوور ڕۆیشتین، لە پرسگەکە(استیعلامات) دابەزین بچینە ژوورەوە سێ چوار ئەفسەر هاتن، وتیان نوێنەرەکانی هەڵەبجە کێن؟ فەرموون پێشمان کەون، ئێمەش پێشیان کەوتین، تا بردینیانە لای عەلی حەسەن مەجید، ژوورێکی گەورەی هەبوو، عەلی حەسەن مەجید خۆی لەناو درگاکەدا وەستابوو، یەک یەک بەخێرهاتنی کردین، ئێمەش تەقریبەن نیوەی ژوورەکەی ئەومان بڕدا و دانیشتین، بەخێرهاتنێکی باشیان کردین، چاو و قاوەیان بۆ هێناین، عەلی حەسەن هەر خۆی بوو لە ژوورەکەدا، زۆری پێ نەچوو ئەو ئەفسەرەی کە لە دوای سەدامەوەیە و کورسییەکەی بۆ ڕێک ئەکرد ڕۆژێک پێشتر هاتبوو بۆ کەرکوک و ڕاپۆرتەکەی بەغدای ئێمەی لەگەڵ خۆی هێنا بوو، هاتە ژوورەوە و ماوەیەک لە ژوورەوە مایەوە، بەڵام دواتر چوویە دەرەوە، هەر عەلی حەسەن مەجید خۆی مایەوە.

ئێمە ڕاپۆرتەکەمان دایە دەستی، بەپێی پلانەکە دەبوو مامۆستا شێخ خالید و شێخ موحسین و مەلا لەتیف قسە بکەن، باس لە مەزڵومییەتی خەڵکی هەڵەبجە بۆ عەلی حەسەن مەجید بکەن، بڵێن ئێمە خوازیار نەبووین شتیوامان بەسەربێت، لە شەودا دراوە بەسەرماندا و کەوتووینەتە ناو تەڕ و وشکەوە، عەلی حەسەن ڕێزێکی زۆری لێگرتین، کورسییەکەی لە پشتی مێزەکەوە هەڵگرتوو هێنایە بەردەمی مێزەکەی خۆیی و دانیشت، بە مەتریک بۆ مەتر و نیوێک لە مامۆستا شێخ خالید نزیک بوویەوە، مامۆستا شێخ خالید هەستا قسە بکات، عەلی حەسەن مەجید وتی دانیشە، ئێمە ترسمان لێنیشت و گومانمان پەیدا کرد، بەڕێز و تەقدیریکەوە وتی: نا نا تۆ ڕیشت سپییە چۆن بەپێوە قسە ئەکەی، فەرموو دانیشە بە دانیشتانەوە قسەکانت بکە، ئیتر مامۆستاش دانیشتەوە و دەستی بە قسەکانی کرد، ئێمەش گەشبووینەوە، دوای ئەو مەلا لەتیف قسەی کرد و دوای ئەویش مامۆستا شێخ موحسین، بەڵام ئەمان بەپێوە قسەکانیان کرد. هەر ئەو سێ کەسەش قسەیان کرد، ئێمە باسی گەڕانەوەی ئاوارەکانی هەڵەبجەمان لەگەڵ نەکرد.

ئێمە نەچووینە ناو ئەو بابەتەی کە کێ تاوانبارە و کێ ئێمەی کیمیاباران کردووە، تەنها وتمان ئێمە لە خەودابووین ئەو کارەساتەمان بەسەردا هاتووە، لەڕاستیدا خواخوامان بوو گوێمان لێبگرێت، نەماندەوێرا قسەی زۆر بکەین و هەندێک شت بڵێین، لە یاداشتەکەدا پوختەی داواکارییەکانمان نوسیبوو.

دوای ئەم قسانە عەلە حەسەن مەجید بەخێرهاتن و پێشوازییەکی گەرمی لێکردین، وتی ئێمە عێراقیین، بەرگریش لە عێراق ئەکەین، قبوڵناکەین هیچ وڵاتێک چەپۆکمان لێبدات، هەرکەس چەپۆکمان لێبدا ئێمە ئاگری تێبەردەدەین، ئەوەی دەرزییەکمان پیابچەقێنێت گاسن ئەچەقێنین بە چاویدا، ئەوەی هەنگاوێک بێت بەرەو ڕوومان ئێمە سەد هەنگاو ئەڕۆین بەرەو ڕووی، وتی بەو خوا کە هەمووومانی دروستکردووە خالم بەڵێنی داومەتێ،

هەر داواکارییەکتان هەبێت جێبەجێی بکەم، دەستی برد بۆ سمێڵی و وتی بە شواربم هەموو داواکارییەکانتان بۆ جێبەجێ ئەکەم، ئێمەش دڵمان خۆش بوو، گفتوگۆکە نزیکەی سەعات و نیوێکی خایاند، لەو دانیشتنەدا هیچ شتێکی خراپی بەرامبەر بە ئێمە نەگووت، سبەینێش پارتی و یەکێتی بانگم بکەن، هەموو عالەم زەمی بکات من باسی ئەو گفتوگۆیە ئەکەم، وتی ئەوەی بەردێکمان تێبگرێت ناپاڵم ئەدەین بەسەریدا، تەعەدا لەکەس قبوڵناکەین، بە کوێری ئێمەیان تێگەیاندووە و ئێمەش بە کوێری وەڵاممان داوەتەوە، ئەو زمانی وشکە من زمانم تەڕە، نیوەی شاندەکەمان مردووە و نیوەمان ماوین، دوای گفتوگۆکە یەک یەک هەستاین و خواحافیزیمان کرد. بەڵێنیدا هەموو داواکارییەکانمان جێبەجێ بکات، بەڵام باسی گەڕانەوەی تیانەبوو بۆ هەڵەبجە. لەوکاتەدا مامۆستا مەلا محەمەدی سەوڵێ لە پێشی منەوە بوو، دەستیکرد بە پشتوێنی عەلی حەسەن مەجیددا خەریک بوو فرمێسک بە چاویدا بێتە خوارەوە، وتی: تکات لێ ئەکەم داواکارییەکانمان بۆ جێبەجێ بکە، منیش وتم ئێمە مەزڵومین، خەڵکی هەڵەبجە مەزڵومە و زوڵمی لێکراوە.

مامۆستا مەلا محەمەدی سەوڵێ عەنەبی بوو، دانیشتووی هەڵەبجە بوو، باوکی نەجمەدینی شورتەیە ئێستا مردووە، هەردوکمان داواکارییەکەمان تازە کردەوە و خواحافیزیمان لێکرد، هاتینە خوارەوە سورای سەیارە بووین بگەڕێینەوە، هەندێک لە بازاڕی کەرکوکدا ماینەوە، دواتر بەڕێکەوتین و گەیشتینە قەرەهەنجیر، دوو سەیارەکەی تر لە پێشەوە بوون، مامۆستا شێخ خالید لە سەیارەکەی مندا بوو، وتی بانگی مەغریبی داوە نوێژەکەمان لە مزگەوتە بچووکەکەی لاپاڵەکەی قەرەهەنجیر بە جەماعەت ئەکەین، منیش سەیارەکەم ڕاگرت، ئەوان چوار مەلا بوون و منیش حاجییەک، دابەزین و جەماعەتەکەمان کرد، دواتر بەرەو سلێمانی بەڕێکەوتین، لە سایلۆکەی سلێمانی ئەوکاتە ئەسپەکان هەبوو لە چوار ڕیانەکەدا جادەکە تەواو نەببوو ئەهاتینەوە مەعرەزەکان دواتر ئەچوویتەوە بۆ سەرچنار، ئێمە ماڵمان لە سەرچنار بوو، تەقریبەن بانگی عیشا تەواو ببوو تەواو نەببوو، چوار پێنج چەکدار پەلاماری سەیارەکەیاندایان و گرتینیان، جاش ڕەبیعە بوون، کورد بوون، دەموچاویان هەڵبەستبوو، ملی منیان لە جامەکەوە گرت دامگرنە خوارەوە، منیش وتم بۆ وامان لێ ئەکەن، گوناحتان ئەگات چیمان لێ ئەکەن، منیان دابەزاند، من پارەی وردەم ئەوەنە پێ نەمابوو، چەند دینارێک لە باخەڵمدا بوو، دوو هەزار دینارم هێنا بوو، دوو سەد دینارم لێ دەرهێنابوو، لەو دوو سەد دینارە خەرجی هاتوچۆ و بەنزین ئەو چەند دینارە لە باخەڵمدا بوو، ئەویکەی لە سەیارەکەمدا بوو، لەبەرئەوەی پارەکەم نەبەن، بۆچی پارەکەشم تەسلیم نەکرد، ساڵحی سەلیم برای عەلی سەلیم، لەگەڵ فەرەجی برامدا بەیانییەکیان لە سلێمانییەوە بۆ کەرکوک بۆ هێنانی غاز ڕۆیشتبوون، دەمانچەیان نابوو بەگوێی ساڵحەوە لە گەلابەکەیدا، حەوت سەد دیناریان لێ سەندبوو، هەموو جارێک سەرمان ئەخستە سەری ئەمانووت تۆ لە ترسا پارەکەت داوە پێیان.

دایانگرتم قۆناغە تفەنگێکیان کێشا بەدەموچاومدا، داوای پارەیان لێ ئەکردین، مامۆستا شێخ خالید و مامۆستا شێخ نورەدین و مەلا محەمەدی سەوڵێیان ڕیز کردبوو، مەلا محەمەدی سەوڵێ سەد دیناری لە باخەڵدا بوو، پارەکەیان لە باخەڵی دەرهێنا، سوێندی خوارد وتی تەنها ئەو سەد دینارە شک ئەبەم، هەرسێ مامۆستاکەش مێزەری سپییان بەسەرەوە بوو، منیان پێچابوویەوە ئەوەنە هێنامیان و بردمیان چۆخەکەم بوو بە سێ پارچەوە، لەوکاتەدا سەیارەیەکی قەمەرە هات، پەلاماری ئەویاندا و وازیان لە ئێمە هێنا، ئێمەش سواربووین و ڕۆیشتین، کاتێک گەیشتمەوە بەردەم ماڵی خۆمان مناڵەکان منیان بینی پشتوێنم لە پشتدا نەماوە و چۆخەکەم دڕاوە و دەموچاوم شین بووەتەوە ماڵ و مناڵەکەم و ژن خۆشکێکم

کە ماڵیان لە ماڵماندا بوو هەموویان دەستیان کرد بە هاوار و گریان، دەستیان ئەکرد بەقژی خۆرنین، وتم من سەلامەتم مەگرین، هیچ نەبووە و بەس لە من دراوە، ئەویش بۆ پارە، پارەکەیان بۆ نەدۆزرایەوە و سەیارەکەشیان بۆ ون نەدەبوو.

هەرچی خوڵکی مامۆستاکانم کرد کە بێنە ژوورەوە و نان بخۆن، مامۆستا شێخ خالید کردی بە سوعبەت وتی بە ماڵەوە ئەها مێردەکەتمان لە دزی هێنایەوە، چۆنیان تێهەڵداوە، نەهاتنە ماڵەوە، ماڵی حسەینی رۆستەم کە خەڵکی گرێزە و کانی پانکە بوو بایەعی هەبوو بەرامبەر ماڵمان بوو، ئەدەواتی سەیارەشی هەبوو، وتم کاک حسەین گیان بەو سەیارەی خۆم هەموویان بینگەیەنەرەوە ماڵی خۆیان.

دواتر دراوسێکانمان زانیان، ماڵمان قەرەباڵغ بوو، بەیانی هەستام خۆم شۆرد و دەسێک جلی تازەم لەبەرکرد، چاوم شین ببوویەوە، لەبەر ئازاری قۆڵ و باڵیشم بە زەحمەت سوکانم بۆ ئەگیراو گێرم بۆ ئەگۆرا. خێزانم وتی تۆ تێکچووی بۆ کوێ ئەرۆی، دوو رۆژ لە ماڵەوەبە، وتم فاتمە خۆ لەسەر دزیی و حیزی وام لێنەهاتووە، شەڕی نابەجێم نەکردووە، ئیتر بۆ نەڕۆم بۆ بازاڕ، کات نزیک سەعات هەشت و نیوو نۆی بەیانی بوو.

دوای ئەو چاوپێکەوتنە بڕیار لەسەر بڕیار بۆ خەڵکی هەڵەبجە دەردەچوو، خوێندکاران دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ خوێندنەکەیان، فەرمانبەران دەگەڕێنەوە بۆ سەر کارەکانیان، رۆژی دواتر بڕیار دەرچوو بۆ خەڵکی هەڵەبجە کە سەردانی عەربەت بکەن بۆئەوەی هەویەی نازیحینیان بۆ بکەن، هەفتەی دواتر وتیان خەڵکی هەڵەبجە بڕۆن چەکی پارە وەربگرن، ئەوەی فەقیرە (١٠٠)دینار و ئەوەی دەوڵەمەندە (١٥٠) دینار وەربگرێت، رۆژانە بە مکەبەرە جاڕیان ئەدا بۆ خەڵکی هەڵەبجە کە بڕۆن  بۆ شەقامی سەهۆڵەکە بەمەبەستی ئازووقە وەرگرتن، لەوێ ئازووقەیان ئەدا بە خەڵک، لێرە بەدواوە دەرکردنی خەڵکی هەڵەبجەش لە سلێمانی کۆتایی هات، پێشتر براو خوشک نەیاندەتوانی خانوو بدەن بە کرێ بەیەکتر.

هەفتەیەک دواتر وتیان عیززەت دووری هاتووە دەشتی مالوانی مەسح کردووە و زەوی ئەدەن بە خەڵکی هەڵەبجە، ئێمە بەهار لێمان قەوما، لە کۆتایی هاویندا زەوی مەسح کرا و مالوان بەناوی سەدامەوە(صدامیە حلبجە) دروستکرا، هەموو کەسێکی هەڵەبجەیی زەوی وەرگرت، دواتر سولفەیان پێدان، راستە زەویی و خانوویان بەو کەسانە دەدا کە بەر لە کیمیاباران ئاوارەی سلێمانی و نەسر و باریکە و عەربەت ببوون، بەڵام ژمارەیەکیش لە خەڵکانی گەڕاوە زەوی و خانوویان وەرگرت. سەرەتا ویستیان لەلای کانی پانکە هەڵەبجە دروست بکەنەوە، بەڵام سەری نەگرت، نازانم هۆکارەکەی چی بوو.

هەرچۆنێک بێت زەویی و سولفەیان و شیش و چیمەنتۆشیان پێداین، خەڵکیش دەستیکرد بە خانوو دروستکردن، هەرکەسە و دوو ژوور و هەیوان یان سێ ژوور و هەیوانێکی دروستکرد، ماڵەکانیان بردە ناوی، رێگەشیانداین کە هەرچیمان مابوو لە هەڵەبجە و تیانەچووبوو بیهێنین، لە تووتوتەوە ئەڕۆیشتین بۆ هەڵەبجە بۆ هێنانی شتەکانمان، دەرگا و پەنجەرەی خانووەکانی خۆمان دەرئەهێنا و ئەمانهێنا بۆ ئەو خانووەی کە لە هەڵەبجەی تازە دروستمان دەکرد، تا ئەوکاتەش هەڵەبجە نەتەقێنرابوویەوە، دواتر تەقاندیانەوە.

دوای دروستکردنی خاوەکانی هەڵەبجەی تازە خەڵک چوونە نێو خانووەکانیان، بەڵام لەبەرئەوەی من لە سلێمانی خانووم کرێ بوو، ئەوەی خۆم تەنها هەیکەلەکەیم دروستکرد کەچکاریی و شتم نەکردبوو، هەر لە سلێمانی مامەوە، ئیمانم پێی نەبوو، جوانترین خانووشم کردبوو، بەڵام تەواوم نەکرد و نەڕۆیشتمە ناوی.

بائەوەش بڵێم، زۆربەی گەڕاوەکانیان برد بۆ ئۆردووگاکانی بەرحوشتر و گردەچاڵ لە نزیک هەولێر، دەبێ ئەوە بۆ مێژوو بنوسرێت کە خەڵکی هەولێر زۆر هاوکاری ئاوارەکانی هەڵەبجەیان کرد، دواتر عەفوات بۆ ئەوانەی هەولێر دەرچوو، رێگەیاندان کە بگەڕێنەوە بۆ سنووری سلێمانی.




# باشترین هزره مسوڵمانەکانی سەدەی بیست

بوخاری عەبدوڵڵا قەسرێ

لەنێو ئاسمانی هزری ئیسلامیدا، ئەستێرەی ڕەونەقدار و تیشکبەخشی ناوازە بوونیان هەبووە، قەڵەمە بە بڕشت و پڕ لە مەعریفەکانیان لە چنینی وشەی بەرهەمداردا لە جوڵە و کاردا بووە. بە بیرکردنەوە و پەیڤنوسی شەو و ڕۆژیان، خۆیان لە قەرەی چەندین بابەت داوەو، دەستنیشانی زۆرێک دەرد و دەوایان کردووە، برینی کێشەکانیان پاکژکردۆتەوە، نەشتەری زامەکانیان ئاقڵمەندانە کردووە، ڕێگەو دەرچەی چارەسەریشیان بۆ ئەو کێشە و ئاریشانە خستۆتە بەردەست.

د.محەمەد موختار شینقیتی لە کتێبۆچکەیەکدا بەنێو (خيرة العقول المسلمة في القرن العشرين)، کە چاپە عەرەبییەکەی (٩٥ لاپەڕە) دەبێت، هەوڵێکی ئاکامبەخشی داوە بۆئەوەی پوختەیەک لەو ئەقڵە گەورانەی مسوڵمانان بە گوشراوەیی بخاتە بەردەستی ئێمەی خوێنەر.

پەرتوکەکە دەستەبژێر و گوڵبژێرێکی نوسەرە مسوڵمانە دیارەکانی سەدەی بیستە، کە ژمارەیان حەوت دانە دەبێت، هەرچەندە کەڵە نوسەری پتریش هەن کە نوسەر بە هەر هۆکارێک هەبووە لەبارەیانەوە نەدواوە، بەڵام ئەوەی کە زۆر جوانە لەو پەرتوکەدا ئەوەیە کە بە شێوازێکی چڕ و پوخت و زانیارستانیی، هەوڵدراوە شیلەی گوڵاوی ئەو نوسەرانە لە ژیان و هەڵوێست و وتەو بەرهەمەکانیان ڕوونبکرێتەوە. هەروەها لە هەڵبژاردنی هەرکام لەو نوسەرانەشدا، ڕەچاوی خاڵی بەهێز و دیار و بەرچاوی هەرکامێکیان کراوە کە چ شتێک لە هزر و ژینیان بۆتە مایەی هەڵکەوتنیان و پاشانیش مایەی سەرنجلێدان و بەهەند وەرگرتنیان.

من لەم نوسینە کورتەدا، هەوڵدەدەم پوختەی ژیانی سێ دانە لەو ئاقڵمەندە گەورانە بخەمە بەردەست.

## ـ محەمەد ئیقبال:



شینقیتی دەچێتە نێو قوڵایی باسوخواسەکانییەوە بە نزایەکی ئیبنوسینای فەیلەسوف کە دەڵێت: «پەروەرێنم، تەمەنێکی پان و بەرینم پێببەخشە و بەرەکەت بخە ژینمەوە«. ئەو پێیوایە کە ئەو نزایەی ئیبنوسینا بەسەر محەمەد ئیقبالی بیرمەنددا گیرابووە، ئیقبال چالاکێکی نێو هزر و نوسین و بیرکردنەوە و ڕامان بووە، خاوەنی شوێنپەنجەیەکی دیار بووە لە بیرسازیی و نوێسازی. ئەو هەرچەندە لە ڕەگەزدا ڕۆژهەڵاتیی و پاکستانیی بووە، بەڵام موتاڵاکارێکی قوڵی بیر و ئەدەب و فەلسەفە و فیکری ڕۆژئاوایی بووە، چونکە لە زانکۆی لاهوری پونجابدا خوێندویەتی. ماستەر و دکتۆرای هەبووە لە فەلسەفە و لە کۆلێژی ڕۆژهەڵاتیی لاهوردا مامۆستای مێژوو و فەلسەفەی ڕامیاری بووە. لە هەمبەر پەیڤنوسیدا دڵێکی بەجۆش و خرۆش و گەرمی هەبووە، بۆیە لەبری پەخشان، زۆربەی جار شیعر و هۆنینەوەی کردۆتە شێوازی دەبڕینی بیر و بیرهاتەکانی. ئەو نۆ دیوانی شیعری هەبووە، دوانزە هەزار دێڕی هۆنیوەتەوە بە زمانی فارسی و ئۆردی، لە وتەیەکدا دەڵێت:

When truth has no burning, then it is philosophy. When it gets burning, .from the heart, it becomes poetry

واتە: «ئەگەر هەقیقەت نەسوتێت ئەوا فەلسەفەیە، خۆ ئەگەر هەقیقەت سوتا و گڕیگرت ئەوسا دەبێتە شیعر».

محەمەد ئیقبال دوو پەرتوکی دیار و بەرچاوی نوسیوە، یەکێکیان بەنێوی (بنیاتنانەوەی هزری ئیسلامی)یە، ئەویتریشیان بەنێوی (گەشەکردنی میتافیزیک لە خاکی فارسدا). ئەو دڵگەرمییەکی زۆری هەبووە بۆ ڕەوشتپەروەریی و ئەخلاق، لەنێو دێڕە شیعرەکانیدا هەمیشە جەختیکردۆتەوە لەسەر دنیا بەکەمگیریی و جوامێریی و مەعنەویات. تەنانەت لە دێڕە شیعرێکدا کە شینقیتی لە پەرتوکەکەیدا تۆماریکردووە، ئیقبال ژین لەژێر ڕەشماڵێکی داگرتوو لەنێو بیاباندا کە لەژێر ڕەزامەندی خوادابێت بە ئەفزەڵتر دەزانێت لە ژیانی پڕ لە زەخرەفە و کەش و فشۆڵی باڵەخانە شوشەییەکان کە لە دڵتەڕیی ماریفەت و ڕۆحانییەت دوورە. شینقیتی وای بۆ دەچێت کە دەگونجێت تێکڕای هزر و دید و فەلسەفەی ئیقبالی لاهوری لە (سەربەرزیی لە ملکەچبوون بۆ خوا)دا کورت بکەینەوە. چونکە فەرمانبەرداربوون بۆ خوای کارزان لە دوو دەروازەوە سەری دەردەچێت، یەکێکیان نەفیکردنی خود، ئەویتریشیان ئیسپاتکردنی خودە. دەشێت ئەم دوو هاوکێشەیەش بەوە لێک گرێ بدەین کە مرۆی دڵ پڕ لە ئیمان بە ڕازاندنەوەی ناخی خۆی و بە ئاکارە جوانەکانی و خۆدوورگرتن لە خڵتەوخاڵی ئەتواری نابەجێ دەبێتە مرۆڤێکی کامڵ.

نوسەری کتێبەکەش لەمبارەیەوە زێتر شیکردنەوە دەکات، بەوەی کە ئیقبال شەیدای دڵئارامی و دڵویستی و دڵکرانەوە بووە، نەک ئەقڵپەرستیی و هۆگربوون بە لۆژیکی وشک و ڕەق. ماڵی عیرفان لەلای ئیقبال ئاوەدانترە لە فەلسەفە. ئەو هەمیشە باڵەخانەی دڵی بە نهۆمی بەرزتر بینا کردووە بەسەر باڵەخانەی ژیریی و هۆشمەندیی، لەگەڵ ئەوەشدا کە ژیریی کاکڵەی مرۆڤبوونە، بەڵام هەمیشە دەنگی بەرز بۆ (دڵ) دەگەڕێتەوە، دڵ لەلای ئەو کانگای ویژدان و بڕیاردانە. ئیقبال پێیوایە کە ئەگەر دڵی مرۆڤ تەڕ و پاراو و گەرم نەبێ بە ڕۆشنایی ئیمان، زانین و مەعریفەت مرۆڤێکی سارد و هیچ لەباردانەبوو دێننەکایەوە. ئیقبال لە دێڕە شێعرێکدا سەرداریی دڵ بەسەر عەقڵدا بەمجۆرە گوزارشت دەکات:

«ئیقبال لە ڕێگەی هزردا هەوراز و نشێوی زۆری بڕیوە، بەڵام هەرکە ڕێگەی ئەوین و خۆشەویستی هات، دڵ مەیلانی کرد و لایەنگیری کرد». هەربۆیەش لە پەیڤێکی دیکەدا ئیقبال دەڵێت: «ئەوەی کە مسوڵمانی ئیمڕۆ حەوجێی پێیەتی بریتییە لە (دەرمانی بەسیرەت دووربینین) بۆ (دەردی بینین)»، بەوپێیەی کە بینینی فیزیکیی و هەستەوەریی ئێمە دەربەس بە هیچ سودێک نایەن ئەگەر دڵ و هزر ڕۆشن نەبێت بە تروسکایی باوەڕ و مەعنەوییات.

لە شوێنێکی دیکەی کتێبەکەدا، نوسەر وتەیەکی دیکەی ئیقبال دەهێنێتەوە کە تێیدا ئیقبال گلەیی ئاڕاستەی ئەو کەسانە دەکات کە تەنیا بە مشتومڕکردن لەسەر بابەتی کەلامیی و خۆخەریککردن بە فەلسەفەی وشک، ژینیان بەسەر دەبەن. لەلای ئەو پێویستە فەلسەفە گڕبگرێت تا بەهۆی وزەکەیەوە مرۆڤ بخاتە جوڵان و گەشەکردن، نەک پاڵدانەوە و کات کوشتن بە مشتومڕکاریی. بۆ ئەو مەبەستەش ڕاسپاردەمان دەکات کە سوود لە قورئان وەربگرین، دەڵێت:

«ئەگەر دەروونێک قورئان سوودی پێ نەگەیەنێت، نە (کەشف)ی سۆفیگەریی و نە (کەششاف)ی عیلمی کەلام سودی پێنابەخشن».

**- مالیك بن نەبی:**



یەكێكی تر لە ئاقڵمەند و گەورە بیركەرەوە موسوڵمانەكانی سەدەی بیست و یەک، كە لە پەرتوكەكەدا لەبارەیەوە نوسراوە، بریتییە لە فەیلەسوفی دیدەرۆشنی جەزائیری (مالیك بن نەبی). ئەو لە سەرەتای پێگەیشتنیدا هۆگری دنیای تەسەوف بووە، لە (خانەقای عیسەوییە) دا پەروەردەی رۆحی بووە، پاشان وردە وردە پێدەنێتە نێو خەم و خولیاكانی چاكسازیی هزریی و ژیاریی كۆمەڵگەی موسوڵمانانەوە. كە منداڵ بووە، لەلایەن دایكییەوە گرنگییەكی زۆری پێدراوە كە قورئانی پیرۆز فێرببێت و بە رێنماییەكانی رابهێنرێت و گۆش بكرێت. كە گەورەش بوو بەو دیدە ئیسلامپەروەرییەیەوە دەچێتە دانیشگای فەرەنسی لە جەزائیر و لەوێ پەروەردەی مەدەنیی فێردەبێت. لە فەرەنسا خوێندن تەواو دەكات و دەبێتە ئەندازیار، پاشان دەگەڕێتەوە میسر و لەوێ كەشتیی نوسینی بە كەنار دەگەیەنێت.

ئەوەی كە پێویستە تیشكی لەسەر دابنرێت، ئەوەیە كە مالیك بن نەبی یەكێكە لەو قەڵەمە گەوهەردار و دەگمەنانەی كە لە بارەی سروشتی شارستانییەت و ژیار و پێشكەوتن و گۆڕانی كۆمەڵایەتییەوە نوسینی چنییوە. ئەو كە خاوەنی سی پەرتوكە، هەوڵیدا خوێندنەوەیەكی قورئانیی بۆ دیاردەی پێشكەوتنی كۆمەڵگە بكات، بەتایبەت دنیای موسوڵمانان كە تەنراوە بە قەیرانی هزریی و رامیاریی و كۆمەڵایەتیی و كولتوریی و فەرهەنگی و ئابووریی و...هتد. یەكێک لە پەرتوكە ناودارەكانی مالیك بن نەبی بریتییە لە پەرتوكی (دیاردەی قورئانیی)، كە لەوێوە هەوڵیداوە رەسەنایەتی و شارستانیبوونی پەیامی قورئانی بتوێژێنێتەوە. ئەو بڕوای بە نوێگەریی و كرانەوەی ئیسلامی هەبووە، ئەو دوو رەگەزەشی بە بناغەی رابوون و هەڵسانەوە داناوە.

نوسین و تێز و تیۆرەكانی مالیك بن نەبی هێندە كاریگەرن لەنێو ئەقڵی خوێنەراندا، بەجۆرێک كە زۆرێكمان گوێبیستی هەندێک چەمک بووین كە لە بنەچەوە بۆ ئەو دەگەڕێنەوە، بۆ وێنە: پەیوەندی نێوان «داگیركاری» و «ئەگەر و شیاوێتی داگیركران»، هەروەها پەیوەندی نێوان «بیرە مردووەكان» و «بیرە مرێنەرەكان»، هەروەها قۆناغەكانی گەشەكردنی شارستانێتی لە «گەشەی رۆح» بۆ «گەشەی ژیریی» و «پەرەسەندنی غەریزە و ئارەزووەكان» كە ئەو ناویدەنێت قۆناغی شكانەوە و رووخان.

مالیك بن نەبی سەیری ژینی موسوڵمانان دەكات و لە كێشە و ئاریشەكانیان رادەمێنێت، دەگاتە كاكڵەی ئەو مەبەستەی كە قەیرانی موسوڵمانان لە (ڕێڕەو و ڕێباز) ی بیركردنەوەیانەوە چڕدەبێتەوە. ئەو پێیوایە كە شۆڕش دەبێت لە میتۆدی بیركردنەوەوە سەرهەڵبدات، ئەو پێیوایە كە تاكی موسوڵمان پێویستە بخرێتەوە سەر رەورەوەی چالاكبوون و وەجوڵە كەوتن، چونكە كاركردن و بزاوتن و رابوون لە موسوڵمانان دابڕێنراوە، هەر خەریک بە دەمەقرە و رەخنەكاریی و یەكدی تۆمەتباركردنن، قسەیان لە كرداریان زیاترە و لە حاڵی متبووندان. بۆیە مالیك بن نەبی دەڵێت: «كێشەی موسوڵمانی ئەمرۆ ئەوە

نییە کە بیروباوەڕ و عەقیدەی ڕاست و تەواوە یان نا، مسوڵمان هەمیشە خاوەن ئیمان و عەقیدەدارە، بەڵکو کێشەکەی ئەوەیە کە ئەو ئیمان و بیروڕایە نەبۆتە هۆی بزواندن و چالاککردنی. ئەو ئیمانە هێندە پریشکایی و ڕۆشناییەکەی لەنێو دڵیدا پەرش نەبووە کە گەرموگوڕیی کۆمەڵایەتی و ژیانیی پێببەخشێت». بۆیە بەیەک وشە دەڵێت: «ئێمە حەوجێمان هێندە بەوە نییە کە مسوڵمان ئاشنا بکەین بە بوونی خوا، هێندەی ئەوەی کە حەوجێمان بەوەیە کە وای لێبکەین هەست بە بوونی خوا بکات».

دنیابینی مالیک بن نەبی لەوەدا خەست و خۆڵ دەبێتەوە کە ئەو گرنگیداوە بە بنیاتنانی قوتابخانەیەکی هزریی کە دەوڵەمەند بێت بە جوڵاندنی کۆمەڵگە بەرەو ئاراستەی ئەرێنی و، زیندووکردنەوەی گیانی لێپرسراوێتی و نەشونماکردن و جوڵان. بە واتایەکی تر مەڵبەند و چەقی چاکسازییەکەی مالیک بن نەبی (ژیار) بووە بۆیە گەشەپێدانی ژینی کرداریی کۆمەڵگە (لە ڕامیاریی و کۆمەڵایەتیی و ئابووری) لەلای ئەو خاڵی هەرە جەوهەریی بووە. ئەو تەنها گرنگی نادات بە چاککردنی هزر بەشێوەیەکی ڕووت و وشک، مەدرەسەی مالیک بن نەبی مەدرەسەیەکی کەلامی و فەلسەفیی وشک نییە، بەڵکو ئەو دەیەوێ جوڵان و چالاکیی ببەخشێت بە تاک، کە هەم خاوەن پەیامێکی ڕوون و ڕەوان و ڕاست بێ لەهەمانکاتیشدا بە کردار چاکسازی کۆمەڵگە بێ. ئەوەتا ئەو ڕەخنە لە محەمەد عەبدە دەگرێت بەوەی کە هەرچەندە ڕەنج و زەحمەتییەکی گەورەی داوە لە پێداچوونەوەی کەلتووریی و کەلەپووریی و هزر و میتۆدەکانی بیرکردنەوە لەلای مسوڵمانان، بەڵام محەمەد عەبدە تەنیا «پسپۆڕ»ی بلیمەتی دروستکردووە کە قسە و هزری دەوڵەمەندە، بەڵام هەژارە لە ئیشکردن. مەدرەسەی محەمەد عەبدە «چالاک»ی دڵسۆز و دەستبەئیشی وەک پێویست نەخستۆتە کایەوە، چونکە میتۆدی چاکسازی مەدرەسەی عەبدە پشت بە هۆشمەندیی ئەقڵ دەبەستێت نەک سۆز و کڵپەی دڵ.

بۆیە لەلای مالیک بن نەبی و تەنانەت ئیقبالی لاهوریش، گفتوگۆ و مشتومڕ و هزرینی ڕووت و وشکی بەبێ کار، نابێتە هۆی وەجوڵەخستنی ڕەوڕەوەی کۆمەڵگە ئەگەر چاکسازی کردەیی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتیی و ئاینپەروەریی تێدا نەیەتەدی. لەم سۆنگەیەشەوە، مالیک بن نەبی وای بۆ دەچێت کە هەتاوەکو مسوڵمانان لە دەمەقرێ کردن لەسەر غەیبیات و بابەتی کەلامی سوور بن هەنگاو بە هەنگاو لە گەشەکردنی ڕاستەقینەی ژیاری دەچنە پاشەوە، چونکە سەردەمی ئێستا سەردەمی بیناکردنی ژیارە لەسەر بنەمای (کار).

**- ئیسماعیل فاروقی:**



ئەگەر ئیقبال بە دڵگەرمییەکەی بۆ فەلسەفەی مەعنەویات و ڕازخوازیی و دڵکاریی ناسرابێت، و ئەگەر مالیک بن نەبی بە خەمخۆری بۆ ژیاندنەوەی شارستانییەت ناسرابێت، ئەوا ئیسماعیل فاروقی بە ئاوێزانکردنی دەقە پیرۆزەکانی ئیسلام و مەعریفەت جیادەکرێتەوە. ئیسماعیل فاروقی لە فەلەستین لە ساڵی ١٩٢١ لەدایکبووە، لە زانکۆی دۆمینیکانی فەرەنسی لە وڵاتی لوبناندا بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە

بەشی فەلسەفە وەردەگرێت. پاشان بوخچەی گەشتی هەڵدەگرێت و کۆچ دەکات بۆ وڵاتی ئەمەریکا، لەوێ ماستەر لە زانکۆی ئینديانا لە فەلسەفەی ئایینەکان وەردەگرێت، دواتریش هەر لە هەمان زانکۆدا بڕوانامەی دکتۆرا وەردەگرێتظ، نامەی دکتۆراکەی لەبارەی (بیردۆزی چاکەخوازی: لایەنە میتافیزیکی و ئەپستمۆلۆجییەکانی بەهاکان) دەبێت.

فاروقی کاتێک سەرنجەدەدات خڕکردنەوەی ماریفەت و زانیاری چڕوپڕ لەبارەی هەردوو ئاینی مەسیحیەت و یەهودی پرسیاری زۆری لەلا دروست دەکات لەبارەی ئاینی ئیسلامەوە، بەراوردێک لە نێوانیان دەکات، بۆیە تێنوێتی زۆری بۆ پەیدا دەبێت کە موتالآیەکی خەست و قوڵی ئیسلام بکات و لەو مەیدانەدا ئەسپی خۆی تاو بدات. بۆ ئەم مەبەستە ڕوودەکاتە وڵاتی میسر و لەوێ چوار ساڵان لە زانکۆی ئەزهەر دەخوێنێت و بە ڕیشاڵەکانی فێرکردنە ئیسلامییەکاندا شۆڕدەبێتەوە. ئەو هەمیشە پرسیار و وروژاندن و حەزی پەیدۆزیی بەسەریدا زاڵبووە، بۆیە هەوڵیداوە لە کایەی جۆربەجۆردا هەم بخوێنێتەوە، هەم بخوێنێت، و هەمیش بنوسێت. ئەوەی کە لە ژیننامە و پەڕاوگەی سەرگوزەشتەی ئەو بیرمەندەدا تیشکبەخش و سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە فاروقی وەک «قونسوڵێکی هزریی ستەملێکراو» ناسراوە، چونکە لە ڕۆژئاوادا دەستدرێژی دەکرێتەسەر و تیرۆر دەکرێت. وەک نوسەری پەرتوکەکە باسی لێوەدەکات، لەشەوی ٢٧ی ئایاری ١٩٨٦ خۆی و خێزانەکەی دکتۆرە لەمیا فاروقی (کە پسپۆڕی هونەرو بیناسازی ئیسلامی بووە) بەهۆی پاڵپشتیکردنیان لە دۆزی فەڵەستین تیرۆر دەکرێن.

شینقیتی ئەم بیرمەندە بە زانایەکی مسوڵمانی زانیارستان وەسفدەکات، کە لە مێژوو و فەلسەفە و ئایینەکاندا هزری دەوڵەمەند و، پەڕاوی پڕ پیت و، قەڵەمی تیژ و پڕشت بووە. تەنانەت د.جەمال بەرزنجی لە یادداشتێکدا دەڵێت:» لەساڵی ١٩٧٢دا ئێوارەیەک ئەو و کۆمەڵێک بیرمەند و زانا لەکاتی نانخواردندا گفتوگۆیان کرد، لەبارەی هەموو ئایینەکان دووان و قسەوباسی زۆری جیاجیایان هێنایە گۆڕێ و کاتی دووردرێژ لێی دووان، پاشان قیسیسێک کە لەوێ بوو دەستی ئیسماعیل فاروقی دەگرێت و دەڵێت بەڕاستی ئەوەی ئەمشەو لەسەر مەسیحییەت لەم کابرایە فێری بووم بەدرێژایی سی ساڵی خوێندنم نەمزانیبوو». ئەو خاوەنی بیست و پێنج پەرتووک بووە، بۆ وێنە پەرتوکی «ئەتڵەسی شارستانێتی ئیسلامی» کە بە هەماهەنگی خۆیی و خێزانەکەی هاتۆتەکایەوە و یەکێکە لە بەرچاوترینیان. ئینجا لەمبارەیەوە نوسەر دەڵێت: ئەم پەرتوکە بە هەتیوی لەدایکبوو، چونکە وەک (هیشام تاڵیب) لەوبارەیەوە دەدوێت: «ئەوکاتەی کە ئەوان شەهیدکران پەرتوکەکە لەژێر چاپدا بووە«.

خاڵێکی زۆر زەقی ژینی ئەو کەڵە نوسەرە بریتییە لە زەقکردنەوە و گەشەپێدانی چەمکی (أسلمه المعرفه) کە دەشێت یەکێک ئەم چەمکە بە«بەئیسلامکردنی ماریفەت» یان بە « ئیسلامیبوونی زانیاری» بۆ کوردی وەربیگێڕێت. ئەم هەوڵەی فاروقی بریتیبووە لە پێکەوە لکاندنەوە و پێکەوە گرێدانی دەقە ئاینییە پیرۆزەکان و تێگەیشتنە مەعریفییەکانی سەدەی بیستەم، بەتایبەت لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا. ئەو هەوڵیداوە ئەو کەلێن و بۆشایی و لێکدووڕخستنەوەیەی کە لە نێوان دەقە قورئانی و فەرمودەییەکان و تیۆرە زانستییەکانی سەردەمدا هاتۆتە ئاراوە کەمبکاتەوە بەجۆرێک لە دروستکردنی پردی هاوئاهەنگی و هاوڕایی و هاوڕاڤەیی و هاوپەیامیی.

ئەوپێیوابووە کە ناکرێت ڕەوڕەوەی شارستانییەتی مسوڵمانان بکەوێتەوە جوڵە ئەگەر لە پەروەردە و فێرکردن و دانیشگادا مسوڵمانان لە چەقبەستندا بن، ناگونجێ فێربوون لە زانکۆ و دانیشگاکانی مسوڵمانان دووربێت لە تیۆرە خۆرئاواییەکان و مسوڵمانان دەستکورتبن لە موتالآکردن و توێژینەوەی ئەو

تیۆرانە. بگرە ئەو وردتر لەوبارەیەوە دواوە بەوەی کە ناکرێت میتۆدی خۆبەدوورگرتن و ڕەتکردنەوەی تیۆر و تێزە ڕۆژئاواییەکان لە بوارە زانستییە جۆربەجۆرەکاندا پیادە بکرێت وەک جۆرە ترسێک لە خوێندنی مەدەنیی ڕۆژئاوایی. بڕێکی زۆری ئەو بیرکردنەوە مەعریفییانە بۆ وەئیشخستنی دینەمۆ و ماکینەی شارستانێتی ئێمە گرنگ و سوودبەخشن، ئەوەی کە پێویستە بەهەند وەربگیرێت بریتییە لە دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش و پێکەوەیی لە نێوان دەقە پیرۆزەکانی ئێمە و بیرکردنەوە مەعریفییەکانی زانستی سەردەم.

هەرچەندە ئەم تێز و بیرکردنەوەی فاروقی گفتوگۆ و ڕەخنە و مشتومڕ و خوێندنەوەی چڕوپڕی بەدوای خۆیدا هێنا، کە دەشێت ڕەخنەی زۆری ئەپستمۆلۆژیی و هزری لێبگیردرێت و ئێرە شوێنی ئەو باسەش نییە، بەڵام خودی (أسلمە المعرفە) دەستپێکێکی هەستیار بووە بۆ دووبارە مامەڵە کردنەوەی مسوڵمانان لەگەڵ تیۆر و پێدراوە مەعریفییە جیاوازە ڕۆژئاواییەکان لەسەر تەرز و فەلسەفە و ستراتیژییەتێکی تازە، کە زێتر سوودوەرگرتنە نەک بەرلێگرتن و ڕەتکردنەوەی، وە زێتر لەبێژینگدان و پاک و نادروست لێکهەڵاواردنە نەک ڕەتکردنەوە و قبوڵکردنی گشتگیر. ئەو لەو بابەتەدا پێی وابووە کە پێویستە مسوڵمانان دووشت بکەن: یەکەم لە دانیشگا و زانکۆکانیاندا وانەی تایبەت لەسەر شارستانییەت و ژیاری ئیسلامی بەوەچەی تازە بڵێنەوە، تاوەکو ئەو وەچەیە دانەبڕێت لە مێژووە پڕ لە کەلەپوورییەکەی ڕابردوویی و هەستیش بەخۆبەکەمگرتن و بێهیوایی نەکات، چونکە نەبوونی ناسنامە و پێشینەی ژیاریی مرۆڤ دەخاتە ڕەشبینییەوە.

دووەم شت، پێویستە هەڵوێستێکی میانەگیریی و ئاقڵمەندانە بگیرێتەبەر لەمەڕ تیۆرە مەعریفی و زانستییە ڕۆژئاواییەکاندا، بەوەی کە پێویستە پسپۆڕانی مسوڵمان لێی شارەزا بن و تواناکانی خۆیانی تێدا بخەنەگەڕ و بەمەبەستی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگاکانیشیان لێی بەهرەمەند بن و ئاستی ڕۆشنبیر و هۆشداریی تاکەکانی پێ بەرز بکەنەوە. بگرە زیاد و کەمی لێ بکەن و ڕەخنە و خوێندنەوەی تازە و داهێنکاریشی تێدا بکەن. بۆیە وەک شینقیتی نوسەر لێی دواوە، فاروقی هەڵسا بە دامەزراندنی پەیمانگەی جیهانی هزری ئیسلامی لە وڵاتی ئەمەریکا لەگەڵ (د. عەبدولحەمید ئەبو سلێمان) بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستە.


## - پوختەی مەبەست:

لە وڵاتانی مسوڵماننشیندا، سەرەڕای هەبوونی گوررزێک کێشە و ململانێ و کورتهێنی و قەیران و چەرمەسەریی، بەڵام کۆمەڵێک ئەقڵی گەورە و گرنگ و بەهادار دەرکەوتوون، کە لە ئەنجامی هەبوونی ئەو هەمووە کێشەوە هۆش و هزریان دەکار و جوڵە و ڕاماندا بووە بۆ دۆزینەوەی چارە و دەرچە، بۆیە تێز و تیۆرو تێڕوانینی بەهێز و ناوازەیان خستۆتە بەردەست. ئەم کتێبەش ئاوڕدانەوەیەکە لەو ئەقڵە گەورانە، کە ئەکرێت بە گەورە کۆگای بیرسازی Giant Think Store بیانناسێنین و تیشکیان بخەینە سەر. نوسینی ئەم پەرتوکە لەڕاستیدا هەنگاوێکی سەرەتایی و بچووکە بۆ ئاشناکردنی تاکی مسوڵمان، بەو نوسەرانە و پەیوەستکردنیان بە موتاڵاکردن و لێکۆڵینەوە لێیان. ئەمەش بەتایبەت کە وا هەست دەکرێت بە زمانێکی سادە نوسراوە بۆ گەنجان بۆئەوەی بە سێناترین شێوە و شکڵ لێی حاڵیی بن.

## سەرچاوە:

- شینقیتي، محمد بن موختار: خیرة العقول المسلمة، الشبكة العربیة الأبحاث والنشر، بیروت، ٢٠١٦.

(شایەنی باسە، ئەم پەرتوکە (نزار لەتیف ئەحمەد) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و دەزگای (خاڵ)یش بەچاپی گەیاندووە)



# ئەهلی سوننە و جەماعەت




**ئیمداد تەها**

لەدایکبووی ١٩٩٠

بەکالۆریۆس لە زانستە ئیسلامییەکان.

چەندین وتاری بڵاوکراوەی هەیە

لەم توێژینەوەیەدا باس لە واتای چەمکی ئەهلی سوننەت و جەماعەت دەکەین، پاشان مێژووی سەرهەڵدانی دەخەینە ڕوو، بۆچوونی زانایانیش باس دەکەین دەربارەی ئەوەی ئاخۆ ئەم چەمکە بەسەر کێدا دەبڕدرێت.

باسکردنی گرووپ و ڕێباز و قوتابخانە ئاینییەکان ئەگەر لە پێشوتردا گرنگی خۆی هەبووبێت، ئەوە لەمڕۆدا گرنگییەکەی زیاتر بووە، چونکە ئاشکرایە ململانێیەکی زۆر لە نێوان ئاینزاکاندا دروستبووە و زۆرێک لە ڕووداوەکانی ئەمڕۆ و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هۆکاری تایفەگەری لە پشتەوەیە و ئاراستەی دەکات.

**سوننەت: لە ڕووی زمانەوانیەوە بەواتای(ڕێگە) دێت، جا چاک بێت یان خراپ(١).**

لە فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ)دا هاتووە بەهەمان مانا و دەفەرموێت:(هەرکەسێک لە ئیسلامدا ڕێگەیەک زیندوو بکاتەوە و، لە پاش خۆی کاری پێ بکرێت، بە وێنەی ئەو کەسانە پاداشتی بۆ دەنوسرێت ئەو ڕێگەیە دەگرن، بێ ئەوەی لە پاداشتی ئەوان کەم بکات، هەرکەسێک ڕێگەیەکی خراپ دابهێنێت خەڵکی لە پاش ئەم بیگرنەبەر ئەوا بە هێندەی ئەوان تاوانی بۆ دەنوسرێت بێ ئەوەی لە تاوانی ئەوان کەم بکات)(٢). لە ڕووی زاراوە سازیشەوە بەچەند واتایەکی جۆراوجۆر هاتووە و، زانایانی هەر بوارە و بەپێی بواری خۆیان ناساندوویانە، بەلای زانایانی ئوسولی فیقهەوە بە واتای(گوفتار و کردار و ڕەمەزاندییەکان) ی پێغەمبەر دێت، بەلای فوقەهاشەوە بەواتای ئەو کارە دێت(ئەنجامدەرەکەی پاداشت وەردەگرێت، ئەوەشی ئەنجامی نەدات سزای لەسەر وەرناگرێت)، زۆرینەی زانایانی فەرموودەش مەبەستیان لە سوننەت ئەوەیە لەبەرامبەر بیدعە دایە(٣).

جەماعەت: لە ڕووی زمانەوانییەوە بەواتای: پێکەوەبوونی کۆمەڵە خەڵکێک دێت، یان کۆمەڵە شتێکی دیکەش جگە لە مرۆڤ پێکەوە بن هەر پێیان دەوترێت جەماعە(٤).

لە ڕووی زاراوە سازییەوە: جەماعە ئەو کۆمەڵە خەڵکەن هاودەنگن لەسەر پێشەوایەکی شەرعی و ناکۆکی لە نێوانیاندا نییە، یان بریتییە لە شوێنکەوتنی ڕاستی ئەگەر بە تەنهاش بێت کەسەکە ئەوا هەر پێی دەوترێت جەماعە(٥). هەروەها جەماعە بە(سواد الأعظم)، شرۆڤە کراوە و، سەوادی ئەعزەمیش بە واتای زۆرینەی خەڵک، یان بەواتای زانایانی شوێنکەوتەی سوننەت و ڕاستی دێت.

**ئەهلی سوننە و جەماعە:** ئەو خەڵکانەن دەستیان بە سوننەتی پێغەمبەر(د.خ)ەوە گرتووە، لەسەری کۆبونەتەوە و جیاوازییان تێدانییە، ئەوانیش هاوەڵان و شوێنکەوتەی هاوەڵان و پێشەوایانن، هەرکەسێکیش ڕێبازی ئەوان بگرێتەبەر لە بیروباوەڕ و وتە و کارەکانیدا و زانایانی سەلەف کاتێک وشەی سوننەتیان بەکارهێناوە مەبەستیان پێی بنەماکانی دین و بابەتە نەگۆڕ و بنەماکانی عەقیدە و باوەڕ بووە و ئەو کتێبانەش دایانناوە باسی لە عەقیدە کردووە و لەژێر ناوی سوننەتدا بووە(٦).

مێژووی ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی بۆ یەکەمجار یەکڕیزی مسوڵمانان شێوێندرا و خەڵکانێک پەیدابوون ئەنجامدەری تاوانی گەورەیان دەکافراند و بە ڕەوایان دەزانی دەربچن لەژێر حوکمی پێشەوای مسوڵمانان و شۆڕشی لە دژ بکەن، پێشەوا عەلی کوڕی ئەبی تالیبیش لەگەڵ ئەم خەواریجانەدا بە جەنگ هات و هاوەڵان کۆدەنگ بوون لەسەری.

پاشان خوێنڕژان کەوتە نێوان عەلی و موعاویەوە و دواتر حەسەنی کوڕی عەلی دەستی لە پێشەوایەتی هەڵگرت و تەنەزولی کرد بۆ موعاویە و مسوڵمانانیش کۆدەنگ بوون لەسەر پێشەوایەتی موعاویە و ئەم ساڵە بە ساڵی جەماعە ناسرا. لە دوای خەواریجەکانیش ڕافیزەکان دروستبوون، ڕافیزەکان بەوە ناسرابوون قسەی ناڕاست بڵاودەکەنەوە، بەپێچەوانەی خەواریجەکانەوە کە زۆرینەیان بە ڕاستگۆ و دیندار دەناسران. بەپێی ئەو گێڕانەوەیەی

ئیمامی موسلیم له محەمەدی کوڕی سیرینەوە دەیگێڕێتەوە، دەتوانین بڵێین محەمەدی کوڕي سیرین یەکەم کەسێکە چەمکی ئەهلی سوننەی بەکارهێناوە و هێناویەتییە گۆڕێ، وتویەتی: لەپێشدا پرسیاریان دەربارەی ئیسناد نەکردووە، بەڵام لە پاش ڕووداني ئاژاوە وتویانە ناوی پیاوانتانمان پێ بڵێن، ئەوجا نواڕیویانە ئەگەر ئەهلی سوننە بووبێت وتەیان لێوەرگرتوە خۆ ئەگەر ئەهلی بیدعەش بووبێت ئەوا وتەیان لێوەرنەگرتووە(٧).

لە پاشان قەدەرییەکان دروستبوون کە باوەڕیان وایە خودای گەورە پێش ئەوەی شتێک ڕووبدات زاستی پێی نیە تاوەکو ڕوودەدات، جەهمی و جەبرییەکان دروستبوون کە باوەڕیان وابوو بەندە ناچارە بەوکارەی دەیکات، لەم سەروبەندەشدا کۆمەڵە زانایەک کتێبێکیان دەرکرد لەژێر ناوی «سوننەت»دا، وەڵامی ئەو بیروبۆچوونانەیان دایەوە، بەم جۆرە چەمکی ئەهلی سوننە و جەماعە دروستبوو و برەوی سەند(٨).

ئەهلی سوننە، بەڵگە لە قورئان و فەرموودە و وتەی پێشەوا و پێشینانەوە دێننەوە بۆ ڕەوایەتی بەکارهێنانی زاراوەی سوننە و جەماعە، لەوانە: خودای گەورە دەفەرموێت: **(يَوْمَ تَبْيَضُّ وُجُوهٌ وَتَسْوَدُّ وُجُوهٌ)** آل عمران: ١٠٦. ئیبن عەباس شرۆڤەی ئەم ئایەتەی کردووە بەوەی ڕووسپیان ئەهلی سوننەتن و ڕووڕەشانیش ئەهلی بیدعەن(٩).

هەروەها وشەی سوننەت لە فەرمودەدا هاتووە پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت:(هەرکەسێک پشت لە سوننەتی من بکات لە من نییە)(١٠)، لە فەرمودەیەکیشدا ئاماژە بۆ وشەی جەماعە دەکات و دەفەرموێت :(هەرکەسێک بستێک لە جەماعە دووربکەوێتەوە و بمرێت، ئەوا بەنەفامی مردووە)(١١).

سەعیدی کوڕی جوبەیر لە شرۆڤەی ئەو ئایەتەدا کە خودای گەورە دەفەرموێت: **(وَعَمِلَ صَالِحًا ثُمَّ اهْتَدَى)** طه:٢٨. فەرموویەتی: واتە پەیوەستی ئەهلی سوننەت و جەماعە بێت(١٢). ئەیوبی سەختیانی فەرموویەتی: کاتێک هەواڵی مەرگی کەسێکی ئەهلی سوننەم پێدەگات، وەک ئەوەیە بە زیندوویی پارچەیەک لە جەستەم لێببێتەوە(١٣).

## ئەهلي سوننە و جەماعە کێن؟

مشتومڕ و ناکۆکیەکی زۆر هەیە لە نێوان گرۆ ئیسلامییەکاندا، دەربارەی دیاریکردنی ئەهلی سوننە و جەماعە و گرۆی ڕزگار بوو، زۆر گرۆیەک بانگەشەی ئەوە دەکات و بەرامبەر و نەیارەکانیان بە ئەهلی سوننە نازانن. لە باسکردنی مێژووەکەیەوە شتێکمان بۆ دەرکەوت، هەروەها زانایان دەفەرموون: ئەهلی سوننە لە بنەڕەتدا بەو خەڵکانە وتراوە کە ڕافیزە نین و باوەڕیان بە خەلافەتی ئەبوبەکر و عومەر هەیە، پرسیار کراوە لە سوفیانی سەوری ئەهلی سوننە کێیە؟ وتویەتی: ئەو کەسەیە باوەڕی بە خەلافەتی ئەبوبەکر و عومەر هەیە(١٤).

### زانایانی ئەهلی حەدیس کە خۆیان بە ئەهلی سوننە دەزانن بۆچوونیان بەم جۆرەیە:

ئبن حەزمی ئەندەلوسی دەفەرموێت: ئەهلی حەق و سوننە ئەو کەسانەن باسیان دەکەین و ئەهلی بیدعە ناگرێتەوە، ئەوانیش هاوەڵانی پێغەمبەر و شوێنکەوتە پاکەکانی هاوەڵان و ئەهلی حەدیس و شوێنکەوتوانیان لە فوقەهاکان و نەوە لەدوای نەوە گوێزراوەتەوە و، هەرکەسێکە دەست بەم ڕێبازەوە بگرێت لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای سەرزەوی(١٥).

ئیمامی سەفارینی دەفەرموێت: ئەهلی سوننە و جەماعە سێ گرووپن: ئەسەرییەکان کە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل پێشەوایانە، ئەشعەرییەکان کە ئەبی حەسەنی ئەشعەری پێشەوایانە، ماتوریدییەکان کە ئەبی مەنسوری ماتوریدی پێشەوایانە(١٦). بەڵام ئەو زانایانەی دیکە لە ئەهلی فەرموودە کە پەراوێز (الحاشية)یان نوسیوە بۆ ئەو کتێبەی سەفارینی،

ڕەخنەیان لێگرتووە لەسەر ئەم دابەشکردنە و، گشتگیرکردنی چەمکی ئەهلی سوننە و جەماعەت بۆ ئەشعەریی و ماتوریدییەکان دەڵێن: ئەهلی سوننە و جەماعە تەنها یەک گرووپە، نەک سێ گروپ و، ئەو گرووپەش تەنها ئەهلی فەرموودە و ئەسەرە، چونکە ئەشعەرییەکان لە بابەتگەلێکی زۆردا لە ڕێبازی پێغەمبەر وهاوەڵاني لایانداوە.

هەروەها ئەشعەرییەکانیش بەهەمان شێوە خۆیان بە ئەهلی سوننە دەزانن، شێخ عەبدولقادری بەغدادی لە پاش باسکردنی حەفتا و دوو گرۆهی لاڕێ بوو، دێتە سەر گرۆی ڕزگاربوو و دەفەرموێت: حەفتا و سێهەمینیان ئەهلی سوننە و جەماعەیە هەڵبەت مەبەستی پێی ئەشعەرییەکانە، چونکە خۆی ئەشعەرییە، بەهەردوو گرووپەکەیەوە(حەدیس و ڕەئیی)، فوقەها و زانایان و فەرموودەناسانی ئەم دوو گرووپە هاودەنگن لەسەر یەک تێکست لەبارەی یەکخواپەرستی و سیفاتەکانی خودا و دادپەروەریی و حیکمەتەکانی و هەموو بنەماکانی ئایین، بەڵام ڕاجیایی هەیە لە نێوانیان لەسەر حەرام و حەڵاڵ لە فروعدا و یەکتر بە گومرا و فاسق نابینن(١٧). پاشان هەریەکە لە زاناکاني وەک غەزالی، ڕازی، جوەینی.. هەمان وتەیان هەیە و لە پاش باسکردنی بنەماکانی بیروباوەڕی ئەشعەرییەت و دەڵێن: ئەمە بیروباوەڕی ئەهلی سوونە و جەماعەیە(١٨).

هەرچەندە هەموو گرۆ ئیسلامییەکان خەسڵەتی بێ بەشکرد ن و دەرکردنی نەیارەکانیان هەیە لە ژێر چەمکی ئەهلی سوننە و جەماعە و، بروو بە چەمکی بیدعە و شیرک دەدەن و نەیارەکانیان بە بیدعەچی دەناسێنن و دەڵێن بیروباوەڕیان لە هی موشریکەکان دەچێت و لە چەند ڕوویەکەوە هاوبەش بۆ خودا بڕیار دەدەن، بەڵام دیارترینیان ئەهلی حەدیسە کە خۆی بەتەنها بە ئەهلی سوننە بزانێت و، ئەشعەریی و ماتوریدییەکان بە ئەهلی سوننە نازانن.

پوختەی بۆچون و تێڕوانینی زانایانی ئەهلی حەدیس دەربارەی ئەشعەرییەکان بەمشێوەیە: بۆچوونی یەکەم: هەندێک لە زانایانی ئەهلی حەدیس، ئەشعەرییەکان بە ئەهلی سوننە نازانن و بە گرۆیەکی داهێنراو و ئەهلی کەلامیان دەناسێنن. یەکێک لەوانە پێشەوا ئەبو نەسری سەجزییە، کە بۆ هەژمار نەکردنی ئەشعەرییەکان بە ئەهلی سوننە پاساو بەوە دەهێنێتەوە، هەرگا کەسێک خۆیدایە پاڵ سوننەت، پێویستە وتەی بە بەڵگە و ڕێنواری شەرعیدا بپێورێت خۆ ئەگەر بەپێی بەڵگەکان وتەی تەواو بوو، دەرکەوێت ڕاستەکان، ئەگەر نا، سەراپای قسەکانیان – هی ئەشعەرییەکان سەنەدێکی تێدا نەبێت بۆ پێغەمبەر(د.خ)و هەموودەم وتەی ئەشعەری، جوبائی، بن کیلاب، قەلانسی بکەنە بەڵگە و ئیستیدلالی پێ بکەن، ئەوە نابنە ئەهلی سوننە. ئەو کەسانەش کەوا لە وتووێژکردندا فەرموودەی ڕاست و دروست دەکەنە بەڵگە، لە هەموو کەس شیاوترن بدرێنە پاڵ فەرموودە و پێی بناسرێن، بەڵام ئەوکەسەی کار بە فەرموودەی ئاحاد ناکات و، ئەو نەقڵەی لەگەڵ عەقڵی نەیەتەوە و بەڕاستی نەزانێت تەئویلی بکات، کە ئەمە دوو خەسڵەتی دیاری ئەشعەرییەکانە، شیاوی ئەوەیە بە بیدعەچی و بیروباوەڕەکەی بە داهێنراو لێی بڕوانرێت(١٩).

بۆچونی دووەم: دابەشکردنەکەی سەفارینییە بۆ سێ بەش و ناساندنی ئەشعەری و ماتوریدییەکان بە ئەهلی سوننە.

بۆچونی سێیەم: هەندێک لە زانایان دەفەرموون: ئەشعەرییەکان ئەهلی سوننەن لەو بابەتانەی وتەیان لەگەڵ ئەهلی سوننە یەکدەگرێتەوە و ئەهلی بیدعەشن لەو بابەتانەی وتەیان لەگەڵ ئەهلی بیدعە یەکدەگرێتەوە.

ئیبن باز و ساڵح فەوزان بۆچوونیان وایە: باشترە لەکاتی باسکردنی هەربابەتێکدا کە ناوی ئەشعەرییەکان بهێنرێت و لە ڕیزبەندی ئەهلی سوننەدا هەژمار بکرێن، وشیاریی بدرێت و

بوترێت لەم بابەتەدا ئەهلی سوونە نین، بەڵام لە بابەتەکانی دیکەدا ئەهلی سووننەن، بۆ وێنە: لە باسکردنی عەقیدەی ئەسمائوسیفاتدا پێویستە بوترێت ئەشعەرییەکان ئەهلی سوننە نین لە ئەسمائوسیفاتدا تاوەکو خەڵک نەکەوێتە نێو تەئویلەکەیانەوە و بەوتەی ئەهلی سوننەی تێبگات، بەڵام لە بەشەکانی دیکەی ئیمان و عەقیدەدا ئەهلی سووننەن(٢٠). هەروەها ئیبن تەیمییە ئەشعەرییەکان بە ئەهلی سوننە نازانێت و دەفەرموێت: نزیکترین گرووپن لە سوننەت و حەدیسەوە(٢١).

بەم پێیە دەتوانین بڵێین چەمکی ئەهلی سوننە لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە داهێنراوە و بەکارهێنراوە تاوەکو خۆیانی پێ جیا بکەنەوە لە شیعەکان، بەم پێیەش هەموو گرووپەکانی ناو ئەهلی سوننە بە ئەهلی حەدیس و ئەشعەریی و هەموو گرووپەکانی دیکەش، پێیان دەوترێت ئەهلی سوننە لە بەرامبەر شیعەکان.

بەڵام لە پاش تێپەڕینی زەمان و دوورکەوتنەوە لە سەردەمی دروستبوونی زاراوەکە و تایبەتمەند کردنی زاراوەکە، لە ڕوانگەی سەلەفییەکانەوە ئەشعەرییەکان بە ئەهلی سووننەن هەژمار ناکرێن و بە یەکێک لە ڕێبازە داهێنراوەکان و ئەهلی بیدعەیان دەزانن، چونکە کۆمەڵێک لە زانایانی ئەشعەری تێکەڵی زانستی کەلام ببوون و، ئەهلی کەلامیش بە ئەهلی سوننە نازانرێت. بەهەمان شێوە ئەشعەرییەکان سەلەفییەکان بە ئەهلی سوننە نازانن بەهۆی ئەوەی سیفاتەکان بۆ خودا جێگیر دەکەن و بە موشەبیهە ناوزەندیان دەکەن.

ئەم دابەشکارییە بۆ ئەهلی سوننە دابەشکارییەکی کەلەپوورییە و لەمڕۆدا مشومڕەکە کەوتووەتە نێوان سەلەفی و ئیخوانەوە و دەربارەی هەژمارکردنی ئیخوان بە ئەهلی سوننە، زانایانی سەلەفی کۆمەڵێک فەتوایان هەیە و لە هەندێک فەتوایاندا ئیخوان موسلیمین و گرووپ و حیزبە ئیسلامییەکانی دیکە بە ئەهلی سوننە هەژمار دەکەن و لە هەندێک فەتوای دیکەشدا بە پێچەوانەوە و بە گرۆی لاڕێبوو تیاچوویان ناودەبەن بەپاساوی ئەوەی کاری حیزبایەتی لە ئیسلامدا داهێنراوە(البدعة) و هۆکاری دروستبونی پەرتەوازەیی مسوڵمانانە.

## ڕێبازە فیقهییەکانی ناو ئەهلی سوننە و جەماعە:

هەرچەندە لە بنەماکانی دیندا ئەهلی سوننە دەبنە سێ گرۆهەوە ئەوانیش:(سەلەفی و ئەشعەری و ماتوریدی)ن، بەڵام لە ڕووی فیقهەوە دەبنە چوار ڕێباز و، هەریەکە لە ئەبی حەنیفە و مالیک و شافعی و ئەحمەد بەدانانی کۆمەڵە بنچینە و یاسایەکی فیقهی ڕێبازێک دروست دەکەن. مێژووی دروستبوونی ڕێبازە فیقهییەکان بۆئەوەی دەگەڕێتەوە لە پاش وەفاتی پێغەمبەر، هاوەڵانی بە شار و وڵاتاندا بڵاوبوونەوە بۆ گەیاندنی ئیسلام و هەریەکەیان لە شوێنێکدا فەتوای دەدا و خوێندکارانی بەردەستی خۆی لەسەر ئیسلامەتی پەروەردە دەکرد، لە پاش ئەمانیش لە زەمەنی عەباسییەکاندا کۆمەڵە زانایاک هەڵکەوتن و لەگەڵ زۆربوونی گرووپە لاڕێیەکان و زۆربوونی خیلافە فیقهیەکاندا، هەستان بەدانانی کۆمەڵە یاسا و ئسولێک و فەرمووده نوسرایەوە و گرنگی بە ڕیوایەت درا، لەنێو زانایانی ئەهلی سوننەشدا چوار مەزهەبی فیقهی دروست بوو، بەپێی ئەم ڕیزبەندییەی خوارەوە:

١- ئیمام ئەبو حەنیفەی نوعمان(٨٠-١٥٠ك).
٢- ئیمام مالیک (٩٣- ١٧٩ك). ٣- ئیمام شافعی(١٥٠- ٢٠٤ك). ٤ - ئیمام ئەحمەد(١٦٤-٢٤١).

هەرچەندە ئەم چوار ڕێبازە فیقهیە بە ئەهلی سوننە دەناسرێن و ئێستا لەنێو جیهانی ئیسلامیدا کتێبەکانیان بڵاوە، بەڵام لە پێش ئەمان و پاش ئەمانیش کۆمەڵە مەزهەبێکی دیکەی فیقهی هەبوون، بەڵام لەبەر هۆکارگەلێکی تایبەت بڵاونەبونەتەوە و

بره‌ویان پێ نه‌دراوه‌ وه‌ک ئه‌مان، وه‌ک مه‌زهه‌بی سوفیانی سه‌وری له‌ کوفه‌ و حه‌سه‌نی به‌سری له‌ به‌سره‌، ئه‌وزاعی له‌ شام و ته‌به‌ری له‌ به‌غداد، ئیبن حه‌زم له‌ ئه‌نده‌لوس(٢٢).

### بیروباوه‌ڕی ئه‌م چوار پێشه‌وایه‌:

بیروباوه‌ڕی ئه‌م چوار سه‌رده‌سته‌یه‌ی چوار مه‌زه‌بی ئه‌هلی سوننه‌ و جه‌ماعه‌ له‌ بنه‌ماكانی دیندا یه‌ک شت بووه‌ و جیاوازییان تێیدا نه‌بووه‌ و هه‌ڵگری بیروباوه‌ڕ و بنه‌ماكانی ئه‌هلی حه‌دیس بوون. له‌ ده‌روازه‌ی بیروباوه‌ڕ و یه‌كخواپه‌رستیدا باوه‌ڕیان به‌ خودای گه‌وره‌ هه‌بووه‌ و هه‌رسێ جۆری یه‌كخواپه‌رستیان په‌سند كردوه‌(الربوبية، الألوهية، الأسماء والصفات)، هه‌رچه‌نده‌ ئه‌م دابه‌شكردنه‌ نه‌بووه‌ له‌لایان، به‌ڵام به‌ زمانی حاڵ باوه‌ڕیان وابووه‌ خودای گه‌وره‌ به‌دیهێنه‌ری جیهانه‌ و په‌رستشیش ته‌نها بۆ ئه‌و ده‌كرێت و هیچ جۆرێک خواپه‌رستی له‌ هاوار بۆ بردن و سوێند پێخواردن و پشت بێبه‌ستن و ... تاكۆتایی له‌ هه‌موو جۆره‌كانی به‌ندایه‌تی ئه‌نجامدانی بۆ جگه‌ له‌ خودا هاوبه‌ش بۆ خودا دانانه‌، و باوه‌ڕیشیان به‌ جێگیركردنی ئه‌سمائوسیفاته‌كان هه‌بووه‌ بۆ خودا و بێ ئه‌وه‌ی ته‌ئویل، ته‌عتیل، ته‌شبیه‌ ته‌فویز، ته‌كییف، بكرێت.

هه‌روه‌ها له‌باره‌ی هاوه‌ڵانه‌وه‌ یه‌ک بیروباوه‌ڕیان هه‌بووه‌ و ڕێزیان لێگرتوون و به‌هیچ جۆرێک له‌باره‌یانه‌وه‌ وته‌ی ڕه‌خنه‌ ئامێز و بێ ڕێزیان نه‌گوتووه‌. هه‌مووشیان هاوڕان له‌سه‌ر خراپی زانستی كه‌لام و خۆیانیان لێ به‌دوور گرتووه‌ و به‌كه‌ڵكیان نه‌زانیوه‌. هه‌رسێ پێشه‌وا مالیک و شافعیی و ئه‌حمه‌د له‌ پێناسه‌ی ئیماندا وتویانه‌ وته‌ و كردار ه‌(قول وعمل) و، زیاد و كه‌م ده‌كات، ته‌نها پێشه‌وا ئه‌بوحه‌نیفه‌ ئیمانیی ته‌نها به‌ وته‌(القول) واتا كردووه‌ و كرده‌وه‌ی به‌ به‌شێک له‌ ئیمان نه‌زانیوه‌ و ئیمان به‌لای ئه‌وه‌وه‌ زیاد و كه‌م ناكات. له‌باره‌ی قه‌ده‌ریشه‌وه‌ باوه‌ڕیان وابووه‌ خودای گه‌وره‌ زانیاری پێشوه‌ختی ده‌رباره‌ی ڕوودانی قه‌ده‌ر هه‌یه‌ و هه‌موو شته‌كان له‌ژێر ویستی خوداوه‌ ده‌بن و مرۆڤه‌كانیش خۆیان سه‌ربه‌ستن له‌ ئه‌نجامدانی كاره‌كانیاندا و خودای گه‌وره‌ ناچاریان ناكات به‌ كردنی(٢٣).

### پوخته‌ی بیروباوه‌ڕی ئه‌هلی سوننه‌ت سه‌باره‌ت به‌ قورئانی پیرۆز و پێغه‌مبه‌ری خواو ئال و به‌یت ئه‌م خالانه‌یه‌:

١/ پارێزراوی قورئانی پیرۆز: به‌لای ئه‌هلی سوننه‌وه‌ ئه‌و كیتابه‌ی خودای گه‌وره‌ ڕه‌وانه‌ی كردووه‌ بۆ پێغه‌مبه‌ر(د.خ) كه‌ قورئانی پیرۆزه‌ پارێزراوه‌ و هیچ به‌تاڵ و پروپوچێكی تێكه‌ڵاو نابێت و ئه‌و حوكم و سزا و پێویستییانه‌ی خودای گه‌وره‌ تێیدا دایناوه‌ ده‌یپارێزێت و له‌نێو ناچێت(٢٥). به‌ به‌ڵگه‌ی ئه‌وه‌ی خودای گه‌وره‌ ده‌فه‌رموێت: **(إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ)**. الحجر: ٩. هه‌روه‌ها پارێزراوه‌ له‌وه‌ی گۆڕانكاری تێدابكرێت و ته‌حریف و ته‌بدیل بكرێت(٢٦). زانایانی ئه‌هلی سوننه‌ فه‌رموویانه‌: قورئان نه‌گۆڕدراوه‌، زیاد و كه‌م نه‌كراوه‌ و ده‌ستكاری نه‌كراوه‌.(٢٧).

٢/ باوه‌ڕبوون به‌وه‌ی پێغه‌مبه‌ر(د.خ) گه‌یاندنی ئه‌م ئاینه‌ كه‌ ئه‌ركی سه‌رشانی بووه‌، به‌ جوانترین و ته‌واوترین شێوه‌ گه‌یاندوویه‌تی و هیچی لێ كه‌منه‌كردووه‌ و نه‌شاردووه‌ته‌وه‌، كه‌سیشی تایبه‌تمه‌ند نه‌كردووه‌ به‌ زانستێكه‌وه‌ و ته‌نها به‌ ئه‌وی بڵێت له‌ خه‌ڵكی بشارێته‌وه‌(٢٨).

٣/ ئه‌هلی سوونه‌ هه‌ڵوێستیان له‌ به‌رامبه‌ر یارانی پێغه‌مبه‌ر(د.خ) بریتییه‌ له‌: خۆشویستنیان، باسنه‌كردنیان به‌باشه‌ نه‌بێت، بێده‌نگ بوون له‌وه‌ی له‌ نێوانیان ڕوویداوه‌، باوه‌ڕبوون به‌وه‌ی تێكڕایان ده‌چنه‌ به‌هه‌شته‌وه‌ و باشترینی خه‌ڵكانن، دان به‌و پێگه‌ و شكۆمه‌ندیه‌دا ده‌نێن كه‌وا هه‌یانه‌ و له‌

# زانایانی ئەهلی سوننە فەرموویانە: قورئان نەگۆڕدراه و زیاد و کەم نەکراوە و دەستکاری نەکراوە

پێگەیان کەم ناکەنەوە و باوەڕیشیان بەو ڕیزبەندییە هەیە کەوا بۆ جێنشینی پاش پێغەمبەر کراوە بە ڕیزبەندییەکی تەواو و دروستی دەزانن و ئەبوبەکر بۆ یەکەم و عومەر بۆ دووەم و عوسمان بۆ سێیەم و عەلی بۆ چوارەم بەشیاو دەزانن.(٣٠).

٤/ بۆچوونیان دەربارەی خانەوادەی پێغەمبەر (أهل البیت)، ئەوەیە کەوا مافەکانیان بپارێزرێت و خۆشمان بوێن و لەکاتی سەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر(د.خ) سەڵاوات بۆ ئەوانیش بنێرین وەک خۆی فەرموویەتی، کە ئەوانیش خانەوادەی عەلی و عەقیل و جەعفەر و عەباسە(٣١). هەروەها، خێزانەکانی پێغەمبەریش دەگرێتەوە بە بەڵگەی ئەم ئایەتە: **(وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى وَأَقِمْنَ الصَّلَاةَ وَآتِينَ الزَّكَاةَ وَأَطِعْنَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنْكُمُ الرِّجْسَ أَهْلَ الْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا).** الأحزاب: ٣٤. چون خێزانەکانی هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە بوون و کەسێکیش هۆکاری دابەزینی بێت دەبێت بیگرێتەوە(٣٢). بەمشێوەیە لە چەمکی (أهل البیت) تێدەگەن و ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە باسمان کردن بەو واتا فراوانەیەوە، بە پێچەوانەی بۆچوونی ڕافیزەکان کە پێیانوایە کورت دەبێتەوە لە تەنها ١٢ ئیمام یان ٧ ئیمامی ئیسماعیلییەوە، هەروەها، سوننەکان بۆچونیان وایە کەوا یاران و خانەوادە بێهەڵە نین و ناچنە ڕیزی پێغەمبەران و فریشتەکانەوە و مەعسوم نین، بەپێچەوانەی بۆچوونی شیعەکان، لەگەڵ ئەوەشدا باشترینی خەڵکانن.

سوننەکان بەپێچەوانەی شیعەکانەوە بە وەفاتی پێغەمبەر(د.خ) وەحی خودای پچڕاوە لە سەرزەوی و نە پێشەوایان و نە کەسی دیکە وەحییان بۆ نایەت لەلایەن خوداوە، هیچ کەس بێهەڵە نییە، گوێڕایەڵی تەواوی بۆ ناکرێت، ناشەرعێنێت تەنها پێغەمبەر نەبێت و ئەم خەسڵەتانە بە کەسی دیکە نادرێت لە دوای ئەو. هەروەها، موعجیزە تەنها لەسەر دەستی ئەو دەردەکەوێت و تایبەتە بە خودی پێغەمبەرەوە (د.خ).

٥/ سەرچاوەکانی شەریعەت: قورئان، فەرموودە و کۆدەنگی هاوەڵانە.

٦/ سوننەکان بۆچوونیان وایە کەوا خودای گەورە شارەزای نهێنی و نەدیوەکانە.

٧/ ئەوەی مسوڵمانان دیارییان کردووە کە پێشەوابێت و تێپەڕیوە، ئەوە پێشەوایە، هەروەها ئەهلی سوونە بابەتی پێشەوایەتییان نەکردووە بە بنەمای ئایین، بەپێچەوانەی شیعەکانەوە.

٨/ هیچ یەکێک لەوانەی کە مردوون ناگەڕێتەوە بۆ سەرزەوی(٣٣).

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


١-  لسان العرب، ابن منظور، مؤسسة دارصادر، ط٢، ١٩٩٢،(٢٢٥/١٣).

٢-  صحيح مسلم، دار إحياء التراث العربي، بيروت،(٢٠٥٩/٤).

٣-  الحديث الشريف، محمد أمان الجامي، تح: محمد رياض أحمد، دار الكتب العلمية، بيروت-لبنان، ط١، ٢٠١٣، ص:٣١.

٤-  لسان العرب، ص: ٤٢٩.

٥-  بڕوانە: شرح أصول إعتقاد أهل السنة والجماعة، اللالكائي، التح: أحمد بن سعد بن حمدان الغامدي، دار طيبة السعودية، ط٨، ٢٠٠٣م،(١/ ١٢١)،، فتح الباري، ابن حجر،(٣٧/١٣).

٦-  كشف الكربة في وصف أهل الغربة، ابن رجب، الفروق الحديثه للطباعة، ط٢، ٢٠٠٣م، ص: ٢٦-٢٨.

٧-  صحيح مسلم،(١١/١).

٨-  طريق الهداية- مباديء ومقدمات علم التوحيد عند أهل السنة والجماعة، محمد يسري، ط٢، ٢٠٠٦، ص: ٢٧.

٩-  تفسير القرآن العظيم، ابن كثير، التح: سامي بن محمد سلامة، دار طيبة للنشر، ط٢، ١٩٩٩م،(٩٢/٢).

١٠-  صحيح البخاري، دار ابن كثير، اليمامة-بيروت، ط٣، ١٩٨٧م، رقم: ٤٧٧٦،(١٩٤٩/٥).

١١-  صحيح البخاري، باب من انتظر حتى تدفن، رقم: ٧٠٥٤،(٤٩/٩).

١٢-  تفسير القرآن العظيم، ابن كثير،(٣٠٨/٥).

١٣-  شرح أصول إعتقاد أهل السنة، اللالكائي، (١/ ٦٦).

١٤-  هەمان سەرچاوەی پێشوو،(١/ ١٧٠).

١٥-  الفصل في الملل والأهواء والنحل، دار المعرفة، بيروت، ط٢.(٢/ ١١٣).

١٦-  لوامع الأنوار، السفاريني ، مؤسسه الخافقين، دمشق-سورية، ط٢، ١٩٨٢ز،(٧٢/١).

١٧-  الفرق بين الفرق وبيان الفرقة الناجيه، عبدالقاهر بغدادي، دار الآفاق الجديدة، بيروت، ط٢، ١٩٧٧،(٧/١).

١٨-  قواعد العقائد، الرازي، التح: موسى محمد علي، عالم الكتب، بيروت، ط٢، ١٤٠٥هـ ص: ٧١.

١٩-  بڕوانە: الرد على من أنكر الحرف والصوت، عيد الله بن سعيد بن حاتم، التح: محمد باكريم، مزكرز البحث وإحياء التراث الإسلامي، ١٤١٣هـ ص: ٦٢، ١٠٠- ١٠١.

٢٠-  بڕوانە: تنبيهات هامة على ما كتبه محمد علي الصابوني في صفات الله عز وجل، دار السلفية، الكويت، ط١، ١٤٠٤هـ ص ٣٧- ٣٨.

٢١-  مجموع الفناوى، التح: عبدالرحمن قاسم، مجمع الملك فهد للطباعة، ١٩٩٥،(٣٥٤/١٤).

٢٢-  نظرات في تاريخ المذاهب الإسلامية، موقع صيد الفوائد.

٢٣-  بڕوانە: إعتقاد أئمة الأربعة، محمد الخميس، دار العاصمة، السعودية، ط٢، ١٩٩٢.

٢٤-  بۆ زیاتر بڕوانە: مسألة التقريب بين أهل السنة والشيعة، ناصر بن عبد الله بن علي القفاري، دار طيبة للنشر والتوزيع، ط٣، ١٤٢٨هـ(١/ ٨٦).

٢٥-  بڕوانە: جامع البيان في تأويل القرآن(تفسير الطبري)، محمد بن جرير الطبري، التح: أحمد شاكر، مؤسسة الرسالة، ط١، ٢٠٠٠م،(١٧/ ٦٨).

٢٦-  تفسير النسفي(مدارك التنزيل وحقائق التأويل)، عبد الله بن أحمد النسفي، التح: يوسف علي بدوي، دار الكلم الطيب، بيروت، ط١، ١٩٩٨م،(٢/ ١٨٤).

٢٧-  بڕوانە: -      الفرق بين الفرق وبيان الفرقة الناجية، البغدادي،(١/ ٣١٥).

٢٨-  المحلى بالآثار، ابن حزم، دار الفكر، بيروت،(١/ ٤٦ - ٣٢).

٢٩-  مسألة التقريب بين أهل السنة والشيعة، ص:(١/ ٢٤٦).

٣٠-  المحلى بالآثار، ابن حزم،(١/ ٦٥). – مجموع الفتاوى، ابن تيمية،(٣/ ١٥٣).

٣١-  بڕوانە: فەرموودەیەک لەم بارەیەوە لە صحيح مسلم،(٤/ ١٨٧٣).

٣٢-  تفسير القرآن العظيم، ابن كثير،(٦/ ٤١٠).

٣٣-  مسألة التقريب بين أهل السنة والشيعة، ص: ١٠١ – ١١٥.

# مژدە بۆ خوێنەران... دایکان و باوکان




نوێترین و ناوازەترین بەرهەمی وەرگێڕداوی
سەنتەری زەهاوی بۆ پەروەردەی منداڵ دوای بە
چاپ گەیاندنی گەیشتە کتێبخانەکانی کوردستان....
ئەم کتێبە یەکێکە لە کتێبە نایابەکان و بۆ زۆربەی
زمانە زیندووەکانی جیهان وەرگێڕداوە.

# بەرەو کاڵکردنەوەی ململانێکان

نووسینی: سەرنووسەر

مێژوو ئەو بازارە جەنجاڵەیە کە سیخناخە بە ڕووداو و هەڵوێست و گێڕانەوەی جۆراوجۆر، زۆر لەو شتانەی بۆی دەگەڕێیت لە دووتوێی تۆماری مێژوودا دەیبینیتەوە، هەر بەنموونە پەیوەندی کورد لەگەڵ هەڵگرانی ئایینزاکاندا کە تەوەری ئەم ژمارەیەی گۆڤاری (خاڵ)ە، دەتوانین چەندین نموونەی جیاواز بهێنینەوە بە هەردوو دیوەکەدا، گێڕانەوەی مێژوومان هەیە کە کوردێکی سوننی مەزهەب هەر لەبەر ناو و ناونیشانەکەی بوغزێنراوە و دژایەتی کراوە، بەڵکو سەرنگونکراوە، بەڵگەی دیکەشمان هەیە کاتێک هاومەزهەبەکانی خۆمان دەیانکوشتین و دەربەدەریان دەکردین شیعە مەزهەبەکان ببوونە پەناگە و پشتیوان و لە سایەیاندا حەواوینەتەوە.

کەواتە لەگەڵ ئەو جەنجاڵیەی بازاڕی مێژوودا، دەبێت ئێمە چۆن مامەڵە بکەین؟ وەڵامەکەشی ڕوونە، هەموو ئەو ڕووداو و هەڵوێستانە تۆماری ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکانن، کە کاریگەرن بە زۆر هۆکار و هەلومەرجی جیاواز، کە مەرج نییە پراوپڕ پێکەوە کۆببنەوە و ڕوو بدەنەوە، بەڵام ڕەنگە نزیک لەوانە ڕوو بدەنەوە، هەرئەمەشە کە دەوترێت: مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە.

کەواتە خوێندنەوەی ڕووداوەکانی مێژوو بۆ زانیاریی و پەندلێوەرگرتنە نەک لاسایی و دووبارەکردنەوەیان، چونکە ئەمەی دوایی پاشەکشە و گەڕانەوەیە بۆ دواوە، ئەمەش هاودژە لەگەڵ ڕەوڕەوەی مێژوو و ڕەوتی ڕووداوەکان، کە پێمان دەڵێن مرۆڤەکان ڕۆڵەی سەردەمی خۆیانن و کاروانی ژیانیان بەرەو پێش هەنگاو دەنێت.

لەسەر ئەم بنەمایانە، ڕابردووی کورد لە نێوان ململانێی مەزهەبیدا هەرچۆنێک بووبێت دەکرێت پەندی لێوەربگیرێت نەک دووبارەیان بکاتەوە، چونکە ئێستای کورد لە هەلومەرجێکی زۆر تایبەت و ڕاگوزەردا، دەیەوێت بگات بە ئامانجێک کە سەدان و هەزاران ساڵە پێی نەگەیشتووە، ئەویش سەربەخۆیی و خۆبەخۆبەڕێوەبردنە، بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش ناکرێت گرفتی لابەلاو ناپێویست بوروژێنێت و خۆی پێوە خەریک بکات، چونکە لە گەیشتن بە

ئامانجەکەی دووری دەخاتەوە.

جگە لەوەش ئەو مێژووە جەنجاڵەی باسمانکرد سەلماندوویەتی ململانێی مەزهەبی بێهودەیە و برینەکان قووڵتر و کینە و بوغز و گیانی تۆڵەسەندنەوە دەمەزەرد دەکات بێئەوەی شەڕێکی لەو جۆرە ئەنجامەکەی بۆ هیچ لایەک ساغ ببێتەوە. ململانێکەش تا سەر بە ئایدۆلۆژیایی نامێنێتەوە، چەندبن فاکتەری دیکە کاریگەرییان لەسەر جۆشدانی دەبێت.

جا ئەگەر هەلومەرج لە هەموو قۆناغەکاندا ڕۆڵی بنەڕەتی لە هەڵگیرساندن و کوژاندنەوەی ئاگری ململانێدا هەبووبێت، ئەوا ئەمڕۆ هەلومەرجەکە داخوازی تەبایی و پێکەوەژیان و وەلانانی ململانێیە بەتایبەت بۆ کورد.

پێشتر ئاماژەمان بۆ هۆیەکی گرنگی ئەم زەرورەتە کرد، بەڵام هۆی دیکەش کە داخوازییەکە خەستتر دەکاتەوە، وەک: هەلومەرجی نێودەوڵەتی، کە بە فەرمی دژی ململانێی نەتەوە و وڵاتانە و پشتگیری ناکات، بەتایبەت ئەگەر ململانێکە سرووشتێکی ئایینی و مەزهەبی ببێت، هەر وڵاتێکیش دەستوەردانی تێدا هەبێت بۆ دەستخشتنی بەرژەوەندی خۆیەتی کە بەرژەوەندییەکەی تەواو بوو پشتیوانیکردنیشی تەواو دەبێت.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە هاوسەنگی لە ململانێکەدا نییە لە نێوان کورد و بەرامبەرەکەیدا لە هەموو ڕوویەکەوە، کەواتە هەر لە سەرەتاوە ئەنجامەکە ئاشکرایە، بەدرێژایی ململانێکانیش کورد تیایدا پارسەنگبووە نەک لایەنێکی سەرەکی، کە لە ئەمڕۆدا ئەو پارسەنگییە یەکسانە بە دۆڕان و ژێرپێکەوتن. کەواتە هەموو سەرەداوەکان دەمانباتە سەر ئەوەی هەلومەرجی کورد تەبایی و پێکەوەژیان دەخوازێت نەک ململانێ و بەریەککەوتن.